سۆسیۆلۆژیای سیاسی

د.ئەمیر خوداکەرەم زەندی

چاپی یەکەم

٢٠٢١ز

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

سوپاس و پێزانینمان بۆ دەزگای مرۆیی مام کە ئەرکی بەچاپ گەیاندنی ئەم کتێبەیان لە ئەستۆ گرت

سۆسیۆلۆژیای سیاسی

نوسەر:دکتۆر ئەمیر خوداکەرەم زەندی
بابەت:سۆسیۆلۆژیای سیاسی
دیزاینی بەرگ: بریار کەمال قادر
دیزاینی ناوەڕۆک: ئارام عوسمان
تایپ و هەڵەچن: هاوڕێ ڕەزا
چاپ: چاپی یەکەم
ساڵ: ٢٠٢١
شوێن: سلێمانی
نرخ:(٥٠٠٠)
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن (١٤٧٠)ی ساڵی ٢٠٢١ی پێدراوە

(پێرست)

پێشەکی..٧

بەشی یەکەم سەرەتایەک بۆ سۆسیۆلۆژیای سیاسی.١١

سۆسیۆلۆژیا(زانستی کۆمەڵناسی) ١٢

پەرەسەندنی سۆسیۆلۆژیا...١٦

سۆسیۆلۆژیای سیاسی... ٢١

هۆکارەکانی دەرکەوتنی کۆمەڵناسی سیاسی................... ٢٩

قۆناغەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵناسی سیاسی..................٣١

ئامانجەکانی کۆمەڵناسی سیاسی...٣٣

بوارەکانی کۆمەڵناسی سیاسی...٣٥

ماکس ڤێبەر سیاسەت و سۆسیۆلۆژیا..............................٣٨

زانستە سیاسیەکان و سۆسیۆلۆژیا.....................................٤٢

سیاسەت لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیای سیاسیەوە..............٥٠

میتۆدەکانی سۆسیۆلۆژیای سیاسی......................................٥٩

بەشی دووەم سیستمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان....٧٠

سیستمە سیاسیەکان.. ٧١
سیستمی سیاسی و سیستمی کۆمەڵایەتی........................ ٧٤
پێگەیاندنی سیاسی.. ٧٧
کورد و پەیوەدنییە سیاسیەکانی.. ٨٣
کلتوری سیاسی.. ٩٤
خودی سیاسی... ١٠٢
زمانی سیاسی... ١٠٤
پارتە سیاسیەکان... ١٠٩
بەشداری هاووڵاتیان لە پڕۆسەی سیاسیدا....................... ١٢٣
پەرلەمان.. ١٢٨
هەڵبژاردن.. ١٣١
بەشی سێهەم دەوڵەت و سیستمی فیدڕاڵی ١٩٢
دەوڵەت... ١٩٣
تایبەتمەندیەکانی دەوڵەت.. ١٩٥
دروستبوونی دەوڵەت.. ١٩٦
گرنگی دروستبوونی دەوڵەت... ٢٠٧
ئەرکەکانی دەوڵەت.. ٢٠٩
ڕۆڵی دەوڵەت... ٢١٢
سیاسەت و حکومەت و دەوڵەت....................................... ٢١٦

حکومەتەکان و دەسەڵاتیان.............................. ٢٢٥
حکومەت و دەوڵەت.. ٢٢٨
سیستمی فیدڕاڵی.. ٢٣٠
چەمکی فیدڕالیزم.. ٢٣٥
بنەماکانی فیدڕاڵیزم...................................... ٢٤١
تایبەتمەندیەکانی سیستمی فیدڕاڵی.................... ٢٤٩
تایبەتمەندیەکانی دەوڵەتی فیدڕاڵی.................... ٢٥٥
جۆرەکانی سیستمی فیدڕاڵی.............................. ٢٦٠
فیدڕاڵیزم لەڕوانگەی تیۆری سیاسیەوە.................. ٢٦٨
بەشی چوارەم پرۆسەی جیهانگیری...................... ٢٧٤
جیهانگیری.. ٢٧٥
جیهانگیری سیاسی.. ٢٧٩
دەوڵەتەکان و نەتەوەکان و جیهانگیری.................. ٢٨٣
دیموکراسی... ٢٨٧
داب و نەریت و پێشکەوتن و یۆتۆپی.................... ٢٩٠
کورتەیەک بۆ سایکۆلۆژیای سیاسی...................... ٢٩٥
بیرۆکراسی... ٣٠٦
بەشی پێنجەم یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی.......... ٣١٥

یاسا و سیستم و دادپەروەری..٣١٦
بەرژەوەندی تایبەتی و بەرژەوەندی گشتی.................٣٢٠
ئازادی و لێبوردن و سەربەخۆیی..................................٣٢٣
سنوری لێبوردن..٣٢٦
یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی.................................٣٣٢
موڵکداری و پلاندانان و بازاڕ..٣٣٥
فەرهەنگۆک...٣٤٢
سەرچاوەکان...٣٤٧

پێشەکی

بڕیـــاردان لەســـەر نوســـینی هەر بابەتێـــک یـــان توێژینەوەیەک یا کتێبێک بێ گومـان ئاسـان نییە و پلان و بەرنـامەی تـۆکمەی دەویَ بـۆ ئەو بـوارە کە لەبـارودۆخێکی شـــیاو گونجـــاودا ئەنجـــام دەدریَ وبگـــونجیَ بۆهەمـــوو ســــەردەمەکان وتەنهـــا بـــۆ ناوبانـــگ نەبێـــت،بەڵکو بـــۆ ڕوونکـردنەوەو شـیکردنەوەی لایەنـی شـاراوەی ئەو بـابەتە بێت و سـودبەخش بێت بۆ زۆربەی چین و توێژەکـانی نـاو کۆمەڵگا، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە حەزیان لە سیاسەت و کۆمەڵناســـی سیاســـی هەیە، یـــا پێویســـتیان بە بـــابەتە سیاســـیەکان هەیە بـــۆ فێربـــوونو بەکارهێنـــانی بابەتەکـــان لەبواری توێژینەوەی ئەکادیمی و زانسی دا.

ئەگەر سیاسەت لەمێژوودا لای چەند کەسانێک هەبووبێت و خەڵکـی تەنهـا ملـکەچ بـوون بـۆی، ئەوا ئەمـڕۆ گۆڕانکـاری بەرچـاوی بەخـۆیەوە بینیـوەو هەمـوو ئەنـدامانی کۆمەڵگـا، بەڕۆشـــنبیرو نەخوێنـــدەوارو خوێنـــدەوارەوە لەسیاســـەت

تێگەیشتوون و مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و ڕۆژانە ئاگاداری ڕووداوە سیاسیەکانی ناوخۆ و دەرەوەن، ئەمەش بەهۆی ئەو پێشکەوتنە خێرایەی کە جیهانو جیهانگیری و تەکنەلۆژیایە کە کەسی بێ بەش نەکردووە وهەموو سنوورەکانی بەزاندووە و خۆشبەختانە کۆمەڵگەی کوردی لەسەرەتای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ١٩٩١وە تاکو پڕۆسەی ئازادی عێراق لە٢٠٠٣/٤/٩وە ئاشنابوونێکی لەگەڵ ئازادی سیاسی و دیموکراسی و فرەیی و پارتایەتیەوە هەبووە، هەربۆیە لەدوای ئازادی پڕۆسەی سیاسی عێراقەوە جارێکی دیکە پێی ناوە ناو سیاسەتەوە، بەشێوازێکی فراوانتر لەگەڵ عێراق و قەوارە سیاسیەکان بەهەموو نەتەوەو ئاینزاکانیەوە، ئەمەش وایکرد کە ڕۆڵی خۆی ببینێ لەسیاسەتدا بەهەموو کەموکورپیەکانەوە، چونکە شتێک نییە لەسیاسەتدا بەناوی کامڵ بوون ، هەربۆیە تا ڕۆژ دێت و ڕۆژگار دەڕوات پێویستیمان بەهۆشیاری و زانیاری و پەیوەندی پتەوتر هەیە، بۆ تێگەیشتن و باشتر مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخ و دۆزو گۆڕانکارییە ئابووری وسیاسیی و کۆمەڵایەتیەکان، واتا ئەمڕۆ سیاسەت جیاوازە لەدوێنێ خەڵکی چاوەڕوانی شتی نوێن و قبوڵی فێڵ و ڕاکردن

لەڕاستیەکان ناکەن و بەرپرسان و سیاسەتمەداران دەبێ ڕاستیەکان وەک خۆی باس بکەن وبەردەوام بگەڕینەوە بۆ جەماوەرو بیرورا و بۆچوونیان وەربگرن لەپرسە چارەنوسازەکانی میللەت، ئێمە ئەم هەوڵە بچووکەمان کۆکردەوە لەچوارچێوەی کتێبێکدا بۆ ئەوکەسانەی کە ئارەزوویان لەخوێندنەوە هەیە، کەزۆر بەداخەوە خوێنەر کەم بۆتەوە بەهۆی تەکنەلۆژیای سەردەم و بارودۆخ و ناسەقامگیری و بێزاری، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەخوێنەر نەمابێت، ئێمە بەهەوڵە بچووکەکەی خۆمانەوە ئەم بەرهەمە دەخەینە بەردەم خوێنەری خۆشەویست، بەڵکو توانیبێتمان کەلێنێکی بچوک پڕبکەینەوە بەهەموو کەم و کوڕییەکەوە، کەبێگومان هیچ نوسینێک کامڵ نییە ، بۆیەئەم کتێبە کۆمەڵێک بابەتی کۆمەڵناسی سیاسیوسیاسەت لەخۆدەگرێت و دەشێت بەکاربهێنرێت بۆتوێژینەوەی زانستی چونکە پشتمان بەچەندین سەرچاوەی زانستی بەستووە، هیوادارم بەم هەوڵە توانیبێتمان یارمەتی و هاوکاری کۆمەڵێک لەخوێنەرو خوێندکارانی بەشی کۆمەڵناسی و زانستەسیاسیەکان و ئەوانی دی دابێت، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە زانستیە

ئەگەر هەستیان بەبوونی کردبێ، ئەگەر هەیانبووبێ، دووبارە سوپاس و پێزانینم بۆ هەموو ئەو خوێندکارو هاوڕێیانەم هەیە کە هاندەرو پاڵپشتی تەواوم بوونە بۆ نوسین و ئامادەکردنی ئەم کتێبە کە بەئاسانی نەهاتۆتە بەرهەم، بەتایبەتی لەبارودۆخێکی ناسەقامگیری وەک عێراق و هەرێمی کوردستانیش، دیارە هەربابەتێکی سیاسی نێوئەم کتێبە بە مەبەستی ئەکادیمی نوسراوەو بەهیچ شێوەیەک بۆشکاندنەوە و ڕوخاندنی قەوارەیەک یا پارتێک یا نەتەوەیەک نییە، بۆیە مەبەست لەم بەرهەمە خزمەتکردنی کتێبخانەی کوردی و خوێندکارانی خۆشەویستن کەشایستەی زیاترن.

د.ئەمیر زەند

سلێمانی

٢٠٢١

بەشی یەکەم

سەرەتایەک بۆ سۆسیۆلۆژیای سیاسی

سۆسیۆلۆژیا
(زانستی کۆمەڵناسی)

سۆسیۆلۆژیا(پێگەی سەرەکی) لەنێوان گروپێک لە زنجیرە زانستەکان (لەوانە مرۆڤناسی،ئابوری،زانستە سیاسیەکان)ندا کە زۆربەیان بە زانستە کۆمەڵایەتیەکان دەناسرێن،داگیر دەکات ئایا لە ڕاستیدا ئێمە دەتوانین ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ بە زانستی شیکار بکەین؟بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش دەبێت پێش هەموو شتێک تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی زانست وەکو شێوەیەک لە هەوڵ و ماندووبوونی بیرمەندانە بناسین، واتە زانستە چیە؟ زانست بەکارهێنانی گونجاو مانابەشی میتۆدەکانی توێژینەوە،بیرکردنەوەی تیۆری هەڵسەنگاندنی لۆژیکی بەڵگەکانە،بۆ پەرەسەندنی و فراوان کردنی کۆمەڵێک لەو زانیاریانە کە سەبارەت بە بابەتێکی تایبەت ڕێکدەخرێن. ئیش و کاری زانست پەیوەستە بە بونیادی بیرکردنەوەی بوێرانە و نوێگەرایی و گونجاوکردنی وردەکاریەکانی بەڵگەنامەکان بۆ پەسەندکردنیان یان ڕەتکردنەوەی گریمانە تیۆریەکان،زانیاری و وێناکردنەکان و لە ڕێگای خوێندنەوە

و باسی زانستیەوە بەسەر یەکتردا کەڵەکە دەبێت تا ڕادەیەک شێوازێکی تاقیکردنەوەیە،دەکرێت لەژێر ڕۆشنایی بەڵگەنامەکان دابێت یاخود بەڵگە نوێیەکان بخرێنە بەر باس یانیش ڕەتبکرێتەوە،کاتێک دەپرسین ئایا سۆسیۆلۆژیا زانستە؟مەبەستمان دوو شتە: ئایا ئەم بەشە دەتوانێت بە وردی لەسەر بنەمای میتۆدەکانی زانستە سروشتیەکانەوە دابڕێژرێت؟ ئایا دەتوانین ئومێدمان بەوە بێت کە سۆسیۆلۆژیا بگاتە هەمان زانیاری بە بڕشت و سەلمێنەر کەوا زانستە سروشتیەکان لە جیهانی فیزیکیدا دەستیان کەوتووە؟ئەم بابەتانە هەمیشە تا ڕادەیەک ناکۆکییان لەسەر بووە،بەڵام بەدرێژایی سالآنێک زۆربەی کۆمەڵناسان وەڵامێکی ئەرێنییان دەدایەوە.ئەوان باوەڕیان وابوو سۆسیۆلۆژیا دەتوانێت و دەبێت "لە ڕوانگەی بونیادەکانەوە" و "لە ڕوانگەی خەسڵەتیشەوە" هاوشێوەی زانستی سروشتی بێت ئەو تێڕوانینەی کاتێک کە وەکو بەڵگە خواز یان سەلمێنراو دەناسرا ئەم بۆچونە ئێستا خاوییەکی پێوە دیارە وەکو زانستەکانی تری کۆمەڵایەتی کە سۆسیۆلۆژیا بەشێکی زانستیە.

بەو مانــایە(میتۆدە ڕێکوپێکەکــانی لێکۆڵینەوە،شــیکردنەوەی زانیاریەکان،هەڵســـەنگاندنە تیۆریەکـــان لەژێـــر ڕۆشـــنایی بەڵگەکاندا و بەشێک هۆکاری تری لۆژییکی) لەخۆدەگرێت بەڵام خوێندنەوەی مرۆڤەکان بە بینینی ڕووداوەکان لەناو جیهـانی فیزیکیـدا زۆر جیـاوازە،لە چوارچێـوەیەکی لـۆژیکی ئەنجامەکــانی خوێنــدنەوە سۆســیۆلۆژیەکانیش ناکرێــت بە بەراوردکــاری لەگەڵ زانســتی سروشــتیدا تــێ بگەیــن.لە تــوێژینەوەی ژیــانی کۆمەڵایەتیــدا ســـەرقاڵی ئەو جــۆرە چالاکیـانەین کە بـۆ ئەو خەڵـکەی سـەرقاڵی ئەو چالاکیـانە دەبــن شـــتێکی گونجـــاو و مانابەخشـــە بە پـــێچەوانەی شتوومەکی سروشت مرۆڤەکان بوونەوەرە هۆشمەند و بە ئاگاکانن و مانا و ئامانج دەدەنە کار و کردەوەکانیان ئێمە نـاتوانین ژیـانی کـۆمەڵایەتی بە گونجـاو و مانـابەخش بـاس بکەیـن مەگەر مانـای ئەو ڕەوشـتانە بـزانین کە خەڵـک بەو مانایە دەبەخشنە ڕەوشتەکانیان بۆ نموونە مەرگێک وەکو خۆکوشتن پێویستی بە دۆزینەوەی کەمێک زانیارییە کەسی دیاریکراو هەیە، کاتێک مرد چ بیرۆکەیەکی لەمێشکدا بوو؟ خۆکوشـتن تەنیـا لەو شـوێنە دەتوانێـت ڕووبـدات کە تـاک بەشێوەیەکی ڕاستەقینە نیازی لەناوچوونی خۆی هەبێت.

ئەو کەسـەی کە بەڕێکەوت سـەیارە لێیدەدات و دەکوژرێت نـاتوانین بلێـین توشـی خۆکوشـتن بـووە ئەو مەرگە لەژێـر ئیـــرادەی ئەو کەســـەدا نەبـــووە، ئەو ڕاســـتیەش کە دەڵێت(نـاتوانین مرۆڤەکـان ڕێـک وەک شـتومەکەکانی نـاو سروشـت بخـوێنینەوە) لە چەنـد ڕوانـگەیەکەوە بە خـاڵێکی تـایبەت بـۆ سۆسـیۆلۆژیا دەژمێردرێـت،و لە بەشـێک لە شێوازی تریشـدا کێشـە و گرفتێک دروست دەکەن،زانایانی سروشـت ڕووبەڕوویـان نـابنەوە،توێژەرەوە کۆمەڵناسـەکان لەوەی کە دەتـوانن ڕاسـتەوخۆ هەنـدێک پرسـیار سـەبارەت بەو کەسـانەی کە لێکۆڵینەوەیـان لەسـەر دەکەن،مرۆڤەکـانی تـر پێشـنیار بکەن،سـوود وەردەگـرن لە لایەکـی تـرەوە ئەو خەڵکـانەی کە دەزانـن چالاکیەکانیـان لەژێـر تـوێژینەودایە زۆربەی کـــات بە هەمـــان شـــێوە هەڵســـوکەوت دەکەن،نـاجولێنەوە بـۆ نمـوونە: کاتێـک مـرۆڤ وەڵامـی پرسیارەکان دەداتەوە دەکرێت هۆشیارانە یان ناهۆشیارانە بۆچوونێک دەرببڕن لەگەڵ تێڕوانینەکانی باویاندا جیاوازە هەتـــــا لەوانەیە هەوڵ بـــــدەن بە وەڵامـــــدانەوەی ئەو پرســـــــیارانەش گومـــــــان لەوە بـــــــکەن لێکۆڵەر خوازیارە یارمەتی بدەن.

پەرەسەندنی سۆسیۆلۆژیا

فێربــووین کۆمەڵناســانە بیــر بکەیــنەوە ئەمەش بەمانــای ڕاهێنـانی هێـزە خەیاڵیەکانمانەوە،خوێندنەوەی سۆسـیۆلۆژیا ناتوانێـت بە تەنیـا پڕۆسـەیەکی سروشـتی بەدەسـتهێنانی زانیـاری بێت،کۆمەڵنـاس ئەو کەسـەیە کە دەتوانێـت خـۆی لەژێـر کـاریگەریەتی ڕاسـتەوخۆی کاروبـارە کەسـیەکانی خۆیـدا ئـازاد بکات،کـاری کۆمەڵناسـەکان پەیوەنـدی بەو ڕسـتە بەناوبـانگەی(سـی ڕایـت میلـز)ەوە هەیە کە نـاوی "ئەندێشـەی کۆمەڵناسـانە"یە لەڕاسـتیدا زۆربەی پەرتـووکە وانەیــیە سۆســیۆلۆژیەکان ســەرنجی خــوێنەر بەلای ئەم چەمکەدا ڕادەکێشن.بەڵام بە پێچەوانەوە خودی (ڕایت میلز) زۆربەی کــات بە تەواوی و بەبــێ دەســەڵاتی خەیــاڵەوە بەکـاری دێنن.بیـروڕای کۆمەڵناسـانە بە شـێوەیەکی تـایبەت پێویســـتی بە توانـــای دورخســـتنەوەی بۆچوونەکانمـــانە لەبـارەی ڕەوتە ئاسـاییەکانی ژیـانی ڕۆژانەمـان بـۆ ئەوەی ســەر لەنــوێ تێیــان بڕوانینەوە،ڕاســتەقینەیەتی ســادە و سـاکاری خـواردنەوەی کوپێـک قـاوە لەبەرچـاو بگـرن لە ڕوانــگەی سۆســـیۆلۆژیایەوە ســـەبارەت بە بەم جـــۆرە

هەڵسوکەوتە بە ڕواڵەت پشتگوێخراوە دەتوانین چ شتێک بڵێین؟ وەڵامەکەی ئەوەیە زۆر شتێک دەتوانین بڵێین. یەکەم:دەتوانین بلێین قاوە تەنیا خواردنەوەیەک نیە کە یارمەتی پاراستنی ڕێژەی شلەمەنی پێویستی جەستەی مرۆڤ دەدات بەڵکو وەکو بەشێک لە ڕێورەسمە کۆمەڵایەتیەکانی ڕۆژانە خاوەن هێمایەکی بەهادارە،زۆربەی جاران ئەو ڕێورەسمانەی کە لەگەڵ خواردنەوەی قاوەدا هەن زۆر گرنگترن لە کردەی بەکارهێنانی خودی ئەو خواردنەوەیە بۆ نموونە:دوو کەس بڕیار دەدەن قاوە بەیەکەوە بخۆنەوە،لەوانەیە زۆرتر لەوەی حەزیان لە خواردنەوەی قاوەکە بێت زیاتر حەزیان لەسەردان و گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکتر بێت،خواردنەوە و خواردن لەهەموو کۆمەڵگەکان دەرفەت گەلێک بۆ کاردانەوەی بەرانبەری کۆمەڵایەتی و جێبەجێکردنی ڕێورەسمەکان دەڕەخسێنێت و ئەو دەرفەتانەش بابەتێکی دەوڵەمەند لەبارەی ڕاڤەی سۆسیۆلۆژیایەوە پێشکەش دەکەن.

دووەم:قاوە ماددەیەکی هۆشبەرە کافایینی تێدایە کاریگەریەتیەکی بزوێنەری لەسەر مێشک هەیە،

خووگرتــوانی قــاوە لە لایەن زۆریــنەی زۆری کــۆمەڵانی خەڵکــی فەرهەنگــی ڕۆژئــاواوە وەکــو خــووگرتن لێــک نادرێنەوە،لەبارەی ئەوەش کە بۆچی دەبێت بەم جۆرە بێت پرسـیارێکی سۆسـیۆلۆژیا سـەیرو سـەمەرەیە،قاوە وەکـو ئەلکهـــــول مـــــاددەیەکی هۆشـــــبەرە و لە ڕوانـــــگەی کۆمەڵایەتییەوە پەسەندە لە کاتێکدا ماری جوانا بەم جۆرە نـــیە لەگەڵ ئەمەشـــدا فەرهەنگێکـــی زۆر هەن بەرگەی بەکارهێنای ماری جوانا دەگرن بەڵام بەکارهێنانی قاوە و ئەلکهـــــــول بە ناپەســـــــــەند دەزانـــــــــــن. سـێیەم:ئەو تـاکەی کە چـۆڕ چـۆڕ قـاوە دەنۆشـێ لەگەڵ کـۆمەڵەیەکی فـراوان لە ئـاڵۆزی پەیوەنـدییە کـۆمەڵایەتی و ئابوریەکـــانی سەرتاســـەری جیهـــانێکی فراوانـــدا دەســتەویەخەیە،بەرهەمهێنان و بـارکردن و گواسـتنەوە و بڵاوکـردنەوەی قـاوە پێویسـتی بە ئـاڵۆیرە بەردەوامەکـانی نێوان ئەو تاکانەیە کە هەزاران میل لە خواردنەوەی قاوەوە دوورن،ڕاڤەکردنی ئەو چەشنە مامەڵە جیهانییە یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی سۆسیۆلۆژیا پێک دێنێت،چونکە زۆربەی شـێوازەکانی ژیـانی ئـێمە ئێسـتا لەژێـر کـاریگەریی ئەو پەیوەنـدی و ئـاڵوێرە بازرگانیـانەی جیهانـدان.لە کۆتایـدا

کــردەی خــواردنەوەی چــۆڕ چــۆڕەی قــاوە بیــرۆکەی پڕۆســەیەکی تەواوی گۆڕانکــاری کــۆمەڵایەتی و ئــابوری ڕابردوومــان دەخــاتە بەردەم،لەگەڵ زۆربەی کەرەســتە باوەکانی تری ڕژێمی خۆراکی ڕۆژئاوایی وەکو(چایی_ مۆز_ پەتاتە_شەکر) قاوە تەنیا لە سەدەی نۆزدەهەم بەدواوە بە شــێوەیەکی فــراوان بەکارهات،هەرچەنــدە بەکارهێنانی قاوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەستی پێکرد،بەکارهێنانی بەکۆمەڵەکەشی لە قۆناغی پەرەسەندنی داگیرکاری ڕۆژئاوا لە ماوەی سەدە و نیوێک لە پێشدا دەست پێدەکات،لە ڕاستیدا تەواوی ئەو قاوەی ئەمڕۆکە لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا دەیخۆینەوە لەو ناوچانەوە دێت کە لەلایەن ئەوروپیەکانەوە داگیرکراون وەکو(ئەمریکای باشور و ئەفریقا). ڕاهێنانی بیروڕای کۆمەڵناسانە بە مانای بەکــاربردنی بــابەتە مرۆڤناســیەکانی وەکــو(ڕاڤەکردنی کــۆمەڵگە نەریتیەکــان) و مێــژوو وە هەروەهــا خــودی سۆسیۆلۆژیا،ئاڕاستەی مرۆڤناسی بۆ خەیاڵی کۆمەڵناسانە زۆر گرنگە،چونکە ئەو دەرفەتەمان بۆ دەڕەخسێنێ تا وێنەی جۆراو جۆری ژیانی کۆمەڵایەتی ببینین بە ڕاڤەکردنی ئەوانە لەگەڵ شێوازی ژیانی خۆماندا ئەوا

جیاوازی نموونە تایبەتەکانی هەڵسوکەوتەکەمان زۆرتر بۆ ڕوون دەبێتەوە،ئاڕاستەی مێژووی بیرڕۆیی کۆمەڵناسانەش بە هەمان ڕادە بناغەیی و سەرەکییە،ئێمە تەنیا ئەو کاتەی ماهیەتێکی جیاوازی جیهانی ئەمڕۆکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بتوانین لەگەڵ ڕابردوو بەراوردی بکەین،ڕابردوو ئاوێنەیەکە کە کۆمەڵناس دەبێت بۆ ناسینی ئەمڕۆ لەبەر دەستی دا بێت،هەر کام لەم ئەرکانە لە خۆگری دورخستنەوەی بۆچوونەکانمانن، سەبارەت بە داب و نەریتەکانی خۆمان بۆ ئەوەی ناسینێکی قوڵترمان لە ئاست ئەوانەدا چنگ بکەوێت،هێشتاکەش شێوازێکی تر لە بیروڕۆیی کۆمەڵناسانە لە ئارادایە،ئەو شێوازە لە ڕاستیدا (ڕایت میلز) زۆرتر لە هەمووان جەختی لەسەر کردۆتەوە،ئەو شێوازە سەبارەت بە داهاتوومان پەیوەندی بە دەرفەتەکانمانەوە هەیە سەبارەت بە داهاتوو،کۆمەڵناس نەک تەنها یارمەتی ئێمە دەدات نموونە باوەکانی ژیانی ڕۆژانەمان شی بکەینەوە،بەڵکو ئەمەشمان بۆ دەڕەخسێنێ هەندێک لەو دەرفەتانەی داهاتووش کە بۆ ئێمەی کردۆتەوە ببینین،بەدواداچوونی لێکۆڵینەوە پسپۆڕیەکانی کاری کۆمەڵناسانە لێوەشاوەیی کاری کۆمەڵناسە نەک تەنیا

دەتوانێت چۆنیەتی دۆخی ئاساییمان بۆ دەربخات، بەڵکو دەتوانێت ئەمەشمان بۆ دەربخات کە لەکاتی ئارەزووکردنی ئێمە دۆخەکە بە چ شێوازێک دەتوانێت بگۆڕدرێت،ئەو هەوڵ و تێکۆشانانەی ئێمە بۆ کاریگەریەتی خستنەسەر گۆڕانکاریەکانی داهاتوو لە کاتێکدا لەسەر بنەمای تێگەشتنی سۆسیۆلۆژیای هۆشیاریانەی ڕەوتەکانی داهاتووەوە بەند نەبێت بێهودەو بێ ئاکام دەبێت.

سۆسیۆلۆژیای سیاسی

ئەو زانستەیە کە لەڕاستیە کۆمەڵایەتیەکان دەکۆڵێتەوە ئەو ڕاستیانەی کە لەدەرئەنجامی کۆبوونەوەو چاوپێکەوتنی یەکتردا ڕوودەدات. دەتوانین بڵێی بەشێکە لەکۆمەڵناسی (غاستون بوتول) هەریەکەی لە(ئەفلاتۆن وئەرستۆ) بە پێشەنگەکانی زانستی کۆمەڵناسی سیاسی ئەژمار دەکات و دەڵێت: هەرچەندە لەنێوان هەردووکیاندا جیاوازی فیکری هەیە بۆئەو چەمکە، چونکە ئەفلاتون هزرەکەی پێوەرییە, بەڵام ئەرستۆ بیرەکانی لەتێبینی وبەراوردکردن دروست بووە.

– کۆمەڵناسی پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بەسیاسەتەوە وەک چۆن (ڕیمۆن ئارۆن) دەڵێت: هەموو زانایەکی کۆمەڵناسی دەبێتە سیاسی ئەگەر بەویستی خۆیشی نەبێت.هیچ کۆمەڵگایەک بێ سیاسەت بوونی نیە بۆیە باس و گفتوگۆی ڕۆژانەی هاولاتیانە,هەروەها کۆمەڵناسی سیاسی یەکێکە لەزانستە کۆمەڵایەتیەکان، زۆر لەزانایان وەک بزوتنەوە جەماوەرییە مۆدێرنەکان لەنوسراوەکانی بیرمەندانێکی وەک (ئارنێتو فرۆندا) تارادەیەکی زۆری شێوەی ڤێبەریان پێوە دیارە بۆیە لەکۆمەڵناسی سیاسی ڤێبەردا بابەتی تەوەرەییە، واتە پەیوەندییەکی دەوڵەت و کۆمەڵگا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ تاوتوێی ناکرێت، هەڵبەت دەوڵەت لەکۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا جێگەیەکی بەرچاو داگیردەکات و لەو ڕووەوە دەبێ بۆ بەکارهێنانی سەردەستی بەسەر دەوڵەتدا کۆمەڵە گروپێکی جیاواز تێبکۆشن.

لەڕوانگەی ڤێبەرەوە کاروبارە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان بۆ کۆنترۆڵی دەزگای دەوڵەت لەڕکەبەرایەتیدا، بەڵام هیچ گروپێکی کۆمەڵایەتی تایبەت نایەتە ئاراوە، دەوڵەت نەک تەنها وەک ئامرازی سەردەستی گروپێکی کۆمەڵایەتی

تــایبەت نــایەتە ئەژمــار , بەڵکــو پەیوەنــدی دەوڵەت لەگەڵ بونیــادی ڕیزبەنــدییە کۆمەڵایەتیەکــانیش بەگشــتی نادیــار دەمێنێـتەوە، واتە لەڕوانـگەی ڤێـبەرەوە دەوڵەت تەنهـا وەک گۆڕەپانی پێکدادانی کاروبارە کۆمەڵایەتیە جیاوەزەکان دێتە ئەژمــار، بەڵام یاســایەک ســەبارەت بەوجــۆرە پێکــدادانە بەدەستەوە نادات.

دەیگێـڕنەوە بـۆ کۆمەڵناسـی ئەوانـی دیـکە بـۆ سیاسـەت ئەوکــاتەی باســی سیاســەت دەکرێــت باســی دیــاردە کۆمەڵایەتیەکان دەکرێت.

کۆمەڵناســی سیاســی:- مەعریفەیەکــی زانســتیە لەناوەنــدە زانستیەکاندا.

کۆمەڵناسـی سیاسـی:- وەک زاراوە لەدیـاردە سیاسـیەکان دەکۆڵێتەوە کەناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتیان هەیە.

کۆمەڵناســی سیاســی لەودیــاردانەی کــۆمەڵ دەکــۆڵێتەوە کەپەیوەنـدیان بەدەســەڵاتو ســەرکردایەتیو ســەروەریەوە هەیە لەلایەکو ڕێــڕەوەی ئــابووری وکلتوریەکــان شــی دەکاتەوە.

بۆتۆمـۆر: وایـدەبینێ دیـاردەی هێـز بـابەتی سـەرەکی کۆمەڵناسـی سیاسـییە لەسـەر ئاسـتی کـۆمەڵ بەشـێوەیەکی گشتگیر.

کۆمەڵناسی سیاسـی وەک (لـویس کـوزر) پێناسـەی کـردووە کە بـــریتییە لەو لـــقەی کۆمەڵناســـی کە گرنگـــی دەدات بەهۆکارەکـان و دەرئەنجـامە کۆمەڵایەتیەکـانی دابەشـکردنی هێـز بەشـێوەیەکی دیـاریکراو لەچوارچێـوەی گرووپەکانـدا گرنگـی دەدات بەململانـێ کـۆمەڵایەتی و سیاسـیەکان کە دەبنە هۆی گۆڕانکاری لەدابەشکردنی هێزدا.

ئەم پێناسەیە تاوتوێی هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان و ڕێککەوتنی سیاسی

جیاوازەکـان لەگەڵ پەیوەنـدیەکانی بونیـادی کـۆمەڵایەتی و هێـزی سیاسـیی و شـیکردنەوە و ڕاڤەکردنـی دەسـتە بژێرەکـان، هەروەهـا بنەمـا کۆمەڵایەتییەکـانی گـروپە جیاوازەکان دەکۆڵێتەوە. وەک:

پارتە سیاسیەکان، گرووپەکانی فشار،..

گۆڕاوە کۆمەڵایەتیەکانی گروپە سیاسیە جیاوازەکـان (پـارتە سیاسیەکان)، بۆیە ئەتوانین بڵێین هەمـوو بوارێکی سیاسـی بـوارێکی کۆمەڵایەتیشـە. بـواری سیاسـی بـوارێکی جێگیـرو

نەگۆڕ نیە، واتە خاوەن بوارێکی جوڵاوە کە لە هەموو بوارە سیاســیەکاندا پێویســتی بەپڕۆســەی کــارلێکردنی هەیە و سەپانوویەتی، بۆئەوەی بتوانێت هاوسەنگیەک لەنێوان هێزە جیاوازەکاندا دروست بکات.

بـۆیە گـرنگە تـوێژەر ئەوە تـاوتوێ بکـات لەنێـوان کـۆمەڵ ودەوڵەتـدا بـۆ ئەوەی بتوانێـت وەسـفی ئەو ئاکامـانە بکەیـن ودیاری بکەین لەسەر هەموو ئاستەکان واتە لەچوارچێوەی میتــۆدی کۆمەڵناســی سیاســیدا بەشــێوەیەکی واقیعــیو کردارەکی لێکۆڵینەوەی دیاردە سیاسیەکان بەپێی تێڕوانینی کۆمەلایەتی.

کۆمەڵناســی سیاســی بــریتییە لە زانســتی هێز.(مــۆریس دیڤیرجیە): جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کۆمەڵناسی سیاسی وەک زانسـتی دەوڵەت وایە بەواتـای بەیەکەوە گرێـدانی ئەم زانستەیە بەشێوەی دەوڵەتی مۆدێرنە وە بەوپێیەیی کە دوا شــێوەیی مێژوویــی کــۆمەڵی سیاســیە واتە دەوڵەتــی نەتەوەیی.بـۆیە دوای ئەو هەمــوو پێناســانەی کەبەشــێکی کەمـن و زۆیـان مـاوە، دەتـوانین بڵێین:کۆمەڵناسـی سیاسـی دەکەوێتە بەر کاریگەری لێکۆڵینەوە یاساییەکان لەبەرئەوەی

لەسـەدەی شـازدەهەمەوە پەیوەنـدی نێـوان دەوڵەتو یاسـا دەرکەوت ئەمەش لەئەنجـامی تیـۆری سـەروەرییەوە بـوو کەبیرمەنـدی فەرەنسـی (جـان بـۆدانە) دایڕشـت ئەم تیـۆرە دەڵێـت دەوڵەت پێویسـتی بە دەسـەڵات هەیە بـۆ ئەوەی توانـایی یاسـادانانی هەبێت و بتوانێت ژیـانی کـۆمەڵایەتیو سیاسـی ڕێکبخـات بـۆیە (مـوریس دیڤـریجە) ئەو ئایدۆلۆژیایەی دارشـت و دەڵێت: دەوڵەت بـووە بەجۆرێـک لەکـۆمەڵی کامـڵو دوای کـۆمەڵی دیـکە ناکەوێـتو هەمـوو کۆمەڵەکانی دیکە بەڕێوە دەبات بەم شێوەیە دەوڵەت دەبێتە گەورە. پاشـان فەرمانڕەواکـانی دەوڵەت دەبـنە خـاوەن جیاوکی تایبەت بۆ ئەوەی سەرۆکی دەستەکانی دیکە تێیدا لەگەڵیانـدا بەشـداری بـکەن، ئەمەش خەسـڵەتی سـەروەرییە.ئەگەر بێینە سـەر باسـی هێـز هێز: واتە توانای گروپ یان تاکەکەس بۆ سەپاندنی ئیرادەی خـۆی بەسـەر گـروپ یـان تاکەکەسدا، هەرچەندە تـاکەکەس بەرهەڵسـتی ئەم ڕاپەڕانـدنە دەکـات، هێـز وەک بەڵگەنـامە مێژووییەکـان ئامـاژەی بـۆ دەکەن دەبێـتە ململانـێ لەنێـوان گروپەکاندا یان تاکەکاندا بەرەو وڵاتەکان لێرەوە:

سۆســیۆلۆژیای سیاســی نــویٚ نیـیه لەبابەتەکانیـدا، بـایەخ بەبـابەتی نـویٚ دەدات، چـونکە بەمیتـۆدی نوێـوە بابەتەکـان لەخۆدەگرێــــت وەک بوارەکــــانی سیســــتمی سیاســــی، دەستەبژێری سیاسی، بیرۆکراتیەت توندوتیژی کۆمەڵایەتی، پــــارتە سیاســــیەکان، ئەو بابەتــــانەی کە زۆربەیــــان لەچوارچێـوەی زانسـتی کۆمەڵناسـیدا دیراسـە کـراوە یـا زانســـتی سیاســـەت، بەڵام ئەوەی نـــوێیە کە کۆمەڵناســـی سیاســـی پیـــادەی دەکـــات میتـــۆدی دیراســـەکردنی ئەم بابەتانەیە..

پرسیار: - ئایا تێڕوانینی سۆسیۆلۆژیا چیە بۆ بابەتەکانی سۆســیۆلۆژیای سیاســی کەدیراســەی دەکــات ؟ میتــۆد لەسۆسیۆلۆژیای سیاسیدا چ ڕۆڵێک دەبینێت؟

هەمـوو ئەمـانەی کەباسـمان کـرد یارمەتیـدەرە بـۆ ئەوەی بگەیــــن بەوەی کە ئــــاوێتەبوونی میتــــۆدی زانســــتی لەدیراســەکردنی کۆمەڵـدا لەنێـو گواسـتنەوەیەکی (نەوعـی مەعریفەیــی)وە کاردەکــات بــۆ گواســتنەوەی دیراســاتی کۆمەڵایەتی بەگشتیو دیراساتی سیاسی بەتایبەتی لەبواری تـوێژینەوەی فەلسـەفیەوە بـۆ بـواری تـوێژینەوەی زانسـتی ئەمەش بەو واتـایە دێت کە دیـاردە کۆمەڵایەتیەکـان ئـازادی

پێدەبەخشـــێت لەبیرکـــردنەوەی پێشـــوەخت و مێـــژووی ئەفسـوناوی وفەلسـەفی، بەڵکو وامـامەڵەی لەگەڵ دەکـات کە بـوونێکی واقیعـی هەیە، لەگەڵ ئەوەشـدا کۆتـایی بەهەمـوو شـتەکان نـایەت و تێڕوانینـی دیـکەو بیـرو بۆچـوونی دیـکە هەیە لەوڕوانگەیەوە ئەتوانین بڵین سـەدەی نۆزدە سـەدەی راسـتی زانسـتە کۆمەڵایەتیەکـانە لەسـەر دەسـتی (کۆنـت) ئـاڵۆزی دیاردەکـان کە ئەم زانسـتە دیراسـەی دەکـات گۆڕانکـاری و بیروبۆچـوونی جیـاواز لەخـۆدەگرێ، بـۆ تەوزیفکردنـی میتـۆدی زانسـتی لەدیراسـەکردنی کـۆمەڵگەدا، ئەمەش وای کـردووە کە گومـانێکی زۆر پەیـدابێت لەوەی کەئایا وشەی (علـم) زانسـت لەپـێش کۆمەڵنـاس یـا سیاسـەت دابنرێـت وەک ئەوەی کە دانـراوە چـونکە تـا ئێسـتا هەنـدێک پێیان وایە کە گومان هەیە لەبوونی زانستە کۆمەڵایەتیەکـان، بەڵکو دەڵێت ئەوە تیۆر و یاسا کۆمەڵایەتیەکانە

بەڵام زانست ئەوەی بەرهەم دەهێنێت لێوە زانستی (تیۆرو یاساکانە) کەخەسڵەتی وردبینی و کۆنترۆڵو توانا لەسەر پێشبینیەکانە وەک زانست، بەڵام دیاردە کۆمەڵایەتیەکان ئەم شتانە قبوڵ ناکاتو شێوازی دیکەی هەیە..

هۆکارەکانی دەرکەوتنی کۆمەڵناسی سیاسی:

قۆناغەکـــانی پێشـــکەوتنی ئامـــانج و بوارەکـــانی هەر لە پێناسـەکانەوە بۆمـان دەردەکەوێت کە جیـاوازی زۆر هەیە، بـــۆیە دەرکەوتنـــی بـــۆ ئەم هۆکـــارانە دەگەڕێـــتەوە:
١.دروستبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی: کۆمەڵێک بیری سیاسی ئازاد دەرکەوت لە سـەدەکانی ناوەڕاستدا، بە دروسـتبوونی بونیـادی کـۆمەڵگەی نەتەوەیـی وەک نمـونەی بیرمەنـدانی تیـۆری گرێبەسـتی کۆمەڵایەتی(هـۆبز، لـۆک، ڕۆسـۆ) بـۆ دروسـتبوونی پەیوەنـدی نێوان حـاکم و مەحکوم هەروەهـا مونتیسکۆ و دی توکفیک خـاوەنی بنەماکـانی هەسـتانەوەی کـــــــۆمەڵگەی مەدەنـــــــی بـــــــوون(دەوڵەت).
٢. دەرکەوتنـــی چیـــنە کـــۆمەڵایەتیە نوێیەکـــان، چیـــنە کۆمەڵایەتیەکـان دەرکەوت بەهـۆی دروسـتبوونی سیسـتمی سـەرمایەداری، بەرامـبەر چینـی کرێکـاری پیشەسـازی .
٣. جیاوازیە ئایدۆلۆژیەکان(سیاسی) مـارکس دامەزرێنەری یەکەمـی تیـۆری ململانێـی چینـایەتی بـووە، سـەرمایەدار و پرۆلیتـــار و پیشەســـازی و سوســـیالیزم هتـــد.....

٤. دەرکەوتنـی هێـزی داگیـرکەر و بـزوتنەوەی سـەربەخۆ دوای نەمانی دەرەبەگایەتی و کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست، کـۆمەڵگەی مەدەنـی و کـۆمەڵی دەوڵەت، گەشـەپێکردنی کـۆمەڵەی نەتەوەیـی و ژیـانی ئـابوری لە کـۆمەڵگەی بورجوازدا وای کرد کۆمەڵگە لە سنوری سیاسیدا دەربچێ بـۆ ژیـانێکی باشتر(فرەنسـا و بەریتانیـا) ڕەخسـاندنی ژیـنگەیەک بـۆ بـزوتنەوە شۆڕشـگێڕ و دەمارگیرەکـان.
٥.جـۆریەتی ڕای گشـتی و دۆزە سیاسـیەکان سروشـتی کۆمەڵگەی نوێ و گۆڕانی بونیادی و سیستمە سیاسی و ئـابوری و کۆمەڵایەتیەکـان بەهـۆی دۆزە سیاسـیە زۆرەکانەوە هاتووە لەوانە دیموکراسی و دۆزی یەکسانی و دابەشـکردنی سـەروەت و دادپەروەری کـۆمەڵایەتی، دەرکەوتنـی ڕۆشـنبیر و کە داوای گۆڕانیـان دەکـرد بە چاکسـازیەوە کە هەمـووی پـاڵنەر بـوون بـۆ دەرکەوتنـی کۆمەڵناسی سیاسی.

٦.هەمە چەشن و جۆریەتی دەزگا ڕێکخستنە سیاسیەکان(المؤسسات التنظمة الساسية) پەرلەمان، پارتە سیاسیەکان، گروپەکـانی فشـار، سـەندیکای پیشـەیی و کرێکـاری ، کە

هەموویـــــان بەشـــــدار بـــــوونە لە ژیـــــانی سیاســـــیدا.
٧.گەشەسـەندنی سیسـتمی سیاسـی جیهـانی نوێ،(مـۆریس دیفریجە) دەڵێت هەمەجۆری بوارەکانی کۆمەڵناسی سیاسی وایکردووە لەیەکچوون لە نێوان بابەتەکان دروست ببێت بەتایبەت زانستی سیاسەت.

٨. گەشەســــەندنی دەزگاکــــانی تــــوێژینەوەی زانســــتی ، بایەخــدانی زانکۆکــان و ناوەنــدی تــوێژینەوەی زانســتی.

قۆناغەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵناسی سیاسی

١. قۆنــاغی یەکەم لە پــێش ســاڵی ١٨٠٠ دەســتپێدەکات. بیـری سیاسـی کـۆمەڵایەتی لە بۆشـاییەوە نەهـاتووە، بەڵکو ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی بیری بیرمەنده سیاسیەکانە وەک سوکرات و ئەفلاتوون و ئەرەستۆ کە تاوەکو ئێستا بناغەی بیری سیاسی و زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی سیاسین. ئەرەسـتۆ سیاسـەت و سیسـتمی دەسـەڵات وەک باشـترین جۆرەکـانی حکومـداری ئەژماردەکـات لەگەڵ دەسـەڵات و شەرعیەت و سیستمی دەوڵەت شار، سیاسیە ئیسلامیەکان(

ابـن خلـدون، فـارابی) ڕۆمانەکـان وەک (شیشـرۆن) پاشـان (هۆبز، لۆک، ڕۆسۆ).

٢. قۆنــاغی دووەم لە ١٨٠٠_١٨٥٠(ڤــۆن شــتاین) مێــژوو بــزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکــان بــاس دەکــات، کاتێــک مــارکس ڕەخـنەی فەلسـەفەی هیگـڵ دەکـات، بـۆ تیـۆرێکی سیاسـی هەوڵی پەیوەنـدی نێوان تـاک و دەوڵەت بکات بە چەمکێکی نوێــــــوە، شۆســــــیالیزمی سیاســــــی دەرکەوت کە نوسینەکانی(ســـــان ســـــیمون) لەم قۆنـــــاغەدا. ٣. قۆنـاغی سـێهەم ١٨٥٠_١٩٠٠گەشـەکردنێکی سیاسـی و هـزری و هەمەجۆری ئـابوری و گەشـەکردن لە ئەوروپـا و دەستکەوتی ئـابوری و سیاسـی(داروین، مـارکس، سپنسـر، ڤیبـــــر) لە نوســــیەنکانی لیبـــــڕاڵ و ســــــەرمایەداری و شۆسیالیســــــتی و شــــــیوعی(مــــــارکس_ کۆنــــــت) ٤.قۆناغی چوارەم ١٩٠٠_١٩٥٠بەشـەکانی و کۆمەڵناسـی و کۆمەڵناســی سیاســی دروســت بــوون، وەک کۆمەڵناســی ئابوری و یاسایی و سیاسی لە هەموو ئەوروپا و ئەمریکا و ئەمــــانە لە نێــــوان جەنگــــی جیهــــانی یەکەم و دووەم ١٩١٤_١٩١٨ ١٩٣٩_١٩٤٥ ئایــدۆلۆجیا مارکســی گەشــتە

بەرزترین پلە کە چینی کرێکار بوو هەستا لەوەی کە بەخۆی بینیبوو.

٥. قۆغانی پێنجەم ١٩٥٠_٢٠٠٠پێگەیاندنی زانستی و ئەکادیمی کۆمەڵناسی سیاسی کە لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا چووە بواری خوێدندنەوە و لە پرۆگرامی خوێندن واتا پێگەیاندنی سیاسی و رۆشنبیری سیاسی، هەموو چەمکەکان هاتنە ئاراوە وەک چین، دەسەڵات، دەوڵەت نەتەوە، هەیمەن و نفوزکردنی کۆمەڵی مەدەنی و هێز و ململانێ و پرۆسە سیاسیەکان، هەروەها گەشەکردنی پارتە سیاسیەکان و دەرکەوتنی بزوتنەوە کرێکاریەکان و سەندیکا و دەستەبژێر.

ئامانجەکانی کۆمەڵناسی سیاسی.

١. گەشتن بە کۆمەڵێک یاسا کە پێگەی ئەم زانستە بەهێز دەکات لە نێوان زانستە کۆمەلایەتیەکان و پاشان شیکردنەوەی دیاردەو پرۆسە و دۆزە سیاسیەکان بە شێوەی زانستی.

٢. لەخۆگرتن و تەبەنی میتۆد و دەروازەکانی کۆمەڵناسی لە هەموو پسپۆڕیەکان لە کاتی دیراسەکردنی دیاردە و کێشە کۆمەلآیەتیەکاندا.

٣. دیراسەکردنی دیاردە و پرۆسەکان و سیستەمە سیاسیەکان بۆ زانینی کەموکوڕی ئەرکێتی سیستەمەکان پەیوەندی ئەو شتە بە سروشتی بونیادی سیستمی سیاسی.
٤. دیراسەکردنی پەیوەندی ئاڵوگۆڕ لە نێوان سیستمی سیاسی و سیستمەکانی تر.

٥. دیراسەکردنی گۆڕانی بەردەوام لەسەر دەوڵەت و دەسەلآتی سیاسی و پێکهاتەی بونیادی و ئەرکێتی بۆ دام و دەزگاکان و سیستمی سیاسی.

٦.چارەسەکردنی گۆڕانکاریی سەر دەوڵەتەکان لەسەر چۆنیەتی ئایدۆلۆژیە سیاسیەکان(مارکسیەکان، سەرمایەدارەکان، لیبڕاڵەکان، فاشیەکان)
٧. جەخت لەسەر دیراسەکردنی دەستەبژێر دەکاتەوە ململانێکانی پەیوەندی لە ژیانی و سیستمی سیاسی و ئابوری و کۆمەلآیەتی و ئایینی.

٨. چارەسەکردنی گروپەکانی گوشار و کەمینە سیاسیەکان.
٩. بایەخدان بە دیراسەکردنی کێشەکانی کەمینەی سیاسی و دۆزەکانی ڕۆشنبیری سیاسی و پێگەیاندنی سیاسی.
١٠. دیراسەکردنی بەراوردی نێوان سیستمی سیاسی لە قۆناغێکی مێژوویدا وەک دیراسەی سیستمی دیموکراتی و دیکتاتۆری و سیستمی تاکی و شیکردنەوەی گۆڕانکاریەکان لەسەر کۆمەڵگا کۆن و ناوەڕاست و تازەکاندا.

بوارەکانی کۆمەڵناسی سیاسی:

١. زۆربوونی پسپۆڕی و شارەزاکان لەم زانستەدا بە بایەخدان بە بابەتەکانی کۆمەڵناسی سیاسی و دۆزەکانی.
٢. بایەخدانێکی بەربڵاو لەلایەن کەسانی سیاسیەوە بەم زانستە بەتایبەت خاوەن بڕیارەکان بە کێشەو دیاردە سیاسیەکان.

٣. زۆربوونی ناوەندەکانی توێژینەوەی زانستی و زانکۆ و پەیمانگای پێشکەوتوو بەم زانستە و بایەخدان بە دیراسەکردنی سیستمی سیاسی و هەڵسەنگاندنی زۆری

دیـــــــــــــارده و کێشـــــــــــه سیاســـــــــــیەکان.
٤.گەشـەکردنی میتـۆد و شـێوازی زانسـتی بەکـارهێنراو له دیراسەکردنی و توێژینەوه سیاسیەکاندا(تیۆری و پراکتیکی)
٥. بایەخـــدانی زیـــاتر به دیراســـاتی بەراوردی له بـــواری کۆمەڵناســـی سیاســـیدا به تـــایبەتی دیراســـەی دیـــارده و کێشەکان و سیستمی سیاسی.

بۆیه، لێرەدا دەگەینه دوو جۆری دیکه له بوارەکان(کۆن و هاوچەرخ)یەکەم: کۆنەکان(ڕین هـاردبنرکس و سیمولیسـت) گرنگترین بوارەکانیان

* ڕەفتاری هەڵبژاردن.
* دیراسەی هێزی ئابوری و خاوەن بڕیاری سیاسی
* دیراسەی ئایدۆلۆجی بزووتنەوه سیاسیەکان و گرووپی بەرژەوەندی
* دیراسەی پارته سیاسیەکان
*دیراسەی حکومەت.
* دیراسه و بەراوردی و سیستمی سیاسی.

دووەم: بواره هاوچەرخەکان.

*دیراســەی تیــۆرە سیاســیەکان و میتــۆدو کەرەســتەکانی میتـــــۆدی زانســـــتی لە دیراســــــاتی سیاســـــیدا.

*دیراســــەی هۆشـــیاری و ڕێککەوتنـــی سیاســـی.

*دیراسەکردنی دەستەبژێر لە کۆمەڵگە پێشکەوتوو و تازە گەشەکردووەکاندا.

* دیراسەکردنی گەشەپێدانی سیاسی

* دیراسەی ڕۆشنبیری سیاسی و پەیوەندی بە هۆشیاری سیاسیەوە پێگەیاندنی سیاسی.

* دیراســەکردنی دیاردەی ئازادیە سیاسیەکان وکەمینە و پــارتە سیاســیەکان و گرووپەکــانی فشــار و ســەندیکا.

* دیراســەکردنی بــزووتنەوە سیاســیەکان و بــزووتنەوەی ژنان و خوێدنکاران

* دیراســەی سیاســەتی نێودەوڵەتی و واقیعی، گـاریگەری سیاســەتی جیهــانی و سیســتمی سیاســی جیهــانی نــوێ.

*دیراســەی سیســتمی سیاســی و پەیوەنــدی بە سیســتمە کۆمەڵایەتیەکانەوە

* دیراسـەکردنی گەنـدەڵی سیاسـی کە بەشـێکە لە گەنـدەڵی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی.

ماکس ڤێبەر:سیاسەت و سۆسیۆلۆژیا.

لەساڵی ١٨٦٤ لە دایک بووە , باوکی سیاسەتمەدار بووە ,سەردەمی منداڵی لەو ساڵانە تێپەراند کە بۆ پەرەسەندنی سیاسی ئەڵمانیا گرنگی زۆری هەبوو ,ئەو لە نەوجەوانیدا لە کۆڕ وسیمینار و کۆبونەوەکانی هاورێکانی باوکیدا ئامادە دەبوو ئاشنای سیاسەت بوو ,یەکەمین نوسینی سیاسی زانستی لەسەر مێژووی ماف و ئابووری بوو .

هەروەها لەکتێبی ئاکاری پرۆتستانی و ڕوحی سەرمایەداری (١٩٠٤-١٩٠٥) بە ڕوونی باسی سیاسەتی کردووە و پاشان لە سەر مەعریفە و میتۆدۆلۆژیای زانستە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکردەوە .ئەمانە هەمووی کاریگەرییان هەبوو لە سەر بواری سیاسی و تێڕوانینی بۆ دوارۆژ, لەگەڵ ژیانی هەڵچونی و رێکوپێکی زانایانە, هەروەها پیشەی کارا و کاری سیاسەتمەدارانەیە .

ڤێبەر پەرۆشی ئەوەبوو کە بەشێوەیەکی شیکاری ڕوو لەدەوڵەتی مۆدێرنە و پێوەندییەکانی کۆمەڵگا بکات.ڤێبەر بەپێچەوانەی مارکس باوەڕی وابوو کە دەوڵەتی مۆدێرن

پاشماوەی ڕەنگدانەوەی تەنیا و ساکاری چالاکی چینە کۆمەڵایەتیەکان نیە، بەڵام بۆ ناسینی دەوڵەت دەبێت پرۆسەی زۆر بەربڵاو لەبەرچاو بگرین، هەروەها ڤێبەر دەڵێت دەوڵەتی مۆدێرنەش وەک هەر پانتاییەکی تری سیستمی کۆمەڵایەتی خاوەنی رەوتێکی ئاڵوگۆڕ و گۆڕاوی سەربەخۆی تایبەت بەخۆیەتی ڤێبەر لەلایەک بونیادی کۆمەڵایەتی واتە چینەکان و گروپ و کاروبارە کۆمەڵایەتیەکان لەلایەکی تریشەوە داڕشتەی دەوڵەتی مۆدێرن واتە تایبەتە مەدەنییەکانی بیرۆکراسی مۆدێرن و جۆری سەردەستیو ڕەوای ئەو سەردەستیە شیدەکاتەوە، ڤێبەر سوودی لەمارکس وەرگرتووە بەڵام بەبیرۆکەیەکی تاک لایەنانە لەقەڵەم داوە، بەباوەڕی ڤێبەر هەڵەی مارکس لەوەدابوو کەتاک لایەنێکی ڕاستی زۆر لەوانیتر زەقدەکردەوە و ڕۆڵی هۆکارە دیاریکەرە جیاجیاکانی لەبەرچاو نەدەگرت هەڵبەت ڤێبەر راستەوخۆ ماتریالیزمی مێژووی مارکسی بەهەڵە نەدەزانی بەڵکو شیکاری دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی تەنها لەڕێگەی هۆکارێکەوە رەد دەکردەوە بەوپێیە تێگەیشتنی ڤێبەر لەسەر ئەو باوەڕەبوو کەدەبێت هۆکارە سیاسی و سوپاییەکان وەک هۆکارە ماددی و

ئابوورییەکان سەرنج و بایەخیان پێبدرێت، واتە تێگەیشتنی ڤێبەر لەهـزری مارکسـدا پۆزەتیڤـانەیە، ڤێـبەر فشـارێکی سـەرەکی دەکردە سـەر بونیادە سیاسیەکان وەک هۆکاری دیاری کراو، ڤێبەر یەکێک لەتایبەت مەندییەکانی ئەوەبوو کەجیاوازی بکرێ لەنێوان دەسەڵاتی ئابووریو دەسەڵاتی سیاسیدا.

ڤێبەر چین بەیەکەی سەرەکی دابەشکردنی کۆمەڵگە نازانێ، بەبـاوەڕی ڤێـبەر دابەشـکردنی کۆمەڵگـا بەسـێ ئاراسـتەی بنەڕەتی دا تێپەڕدەبێت:-

یەکەم/ بواری دەسەڵاتی ئابووری (چین)

دووەم/ شانوشکۆی کۆمەڵایەتی (هەیبەت)

سێیەم/ دەسەڵاتی سیاسی (حیزب)

بەڵام پێویست ناکات هەرسێکیان بکەونەسەر یەک.

چین وەک کۆمەڵەیەک لەوتاکانەی کەخاوەن بارودۆخێکی وەک یەکن لەبازاڕدا ڕەنگە چەند کاروبارێکی کۆمەڵایەتی لەخـۆ بگرێـتو ڕەنـگە لەنـاو کاروبـارێکی کۆمەڵایەتیـدا جیـاوازی زۆری هەبێـت لەبـواری چینایەتیـدا لەئارادابێـت، حیـزبیش وەک خـانەی دەسـەڵات لەسـەر بنەمـای سیاسـی ڕێک دەخرێ وە ڕەنگە لەچین و کاروبارە جۆربەجۆرەکان

پێک هاتبێت وە یان چینێک خاوەن چەندان حیزب بێت، لەو ڕوانگەیەوە ژیانی سیاسی و حیزبی مەرجنیە پەیوەندیان لەگەڵ چین و کاروبارە کۆمەڵایەتیەکاندا هەبێت و ئەوەش جیاوازییەکی گرنگە لەبیروباوەڕەکانی ڤێبەر و مارکسدا، لەڕوانگەی سوسیۆلۆجیای سیاسیەوە، بەباوەڕی ڤیبەر بیرۆکراسیو سۆسیالیزم کۆیلایەتی مرۆڤی مۆدێرنەیان لێدەکەوێتەوە دکتۆر حوسێن بەشیریە باس لەوە دەکات کە ڤێبەر بەچ شێوەیەک شیکار بکەین بۆ پەیوەندی نێوان هزرو بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، پەیوەندییەکی هەڵبژاردەی لەئارادایە نەوەک پەیوەندییەکی ڕەنگدانەوەیی.
((مرۆڤ بۆشیکردنەوەی کۆمەڵگا لەسروشت و بۆ شیکاری سروشتیش لەکۆمەڵگا کەڵکی وەرگرتووە)).بەگشتی ڤێبەر تێڕوانینی جیاوازی لەکۆمەڵناسی سیاسیدا والاکرد بەتایبەت جەختکردنی لەسەر توخمە نائاوەزییەکان لە هەڵسوکەوتە سیاسییەکاندا شیاوی سەرنجن.

زانستە سیاسیەکان و سۆسیۆلۆژیا

وەک ئاشــکرایە کە مــرۆڤ بــونەوەرێکی کــۆمەڵایەتییە و چالاکییەکــانی بە شــێوازی جۆراوجــۆر ئەنجــام دەدات , کۆمەڵناسی بە گشتی لە چالاکیەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە و بە تــایبەتی لایەنــی کــۆمەڵایەتی کۆمەڵگــا و هەوڵــدەدات ســەرجەم ڕاســتی و یاســا گشــتیەکانی ژیــانی کــۆمەڵایەتی بدۆزێتەوە , بۆیە ڕەنگە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لە نێو کۆمەڵگــادا زۆر بــن و بەرژەوەنــدی بازرگــانی و سیاســی و ئاینی و ئابووری خاوەن مۆرکێکی جیهانی لە خۆوە بگرێت تا دەگاتە خێزان , کە بچوکترین یەکەی کۆمەڵایەتیە و زۆر جار ئەو پەیوەندیانە گوێ بە سنووری دەوڵەتیش نادەن .

بەڵام زانستی سیاســەت بەشێکە لە زانســتە کۆمەڵایەتیەکان و خــاوەنی چــوار چێــوەیەکی دیــاریکراوەو بــایەخ بە ژیــانی سیاسییانەی مرۆڤ دەدات کە بەشێکە لە کۆی گشتی ژیانی کۆمەڵایەتی , یەکەی تــوێژینەوەش لەو زانســتە دەوڵەتە , کە بــایەخ بە کــۆمەڵێکی بچــووک و دیــاریکراوی کــۆمەڵگە ی

مرۆڤـایەتی دەدات , ئەو بەشـەی کە یەکەیەکـی سیاسـی ڕێکخراوی بۆ خۆی بونیادناوە – مەبەست دەوڵەتە .

هەر بـۆیە زانسـتە سیاسـیەکان زانسـتی تایبەتمەنـد و تەسکترن لە کۆمەڵناسی , بەڵام ناکرێت ئەوە نەڵێین کە بەشێکن لە ئەو واتا (کۆمەڵناسی) .

زانسـتی سیاسـەت ئەو ڕاسـتیانە پێشکەشـی کۆمەڵناسـی دەکـات کە پەیوەسـتن بە ڕێکخراوەکـانی دەوڵەت و چالاکییەکان بەو خەسڵەتەی کە بە شێکن لە ئاشتی گشتی کۆمەڵایەتی , کەچی کۆمەڵناسی زانیاری تایبەت بە مێژووی سیستەم و ڕێکخراوە سیاسیەکان و دەسەڵات و هەندێک لێکۆڵینەوەی تایبەت بە یاساکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی پێشکەش بە زانستی سیاسی دەکات .

زانسـتە سیاسـیەکان گریمـانەی ئەوە دەکەن کە مـرۆڤ ئاژەڵێکی سیاسیە , کەچی کۆمەڵناسی هەوڵدەدات ئەوە ڕاڤە بکـات کە مـرۆڤ چـۆن وای لێهـاتووە و بـۆ وایلێهـاتووە و چۆن ژیانی سیاسی بە تێکەڵاوبوون لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تر وای لێهات .

کۆمەڵناسی کاریگەرییەکی زۆری هەبوو بە سەر ئەو گۆڕانکارییانەی بەو دواییانە بەسەر زانستە سیاسیەکاندا هات, بە تایبەتی لە تیۆری یاسادا .[1]

تالکۆت پارسۆنز:

لەژێر کاریگەری دۆرکهایمدا بووە، مامۆستای زانکۆی هارڤەرۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکابووە، لەدەیەی ١٩٣٠دا، تێڕوانینی وابوو کە کۆمەڵگای نەریتی لەکۆمەڵگای مۆدێرنە جیابکرێتەوە، کۆمەڵگا گەشەدەسەنێت و کردەوەکانی مرۆڤ بەرەو هەڵکشان دەڕوات بەباوەڕی پارسۆنز باشترین شێوە و میتۆد بۆ تێگەیشتن لەسەرتاپای ڕاستەقینەی کۆمەلایەتی، ئەوەیە کە ئەو ڕاستەقینە وەک سیستەم تیبگەین کۆمەڵگەش وەک سیستمی میکانیکی یان ئۆرگانیکییەکان کۆمەڵەیەکە پەیوەندی دوولایەنە لەئارادایە، کۆمەڵەیەکی ئەوتۆ تەنیا لەسەر بنەمای توندوتیژی و دەسەلات ڕانەوەستاوە، بەڵکو لەسەر بنەمای میکانیزم گەلێکی یەکڕیزی دانراوە یەکێک لەوانە بنەما ڕەوشتیەکان،

[1] -رایمۆند گارفیل گیتیل,زانستە سیاسیەکان , وە:رێبین رەسوڵ و موحسین ئەدیب ,چاپی یەکەم , شڤان , سلێمانی , ٢٠١٠ ,لا:١٩.

لەڕوانـــگەی پارســـۆنزەوە هۆکارەکـــانی یەکڕیـــزی و بەردەوامبوونی سیستمی کۆمەڵایەتی بریتین لە:-

١- بەهاکان، ٢- نۆرمەکان،

٣- سازییەکان، ٤- ڕۆڵەکان.

بەهاکـــان دیـــاریکەری ئامانجەکـــانی ژیـــانن و کـــردەوەی تاکەکانیش پەلکێشی لای ئەو ئامانجانە دەکەن.

نۆرمەکان لەژێر سێبەری بەهاکاندا لەدایک دەبن و ئەکتیڤ دەبن و، یاسا و میتۆدی کردەوەی کۆمەڵایەتی بەدەستەوە دەدەن، نۆرمەکـــان بەدیهێـــنەری بـــواری هـــاتنەدی بەهـــا کۆمەڵایەتیەکانن.

ســـازییەکان ڕەنگـدانەوەی بەهــاو نۆرمەکــانن لەدامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانداو ڕۆڵ و دەورەکان کۆمەڵە ئەرکێکن لەناو پانتـاییەکی سیسـتمی کـۆمەڵایەتین کە لە کـردەوەدا بەهـاو نۆرمەکان لەناو سازییەکاندا بەکاردەهێنن.

هەر سیستمێکی کۆمەڵایەتی بۆ پاراستن و بەردەوام بوونی خۆی چوار ئەرکی سەرەکی بەئەنجام دەگەیەنێت.

١-پاراســتنی یەکگرتــووی ویەکڕیـزی کـۆمەڵایەتی. لەلایەن شـــتێکەوە ئەنجـــام دەدرێـــت لەلایەن دامەزراوەی ئـــاین،

فەرهەنــــگو خێــــزانەوە ئەنجــــام دەدرێــــن، کە بەگشــــتی پێکهێنەری سیستمی بەهاکانی کۆمەڵگان.
٢ .-پێکهێنانی یەکڕیزیو چارەسەری گرژی (نۆرم یا یاسا).
٣.-ئەرکـی گەیشـتن بەئامـانج لەلایەن سیسـتمی سیاسـیەوە دێتە ئەنجامدان.
٤.-ئەرکێتی خۆگوونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی گۆڕاو نوێدا کەلەلایەن دامەزراوەو سیستمی ئابوورییەوە بەڕێوەدەبرێ.
سیستمی سیاسی خاوەنی ئەو چوار ئەرکەیە.
ئایـدۆلۆژیا و یاسـای بنچینەی ئەرکـی یەکەم بەڕێـوەدەبەن، دەزگــــای دادپەروەری وئــــامرازی بەڕێــــوەبردن دووەمە. دەزگای (مکتبی ئۆفیسـی) یـان بیرۆکراسـی سـێیەم دەزگـای بەڕێوەبەرایەتی حکومەتن. چـوارەم سیسـتمی سیاسـی وەک هەرسیستەمێکی دیکە خاوەن (بەهاو نۆرمو سـازییو ڕۆڵـی تایبەت بەخۆیەتی)
گرنگترین پرۆسە لەسیسـتمی سیاسـیدا بەبـاوەڕی پارسـۆنز پرۆســــەی دەســــەڵاتە کەرۆڵەکەی هەروەک ڕۆڵــــی دراوە لەسیستمی ئابووریدا. ئامانجەکانی کۆمەڵناسی سیاسی
- گەیشتن بە کۆمەڵێک یاسا و بیرو بۆچون,کە پاڵپشـت بـن بـۆ پـێگەی ئەم زانسـتە لە نێـوان زانسـتەکانی دیـکەدا ,لەو

ڕوانــگەیەوە لێکــدانەوەو ڕاڤەکردنــی دیــاردە سیاســیەکان دەکرێت,بەشــــێوەیەکی زانســــتی دیــــاری کــــراو,لەگەڵ تاقیکرنەوەی راستی تیۆریەکان بەشێوەیەکی بەردەوام.

- هەوڵــــدانی ئەم زانســــتە بــــۆ بە کارهێنــــانی میتــــۆدە سۆسیۆلۆجیەکانە کە زانایانی کۆمەڵناسی بە کاریان هێناوە لە هەمــوو بوارەکانــدا, بە تــایبەتی لە کــاتی دیراســەکردنی دیاردە و کێشە کۆمەڵایەتیەکاندا.

- کۆمەڵناســی سیاســی وەک هەمــوو لقەکــانی کۆمەڵناســی جەخت لە دیراسەکردنی دیاردەکان و پرۆسە سیاسیەکان دەکاتەوە لە ڕوانگەی بونیاد و ئەرکێتی دا لە کۆمەڵدا .

- کۆمەڵناســی سیاســی بــایەخ بە دیراســەکردنی پەیوەنــدیە ئاڵوگۆڕەکــــان دەدات لە نێــــوان سســــتەمە سیاســــیەکان و سســــتەمە کۆمەڵایەتیەکانــدا وەک ئــاوێتەکردنی سســــتەمی سیاسـی بە : سسـتەمی ئـابوری – ئـاینی – پەروەردەیـی – ئەخلاقــی – خێزانــی – یاســایی ...هتــد لەو چوارچێــوەیەدا ئەرک و ئامــانجی سروشــتی پێکهــاتەی ئەو سســتەمە بە دەردەکەوێت .

- ئەم زانســتە هەوڵــدەدات بــۆ دیراســەکردنی سروشــتی گۆڕانی بەردەوام کە ڕوو دەدات و ڕووی داوە لە پێکهاتەی

بینایی و ئەرکێتی دامەزراوەکان و سستمە سیاسیەکاندا بە پێـــی ســـەردەمە مێژویەکـــان , وەک دیراســـەکردنی ئەو گـــۆڕانەی بە ســـەر دەوڵەتـــدا هـــاتووە وەک دەســـەڵاتێکی سیاســـی ,هەروەهـــا گـــۆڕینی بنەمـــاو ئەرکەکـــانی پـــارتە سیاسیەکان و ڕەفتاری سیاسی هاووڵاتیانیش. کۆمەڵناسی سیاسی بایەخ بە چارەسەر کردنی گۆڕانکاری بەردەوامی جـــۆرە ئایـــدۆلۆجیە سیاســـیەکان دەدات ,کە کۆمەڵگـــای مرۆڤـایەتی ناسیویەتی لەوانە: شـیوعیەت (سـەرەتایەکان)- مارکســـیەت –ســـەرمایەداری- لیبرالـــی- فاشـــیەت-_- رەگەزپەرستی-پاشان گەیشتن بە ئایدۆلۆجیای جەماوەری , ئامـــانجی زانســـتەکە لە دیراســـەکردن و لێکـــدانەوە بە دەردەکەوێت لەگەڵ کاریگەری لەسەر سیستەمی سیاسی لە چوارچێـوەی بونیـادی کۆمەڵایەتیـدا. کۆمەڵناسـی سیاسـی بـایەخ بە دیراســـەکردنی دۆز و کێشـــەکانی گەشەســـەندنی سیاسی دەدات , بۆ نموونە رۆشنبیری سیاسی, پێگەیاندنی سیاســی هەروەهــا چــۆنیەتی بەشــداریکردنی هاوڵاتیــان لە پرۆسە سیاسیەکاندا لە چوار چێوەی دروستکردنی بریاری سیاسیدا.

- ئامــانجی ئەم زانســـتە زانیــنە بــۆ پێکهــاتە و سروشــتی سستمە سیاسـیەکان کە لە قۆنـاغێکی سیاسـی گونجـاودا بە دی دەکرێت و پەیوەندی بە واقیعی کۆمەڵایەتی و ئـابووری کـــــۆمەڵگە مرۆیەکـــــان، ئەویـــــش بە دیراســـــەکردنێکی بەراورد لە نێوان سستمە سیاسیەکاندا.

خەسڵەتە گشتیەکانی کۆمەڵناسی سیاسی.

- بەبەردەوامـی لە هەوڵـی تێگەیشـتن و ڕاڤەکردنـی دیـاردە سیاسیەکانە لە چوار چێوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا.
- پشت بە لۆژیکی زانستی دەبەستێت لە دیراسـەکردنی ئەو دیاردانەدا.
- ئامـانجی گەیشـتنە بە ڕێکخسـتنێکی گونجـاو بـۆ چـالاکی سیاسی .

سیاسەت لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیای سیاسییەوە

تێڕوانینــی مــرۆڤ بــۆ سیاســەت لەگۆڕانــدایە بەجیــاوازی ئەزموونەکـانی لەچوارچێـوەی ژیـنگە و کۆمەڵگـا و کلتـورو سـەردەمدا، هەروەهـا ئەم جیـاوازیە بەربڵاودەبێتەوە بەوەی کە سیاســەت هــونەری دەســەڵاتی مــرۆڤە لە ڕێگــای فێــڵ کردنیـانەوە، یـان ڕێکخسـتنی جەمـاوەرە بـۆ قوربانیـدان لەو ڕوانــگەیەوە ژیــان ڕێــڕەوی یەکســانی وەردەگرێــت، بــۆیە هــونەری سیاســەت لەبەرزتــرین هــونەری مرۆڤـایەتی دایەو لەڕاســتی وناوەڕۆکدا.ئەرســتۆ لە کتێبەکەیــدا (سیاســەت) ئاماژەی بە (شار) کردووە کە دەڵێت : هەر شـارێک دەبێتە جۆرێک لە کۆمەڵگا و هەر کۆمەڵگایەک بە مەبەستی لایەنی چاکە بەرپا دەبێت , چونکە مرۆڤ هە میشە دەکۆشێت تا کارێک ئەنجام بدات کە خۆی بە کەسێکی چاک لێک بداتەوە , بەڵام ئەگەر هەمـوو کۆمەڵگاکـان چاویـان بڕیبێتە بەشـێکی لایەنـی چـاکە و ئەو کۆمەڵگـایەی کە بـاڵاتر و فراوانتـرە لە هەموو کۆمەڵگاکانی تر، بە دوای چاکەیەکی بەریندا بگەرێت ئەوا ئەم جــۆرە کۆمەڵگایــانەیە کە شــار یــا کۆمەڵگــای

سیاسیان پێ دەڵێن، ئەتوانین لێرەدا ئەوە بڵێن کە شار یا کۆمەڵگەی سیاسی لەگەڵ خێزاندا جیاوازیان هەیە و وەک یەک نین , با ڕەخنەیەک لە ئەفلاتۆن بگرین کە دەڵێت پلەو پایەی یاساناس و سیاسەتمەدارو سەرۆک خێزان و خاوەن بەندەکان هەموویان لە بەرامبەر یەکدا یەکسانن , بەڕاستی لێرەدا هەڵەی کردووە , چونکە مەگەر لای پەروەردگار هەمووان یەکسان بن لای مرۆڤەکان یەکسان نابن و جیاوازی بەدی دەکرێت لە زۆربەی یاساکاندا ئەگەر هەمویان نەبێت , ئەمەش لە ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسیدا بە ڕوونی دەرکەوتووە , بۆ نموونە کۆمەڵگاکان وەک یەک تەماشای ڕەگەزەکانیان کردووە ؟ نەخێر , تەنانەت لە مامەڵەکردن و ژیانی ڕۆژانەشیاندا , ئەگەر بێنە سەر سیاسەت ئەوە لێرە زیاتر ڕوونە ئەو بایەخەی بە رەگەزی نێر دەدرێت بە ژن زۆر کەمترە جا بۆ هەر هۆیەک بێت ئەمە ڕاستیەکەیە و لەوانەیە بگەینە ڕۆژگارێک کە ئەو جیاوازیانە زۆر کاڵ ببنەوە [٢]

---

[٢] ئەرستۆ , سیاسەت ,وەرگێرانی:عیمران هاواری ,چاپی دووەم ,چاپخانەی گەنج, سلێمانی ٢٠١١.

پەیڕەوانی بۆچونەکەی سەرەوەمان وای بۆ دەچن کە هەر یەک لەمانەی باسمانکرد جیاوازی چۆنایەتیان نییە , بەڵکو پەیوەستە بەکەم و زۆری کەسانێکەوە کە لەژێر دەستی ئەوانەدان , بە بۆچونی ئەوان ئەگەر ژمارەی ژێر دەستیان کەم بێت , ئەوا پادشاکانیان حوکمڕانیان دەکەن , ئەگەر زیاتر بێت ئەوکات یاساناس و سیاسەتمەدار دەبێت پشت بە پلەو پایەی دەسەڵات ببەستێت , وەک ئەوەی بڵێ جیاوازیەک لە نێوان خێزانێکی مەزن و شارێکی بچوک , و یاساناس و سیاسەتمەدارێکدا نییە .

تەنها جیاوازیان لەوەدایە کە یاساناس فەرمانڕەوایەکی ڕەهای هەیە , بەڵام سیاسەتمەدار بە پێ یاساکان هونەری فەرمانرەوایی حوکمرانی دەکات و هەندێ جاریش ملکەچ دەبێت .

سیاسەت بەو شێوەیە بوو ئەمرۆش وایە و واش دەمێنێ!!

بەبوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی سیاسەت دەستی پێکرد. کۆمەڵێک بەشدارییان کردوە لەدروست کردنیدا (پیاوچاکان، پێغەمبەران، زانایان،.....)هەروەها گروپێکی تێکدەرانە هەبوونە وەک داگیرکەران، خۆپەرستان کە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاریان هێناوە، هەر بۆیە کۆمەڵێک تیۆر و

قوتابخانەی سیاسی دژ بەیەک دروست بوو، هاولاتیانیش دابەش بوون بەپێی ئینتیمای ئایدۆلۆژی سیاسی جۆراوجۆریان، هەریەک لەوانە خۆی بەباشتر دەزانێ لە وی تر ,ئەمەش لەکۆمەڵگە عیراقی بە گشتی و هەرێمی کوردستانیش بە تایبەتی بەدی دەکرێت..

بۆیە هەر باس و گوزەرانی ژیان هەبێ ئەوە سیاسەت بێگومان راستەوخۆ دەستی تێدایە لەزۆربەی بوارەکانی ژیاندا وەک: پەروەردە، تەندروستی، ئابووری، کار، نیشتەجێبوون، خواردن، پەیوەندییە گشتیەکان، لەزۆربەی کارەکانی ژیاندا ئەگەر هەموویان نەبێت، سیاسەت دەچێتە نێو شتەکانەوەو بڕیار دەدات و ڕێکخستن دەکاتو جێبەجێی دەکات.

بۆیە مافی هەموو تاکێکە کە لە سیاسەت شارەزا بێت, چونکە تێکەڵی ژیانی ڕۆژانەی بووەو ناتوانێت لێ دوور کەوێتەوە ئەمەش بەزانست و زانیاری ڕاستو دروست دەبێت و پیادەی مافە دەستوری و یاساییەکانی خۆی بکات.

پاش تێپەڕبوونی مرۆڤ بەقۆناغە سەرەتاییەکانی ژیاندا کەهەموو کەسێک بۆخۆی لەهەوڵدان بووە و دابەشکردنی کار نەبووە و ئاڵوگۆڕی بەرامبەر نەبووە لەنێو گروپەکاندا،

کاتێک مرۆڤ هەست بەپێویستی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکات و درکی پێدەکات، بوارە سیاسیەکە دێتە ئاراوە و بوونی دەبێت، کە تێکەڵ دەبێت لەگەڵ ڕێکخستنی کۆمەڵگەکاندا لە ڕوانگەی دروستبوونی دەوڵەتدا.بۆیە ئەتوانین بڵێین سیاسەت هونەری پیادەکردنی سەرکردایەتی و دەسەڵاتە و هەروەها زانستی دەوڵەتە، لەگەڵ پەیوەندی نێوان (حاکم و حوکم دار).سیاسەت چالاکیەکی کۆمەڵایەتییە کەهەڵدەستێت بەڕێکخستنی ژیانی گشتی و پاراستنی ئاسایشیی خەڵک ، یەکسانی و برایەتی دروست دەکات لەڕوانگەی هێزی یاسایی و دەسەڵاتدا لەنێوان تاکەکان و گروپە کێبڕکێکان و ناکۆکەکاندا. سیاسەت زانستی دراسەکردنی بەرژەوەندییەکانە بەپێچەوانەی لەسەر پێکهێنانی دەسەڵات و پاراستنی دەستکەوتەکانی چینی دەسەڵاتدار. هەروەها هەوڵدانە بۆ دروستکردنی سیستمی دەسەڵات و یەکسانی و سەرکەوتنی بەرژەوەندی گشتی لەسەر بەرژەوەندییە تایبەتییەکان,. بۆیە سیاسەت ڕووبەڕووی زۆر شت دەبێتەوە چ چاکە بێت یان خراپە و بگرە لادانیشی دەگرێتەوە.بۆیە سیاسەت گەشەسەندن و پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە لەسەرجەم کۆمەڵگاکاندا و بەشێوەیەکی

هــزری و لە نەوەیەکەوە بــۆ ئەوی دی.(ژۆلــین فرۆنــد) سیاسەتناســی فەرەنســی , لە کتێبــی (سیاســەت چیــیە؟) لە هەوڵدابووە بۆ پێناسەیەکی سیاسەت و وتویەتی (سیاسەت چالاکیەکی کۆمەڵایەتییە کە پشت بە زەبروزەنگ دەبەستێت بە پــێ مافەکــان ,ئاسایشــی دەرەکــی و ڕێکــوپێکی نێوخــۆیی ,یەکەیەکــی سیاســی تــایبەت دەســتەبەردەکا و , دیســپلین لە نێــو شــەڕێکدا کە بە هــۆی جیــاوازی و نــاکۆکی هــزری و بەرژەوەنــدییەکان پێکــدێ , جێگیــر دەکــا). بەڵام پێناســەکە فــراوان دەکــاتەوە و دەڵێت سیاســەت هەر تەنهــا لە خــزمەت کۆمەڵدا نییە , بە ڵکو لە خزمەت تــاکیش دایە .سیاســەت بەر لە هەر شتێکی دی کارێکی کۆمەڵایەتییە و لە ناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانــــدا جێــــی بــــۆ دەکــــرێتەوە و ئەمەشــــە کە جیاوازییەکانی سیاسەت و ئابووری دەردەخات. بۆ نموونە ئەگەر کەســێک لە هەســارەیەکدا بە تەنهــا بــژێ و هەوڵــدات کارێک بە ئەنجام بگەیەنێ بۆ بژێوی ژیــانی , ئەوە کــارێکی تاکە کەسی و ئابوریيە , بە کردەوەیەکــی سیاســی دانانرێت ,چــونکە سیاســەت بێگومــان کــارێکی کــۆمەڵایەتییە و پێگەی لە نێو پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤدایە .

میشـێل فۆکـۆ فەیلەسـوفی فەرەنسـی یەکێـک بـوو لە بنـاغە دارِێــژەری رِێبــازە برواپێکراوەکــانی هــزرە سیاسـیەکان , هەروەها کاری لە سەر پەیوەندی نێوان دەسەڵات و زانست دەکرد , پیَ وایە دەسـەڵات تەنیا لە پەیوەنـدی و کـردەوەدا دەردەکەویَ و زانســـتی مـــرۆڤ شـــتێک نیـــیە جـــگە لەرِونکـــردنەوە و پاســـاودانی ئەم پەیوەنـــدییە ,بەم پێـــیە دەسەڵات شتێک نییە کە ببیَ بە موڵکی کەس یا پاوانێک بیَ کە ببێتە هی چینی دەسەڵاتدار, بەڵکو دەرەنجامێکە لە کۆی هەڵوێســـتە ســـتراتیژیکەکانی ئەم چیـــنە, ئەم پەیوەنـــدییە لە تەواوی ئاســـتەکانی ورد و گەلانـــدا بەدی دەکرێـــت و لەش (جەســـتەی مـــرۆڤ) بە شـــێوەی رِاســـتەوخۆ گیـــرۆدەی ئەم پەیوەنـــدییە, لەو لەشـــەیان دەویَ کە کـــار بکـــا,کرِنوش بەرێـــت,بەرهەم بێنـــیَ, چێـــژ بـــدا , بەم پێـــیە دەســـەڵات بە تەکنۆلۆژیای سیاسی لەش ناودەنریَ .[٣]

---

[٣] د. ئەحمەد نەقیب زادە ,کۆمەڵناسی سیاسی, و:مەسعوود رەواندووست,چاپی یەکەم ,هەولێر , ٢٠٠٧.لا:٣٣-٣٤.

واتێدەگەین کە فۆکۆ دەسەڵات وەک فرۆکە تێدەگات و کە تەنها لە بەرامبەر پەرچەکرداری هەوادا دەتوانێ لە ئاسمان بمێنێتەوە و ئەگینا بەردەبێتەوە

سیاسەت: هونەری دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کارەکانی دەوڵەتە لەڕووی ناوخۆیی و دەرەوەدا.زانستی سیاسەت پێویست دەکات لەدوو چەمکی بچوک و گەورەدا بەکاربێت- واتا بچووکە کەی بواری: سیستمی سیاسی. حکومەتو دامەزراوە حکومیەکانو سیاسەتەکان.کارەکانیان و شێوەو شێوازی بەکارهێنانی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت دەگرێتەوە.بەڵام واتا گەورەکەی لایەنی: ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریو دامەزراوەکانی حکومەت و زەمیینە کۆمەڵایەتیەکانی حکومەت., دەسەڵات لەواتا گشتی و کۆمەڵایەتیەکەیدا.

١.دروست بوونو پێکهاتە

٢.بەردەوام بوونو فەوتانو لەناوچوونی حکومەتەکان

٣. ڕەفتارو هەڵسوکەوتی سیاسیانەی تاک و کۆمەڵ

٤.پەیوەندیەکانی نێوان دەوڵەتان

٥.دامەزراوە سیاسیە نادەوڵەتیەکان وەک ڕێکخراوەکان

٦.بیــرۆکە و فەلســەفە سیاســیەکان بە جەختکــردنە ســەر بیرۆکەی ئازادی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی.
٧.پەیوەندی هێزە کۆمەڵایەتیەکان وە یان کۆمەڵگەی مەدەنی
٨. سیاسەت باس و گفتوگۆی هاوڵاتیانە
٩.ئەمـانە و بـواری ژیـانی سیاسـیش، ڕۆشـنبیری سیاسـی، هەڵســوکەوتی خەڵکــی، مێــژووی سیاســی، دیبلۆماســیو ئابووری سیاسی.

زانستی سیاسی واتا زانستی هێز، زانستی دەوڵەت، زانستی هەڵســوکەوتی سیاســی، زانســتی بڕیــارگیری سیاســی، هەروەهــا زانســتی بەڕێــوەبردنی کاروبــاری گشــتی...هتد.

میتۆدەکانی سۆسیۆلۆژیای سیاسی

سۆسـیۆلۆژیای سیاسـی وەک زانسـتەکانی دیـکە پشـت دەبەسـتێت بە کۆمەڵێـک میتـۆد لە توێژینەوەکانـدا بـۆ شیکردنەوەی تۆکمە و باش گەیشتن بە دەرەنجام،ئەوەیش لە چوارچێـوەی دیاریکردنمـان بـۆ چەمکـی میتـۆد کە بەشـــــێوەیەکی گشـــــتی دەتـــــوانین بڵێـــــین: ئەو کۆمەڵە کار و ئیشانەیە کە توێژەر پشتی پێدەبەستێت بۆ گەیشتن بە ڕاستیەکان یان دەرەنجامەکان،میتۆدەکـان زۆرن لە سۆسـیۆلۆژیای سیاسـیدا لەوانە (مێژوویـی، بەراورد،دامـاڵ، دیراسـەی حـالە، بونیـادگەری،ئەرکێتی و سیستمی)ئەمانە هەموویـان پەیوەسـتن بە ئامـاری پێـوەری جۆراوجـۆر کەزۆر گـرنگن لە زۆربەی تـوێژینەوەی کۆمەڵایەتی وە وەک هەڵبژاردەی دەلالە و پەیوەستەکان و ئەگەرییەکـان،جگە لەوە دەبـێ جیـاوازی بکرێـت لەنێـوان ئامـــــار و ئامـــــارە کۆمەڵایەتیەکـــــان کە: یەکەم:کۆمەڵێـک ڕێگـای زانسـتی بەکـارهێنراوە بـۆ کـۆکردنەوەی داتـا و زانیاریەکـان کە پەیوەسـتن بەو دیـاردەوە کە دیراسـە دەکرێـت و شـیدەکرێتەوە

دووەم:واتــا ئامــارە کۆمەڵایەتیەکــان کــۆمەڵێکە لە زانیــاری ژمــارەیی و وەســفی تــوێژەر کــۆی دەکــاتەوە لە کــۆمەڵگەی توێژینەوەکەیدا،بەشـــێوەیەکی گشـــتی یـــا بەشـــێوەیەکی نمــوونەیی کە بەکاردێــت بەشــێوەیەکی فــراوان لە زۆربەی توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکاندا[٤]

میتۆدی ئەرکێتی

مێـــژوو و ڕەچەڵەکـــی ئەم میتـــۆدە دەگەڕێـــتەوە بـــۆ بەراوردەکانی نێوان کۆمەڵگە و بونەوەرەکان کە لە تیۆر و بۆچوونەکـــانی ئەفلاتـــوونەوە دەردەچـــوو کە کـــۆمەڵگەی ئەژمار دەکرد بە سێ ڕەگەزەوە(ئەقڵ و هەست و حەز) کە هەر یەکێــک لەمــانە چینێکــی کــۆمەڵایەتی پێکــدەهێنێت و سەربەخۆیە و ئەرکی خۆیان هەیە لە کۆمەڵگەدا،وەک چۆن لای مرۆڤیش هەیە.لە ڕوویەکی دیکەوە میتۆدی ئەرکێتی دەرکەوت بۆ وەڵامدانەوەی شێواز و سروشتی میتۆدی مێژوویـــی گومـــانەوانی و خەمڵێنـــراو کە زانیـــاری نـــا

---

[٤].دکتور حسن ابو حمود،علم الاجتماع السیاسی،جامعە دمشق ٢٠١٨ ص ٧١

تەندروســـت،نارێکخراوی بەکاردەهێنـــا لەســـەر کـــۆمەڵگە ســـەرەتاییەکان وەک هەوڵـــدانێک بـــۆ گەڕانەوەی بونیـــادی قۆناغەکـــــانی ژیـــــانی مرۆڤـــــایەتی و کـــــۆمەڵایەتی. لە بیرمەنـــــدەکانی ئەم میتـــــۆدە (سپینســـــەر،دۆرکهایم، مالینۆفسکی، براون) دۆرکهـایم لە کتێبەکەیدا(قواعد المنهج الاجتماعی) جەخت لەسـەر پێویسـتی شـیکردنەوەی ئەرکی دام و دەزگاکان،پیـــادەکردنی کـــۆمەڵایەتی دەکـــاتەوە. (بـراون)پێناسـەی ئەرکێتـی دەکـات،ئەرک هەمـوو بەشـێکی دووبارەیە وەک لە کردارێک کە پیادەی ئەو ئامانجەیە کە لە ژیـــانی کۆمەڵایەتیـــدا دەیکـــات، وە بەشـــداری لە گرنتـــی بەردەوام بـــوونی بونیـــادی کۆمەڵایەتی،بـــۆیە هەریەکە و ئەرکـــی خـــۆی هەیە خێـــزان پێگەیانـــدنی لەســـەرە لەگەڵ پاراسـتنی جـۆری مـرۆڤەکە،بەڵام سیسـتمی سیاسـی ئەرکـی پاراسـتنی هاووڵاتیـانە،وە سیسـتمی ئـاینی ئەرکـی یەکگرتنـی کۆمەڵایەتیە.هەروەهـا ڕیمـون ارون لە کتێبـی(فـي المعجـم النقدی لعلـم الاجتمـاعی) دەڵێت سـەرکەوتووترین ڕێگـا بـۆ شـــــــیکردنەوەی دیاردەکـــــــان و دام و دەزگـــــــــا کۆمەڵایەتیەکان،ئـاوڕدانەوەیە بـۆ ئەرکەکـان کە ئەنجـام

دەدریێت لە نێو کۆمەڵگەدا، وە ئەرکەکان دەکاتە سێ بەش
١.ئەرکە ڕەهاییەکان.

٢.ئەرکە دەروونیە کۆمەلایەتیەکان.

٣.بوندیادگەری و ئەرکێتی.

یەکەم:واتــا ئەرکێتــیە بەناوبانگەکــان لە زانســتی ئەرکــی ئەندامەکان

دووەم: شیێوازی شیکردنەوەی ئارەزووەکان لە نێو گروپە جیاوازەکانـــــدا هەروەهــــــا پـــــارچە کۆمەلایەتیەکــــــان لەڕێگــــــای بونیــــــادی کــــــۆمەلایەتی تــــــاییبەتەوە سێهەم:گەیشتنی نێوان ئەرکێتی و بونیادگەری،بەبێ ئەوەی کەڵەکەبــوونی گشــتی بێــت،لەو ڕوانــگەیەوە کە ئەرکێتــی زۆرتــر واقعــیە لە بونیــادگەری کە ئەمەش مانــای ئەوە دەگەیەنێ لە بونیـادی کـۆمەلایەتی دیـار و شـاراوەدا ئەم کەرەســتەیە واتــا بونیــادگەری چــووەتە نێــو زانســتە کۆمەلایەتیەکان بە دەستپێکردنی زانستی زیندەوەر،بۆیە ئەم

چەمـــکە بـــووە کەرەســـتەیەکی هـــزری لە زانســـتە کۆمەڵایەتیەکاندا[٥]

میتۆدی ئەرکێتی شەش بەشی سەرەکی لەخۆ دەگرێت.

١.مـامەڵەکردن لەگەڵ نـاوە جیاوازەکانـدا وەک (بـوونەوەرە زینـــدووەکان یـــان کۆمەڵایەتیەکان،گروپەکان،سیســـتمی دەزگایی)وەک سیستمێکی کە پێکدێت لە گروپێک لە پارچە ئاوێتەبووەکانی نێوانیان.

٢.هەمــوو سیســتمێک پێداویســتی ســەرەکی هەیە کە زۆر پێویستە جێبەجێ بکرێت.

٣.پێویستە هەموو سیستمێک بەڵانسی تایبەتی خۆی هەبێت، بۆ جێبەجێ کردنی پێداویستیەکانی پارچەکان بە گشتی کە پێکهاتوون

٤.سیسـتم لە کۆمەڵێک پارچەی جیاواز پێکدێت،کە تێیدایە

---

[٥] عدلی طاحون،مناهج واجرائات البحث المیدانی المکتب الجامعی الحدیث الاسکندریه ١٩٩٨: ص: ١٩٧

بەڵانس جێبەجێ دەکات بۆ سیستەم،وە هەروەها هەیە کاریگەری نیە.

٥.پێداویستیەکانی سیستەم جێبەجێ دەبێت لە ڕوانگەی گۆڕانکاری و گۆڕاوەکانەوە بە پێی ئاویتەبوون و گۆڕاو لە نێو سیستمدا،یا لەگەڵ ئەوانی دیکەدا.

٦.یەکە سەرەکیەکەی یا بنەڕەتی بۆ شیکردنەوەی ئەرکێتی چالاکیەکانە،(مالینۆفسکی) بە گرنگترین زانا دەژمێردرێت بۆ پتەوی و پاڵپشتی بۆ میتۆدی ئەرکێتی لە زۆربەی نوسین و کتێب و توێژینەوەکانیدا لەسەر بەها و داب و نەریت و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و تاوان و ئایین و شعر و ڕەگەز....... هەروەها بایەخدان بە ڕۆشنبیری کلتوری وەک بەشێکی گرنگ لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی وەک گوزاشتێک بۆ پێویستی فێربوونی ئارەزووە بایەلۆجیەکانی مرۆڤ.

(ڕادکلیف براون) بە دورو درێژی باسی بونیادی کۆمەڵایەتی و ئەرکێتی کردووە لە نوسینەکانیدا،هەروەها براون باسی مۆرفۆلۆجیای کۆمەڵایەتی کردووە کە بە واتای بونیادی کۆمەڵایەتی دێت،لەگەڵ فینۆمینۆلۆجی کۆمەڵایەتی کە بە مانای لێکۆڵینەوەکردنی سەرجەم دیاردە

کۆمەڵایەتیەکـان دێـت،وە دەبـنە کـۆ ئاکـار بـۆ کەرتەکـانی کـــــۆمەڵگە لە دیراســــەکردنی گشـــــتێکی تـــــێکەڵ. تالکونـت پارسـونز یەکێکە لە بەناوبـانگترین زانـای میتـۆدی ئەرکێتـی بونیـادگەری سیسـتمە تایبەتەکـان لە کتێبی(النسـق الاجتماعی)شـــیکردنەوەی تەواوی کـــردووە بـــۆ ڕەگەزە گرنگەکان کە پێکدێن لە سیستم و پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەکانی نێـوان پارچەکان،هەروەهـا لە کتێبی(بنـاء الفعـل الاجتمـاعی) ڕوونکـــردنەوەی تەواو دەدات بە شـــێوازی شـــیکردنەوەی تیـۆری بونیـادگەری ئەرکێتـی کۆمەڵایەتی لەسـەر بیـرۆکەی سیســـــــــــــتمی و ئەقڵـــــــــــــی پێشـــــــــــــکەوتوو.

ئەرکێتـــــــی بونیـــــادگەری پارســـــۆنز ئەم تایبەتمەندیانەی هەیە:

١.کــارکردن بــۆ چەســپاندنی ســنور لەنێــوان سیســـتمی کـــــۆمەڵایەتی و سیســـــتمەکانی دیکەدا(ڕۆشــــنبیری و بایۆلۆجی،کەسێتی و هتد....)

٢.توانـــــای لەســـــەر ســـــنوری مێـــژووی لە نێـــوان یەکە سەرەکیەکانی بونیادگەری سیستمی کۆمەڵایەتی بە جەخت

کردن لەسەر پەیوەندیە ئاکاریەکان لە نێوان یەکەکاندا.
٣.بایەخدانی زۆر بە بارودۆخ و ئەو فاکتەرانەی کە هاوکارن بۆ جێگیری چالاکیەکانی سیستمی کۆمەڵایەتی داواکراو و تەواو[٦].

لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا تیۆرەکەی بەدەرکەوت لەسەر ئەرکەکان و لەهەردوو ڕووەوە ئەرکی دیار و شاراوە کە دوایی بووە بیرۆکەی ئەرکێتی بە دوو شێوە. یەکەم:شێوەی یەکەم وەک لە وێنەی چوارچێوەی میرتۆنە.کە بیرۆکەی جێگیری و ڕێککەوتن و کامڵ بوون دووردەخاتەوە کە پێی وایە ئەمانە کۆنترۆڵ و قۆرخی نوسیەنەکانی ئەرکێتی بونیادگەری دەکەن. دووەم:ئەو شێوەیە کە پشتیان پێ بەستووە زانایانی سۆسیۆلۆژیا ئەرکیەکان کە بایەخیان بە دیراسەکردنی پارچەکانی و بەشەکانی سیستمی کۆمەڵایەتی داوە،بە دیراسەیەکی ئەرکێتی بونیادگەری کە پشت بە کامڵ بوون و لێکچوون دەبەستێت وە شیکردنەوە و لێکدانەوەی ژیانی

[٦].عبدلهادی الجوهری،قاموس علم الاجتماع،المکتب الجامعی الحدیث الاسکندریه ١٩٩٨.

کۆمەڵایەتیان ڕەتکردۆتەوە وەک شیکردنەوەی سایکۆلۆجی، بەڵام زانایـــانی ئەرکیێتـــی بونیـــادگەری خۆیـــان پشـــت بە بیـرۆکەی تەجریـدی دەبەسـتن لە شـیکردنەوەی سیسـتمی کـــۆمەلایەتی تەواو شـــیکردنەوەیەکی ئاکـــاری لەســـەر پێوەرەکان و بەڵگە بابەتیەکان.

میتۆدی لیکدانەوەی سیستم

دەگەڕێـــــــــتەوە بـــــــــۆ ســـــــــەدەی ١٩ هەریەکە لە (کانت،سپینســـر،دۆرکهایم) کە باســـی چەمکـــی سیســـتمی کۆمەڵایەتی و لیکدانەوەی دەکەن هەر یەکێکیـان بەشـیوەی بۆچـــوونە وردەکانیـــان لەســـەر یەکەکـــان بـــۆ سیســـتمە کۆمەڵایەتیەکـان هەروەهـا پەیوەنـدیەکانی نێوانیـان،لێرەوە پارسۆنز سوودی لەمانە بینیوە کە سیستم واتـا ژمـارەیەک لە تاکەکـــانە کە ئـــاوێتە دەبـــن لەگەڵ یەکتـــردا لە هەڵوەستەیەکی گرنگدا و وە دەجوڵێن بۆ زیـاتر تێربوونیـان لەو کـارەدا ئەمەش پەیوەنـدی هەریەکێکیـان بەویتـر دیـاری دەکـات پاشـان لەسـەری ڕێککەوتـن دەکەن لە چوارچێوەی سیســـــتمێک لە هێمـــــای هاوبەشـــــی ڕۆشـــــنبیری.

هەروەها یەکە سەرەکیەکانی سیستم پێکدێت لە گروپەکان ڕۆڵەکانیان(واتا تاک نین)ئاوێتە دەبن لە ڕوانگەی بەهاکانەوە ئارەزوەکان،کردارەکان،نۆرمەکان،و یاسای کۆنترۆلکردن لە ئەدای ڕۆڵدا بۆ چوارچێوەی بەهای سیستم. واتا سیستمی کۆمەڵایەتی پێک دێت لە کارتێکەرەکان(فاعلین) هەریەکێکیان پێگەیەکی دەبێت و لەوی تر جیاوازە ئەمەش وا دەکات ڕۆڵی خۆیان ببینن بەجیاوازی لەیەکتر ئەمەش جۆرێکی ڕێکخراوە و کار لە پەیوەندی ئەندامان دەکات و ماف و ئەرکیان دیاری دەکات بەرانبەر بە یەکتر لە چوارچێوەی نۆرمەکان و بەها هاوبەشەکاندا[٧]

لێکدانەوە و شیکردنەوەی سیستم دەبێتە کەرەستەی شیکردنەوە بۆ بابەتی توێژینەوە لە هەر بوارێکدابێت ئەو کەرەستەی شیکردنەوەیەتی،ئەمەش بۆ دیراسەکردنی بوونەوەری کۆمەڵایەتی و ئابوری دەبێت بۆ لێکدانەوەی

[٧] على ليله،النظريه الاجتماعيه المعاصره،مكتبه القاهره، ١٩٩٨.

سیســتم لای(پارســۆنز) لەســەر ئەم چەمکــانە دەوەســتێت کرداری کۆمەڵایەتی=هەڵوێست=بکەر و ئاراستەکانی بکەر.

بەشی دووەم

سیستمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان

سیستەمە سیاسییەکان

سیستەم (System) وشەیەکی فەڕەنسییە بە واتای کۆمەڵە بنەمایەکی ڕێکوپێک دێت بۆ پێکهێنانی ئۆرگانێکی سیاسیی‌و کارگێڕی.. هەروەها بە مانای شێوازو ڕێساش دێت.. وە مانای زنجیرە و دەزگاش دەبەخشێت.. لەبواری سیاسیی دا زیاتر بە مانای شێوازی حکومەت‌و پێکهاتەی شێوازی نیزامی سیاسیی بەکار دێت.سیستمی سیاسیی, جوڵەی دەوڵەت‌و ژیانی کۆمەڵگایە، هەروەها ئەرکی ڕێکخستنی کۆمەڵ دەگرێتە ئەستۆ.. هەروەها سیستمی سیاسیی تایبەتە بە ڕێکخستنی شێواز و کاری دەسەڵات و کۆمەڵ و ڕەفتاری سیاسیی و تاقمە سیاسییەکان. سیستمی سیاسیی چەند دام و دەزگایەکە لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا کە کاروباری بەڕێوەبردن دەگرنە ئەستۆ لە ڕێگای ئەو یاسایانەی کە دانراون لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسیی پەیڕەوکراودا.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە تەنها دامەزراوە حکومیەکان بگرێتەوە، بەڵکو بریتییە لە هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان

بە هەمــوو لایەنە سیاســیەکانەوە بــۆ نمــوونە پێکهــاتە تەقلیــدیەکان کە لەســەر بنەمــای خزمــایەتی‌و عەشــیرەت دامەزراون.پێناســەی زۆر کــراوە بــۆ سیســتمی سیاســی لەلایەن زانایان و بیرمەندانەوە.پول یوزیل: دەڵێ سیستمی سیاسیی بریتییە لە کۆمەڵێک ڕەگەز، جۆرێک لە هاریکاری و پەیوەنــدی ئاڵوگۆڕکــاری لە نێوانیانــدا هەیەو هەموویــان بەســـەریەکەوە بەشـــداری دەکەن لە پێنـــاو بەدیهێنـــانی دەسکەوتێک یا دەرئەنجامێکی گشتی دا.

دیڤیـد ئۆســتن: سیســتمی سیاســیی ئەو دیــاردانەیە کە بە هەموویانەوە سیستمێک پێک دێنن، ئەو سیستمەش بەشێکە لە کۆی سیستمی کۆمەڵایەتی.سیستمی سیاسیی پەیوەستە بە سیســتمی کــۆمەڵایەتییەوە بــۆ ڕاڤەکــردن و تــوێژینەوە جیابووەتەوە لەیەکتر و بۆ ئەوەی توێژینەوە لەسەر دیاردە و ڕەفتــارە سیاســییەکان ئەنجــام بــدات و یەکجــارەکی نییە. چونکە دیاردە و ڕەفتــارە سیاسییەکان لە بنەڕەتدا دیاردەو ڕەفتاری کۆمەڵایەتین.

دیڤیــد ئۆســتن دیــاردەی سیاســیی و کــۆمەڵایەتی لەیەک جیادەکاتەوە، بەڵام زۆر جار ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دەچێتە پاڵ ڕەفتاری سیاسیی و ئاوێتەی یەکتر دەبن، ئەمە جێگای

لێکــدانەوەیە! چــونکە بە پــێچەوانەوە زۆریــنەی ڕەفتــارە کۆمەڵایەتییەکان کاتێک لە ئاست دەسـەڵاتدا دەبێت دەچێتە خانەی ڕەفتاری سیاسییەوە، بۆیە دواتر دیڤید خۆی ددان بەوەدا دەنێــــت کە تـــوخمی کـــۆمەڵایەتی هەن، وەکـــو دابەشبوونی چینایەتی _- تەکەتولاتی کۆمەڵایەتی – کۆمەڵە و گروپە ناوچەییەکان.

(رۆبێرت دال) دەنوسێت و دەڵێت:

سیســـتمی سیاســـی تێکهەڵکێشــکردنی بەردەوامبــوونی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکانەو تارادەیەک پیادەکردنی هێز و دەسەڵاتە.هەموو کۆمەڵگایەک پێویستی بە دەسـەڵات و هێز هەیە بۆ ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانە.. ئەمەش باس و بابەتی زۆر هەڵــدەگرێت.. بـۆ نمـوونە حکـومەت و دەســەڵات و پەرلەمان و پشت بە حزبی سیاسیی و دەسـەڵاتی سیاسیی و هاوڵاتیــــان دەبەســــتێت بە هەمـــــوو جیـــــاوازیە ئایدیۆلۆژیەکانەوە، ئەمەش ئاسان نییە و شێواز و نۆرم و پلانی گونجاوی دەوێت..

- سیستمی سیاسیی بریتییە لەو شێوازەی کە پەیوەندییە بونیادنراوەکـانی نێـوان هێـزە کـۆمەڵایەتیو سیاســی و ئابورییەکانی نێو کۆمەڵگا پێکەوە دەبەستێتەوەو بەردەوام

ڕۆڵی بەڕێوەبردن و ئاراستەکاری ڕەوتی ڕۆژانەی کۆمەڵگا دەگێڕێـتو دەستنیشـانی ئامـانج و مەبەسـتی بونیادنـانی خودی خۆی دەکات و هەوڵی پراکتیزەکردنی بنەما تیۆری و بۆچوونەکانی دەدات.

سیستمی سیاسیی و سیستمی کۆمەڵایەتی

پەیدابوونی سیستمی سیاسیی لە سیستمی کۆمەڵایەتییەوە سـەرچاوە دەگرێـت، بـۆیە هەر گۆڕانێـک لە سیسـتمی کـۆمەڵایەتی کـار لە سیسـتمی سیاسـیش دەکـاتو گـۆڕانی بەسـەر دێت، پێشـکەوتنو پەرەسـەندنی سیستمی سیاسیی پێویسـتی بە ژیـریو هۆشـیاری کـۆمەڵایەتی هەیە لە خێـزانەوە بیگـرە تـا دوا دەزگـای کـۆمەڵایەتیو سیاسـییو ئابوریو پەروەردەییو هتد.. ئەمەش یارمەتیدەریی کۆمەڵە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی ئەو سیستمە. ناکرێت ئامـاژە بە هۆشـیاری نەدەیـن، چـونکە هەر هۆشـیارییە دەبێـتە سـەرچاوەی لێکتێگەیشـتن و ڕێگـا خۆشـکەری تەواوە بـۆ هاووڵاتیـان و چـاودێری ژیانیـان دەکـات لە هەمـوو ڕوویەکەوە.ئاسـتی هۆشـیاری سیاسـییو کـۆمەڵایەتی ئەو خەڵکەیە دەبێتە هۆکاری پێشکەوتن و دواکەوتنی کۆمەڵ لە

ڕووی کـۆمەڵایەتی و سیاسـیی و ئابوریشـەوە.. چـونکە ئەنجامی ئەو پێشکەوتن و دواکەوتنە لە واقعی کۆمەڵایەتی - مەیـدانی خەڵـکەوە سـەرچاوە دەگرێـتو زۆرجـار بەرژەوەندییە کەسییەکان زاڵ دەبێت بەسەر بەرژەوەندی گشتی داو دەبێتە هۆکاری دواکەوتن.سیستمی سیاسیی بـریتییە لەو دەسـەڵاتەی کە کـۆمەڵ رێـک دەخـات بە شێوەیەکی باشو گونجاو بەکاردەهێنێ لەکاتی سزادانی ئەوانەی کە سەرپێچی دەکەن لە یاسادا.

پێکهاتەی سیاسیی دوو جۆر دەبینرێ:

١.-پێکهاتەی ساکار و ناپسپۆڕی کە لە کۆمەڵگا نەریتیەکاندا دەبینـرێ و تێیـدا ئەرکەکـانو ئۆرگانەکـان لێـک جیاکراونەتەوە، رۆڵ دەگێڕن و پسپۆڕییان نییە کەلتوری سیاسیی لە جۆری بەستراوە بێت.

٢.-پێکهـاتەی ئـاڵۆز، فرەچەشـن، جیـاکراو، پسـپۆڕیو بەدەزگـابوو کە لەکۆمەڵگـا پیشەسـازیو تەیـار بە کلتـوری سیاسیی بەشداریکەرانەدا پێکدێ.

لە شیکردنەوەی پێکهاتەی سیاسیدا دەبێ سەرنج بدرێتە ڕێکخستنی هێزەکان، یا کۆکردنەوەی دەسەڵات، یا بنیات و

ڕێکخراوەکان لەلایەکو کەسانێک کە ڕۆڵ دەگێڕن لەلایەکی ترەوەو بکەونە بەر سەرنج.
١.-دەســـەڵاتی سیاســـیی گرنگتـــرین پێـــوانەیە کە دەتـــوانیٚ چیەتیو جۆری پێکهاتەی سیاسیی ڕونبکاتەوە ئەوە خاڵی هاوبەشی تیۆرە سیاسییەکانە.(هانا ئارێنت) دەسەڵات بەهی هەمووان و سیاسیەت بە لێکتێگەیشتن دەزانێت.
ماکس ڤیبەر دەسەڵاتی سیاسیی بەهی گروپێک دەزانیٚ کە لە هەرجۆرێک، هەر نرخێک توانیویانە پاوانی بەکارهێنانی توندوتیژی ڕەوا بکەن.

پێگەیاندنی سیاسیی

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ڕۆڵێکی ئەکتیڤ و کارا دەگێڕن لە تێکڕای پرۆسەکانی بونیادنانی کۆمەڵدا لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، سەرباری بواری سایکۆلۆژی.

پێگەیاندنی سیاسیی بە بابەتە بنەڕەتیەکانی سۆسیۆلۆژیای سیاسیی دەژمێردرێت بەوپێیەی کۆمەڵە مرۆییە جیاوازەکان لە یەکێتیە لۆکاڵیەکانیان و پێشکەوتنیاندا پشت بەو بەها و داب و نەریتانە دەبەستن کە کۆمەڵ بەڕێوەدەبات، کە ڕەفتاری ئەندامانی کۆمەڵێک بە شێوازێک ڕەنگ ڕێژ دەکات کە جیاواز بێت لە ڕەفتاری ئەندامانی کۆمەڵێکی دیکە..پرۆسەی پێگەیاندنی تاک لەنێو خێزان و خوێندنگا و ڕێکخراوەکان و قۆناغە سەرەتاییەکانەوە دەست پێدەکات و بەردەوام دەبێت کە بەها کۆمەڵایەتیەکان و سیاسییەکان و ئابوریەکان چۆن بەدەست بهێنێت، ئەمەش ئاین و داب و نەریت و ئاکار دەگرێتەوەو هەوڵدان لە ڕێگایانەوە بۆ گەیشتن بە گەشەپێدانی ڕەفتاری خودی خۆی.

تـاک لەڕێـگەی پەیوەنـدی و بەریەککەوتنـی لەگەڵ تاکەکـانی دیـکەی کۆمەڵـدا ئەنـدامێتی خـۆیو بەدیهێنـانی چـالاکیەکەی بەدەست دەخات.

پەروەردە یا پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە چ شتێک پێک دێت؟

لە گواســـتنەوەی کەلەپـــور یـــا داب و نەریـــت و ئاکـــاری کـــۆمەڵایەتی لە نەوەیەکەوە بـــۆ نەوەیەکـــی تـــرو بونیـــادی کەسـایەتی تـاک لەلایەکـی دیکەوە.بونیـادی نەتەوە لکـاوە بە چەمکــــــی سیاســــــییەوە.لێکۆڵینەوەی پەروەردەکردنــــــی کۆمەڵایەتی بە یەکێک لە روبەڕوبوونەوەکانی لێکۆڵینەوەی پێگەیانـدنی سیاسـیی دەژمێردرێـت، بەجۆرێـک کە ڕەفتـاری سیاسـیی تاکەکـان یەکـێکە لە دەرئەنجامەکـانی پێگەیانـدنی کۆمەڵایەتی و ئەو پرۆسـانەی کە لە خـۆی دەگرێـت، خەڵکـی لە ڕێگەیەوە فێردەبن چۆن جیهانی سیاسـیەکان و چۆنیەتی هەڵبـژاردن بوونیـاد بنێـت، چـونکە لە رێـگەیەوە ئاڕاسـتە کـــۆمەڵایەتیە تازەکـــان لە کۆمەڵـــدا دروســـت دەکـــاتو دەرئەنجـامی سیاسـیی لـێ دەکەوێـتەوە کە بە شـێوەیەک لە شێوەکان کار دەکاتە سەر سیستمی سیاسیی.

(هایمـان) پێگەیانـدنی کـۆمەڵایەتی وادەبینـێ کە بـریتییە لە فێربـــوونی شـــێوازە کۆمەڵایەتییەکـــان لەلایەن تـــاکەوە لە

ڕێگەی دام و دەزگا جیاوازەکانی کۆمەڵەوە کە یارمەتی دەدات بە شێوەیەک ڕەفتارەکەی لەگەڵ ئەو کۆمەڵەدا بگونجێنێت.(لیڤن) وا پێناسەی پێگەیاندنی سیاسیی دەکات کە بریتییە:لەوەی تاک لە ڕێگەیەوە ئامادە باشییە ڕەفتارییەکان وەردەگرێت، کە گروپ و سیستمە سیاسییەکان بەردەوام هەڵدەستن بە ڕاپەڕاندنی کاروبارە پێویستەکان بۆ پارێزگاری کردن لە بوونی.

کلتوری سیاسیی واتا فێربوونی بەها سیاسیەکان لە ڕێگەی میکانیزمەکانی ئەم پێگەیاندنە وەک خێزان و خوێندنگا و هاوڕێیەتی سەرباری فاکتەرە جیاوازەکانی راگەیاندن.

(واتا باسکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هاوولاتیان و سەرکردەکانیان وەک خۆی بێ شاراوەییو گەیشتن بە ئامانجە سیاسیەکان).

بۆئەوەی بە هەموو لایەکەوە نەوەیەکی نوێ دروست بکەینو بڕوامان بە سەدەی جەماوەری هەبێتو هۆشیاربن بەم بارودۆخەی ولات و نەتەوەکەیان، کە کارێکی ئاسانو گرانیش نییە لەهەمانکاتداو پێویستە لە سەرمان گرنگی چەمکە سیاسییەکانی تیۆری جیهانی سێیەم بۆ نەوەکانمان ڕوونبکەینەوە.پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسیی ڕۆڵێکی

بنەڕەتی و کارای هەیە لە پاراستنی سیما ئابوورییەکانی وڵات (ئەفلاتۆن) لە کتێبەکەیدا (کۆمار) جەختی لەوە کردووەتەوە کە فێرکردنی منداڵەکانمان گرنگەو پێویستە لەسەر فێرکردنی باش و ڕەوا وەک ئەوە بگونجێت لە کۆمەڵ و دەوڵەتدا.کەسایەتیو بونیادی کۆمەڵایەتی دوو سیستمی لێکجیاوازن. ئەمەش بەهۆی جیاوازی پێویستی هەریەکەیان.

(ریسمان) بۆ کەسایەتی پۆلێنێکی داناوە ئەویش:

١. ئەو شێوازەی کە پەیوەستە بەوکەسەی کە هەمیشە لە هەڵسوکەوتیدا ڕێگای لاساییکردنەوە دەگرێتە بەر.

٢. پەیوەستە بەو کەسایەتییەوە کە لە ناوەڕۆکدا ئاراستە دەکرێت، واتە هەر لە قۆناغی منداڵیەوە ئاراستە سیاسیەکانی سەرچاوە دەگرێت.

٣.-پەیوەستە بەو کەسایەتیەوە کە کەسانی دیکە ئاڕاستە دەکات و ڕێنماییان دەکات.پێگەیاندنی سیاسیی بریتییە لە پڕۆسەیەک کە ئاڕاستە سیاسییەکان و مەعریفیەکان لە ڕێگایەوە گەشە دەکەن و قووڵدەبنەوە بەرەو بابەتە سیاسییە جیاوازییەکان.پێگەیاندنی سیاسیی پڕۆسەیەکە بۆ گەیشتن بە ڕۆشنبیری سیاسیی.. دەرئەنجام بوونی

کۆمەڵێک لە ئاراستە و پێوەر و نۆرمەکان بۆ بەهاو هەستەکان بەرامبەر سیستمی سیاسیی و ڕۆڵە جیاوازەکانی.پێگەیاندنی سیاسیی یەکێک لە خاڵە هەرە گرنگەکانی یارمەتیدەری بۆ مانەوەیی و جێگیربوون و بەردەوامی سیستمی سیاسیی.پێگەیاندنی سیاسیی هەروەها بریتییە لە گواستنەوەی زانیاری سیاسیی، باوک و دایک و هاوکاری و راگەیاندن و قوتابخانەی ڕێکخراو و، هەندێک جەخت دەکەنەوە لەسەر توانای تێگەیشتنی بۆ ناوەڕۆکی ژینگەی سیاسیی.

بوارەکانی پێگەیاندنی سیاسیی:

پێگەیاندنی سیاسیی پەیوەندی لە نێوان خەڵکی و دەسەڵاتدا دروست دەکات، گرنگی بە پێگەیاندنی سیاسیی زیاد دەکات بۆئەوەی تاک بە باشی لە پێگەیاندنی سیاسیی تێبگاتو بەچەند بوارێک بەشداری تێدا دەکات:

١.-دامەزراوەی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی:

قوتابخانەو پەیمانگا و کۆلێژ و کتێبخانە و سەنتەرەکان و مۆزەخانە و مەڵبەندی توێژینەوەکان ڕۆڵێکی کارا دەگێڕن لە پێگەیاندندا.

٢.-هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری.

ڕای گشــتی لە ڕێگــای تەلەفزیــۆن و رادیــۆ و رۆژنــامە و گۆڤار و نوسراو و کتێب و فیلم و شانۆیە.

زۆر گــــرنگە بـــــایەخ بەتـــــاک بـــــدرێت لەلایەن خێـــــزان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیە بە:

١.- پارێزگــاریکردن لە مــاف و بەدەســتهێنانی پیشــەیی و کۆمەڵایەتی و هتد.

٢. پێشکەشکردنی چالاکی تەرفیهی خۆشگوزەرانی.

٣. پێشکەشکردنی ئاسانکاری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و ئابوری بۆ تاکەکانی.

٤.-گەشەپێدانی لایەنی هزریو ڕۆشنبیری و پەروەردەیی.

کورد و پەیوەندییە سیاسیەکانی

پەیوەنـــدیکردنی سیاســـی ســـتایلێکی نـــوێیە لەنێـــو پەیوەنـــدیکردنی سیاســـیدا کە لەجۆرەکـــانی زانســـتە کۆمەڵایەتیەکـــان جیانـــاکرێتەوە، بـــۆیە چەنـــد پێناســـەیەک دەخەیـــنەڕوو.پەیوەنـدیکردنی سیاســی ئەو ئامــاژە و نــامە ئـاڵوگۆڕکراوانەیە کە بەسیسـتمی سیاسـی کـاریگەرن، یـان کاریگەرییـان بەسـەریەوە دەبێت. هەروەهـا دەتـوانین بڵـێن بـریتیە لەو پەیوەنـدیەی کە کـاریگەری ڕاسـتەقینەی هەیە لەپڕۆســەی سیاســیدا.-یــان بــریتیە لەهەر پڕۆســەیەکی گواسـتنەوەی پەیـام، کەمەبەسـت لێـی کـاریگەری بەسـەر بەکارهێنـانی دەسـەڵات.یـان بـریتیە لەو گفتوگـۆ گشـتیانەی لەبارەی دەسەڵات و سەرچاوەکانی داهـاتی گشـتیەوەن لە کۆمەڵگـــــــادا پەیوەنـــــــدیکردنێکی ئامانجـــــــدارە کە بەسیاسەتەوە پەیوەندیدار بێت.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە کورد بەئاڵۆزترین بارودۆخی سیاسـیدا تێـدەپەڕێت، چ لەنـاوخۆیی خۆیـدا وەک هەرێمـی کوردســـــتان یـــــا لەدەرەوەدا وەک عێـــــڕاق و دەوڵەتە

دراوسـێکانی کە هەمـووان چاویـان بڕیـوەتە کـوردو دەستکەوتەکانی چ لەڕووی سەقامگیرییەوە بێت یا لەڕووی ئەو پێشـکەوتنەوە بێـت کە خزمەتگـوزاری و ئاوەدانکردنەوەیە کە زۆربەی بوارەکانی گرتووەتەوە، ئەمە جگە لەبـوونی کەم و کـوڕی و لەجێبەجێکردنـی هەنـدێ لەپڕۆژەکـان وپێداویسـتی هەنـدێ شـوێن بـۆ پـڕۆژە. بەڵام بەگشتی کورد دەبێ ئەم پێشکەوتنە دەستی پێوەبگرێت و بەکـاری بێنێـت بـۆ لایەنـی بەرامـبەر کە ئەم پێشـکەوتنە بەئاسـانی نەهـاتووەتە دی، بەڵکـو مانـدووبوون وخەبـات و تێکۆشان و خوێن و قوربانی دانی تێدابووە، بۆیە نەیارانی کـورد بەردەوام سـەردانی هەرێـم دەکەن و پاشـان لەپرسـەتایبەتیەکاندا هەریەکەو بـۆ خـۆی ڕایدەکێشـێ، کوردیش لەو ناوەندەدا سەرقاڵی کێشەکانی خۆیەتی و زۆر جار پەیوەندییەکانیان وەک پێویست نابینرێت، واتا بەبوونی کێشەی بچووک لەنێو پارتە سیاسیەکاندا لەدەستدانی دەیان پرسە لەنێو بەغدا و پرسە نیشتیمانیەکاندا، ئەم سیستمە پەیوەندییانە کەزۆر جـار باسـی لێـوە دەکرێـت لەنێـوان دەسـەڵات و ئۆپۆزسـیۆندا، لایەنـی بەرامـبەر وەک دەستکەوتێک بۆی دەمێنێتەوەو بەکاری دەهێنێت لەگەڵماندا

بەداخەوە، ئەمە کار لەزۆرلایەنی دیکەوە دەکات، هەربۆیە بە گرنگی دەزانین کە بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە ناوخۆیەکان ئەم خاڵانەرە چاوبکرێت:

١.-ڕێزگرتن لەیەکتر و خوێندنەوەی بەرامبەر بەهەموو جیاوازییەکانەوە چ علمانی بێت یان ئیسلامی، یا دەسەڵات بێت یا ئۆپۆزسیۆن.

٢.-هەوڵدان بۆسەرخستنی پرسە نیشتیمانیەکان و یەکخستنی ماڵی هەمووان بۆ هەمووان.

٣.-ڕاگرتنی ڕاگەیاندنەکان دژی یەکتر و ڕێزلێنان لەدەرئەنجامی هەر هەڵبژاردنێک کە ئەنجام دەدرێت لەهەرکات و ساتێکدا بێت.

٤.-کارکردن بۆبەدیهێنانی داخوازییە گشتییەکانی جەماوەر و دوورکەوتنەوە لەبەرژەوەندییە تایبەتیەکان.

٥.-چارەسەرکردنی کێشە ئابووری و سیاسیەکان بەپێی دەسەڵاتەکان و دوورکەوتنەوە لە لایەنگیری.

٦.-ڕێزگرتن لەدەسەڵاتی چوارەم و هاوکاری کردنیان بەپێی یاسا و یاسای ڕۆژنامەنووسی و دەسەڵاتەکانیان.

٧. ڕێزگرتن لەڕۆشنبیران و سەرجەم توێژەکانی تریش و پرس پێکردنیان و لەکاتی بڕیاردان لە پرسە چارەنوسازەکاندا.

٨.-ملکەچ بوونی هەمووان بەدەستووری هەرێمی کوردستان و ڕێزگرتن لەدەنگی براوە و دۆڕاو بۆ هەموو لایەک.

٩.-چەسپاندنی دادپەروەریی و یەکسانی کۆمەلایەتی و پێکەوەژیان پڕاکتیزەکردنی بەشێوەیەکی تەواو نەک تەنها بەدروشم.

١٠.-دابەشکردنی داهاتی وڵات وەک یەک بەبێ هیچ جیاوازییەک و بەبایەخدان بەخاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان و کەس و کاری شەهیدان و هەژاری و بێ تواناکان.

.١١-یەکخستنی دەنگی کورد لە پرسەنیشتیمانیەکاندا چ لە بەغداد یا دەرەوەی وڵات.

١٢.-بایەخدان بەتوێژی گەنجان کە ئەکتیڤترین توێژی کۆمەڵگان و کارکردن بۆ هاوکارییان لەدروستکردنی خێزان و تەواوکردنی خوێندندا.

١٣.-کـــارکردن بــۆ نە هێشـــتنی گەنـــدەڵی و لابردنـــی گەنـدەڵکاران لەکارەکانیانـدا و گۆڕینیـان بەکەسـی شـیاو گونجاو باشتر بێ ئەوەی بزانرێت کەچ پارتێکە.

١٤.-هەولـدان بۆدامەزرانـدن و کـردنەوەی هەلـی کـار بـۆ بێکاران بەپێی پسپۆڕی.

ئەم هەمـوو خـاڵانەو دەیـان خـاڵی دیـکە دەبـنە بنەمـایەک بـۆپتەوکردنی پەیوەنـدییە نێوخۆیەکـانی کـورد، ئەمە جـگە لەدوورکەوتـنەوە لە تەکەتولەکـان جـاچ(حزبی، نـاوچەیی، خێڵەکـی، پسـپۆڕی، پیشـەیی، هتـد)بێت، ئەمـانە هەمـووی بونیان هەیە، بەڵام نابێت لەسەرحیسابی ئەوی تربێت، بۆیە دەبـێ کـورد ژیـرو زیرەکتـر بێت لەبچـووکردنەوەی خـۆی بەرامبەر داخوازییەکـانی مـیللەتەکەی، مەبەسـت لێرەدا ئەو کەســـانە دەگـــرێتەوە کە لەدوای تەکەتـــوول دەگەڕێـــن و هەســـتی کـــوردایەتی و نەتەوایەتـــی لەبیـــردەکەن، زۆر پەیوەندی هەیە کەدروست دەبێ بۆ بەرژەوەندیەکی تایبەت و لەگەڵ کۆتایی بەرژەوەندیەکە پەیوەندییەکە تەواو دەبێت، واتـا کورتخـایەنە وە هەنـدێ پەیوەنـدیش هەیە سـتراتیژی هەیە و درێژخـایەنە و کەسـەکە و قەوارەکە و مـیللەتەکەش لێـی سـوودمەندە ، ئەمـانەهەمووی دەچـنە قـاڵبی گەمە

سیاســـــیە کـــــۆمەڵایەتیە ئابووریەکـــــانەوە، کە هەریەکەو پەیوەستە بەوی ترەوە، با تەماشابکەین دەبێ بەرژەوەندی ئەمریکـــا و ئەوروپـــا و ئێـــران و تورکیـــا و کەنـــداو لەگەڵ عێراقدا چی بێت و چۆن بێت؟

دەپرسین‌و وەلامیش هەندێ جاربەجێ دەهێڵین بۆخوێنەر، هـیچ وڵاتێـک لەدونیـادا هاوکـاری و یـارمەتی ئەو وڵاتـانە نادەن ئەگەر بەرژەوەندییەکی ئابووری - بازرگانی یاسایی نەبێـت، خۆناکرێـت ئەم وڵاتـانە هەژارو پەککەوتووەکـانی خۆیان بەجێبهێڵن و چاویان بخەنە سەر کورد و عێراق بۆ جێبەجێکردنـی داخوازییەکانیـان, سـەیرە!! لەوڵاتـانی دونیـادا دەروەزەکەر(سـواڵکەر)تەنانەت لەنێو شـەقام و باخچەکانـدا بەشێوەی جیاجیا کاردەکەن بۆ کۆکردنەوەی پوول، وڵاتیش لێیان ئاگادارەو چارەسـەریان ناکات چ جای ئەوەی ڕوو لە وڵاتـــی مـــن و تـــۆدەکەن و یارمەتیمـــان دەکەن! بـــۆیەدەبێ هۆشـیاریمان هەبێ بتـوانین سیاسـەت بکەیـن ئێمەش، واتـا هەموو شتێک نەخەینە بەردەستیان و بڕیار لەچارەنووسی ئێمەبدەن، هەروەک چۆن(پوڵ بریمەر)ئەو کاتەی لەعێراقدا بـــوو یاســـای دەرهێنـــا بـــۆ نـــاوچە دابڕاوەکـــان و باســـی لەیەکســـــانی نەتەوەکـــــان دەکـــــرد و بەسیاســـــەتی وەک

یەک(حصحصە)پشتی شاری کەرکوکی شکاندو زۆربەی قەزاو ناحیە کوردیەکان زەرەرمەند بوون، چونکە ڕێژەی کورد لەکەرکوک و هەندێ قەزا زیاترە لەوانی دیکە کەچی دەسەڵاتەکان و پۆستەکان وەک یەک دابەشکران، واتا بۆمانەوەی خۆیان ,سەرنج ڕاکێشانی نەتەوەکان زۆرشتیان کرد بەمەرجێک باوەڕیان پێ نەبوو، هەڵبژاردنیان هێنایە ئاراوە و پاراستنی شوێنەکانیان نەدەگرتە ئەستۆ کە لەزۆر شوێندا سندوقەکانی دەنگدان لەخۆیان زیاتر پڕ دەبوون , هەربۆیەئەمانەناکرێت دووبارەببنەوە و ئەوکات و سەردەمە بەسەرچوو کە کورد بێدەنگ بێت لەناردنی هێزی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە بۆ کەرکوک، کورد یەک هەڵوێستی نواند و سەرکەوت بەسەر ئەو مەرامە سیاسیە کە لەوانەیە کارەساتی گەورەی لێوەدروست بوایە، هەمووشتێک بەپلان و بەرنامە ڕێکخستن دەبێت و وڵاتانی دونیا چۆن چاو دەبڕنە قەوارە سیاسیەکان و ئاینزاکان(سوننە وشیعە)دەبێ, ئێمەش لەوانەوە فێربین و بەوەرگرتن و پاشان بەخشین فێربین و فێلمان لێنەکرێت، هەوڵدەین فێڵ لەخۆمانیش نەکەین...بۆئەوان واتا وڵاتی دراوسێ دەکرێت، چونکە نابێت ئەوە لەبیربکەین لەهەندێ ڕووەوە سیاسەت بەفێڵ و درۆ و

تەڵەکەبازی دێتە گۆڕەپانەوە و ناکرێت شارەزای نەبێت و هەندێ جاریش بەکاردەهێنرێت بۆماوەیەکی دیاریکراو و پاشان کۆتایی پێدێت.ناتوانین بێ بوونی پەیوەندی ئەندێشەی پرۆسەی سیاسی بکەین پێویستە هاوڵاتیان لە تواناییاندا هەبێت و بتوانن ئارەزوو و داواکاریەکانیان بگەیەنن بە حکومەت. پێویستە فەرمانڕەوایان بتوانن بڕیارەکانی خۆیان بگەیەنن بە هاوڵاتیان و پاساویشیان بدەنەوە بە مەبەستی بەدەستهێنانی رەزامەندی ئەوان , بۆیە لە گۆشەنیگای پەیوەندییەوە لێکۆڵینەوەی سستمە سیاسیەکان بریتییە لە لێکۆڵینەوەی ئەو رەفتارو کردەوانەی کە پەیوەندییان بە گۆرینی زانیاری نامەوە هەیە لە نێوان بکەرە سیاسیەکاندا .پەیرەوی پەیوەندی رۆشنایی دەخاتە سەر ئەم مەسەلانەی خوارەوە :

- ئەو کەناڵانەی لێیانەوە زانیارییەکان یا نامەکان لە نێوان بکەرە سیاسیەکاندا دێن و دەچن .
- ئەو رێسا و رێوشوێنانەی لە ناو سستمی سیاسیدا کۆنترۆڵی پەیوەندیەکان دەکەن. تیین و تاوی ئەو هەست و سۆزانەی پەیوەندییان بە هەندێک نامەی دیاریکراوەوە هەیە. جۆرەکانی وەڵامدانەوە پێشبینیکراوەکانی ئەوانەی

نامەکانیان پێدەگات[8] . پەیوەندی سیاسی واتە گوێزانەوەی نامەکان لە نێوان بەشەکانی سستمی سیاسیدا . پاشان لە نێوان سستمی سیاسی و سستمی کۆمەڵایەتیدا .

سستمی پەیوەندی لەم رەگەزانەی خوارەوە پێک دێت :

١.-نێرەری نامەکە واتە زانیاریەکان رەنگە تاک بێت یا دامەزراوە .

٢.-نامە واتە ئەو زانیارییانەی نێرەر دەربارەی روداوێک یا داوا کارێک یا خود گرفتێک رەوانەیان دەکات .

٣. وەرگر , واتە ئەو لایەنەی نامەکەی پێدەگات .

٤.-ئەو کەناڵەی لە رێیەوە نامەکە بەرەو وەرگر دەگوێزێتەوە .

٥.-وەڵام , واتە هوشیاریی یا زانینی ئەنجامەکانی کردەوەکان .

تیۆریی پەیوەندی لە چەند خاڵێکدا :

دەتوانین لە هەموو ئاستێکدا , وەک سستمێکی پەیوەندی لە سیاسەت بکۆڵینەوە , چونکە بریتییە لە گوێزانەوەی زانیاری لە نێوان بکەرە سیاسییەکاندا. لە حاڵەتی ناتەواوی

[8] د.کەمال مەنوفی ,تیۆرییەکانی سستمە سیاسیەکان , وە: ئاوات ئەحمەد

زانیاریەکانی بەردەستماندا , دەزگای بڕیار دروستکردن رووبەڕووی چەند گیروگرفتێک دەبێتەوە لە پرۆسەی وەڵامدانەوەدا.

- ئەو گروپانەی بێ چەواشەکردن لە گوێزانەوی نامەکانیاندا بۆ دەزگای دروستکردنی بڕیار سەرکەوتوو دەبن , ئەوانە گروپی کاراو بەهێزن . هەتا بایەخی گروپ لە دیدی تاکدا زیاد بکات ئەوە زیاتر گوێ لە رێنماییەکانی دەگرێت . بە زۆری نامەکانی خێزان لە بواری پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا کاریگەرییان زیاترە لە نامەی دامەزراوەکانی دیکە بە تایبەتی لە ساڵانی سەرەتای تەمەنی مرۆڤدا . تاکەکان جۆرە هەڵبژاردنێک لە وەرگرتنی نامەکاندا بە کاردەهێنن . واتە تاک ئەو نامانە رەتدەکاتەوەکە لە گەڵ بەها یا ئاراستە تایبەتیەکانی خۆیدا ناگونجێت , رەنگە ئەم هەڵبژاردنە ببێتە هۆی شێوانی زانیارییەکان و بەوەش بڕیار یان رەفتاری نادروستی لێبوەشێتەوە.

- تەرزەکانی پەیوەندی سودمەندن بۆ ئەنجامدانی بە راورد لە نێوانی سستمە سیاسییە جیاجیاکاندا .ئەویش بە بەراورد

له (پـێکەوه ســازانی زانیــارییه سیاســییەکان و قەبــاره و ئاراستەی زانیارییه سیاسییەکان . [٩]

[9] Michael Rusha and phillip Althoff ,An Introduction to Political Sociology , London;Thomas Nelson and Sons.1971,PP160-161

کلتوری سیاسیی

کلتور لای (تایلۆر) بریتییە لەو گشتە ئاڵۆزییە کە مەعریفەو بیروباوەڕو ئاکارو یاساو دابو نەریتو هەموو کۆمەڵەکانی دیکە لەخۆ دەگرێت کە مرۆڤ وەک ئەندامێک لە کۆمەڵدا بەدەستی دەهێنێت.

کلتوور وەک پێناسە مێژوویەکەی کەلەپووری کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، کلتوور لە ڕوانگەی بونیادگەرایی (البنائیە)ەوە ئەوەیە کە گرنگی بە سروشتی جۆرەکی کلتوورو پەیوەندی نێوان لایەنە جیاوازەکانی دەدات، لەبەرئەوەی کلتوور نموونەیەکی بۆچوونی هەیە کە دەتوانرێ لە لێکۆڵینەوەو ڕاڤەکردنی ڕەفتاردا دەستی پێوە بگرێت، بەڵام کلتوور ڕەفتار نییە. بەهەر حاڵ کلتوور سیستمێکی مێژووییە. ئەگەر بڵێین کۆمەڵ بریتییە لە کۆمەڵێک پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەوە کلتوور ناوەڕۆکی ئەم پەیوەندیانەیە.. کلتوور ناوەڕۆکێکی هزری هەیە کە کردارە مرۆییەکان ڕێکدەخات، ئەمەش لە تێڕوانینی فێرگەی ڕەفتارکەریدا ڕەفتارێکی فێرکراوە یان بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی وەرگیراوە کلتوور بەم بۆچوونە پاڵنەرێکە بۆ کارکردن.

کلتوور بەرهەمی مەعریفەیە، نەک بەرهەمی میرات.
کلتوورەکانی جیهان هیچ نین جگە لە شێوازە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و جیاوازییە دیارەکانی نێوان هەردووکیان، کلتوور لوتکەی مەعریفەی گروپیەکانە لە هەموو بارودۆخە جوگرافی و کۆمەڵایەتییەکاندا.قوڵبوونەوە لە تویژینەوەدا سەبارەت بە کلتووری سیاسیی ئەوە دەردەخات کە دەبێتە بابەتێکی بایەخدارو گرنگ لە بابەتەکانی سۆسیۆلۆژیای سیاسیی، کلتووری سیاسیی بەجۆرێک یا بە سیستمێک لە بەها تاکیەکان و بیروباوەڕەکان و ئاراستە جیاوازەکان دەژمێردرێت، شێوازی ئەم بەهاو بیروباوەڕو ئاراستە جیاوازانە لەو هزرانە پێکدێت کە تاک لە مەسەلەو کاروبارە سیاسییەکاندا خۆشی پێوە دەکات.. ئەم شێوازە لە بیرکردنەوەی تاک گرنگی دەدات بەوەی کە پێویستە هەبێت، هەروەها بیروباوەڕە باڵادەستەکانی بارودۆخی جیهانی سیاسیی باو کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە بەو سیستمە بەهایانەوە.کلتووری سیاسیی لە کاروباری تاک زیاتر مانای تایبەتی هەڵدەگرێت.. چونکە کلتووری سیاسیی شێوازێکە لە بەهاو بیروباوەڕو ئاراستەی کۆمەڵە تاکێک.

نەبـوونی یەکگرتـوویی لە کلتـوری سیاسـیدا لە ئەنجـامی جیاوازی کلتووری گروپەکان هەروەها جیاوازی نێوان تـاکە کەسەکانەوە دێت.

ئامانج لە کلتووی سیاسیی چییە؟

بەشـێوەیەکی گشـتی کلتـووری سیاسـیی بەو پێـیەی کە کۆمەڵێکی ڕێکخراو بۆخۆی پێکدەهێنێت بریتییە لە لایەنێکی سیاسیی کلتوور، ئامانجیش لە کلتووری سیاسیی بریتییە لە تێگەیشـتنی ئاراسـتەو ڕەفتـارە سیاسـیەکانی دەوڵەتو پێکهێنـانی کەسـایەتی جیـاوازی نیشـتمانو هاووڵاتیـان، ئەمەش لەپێناو پارێزگاریکردن لەو ئامرازانەی کە کەلەپوور و بیروباوەڕەکـان لە نەوەیەکەوە بـۆ ئەویتـر دەگـوازێتەوە، لەگەڵ لەبەرچـــاوگرتنی ڕاڤە جیاوازەکـــانی سیســـتمی بیروباوەڕەکان.بـــال الموـنـــد: وا لە کلتـــووری سیاســـیی دەڕوانێت: کە لە زانیارییەکانی دەربارەی سیستمی سیاسیی پێکهاتووە، یا لایەنی سۆزدارییە کە لەسەر هۆگریی کەسێتی بۆ سەرکردەکانو دامودەزگاکان وەستاوەو هەروەها لایەنی هەڵسـەنگاندنەکیە (تقیمـی) ئەمەش ئەحکـامە بەهاییەکـان لەخۆ دەگرێت سەبارەت بە دیاردەی سیاسیی.

کلتووری سیاسیی بەشێکە لە کلتووری گشتی کۆمەڵ واتە کلتووری سیاسیی کلتوورێکی لاوەکیەو کاریگەر دەبێت بە کلتووری گشتی تر.. ئەمەش ئەوەیە دەبێتە هۆی ڕاڤەکردنی ڕووداو دیاردە سیاسییەکان لە ڕوانگەیەکی گشتگیرەوە بۆ کلتوور لە کۆمەڵدا.

چەمکی ڕۆشنبیری سیاسیی ئاماژە بە کۆمەڵێک بەهاو بیروباوەڕێک دەکات کەوا کاردەکاتە سەر کارابوونو چالاکی سیستمی سیاسیی هەروەک (گابریک ئەلمونو) دووپاتی دەکاتەوە هێما بۆ جۆرێکی تایبەت ڕێنماییان دەکات بەرەو کارایی سیاسیی کە لە سیستمێکی سیاسییەوە هەڵدەقوڵێت.. ڕێنماییەکان زۆرن گرنگەکەیان، نەریت، ڕووداوی مێژوویی سۆز، مەعریفە، لەبارەی هۆشیاری دۆزو بابەتە سیاسیەکانو ڕوکارێکی سۆزدارانەی ناهۆش پەسەندانەی هەست و نەست لەبارەی مەسەلە سیاسییەکان، دەگرێتەخۆ.(روبرت دال) ڕوشنبیری سیاسیی بە هۆکارێکی بنەڕەتی راڤەکرنی چەشنەکانی نەسازیە سیاسییەکان دادەنێت.

ئەم ڕۆشنبیریەش لەم توخمانە پێک دێت:

١.- ڕووکارەکانی تایبەت بە چارەکردنی گیروگرفتەکان.

٢.- ڕووکارەکانی رەوشتی بەکۆمەڵ.

٣.- ڕووکارەکانی سیستمی سیاسیی.

(تالکۆنت پارسۆنز) لەگەڵ ئەم بۆچوونەدایە کە ڕۆشنبیری سیاسیی بایەخ بە ڕووکاری بابەتی سیاسیی دەدات.

واتا ڕۆشنبیری و لە ئاوێتەیەکی رێکخراوی تایبەتی خاوەن سیفەتی سیاسیی پێکدێت.بایەخدان بە ڕۆشنبیری سیاسیی وەک بابەتێکی زیندوو دەگەڕێتەوە بۆ چەندان هۆکار لەوانە ئاڵۆزبوونی گیروگرفتی توندوتیژی سیاسیی.

فرە کلتووری

یەکەم جار کە دەرکەوت وەک هەڵوێستێکی تیۆری بوو لە ڕوانگەی چالاکی بزووتنەوەی هۆشیاری ڕەشەکانەوە بوو لە شەستەکانی سەدەی بیستەم لە ئەمریکادا،ئەمەش بۆ زیاتر هەیبەتی ڕەش پێستەکان بوو بۆ گەڕانەوەی ناسنامەی ئەفریقی جیاوازی ئەوان، ئەمە و کۆمەڵێک گۆڕانکاری تری بەدوای خۆیەوە هێنابوو بۆ گروپە سیاسیەکان لەسەرجەم ولاتانی جیهاندا،گوزارشتی دەکرد لەبیری نەتەوەیی کلتوری و ئیتنی جۆراو جۆر بۆ زۆربەی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان.ڕەنگدانەوەی کلتوری بەشێوەیەکی سەرەکی لە هەموو شتێکی تر دەستەبەر بوو بۆ ڕەزامەندی ئەرێنی لەسەر فرەیی لەنێو گروپدا کە زۆر جار جیاوزیە ئیتنیکی و زمانەوانیەوە دروست دەبێت،بۆیە فرەیی کلتوری بە هەڵوێستێکی سیاسی هەژمار دەکرێت بە زۆرتر لە بیروباوەڕی سیاسی یەکگرتوو و خاوەن بەرنامە و پلان. بۆچوون و ڕوانگەی فرەیی کلتووری دوو گروپی بەر

بـڵاوو لە مەهـانە بـۆ بەرژەوەنـدی فرەیـی لەنێـو گروپـدا پێشکەش دەکات.

یەکەم/ دەسـتکەوتەکانی فرەیـی بـۆ تـاک

دووەم/دەسـتکەوتەکانی بـۆ کـۆمەڵ

سـەبارەت بە تـاک فرەیـی کلتـوریی دەزانێت کە مرۆڤەکـان پەیوەستن لە ڕووی کلتووریەوە بە کۆمەڵێک یاسـا و ڕێسـا واتا تێگەیشتن بۆ جیهـان، لە ڕێگەی بیروباوەڕە ئاکاری و هەسـتکردن بە ناسـنامەی کەسـی لەو کلتـوورەی کە تێیـدا دەژیـن و فێـردەبن،بە تـایبەتی گەشـەکردنیان بـۆ فرەییەکـی تەواو پـڕ لە هەمەجـۆر و هەمە چەشـن بـۆیە کلتـووره جیاوازەکان دەبێت بپارێزرێت ڕێزی لێ بگیرێت بە تـایبەت کەمینەکـان.ئەمەش بەرەو پاراسـتنی مـافی کەمینـە و مـافی فرەیی کلتـوورییە کە نوێنەرایەتی مـافی چـارەی خۆنوسـین دەکـات بـۆ کەمینەکانیش،هەروەهـا مـافی ڕێزلێنـان بـۆ پیادەکردنی کلتـوور ئەویش بۆ خۆپاراسـتن لەسـەر هێمـا و پیرۆزیەکـانی هەر نەتەوەو ئیتنیکێکـی جیـاواز لەوی تـر بـۆ ڕێـز لێنـانی گشـتی وە سـەبارەت بە کـۆمەڵ. کلتـووری فرەیـی دەسـتکەوتی جـۆراو جـۆری هەیە لەوانە دەوڵەمەنـدی و بـوژانەوەی ئـاوێتەبوونی کلتووری،هەروەهـا

هاندان بۆ وەرگرتنی ڕۆشنبیری و کلتووری و ئایینەکانی دیکە و ڕێزلێگرتنیان،هەروەها لەهەمان کاتتدا بەهێزکردنی بینـــــــین بــــــۆ کلتـــــــووری خـــــــوودی. تیۆرەکانی کلتووری فرەیی ڕەگی لە لیبراڵەوە دەست پێدەکات بۆ ملکەچ بوون و پابەندبوون بە ئازادی و لێبووردەیی بۆ توانای هەڵبژاردنی بیروباوەڕە ئاکارییەکان کە تایبەتن بە مرۆڤ و پیادەکردنی کلتورر و سروشتی ژیان بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕەزامەندی ئەوانی تر،کە دەبێت هەمووان هەڵگری ئەم دروشمە بن باشتر و چاکترە. "عش و دع الاخرین یعشون" بژی و لێگەڕێ ئەوانی تریش بژین،لە کۆتایی باسی پەیوەندی نێوان تاک و دەوڵەت دەگەینە ئەوەی کە ئەم پەیوەندیانە دروست دەبێت بە بەخشینی ماف و ملکەچ بوون بۆ هەریەکەیان بۆ ئەویتر،لە سیاسەتی نوێدا بەشێوەیەکی تایبەت جەخت لەسەر بیروباوەڕی مافی مرۆڤ کراوەتەوە،کە مافی بنەڕەتی و سەرەکی و جیهانین کە دەرەخسێت و گونجاوە بۆ پراکتیزەکردنی لەسەر هەموو خەڵک و هەموو کۆمەڵگەکان،هەروەها ملکەچبوونی سیاسی و پیادەکردنی ئامـاژە بە ئەرکی هاووڵاتیان دەکات بۆ دانپێدانان بە

دەسەلاتی دەوڵەت و ملکەچی بۆ یاساکان،وە هاووڵاتیبوونی کۆمەڵایەتی جەخت لەسەر باوەڕێک دەکات کە هاووڵاتیان

(خودی سیاسیی) Political self

پێگەیاندنی سیاسیی پرۆسەیەکی گەشەکردووە هاووڵاتی لەو ڕوانگەیەوە گەشەی سیاسیی دەکات، هەروەها تاک زانیاری و بیروباوەڕی جۆراوجۆر وەردەگرێتو هاوکاری دەبێت بۆ تێگەیشتن و پەیوەست بوون بە ژینگەی سیاسییەوە.ئاراستەی تاک لەرووی سیاسییەوە بەشێکە لە ئاراستە کۆمەڵایەتییەکان. بۆچی هەستەکانی تاک بەرامبەر ژیانی سیاسیی پەیوەستە بە ئاڕاستە ئابوری و رۆشنبیری و ئایینیەوە.متمانەبوون بە دەسەڵاتی سیاسیی پەیوەستدارە بە ئاراستە گشتییەکان بۆ متمانەو متمانەبوون بە کەسانی دیکە، هەستی گشتی و پشتبەستن بە کەسانی تر لە وەرگرتنی بڕیارەکاندا لەوانەیە لەسەر حکومەت و سیستمی سیاسیی بوەستێت، ئەمەش ڕێژەییە، دەکرێت جیاکردنەوەی پارتی سیاسیی لەکاری بەڕێوەبردنی ئیداری بکرێت لەو دەوڵەتانەی کە ئاستی هۆشیاری سیاسییان بەرزە.

(جــورج هیربــرت میــد) لەســـەر خــودی کــۆمەڵایەتی دەنووسێ و دەڵێت:
خــود ئەو شــتەیە کە وەردەگیرێــت و گەشــە دەکــات، لە منداڵیەوە بوونی نییە، بەڵام لە ڕوانگەی پرۆسـەی ئەزمـوون و چـــالاکی کــۆمەڵایەتیەوە بەدەردەکەوێــت و گەشـــە و پەرەدەسـێنێت وەک تاکێـک بەهـۆی پەیوەنـدییەکانیەوە بەو پرۆســـەیەوە بەگشـــتی و پەیوەنـــدی بە تاکەکـــانەوە لە چوارچێوەی ئەم پرۆسـەیەدا.بۆیە خـودی سیاسـی بـۆ تـاک دەرئەنجـامی پێگەیانـدنی سیاسییە.سـێ فـاکتەری سـەرەکی هەیە بۆ خودی سیاسیی تاک:
یەکەم: شـێوەو سروشـتی کـاری سیسـتمی سیاسـیی کە ڕۆڵێکـــی گرنـــگ دەگێڕێـــت لە دیـــاریکردنی ئاراســـتە سیاسیەکاندا.
دووەم: هەروەک چـۆن (میـد) جەختـی لەسـەردەکاتەوە. کە جۆرەکـانی ئەزمـوونو پەیوەنـدییەکانی تـاک لەگەڵ ئەوانـی تــردا لە تــاکو گروپەکانــدا بە کــۆمەڵە فــاکتەرێکی گرنــگ ئەژمار دەکرێت.

سێیەم: گەشەکردن و پەرەسەندنی خودی سیاسیی کارتێکەرە بە پێداویستی و تواناکانی تاکی تایبەت.

زمانی سیاسی

زمـــانی سیاســـی یەکـــێکە لەهەرە فـــاکتەرە گرنگەکـــانی پەیوەنـــدیکردنی سیاســـی لەگەڵ بەرامـــبەرو دەوروپشـــتدا بۆدروســـتکردن و پتەوکردنـــی پەیوەنـــدیەکان و مـــامەڵە و ڕازیکردنـــی کەســـانی تـــر واتـــا بـــۆ گـــوێگرتن کە لەوێـــوە هەڵوێست دروست دەبێت، هەربۆیە دەبێ ئامادەسازی باش بکرێت، توێژەری ئەمریکی بیل(Bell) دەڵێت سیاسەت مانای کـاریگەری زمـان و کـاریگەری هێـز و دەســەڵاتە هەر ئەم زمانەشـــە کە دەتوانێـــت یارمەتیـــدەربێت بـــۆ دۆزیـــنەوەی چوارچێـــوەیەکی ســـــەرەکی بـــۆ لێکـــۆڵەرەوانی بـــواری شیکردنەوەی گوتار و پەیوەندیکردن، بەتایبەتی گەر هـاتوو لەحاڵەتەکانی هەڕەشەکردن یان ئاگادارکردنەوە. هەرلێرەوە بۆ توێژەران دەرکەوتووە کە زمان بنەمای کاری سیاسییە.

ئەم زمـانەش دەبێـتە پـاڵنەرێکی سـەرەکی بـۆ بـایەخ دان و هەوڵـــدان لە تێگەیشـــتن لە ژیـــانی سیاســـی و ڕێچـــکەی کاروبارەکـانی کـارایی زمـانی سیاسـی وکاریگەرییەکەشـی لەتێگەیشتن لەم پاڵنەرانەی لای خوارەوە دەردەکەوێت:

١.نـــاوەڕۆکی زمـــانی سیاســـی بەلای تـــوێژێکی گەورەی تاکەکانی کۆمەڵگەوە بایەخدارە، بەجۆرێ گەرهـاتوو بـابەتی زمـــانی سیاســـی هـــاوچەرخ دەربارەی(ئاشـــتی، جەنـــگ، ئاسایشی ئابووری، کێشە سنوورییەکان). ئەمانە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەژیانی ڕۆژانەی تاکەوە هەیە.
٢.گرنگـــی زمـــانی سیاســـی لەزمـــانی ئەوکەســـانەوە ســـەرچاوەدەگرێ کەقســـەی پێـــدەکەن، لەگەڵ شـــوێنگەی ئەرکێتی لەسستمی سیاسیدا.
٣. گرنگـی زمـانی سیاسـی بەوەش زیـاد دەبـێ، گەر هـاتوو لەڕێی ناوەندەکانی ڕاگەیاندنەوە بۆ جەماوەر گواسترایەوە.
چ ئەگەر سیاســیەکان بــڵاوی بــکەنەوە یــا ڕۆشــنبیران و دەســتەبژێری سیاســی کەهەردوولایــان بایەکێکیــان بەپــێ ڕاستی ودروستی زمانە سیاسیەکان بۆ واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو قۆناغە دەدوێن بەزمانی خۆیان و گوزارشت دەکەن لەهەر گۆڕانکـاریەک و خەڵـک هەڵســەنگاندنی تەواو دەکات بۆ هەریەک لەو دووگروپە، چونکە خەڵک وەرگر و گـوێ بیســتە و کاردانەوەیــان دەبــێ، هەر لێــرەوە دەڵێــین زمانی سیاسی لەبەرزترین پلەدایە بۆ واقیعی ژیانی سیاسی

هاوڵاتیانە.[١٠] دەکرێت ئاماژە بەخاڵێکی گرنک بکەین ئەویش زمـــانی بەرپرســـان وکاندیـــدەکانە لەقۆنـــاغی وادەی هەڵبژاردنەکـان وکاریگەریـان لەسـەر ڕای گشـتی کەهەمـوو چوارســـاڵ جارێـــک ڕوودەدەن ڕووبەڕووی جەمـــاوەر دەبێـتەوە، هەموویـان پەنـادەبەنە بەر تواناکانیـان لەڕووی زمـانەوانیەوە بـۆ رازیکردنـی بەرامـبەر و خسـتنەڕووی کۆمەڵێـک زانیـاری، ئەمەش بـۆ ئەو هەڵـمەتەیە کەدەبێـت ئامانجەکەیـــان بپێکـــێ و بگـــونجێ لەگەڵ هەڵمەتـــی هەڵبژاردنەکانـدا و بـێ ئەوەی بەرامـبەر لەکەدار بکرێـت. ململانێی سیاسی تێکەڵاوبوونێک دروست دەکات زۆر جار دەبێـتە تـاریکی و کـارێکی نامۆ،دوژمنەکـان هەمیشـە لە ململانـێ و کێبڕکـێ و خەباتـدان دژ بەیەک و تەنـانەت لە ڕۆشتنیان بۆ جەنگیش،وە هەموو گروپێک بانگەوازی ئەوە دەکـات کە لەسـەر ڕێگـای ڕاسـت و دروسـتەو ئـازادی و دیموکراســـی تەنهـــا لای ئەو بەدی دەکرێـــت و بەرامـــبەر پەراوێز دەخات،بۆ تێگەیشتن لەم ململانێ ناڕەوایانە دەبێ چـی بەکـار بێـت؟ بێگومـان (زمـان) کە کەرەسـتەیەکی

---

[١٠] د.محەمەد بن سعود ئەلبەشیر، سەرەتایەک لەپەیوەندیکردنی سیاسی، و:مەم بورهان قانع، بینایی چاپی یەکەم، سلێمانی

بیرکـردنەوە و ئـامێری پەیوەنـدی کـردنە بە هەمـووانەوە و نابێت ئاڵۆزبێت و دەبێت ڕوون و پـاک و بـێگەرد بێت بـۆ تێگەیشـتن، و گوزارشـت لە نـاخ و بیـر بکـات بە وردی و ڕوونی،لەوێـوە دەچێـتە نێـو گفتوگـۆی ڕاسـتەقینەوە بـۆ داخـوازی و داواکـاری و گوزارشـت و بەردەوام بـوون و لێکتێگەیشـتن،کە ئەمە وا دەکـات بڵێـین زمـان دیـاردەیەکی کـۆمەڵایەتی ڕوونە لە نێـوان تاکەکـانی کـۆمەڵگەدا بـۆ لێکتێگەیشـــتن و بەدیهێنـــانی ئـــاوات و داخوازیەکـــان. بۆیە سیاسەت چالاکیەکی کۆمەڵایەتیە،لەچوارچێوەی زماندا دەخولێتەوە چ بە وتـوو وێژ بێت یان نوسـراو،لێرەدا زمـان دەبێـــتە سیســـتمێکی گوزارشـــت کـــردن و هێماکـــان بەکاردەهێنرێت و دەبێتە پیت و پاشـان وشـەکان ڕسـتەکان دەپێکێ چ مادی بێت یان هەست و بیر و داخوازیەکان بێت. بۆیە زمان هێزێیکی پۆزەتیڤ و کارایە و بـۆ گرخسـتنەوەی یۆتۆپیا و هەسـتەکان و خەونەکـان بـۆ واقیع،بـۆیە وشـەکان تەنها ڕەنگدانەوەی ڕاستیەکان نین لە دەوروپشـتماندا بەڵکو هاوکار و یارمەتیدەرمانە بۆ ئەو پێکهاتـانەی کە دەیبینین و بونیـــادی هەڵوێســـتمان، بەرانبەری،زمـــان لەڕاســـتیدا یارمەتیدەرە بۆ بونیادنـانی جیهـان،ئەم کێشـەیە ترسـناکە لە

سیاسەتدا چونکە زمان زۆرجار بەهونەرێکی فێڵاوی بەکاردەهێنرێت لەلایەن یاریکەرەکانەوە واتە سیاسەتمەدارە بەناوبانگەکان و شارەزاکان،چونکە بایەخی سیاسەتمەدارەکان یەکەم شت بۆ بەرگری سیاسیە و کەمتر بۆ وردبینی زمانیان و بایەخدان بە هەیبەتی پڕوپاگەندەکان کە دەیکەن،بۆیە زمان تەنها کەرەستەی پەیوەندی نیە و بەڵکو چەکێکی سیاسیە و داڕێژراوە بۆ گواستنەوەی مەبەست و مانای سیاسی، لێرەدا دەکرێت باسی توانای سیاسی بکەین لە بەکارهێنای زماندا کە هەوڵەکان زۆرن لەژێر گوشاری بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئازادی و ژنان و مافی مرۆڤ،بۆ پاککردنەوەی ژیان لە توندوتیژی و دەمارگیری.ئامانجی توانای سیاسی لە گەشەسەندنی چەمکەکانە بێ لایەنگیری و دەمارگیری دژی بەرانبەرە بۆیە دەکرێت چەمکەکان پۆتەتیڤ و کارا بن لەبری نێگەتیڤ و خراپ. (جۆرج ئۆروێڵ) لە توێژینەوەی ئایندەی سیاسی و زمانی ئینگلیزیدا (١٩٥٧) دەڵێت: زمان دەبێت وەک کەرەستە بێت بۆ گوزارشت کردن نەوەک بۆ گیرۆدان و وەستاندنی

بیرکـــــردنەوە بـــۆیە زمـــان دەبێـــت ئاســـانکاری ئاڵۆزیەکـــــان بێـــــت بـــــۆ کرانەوەیـــــان[11]

پارتە سیاسیەکان

چەند ڕێکخراوێکی سیاسین و لەکایەی گشتیدا کاردەکەن و دەیانەوێت دەسەڵات وەربگرن، واتا خەبات و تێکۆشانیان لەزۆر لایەن و بـواردا گەیشـتنە بەدەسـەڵات، لەزۆربەی وڵاتانـدا پارتەسیاسـیەکان ڕۆڵێکـی ئەکتیـڤ دەگێـڕن لەپرۆسەی دیموکراسیدا، هەر پارتەو ئەنجێندای خۆی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی لە وڵاتدا، ئەم پارتانە مەودا و زەمینەیەکـی شـیاو گونجاویـان هەیە بـۆ کـۆکردنەوە و ڕێکخسـتنی ئەوکەسـانەی کەچەنـد بۆچـوون و مەبەسـت و ئامـانجی سیاسـی و کۆمەڵایەتی هـاوبەش لەیەکیـان نزیـک دەکـاتەوەو کاروچـالاکی سیاسـیان یەک دەخـات لەقـاڵبێکی دیـاریکراودا بـۆ گەیشـتن بە مەبەسـت و ئامـانجی تایبەتیـان بێگومـان ئەمەش بە بەرنـامە و میکـانیزمێکی ڕێـک و پێکەوە دەبێـت. بەپـێ پێداویسـتی پـارتەکە، پەیڕەوێکـی نـاوخۆ و

---

[11] .اندرو هیوود،النضرية السياسية(مقدمة) ترجمة لبنى لريدى لمركز لقومى الترجمة, طبعة الاولى القاهرة

دەسـتوورێکی شـیاو دادەڕێژێـت بەشـێوەیەک کە سـنوور و کـــاری دەســــەڵات و پەیوەنـــدی نێـــوان ئۆرگانەکـــان و ئەندامان و شێوەو شێوازی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ یەکترو لایەنەکانی دیکەشدا دیاری دەکات[١٢]

.د.ســادق ئەســوەد لەکتێبــی کۆمەڵناســی سیاســیدا دەڵــێ: یەکەمـــین هەوڵـــی دۆزیـــنەوە و دیراســـەکردنی پـــارتە سیاســـــیەکان لەکتێبـــــی (دیموکراسیوڕێکخســــــتنی پارتەسیاسـیەکان) بـوو کە لەسـاڵی ١٩٠٣ لەلایەن(ئۆسـترۆ کۆرسـکی)وە بڵاوکـرایەوە. چەمکـی پـارتی سیاسـی ڕوون نەبوو بەتەواوەتی، پاشـان گەشـەی سـەند، بەلای مـارکس و لینینەوە پارتی سیاسی بەرێکخستنی سیاسی دەژمێردرێت کە گوزارشـــت لەبەرژەوەنـــدییەکانی گـــروپ و چینێکـــی کۆمەڵایەتی دیاریکراودەکات.

لەدوای دووەمـین جەنگـی جیهـانیەوە ئاڕاسـتەیەکی نـوێ بۆدیراســەکردنی پارتەسیاسـیەکان هاتەئـاراوە، بەتـایبەتی لەویلایەتەیەکگرتووەکـانی ئەمریکـا. ئەویـش لێکـدانەوەی

---

[١٢] حەسەن مستەفا گەزنەیی، بژار عبدالله ئەحمەد، سستمە سیاسیەکان، سستمی سیاسی عیراق و هەرێمی کوردستان وەک نموونە

ئەرکـــی پارتەسیاســـیەکان واتە: لێکـــدانەوەیان لەڕووی چالاکیەکانیـــــانەوە ڕۆڵـــــی ســــــەرکردەوچۆنیەتی بڕیـاروەرگرتن.پاشـان کۆمەڵە پـارتێکی سیاسـی لەئەوروپـا سـەریان هەڵدا کەجەختیـان لەسـەر ئەوە دەکـردەوە دەبێت لەدوای ئەمـانە کەلێکدانەوەو ڕۆڵ و ئەرک بچێتە قۆنـاغێکی دیکەوە ئەویـش دیراسـەکردنی ژینگەو واقیعە کۆمەڵایەتیە پـێش دیراسـەکردنی پارتەسیاسـیەکان، هۆکـارو زەمیـنەی دروســـتبوونی هەرپارتێـــک گـــرنگە بزانرێـــت.لەوانەیە لێکـدانەوەکەی(ئەنتۆنیو گرامشـی)گونجاوترین و باشـترین لێکدانەوە بێت بۆ ئەو ئاڕاستەیەی کە دەڵێت دیراسـەکردنی پارتەسیاسیەکان تەنیـا ژیـانی سیاسـی نێو خـۆی چۆنیەتی ڕێکخســتن و پێکهاتەکــان و ئایــدۆلۆجیای تێپەڕێــت بــۆیە دەڵێت، بۆدیراسەکردنی پارتی سیاسی پێویستە ئەو توێژو چین و کۆمەڵایەتییە لەبەرچـاو بگیرێت کە پـارتی لـێ پێک دێــت، واتــا مێــژووی پــارت دەبــێ مێــژووی تــوێژێکی کـۆمەڵایەتی بێـت. لەهەمـوو جیهـانی دیموکراسـیدا، پـارتە سیاســـیەکان لەســـەر بنەمـــای زەروورەتـــی مێژوویـــی و بەرژەوەندی نەتەوەیەک یان چین و توێژێک دروست دەبن.

پارتی سیاسی چەمکێکی لەبن نەهاتووەو چەندین پێناسەی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت و بۆچوونی جیاوازیش بەهەمان شێوەو ئەمە جگە لەڕەهەند و تایبەتمەندیەکانی، ئەتوانین بڵێین کۆی پێناسەکانی پارتەسیاسیەکان لەچەند خاڵێکدا چڕدەبنەوە:

١.ڕەهەندی ڕێکخستن: بەگوێرەی ئەم ڕەهەندە پارت(دامەزراوەیەکی ڕێکخراوە کەخاوەنی پەیڕەو پڕۆگرامێکە لەسەری دەڕوات ئەو پڕۆگرامە پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی ناو پارتەکە ڕێکدەخات وەپەیوەندی پارتەکە لەگەڵ پارت و لایەنەکانی دیکەدا ڕێکدەخات.

لەهەرپارتێکدا پێویستە سێ ئاستی پەیوەندی و ڕێکخستن پەیوەندی هەبێت:

أ.سەرۆکایەتی پارت: ئەو سەرۆکە خاوەنی دەسەڵاتی باڵای پارتەکەو بڕیارەکان دەردەکات بۆ خوارووی خۆی جا چ تاکلایەنانە بێت یان بەڕاوێژکردن.

ب.ئەندامانی پارت:ئەو ئەندامانەن کە بەشێوەیەکی فەرمی هەڵدەستن بەڕێکخستنی پارتەکە و کاردەکەن بۆ سەرخستنی پارتەکەیان.

ت.بنکەی جەماوەری لایەنگرانی: ئە وکەسانەن کە ئینتیمایان بۆ پارتەکەی خۆیان هەیە و پارتەکەیان دەپارێزن ئامادەن دەنگ بدەن بە پارتەکەیان و خەباتی لەپێناودا دەکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پارتەکەیان.

٢.- ڕەهەندی ئایدۆلۆژی:واتە پارت خاوەن بیروباوەڕێکی تایبەتە و کار لەسەر بنەماکانی دەکات بۆگەیشتن بە ئامانج و دەستەبەرکردن و چەسپاندنی ئەو بنەمایانە دەشێت ئاینی بێت، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەمەش دەبێتە خاڵی جیاکردنەوەی پارتەسیاسیەکان. بەم شێوەیە دابەش دەبێت بۆ دوو گروپ:
أ.پارتە بیروباوەڕەکان: ئەو پارتانەن کەتیایدا بیروباوەر ڕۆڵیکی زۆر گەورەو بەرچاو دەگێرێ و خاوەن بنەما و پرەنسیپی نەگۆڕ و چەسپاو و گشتگیرە لەو پارتانە(شیوعی، پارتە ئیسلامیەکان).
ب.پارتە نابیروباوەرەکان: واتا بیروباوەڕ ڕۆڵێکی گەورەو بەرچاو ناگێڕێ وخاوەن بنەما و پرەنسیپی تێکەڵاون، بۆ نموونە(سۆشیالیستەکان و لیبراڵەکان) وەک پارتی کار لەبەریتانیا.

٣.- ڕەهەندی گەیشتن بەدەسەڵات:بەگوێرەی ئەم ڕەهەندە پارتە سیاسیەکان ئەو هێزەیە کە ئامانجی سەرەکی گەیشتنە بەدەسەڵات لە ڕێگەی ئەو پەیڕەو پرۆگرامەی کە هەیەتی و کاری تێدا دەکات و بەردەوام لە هەوڵدایە بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین دەنگ.

جۆری سستمی پارتەکان

دەتوانین بیکەینە دووجۆرەوە یەکەمیان سستمە پارتە کێبڕکێیەکان، دووەمیان سستمە پارتە ناکێبڕکێیەکان:

١.پارتە کێبرکێیەکان: لەم سستمەدا ئازادی دروست کردنی سیاسیەکان هەیە و ئازادی کێبرکێکردن لەنێوان پارتەکاندا. ئەمەش دەبێتەدوو جۆر:

أ. سستمی دوو پارتی: واتا دوو پارت لەولاتدا هەن کە ڕکابەری یەکتری دەکەن بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی وڵات، بێگومان یەکێک سەردەکەوێت بەسەر ئەوی دیکەدا وەک ئۆپۆزسیۆن دەمێنێتەوە و وەک بەریتانیا و ئەمریکا.

ب.سستمی پارت: واتا سێ پارت زیاتر کە کێبرکێ دەکەن لەگەڵ یەکتر بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و بەشداریکردن لەدەسەڵات وەکو هەرێمی کوردستان و عێراق و تورکیا.
٢.سستمی پارتە ناکێبرکێکان:واتە تەنها پارتێک بوونی دەبێت وکۆنترۆڵی هەمووشتەکان دەکات...
هەڵسەنگاندنی سستمی پارتایەتی. بیروبۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر سستمی دووپارت و هەندێک دەڵێن بوونی پارت باشە و ئەوانی دیکە دەڵێن خراپە، بۆیە دەکرێت لەچەند ڕوویەکەوە باسیان لێوە بکەین:
لایەنگرانی سستمی پارتایەتی پێیان وایە پارت سیمای دیموکراسی هەیە و دەبێت پیادەبکرێ:_
١.ئۆپۆزسیۆن: واتا پارت هۆکاری دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنە, بەڵام دەبێت ئۆپۆزسیۆن لەدەرەوەی دەسەڵات بێت و چاودێری بکات بەسەر پارتە دەسەڵاتدارەکاندا ئەمەش بێگومان حکومەتێکی کارا لەوڵات دروست دەکات.
٢. هەڵبژاردن: ئەگەرپارت نەبێت هەڵبژاردن سەرکەوتوو نابێت و هەڕەمەکی دەبێت.

٣.سسـتمی پارتـایەتی دەبێـتە هـۆی دروسـتبوونی جیـاوازی بۆچوون و ئینتیما.

٤. گەرەنتـی مافەکـانی مـرۆڤ: هـەر پـارتە و دەیـەوێت مـافی تاکەکانی دەستەبەربکات بۆئەوەی لایەنگرانـی زۆربێت. واتـا گرەنتــی بۆمافەکــانی مــرۆڤ دەســتەبەردەکات., نەیــارانی سستمی پارتایەتی: هەندێک پێیان خراپە وەک :

١.دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی دڵسۆزی بۆوڵات.

٢.دەبێتەهۆی کۆتوبەندکردنی ئیرادەی دەنگدەر.

٣. دەبێتەهۆی شێواندنی ڕای گشتی و لاوازکردنی.[١٣]

[١٣] حەسەن مستەفا گەزنەیی، سەرچاوەی پێشوو،

ئەرکەکانی پارتی سیاسی

١.چالاککردنی ژیانی سیاسی کۆمەڵگە:

واتـــا پـــارت بەشـــێکی دانەبـــراوە لەسیاســـەت، ئەگەر لەنێودەوڵەتدا پارتەسیاسیەکان نەبن ئەوە ڕێکخستنی ژیـانی هاووڵاتیان و سیاسەتی وڵات تێکدەچێت بەمەرجێک لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا کار بکرێت نەوەک بچووک بکرێتەوە بۆ پارتێک و لەبەرژەوەندی گشتی لادات بۆ تایبەت.

٢.کـــــاراکردن و دروســـــــتکردنی ڕای گشـــــتی:ئەگەر پارتەسیاســیەکان نەبـن ئەســتەمە خەڵـک کـۆبکرێتەوە بـۆ هەربارێک یا دۆزێک وەکو خۆپیشـاندان دژی کارێـک ڕای گشـــتیش بە یەکێـــک لە گەرەنتیەکـــانی مـــافی مـــرۆڤ دەژمێردرێت کە بەهۆی پارتەکانەوە دروست دەبێت.

٣.پێگەیانـدنی کـادیری پـارت: پـارت دەبێـتە هـۆی دروسـت بـوونی چەنـدین کـادیر کـاردەکەن بـۆ بەدیهێنـانی ئامـانجی پارتەکەیان.

٤.بەشداریکردن لەسەقامگیری سیاسی کۆمەڵگا: زۆر گرنگە پارت ئەم ئەرکە جێبەجێ بکات بۆسەقامگیری کۆمەڵگە دوورکەوتنەوە لەشەڕو ئاژاوە و ترس و تۆقاندن وخوێن ڕشتن، هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی وئاسایشی کۆمەڵگە.

٥.ڕەخساندنی دەرفەت بۆپیادەکردنی مافەسیاسیەکان لەڕێگای پارتەوە تاکەکان دەتوانن پیادەی مافەسیاسیەکانی خۆیان بکەن وەک دەنگدان و خۆپاڵاوتن.

ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و ئەرکەکانی

ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لەهەموو وڵاتانی دونیادا گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە لەپێشکەوتنی وڵات و سستمەکەیدا، چونکە ئۆپۆزسیۆن دەبێت بەشێک بێت لەپەرەسەندن و پێشکەوتن و سەقامگیری وڵاتان ئەویش بێگومان بەدیهاتنی سیستمی دیموکراسی ڕاستەقینەیە. لەڕووی زمانەوانیەوە ئۆپۆزسیۆن لەبنەمادا دەگەڕێتەوە بۆ وشەی(opposition)ی لاتینی بەواتای ڕووبەڕووبونەوە و بەرامبەریەک وەستان، لەسیاسەتدا بۆ ئەو پارت و گروپانە بەکاردێت کەخاوەن بەرنامەیەکی نەگۆڕ و درێژخایەنن بەتایبەت ئەو پارتانەی لەناو پەرلەماندا بەرهەڵستی حکومەت دەکەن[١٤]

بەفەرەنسی واتا ڕەخنەگرتن و ناڕازی بوون یا بەرگری دێت، لەزمانی ئینگلیزیدا بەواتای بەرخودان و

[١٤] عوسمان یونس، زاڤێن سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئازادی، دهۆک، ٢٠٠٧،ل:٣٦.

ڕووبەڕووبونەوە یا نارازی بوون لەعەرەبی واتا(معارظە)، واتا ئۆپۆزسیۆن ناکرێت ببەستریتەوە بەدژایەتی حکومەت ئەوەنـدەی ڕەخنەگـرتن و دیارخسـتنی کەم وکورتیەکـانی دەسەلات دێت لەهەرشوێنێکی دونیابێت.

ئەتـــوانین لەکـــوردی دا پێـــی بلێین(بەرهەلســـتوان)....[١٥] ئۆپۆزســـیۆنی سیاســـی پێناســـەی زۆری بـــۆکراوە ئەمەش دەگەرێتەوەبـــۆفراوانی بـــواری بەکارهێنـــانی ئەم چەمـــکە، ئۆپۆزســـیۆن ڕەتکـــردنەوەیە بۆدەســـەلاتێک کەنارەوابێـــت یاداخوازیەکانی هاوولاتیەکانی ولاتەکەی پەڕاوێزبخـات. واتـا ڕەتکردنەوەی هەموو دەسەلاتێکی ڕەهایە.

ئۆپۆزسیۆنی سیاسی یەکگرتنی یا کۆمەلبوونی تاکەکانە لە ڕێکخســـتنێکدا لەســـەر ئاســـتی نەتەوە و ناوچەکانـــدا کە لەناوەڕۆکـــــدا گوزارشـــــت لەبەرژەوەنـــــدی هێـــــزە کۆمەلایەتیەکاندا دەکات.

ئەویـــش لەڕوویەکـــی دیـــکەوە وەک پـــارتێکی سیاســـییە و ئامانجی گەیشتەنە بەدەسەلات، واتـا ڕێکخستنێکی سیاسییە

---

[١٥] ..یاسین سالح، ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، ماستەرنامە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٩، لا:١٣.

بۆ چەند هێزێکی دیاریکراو ئامانجیان گەیشتنە بەدەسەڵات.[١٦]

واتا لە کۆی ئەو پێناسانەی سەرەوە دەگەینە ئەوەی کە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، گروپێکن یا تەکەتولێکن یا خەڵکانێکن زۆر بەگەرم وگورەوە بەجۆش وخرۆشەوە داکۆکی لەئامانجە هاوبەشەکانیان دەکەن، واتا چاودێری دەکەن بەوردی بۆ دەرخستنی هەڵەکان لەبەردەم ڕای گشتیدا بێگومان مەبەستی سەرەکیان گەیشتنە بەدەسەڵات.

شێوەکانی ئۆپۆزسیۆن

١.پەرلەمانی: بریتیە لەکۆمەڵێک ئەندام پەرلەمان کە سەر بەچەند پارتێکی سیاسین لەنێو پەرلەماندا ڕۆڵ و ئەرکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی ئەنجام دەدەن، بەپێی یاسای وڵات دانیان پێدادەنرێت ئەم گروپە بەشداری حکومەت نیە و پشتیوانی لەحکومەت ناکەن، بەڵام باوەڕیان بەدەستووری وڵات هەیە و بەشداری دانیشتنەکانی پەرلەمان دەکەن

[١٦] .د.اسامه الغزالی، الاحزاب السیاسیه فی العالمالپالپ، مگبعه الرساله کویت، ١٩٨٧،

بەپێــی یاســـا دیاریکراوەکـــان، چـــاودێری ڕاســـتەوخۆی کاروبارەکـــانی حکـــومەت دەکەن و هەوڵ دەدەن کەم و کوریەکان بگەیەننە ڕای گشتی.

٢. ئۆپۆزسـیۆنی سسـتەم: ئەم گروپـانە بەتەواوی دەسـەڵات ودامەزراوەکـان ڕەتـدەکەنەوە و داوای گـۆڕانی بنەڕەتـی دەکەن، یـا داوای چاکســازی فـراوان دەکەن لەسیســتەمی وڵاتدا.

٣. ئۆپۆزسیۆن لەپێناو ناوبانگ: ئەمە کاتێک دروست دەبێت کە کەسـێکی خـاوەن پـلە لە پارتێـک جیـادەبێتەوە بەهەر هۆیەک، خەڵک کۆدەکاتەوە لەو کەسانەی کەبێ کارن یان نەیـاری ئەوپـارتەن، واتە هەمـوو ئەو کەسـانەی کە گرفتـی سیاســی و ئابووریـــان هەیە ئەمـــان ئامانجیـــان گەیشـــتن بەدەســـەڵات نیـیە، بەڵکـو زیـاتر ئامانجیـان ناوبانـگ و ڕزگاربوونە لە گرفتە ئابووری و سیاسیەکان.

٤. ئۆپۆزسـیۆن لەپێنـاو ئامانجدا: واتە ئامانجیـان ڕوخانـدنی دەسـەڵاتە بەبـێ گوێـدان کەکـێ شـوێنی دەگـرێتەوە، واتـا ڕژێمێکی فاشی بڕوخێنن.

بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە پرۆسەی سیاسیدا

واتــا خەڵــک توانــای دەربــڕین و کــاریگەری هەیە لەپڕۆســەی سیاســیداو بەســەرفرازی دەنــگورەنگی خــۆی دەبــێ لەبڕیاردانــدا، ئەویــش بەڕێگــای خەڵکــانێکەوە کە نـوێنەری ئەو گـروپ و لایـانەن کە متمانەیـان پێبەخشـراوە، هەربـۆیە بەم شـێوەیە سسـتم و پرۆسـەکە هێـدی هێـدی ڕەگەزە ڕاستەقینەکانی دیموکراسیەت دێنە ئاراوە و ئەمەش ســەرکەوتنێکی بــێ وێــنەیە بــۆ ئەودەســەڵات و وڵات و هەرێم و پارت و ڕێکخراوەی کەپیادەی ئەم شێوازە دەکات واتــا بەشــداریکردنی هاووڵاتیــان و دەربــڕین و ئــاڵوگۆڕی بیروبۆچوون ئەمانە هەمووی سـەقامگیری و سـەرکەوتووی پرۆســەی سیاســی لەخۆدەگرێــت.. هەربۆیەتونــدووتیژی و ناتەبــــایی لەگەڵ هاووڵاتیــــان گــــروپە کۆمەڵایەتیەکــــان ناسـەقامگیری سیاسـی دروسـت دەکـات واتـا لەدەسـتدانی ئازادی و دیموکراسی.

هەربــۆیە لەســـیما ســـەرەکیەکانی بەشـــداری سیاســـی هاووڵاتیـــان لەتەواوی پرۆســـە وبڕیارەکانـــدا، بێگومـــان بەهەمـوو ڕەگەزەکـانەوە(نێر و مـێ)کە زۆر بەداخەوە تـاکو ئەمـــــرۆ ئەو بیروبۆچـــــوونەی نێـــو پارتەکـــــان و قەوارەسیاســیەکان بەکودەتــا مــامەڵە لەگەڵ ژنــدا دەکەن، ئەمەش وایکــردووە کە ئەو ڕەگەزە زۆرجــار نــاڕەزایی و نایەکسـانی دەبێـتە دروشـمی ڕۆژانەیـان و لەنێـو خۆیانـدا باســی لێــوەدەکەن ، کە دەســەڵات و کــۆمەڵگە بــاوک سالارییەو زۆر بەکەمی ڕۆڵیان داوە بەو تـوێژە ئەکتیڤە کە بێگومــان لەنێـو ســەرجەم بوارەکــانی ژیانـدا کــاریگەری ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەوخۆیان هەیە و لەپۆستە حکومی و حیزبیەکانــدا بەکەمــی دەردەکەون و زیــاتر دەچــنە نێــو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە ئەویش خۆی لەخۆیدا کەلێنێکـی گەورە دروسـت دەکـات بـۆ پرۆسـەی سیاسـی، چونکە ئەو توێژە پێویستە جێگای خۆیان بکەنەوە و شوێنی شـیاو گونجاویـان بۆدیـاری بکرێـت، لەبەرئەوەی بەدەنـگ هەڵبژاردنەکاندا هیچیان لەڕەگەزی بەرامبەریان کەمتر نییە ئەگەر زیاتر نەبن، خۆ ئەگەر بچینە سەرباسی پێگەیاندنی سیاســـــی ئەوەزۆربەی حکـــــومەت و دەســــەڵات و

پارتەسیاسیەکان دەناڵینن بەدەست ئەو پرۆسەیەوە کەچۆن بتوانرێـت کـادیری بـاش و بەتوانـا و خـاوەن ئەزمـوون بهێنـرێتە گۆڕەپـانی سیاسـیەوە، هەربـۆیە تابەشـداری هاوولاتیـان بەگشـتی و ژنـان بەتـایبەتی زیادبێـت هەیـبەت وگرنگـی پرۆسـەی سیاسـی بـاش دەبێـت و ڕەنگدانەوەی لەسەر جێبەجیکردنی دادپەروەری کۆمەلایەتی دەبێت ئەمەش وادەکـات هۆشـیاری و ڕۆشـنبیری سیاسـی زیاد بێت ئەمە یەکێک لەداخوازییە سەرەتاییەکانی هاولاتیانە کە زۆر جار دەبنە خاوەن بەرزکردنەوەی ئەو دروشمە جا بۆ بەشدار نەبن؟

*هەرچەندە بەشداری سیاسی هاوولاتیان زۆربێت ئەوەندە زیـاتر متمـانە زۆر دەبێـت بەدەسـەلات و حکـومەت و یاسـاکانی ولات کە لەچوارچێوەی دیموکراسیدا دەرناچێت. واتـا بەشـدارییەکی هاولاتیـان بەخۆبەخشـی لەهەڵبـژاردن، خۆپیشـاندن، کـۆڕ و سـیمینار، ئەنـدام لەپـارت و ڕێکخراوەکـان، ئەم هەمـوو بەشـدارییە بێگومـان دەچێـتە بەرژەوەنـدی کۆمەڵگـاوە، واتـا سەلامەتیوسـەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی بەشێوەیەکی دیموکراسیانە.

زانـا(ویـنـەر) Weiner پێناسـەیەکی هەمەلایەنـی بـۆ ئەم چەمکە دەکات و پێی وایە هەموو ئیشێک بەئیرادە و ئازادانە سـەرکەوتوبێت یـان پـێچەوانەکەی، رێکخراوبێـت یـان نـارێکخراو، میکـانیزمەکەی شـەرعی بێت یـان ناشـەرعی، کـاریگەری لەسـەر بڕیـارە سیاسـیەکان هەبێـت یـان پێچەوانەکەی، دەستنیشـانکردنی دەسـەڵاتداران حکومی یان حیزبـی ئەم هەمـوو کـارانە دەبـنە بەشـداری سیاسـی ڕاستەقینە.

مـاک کلوسـکی دەڵێـت: بەشـداری سیاسـی ئامـاژەیە بۆکۆمەڵێـک چـالاکی سیاسـیوکۆمەلایەتی بەئیـرادەی ئـازادانەی تاکەکـان کەدواجـار بەشـداری دەکەن لەدەستنیشـانکردنی سـەرۆک و بەڕێـوبەرو بەرپرسـانی دەوڵەت.

*کـاریگەری بەشـداری سیاسـی لەسـەر دەسـەڵات دەبێـتە هـۆی جێگیربـوونی سـەقامگیری سیاسـی، ئەمەش زەمینەیەکـی باش‌ولەبـار دروسـت دەکـات بـۆ سـەلماندنی سسـتمی سیاسـی باڵادەسـت لەوڵاتـدا. ڕێـگەش دەکـرێتەوە لەنێـوان هاوڵاتیـان و بەرپرسـاندا بـۆ لەیەکترگەیشـتن کە کاتێک بڕیارێک دێتە ئاراوە کەچۆن بڕیاری سیاسی بدرێت

بەمەش ڕێــژەی یەکســانی بــوون لەبەردەم یاســادا زیــاد دەکــات و دەبێــتە ڕێگــر لەبەردەم گەنــدەڵی و خراپەکــاری دەرهەق بەهاوڵاتیــان و سســتمی سیاســی و پڕۆســەی دیموکراسی چونکە هەرتاکەو هەست بەبوونی خۆی دەکات کەمافەکانی پیادەدەکرێت بەهۆی بەشداریکردنەوە ئەمەش بێگومـان لەسیما و هێمـا و یاسـاکانی نەتەوەیەکگرتووەکـان ئامـاژەی پێکراوە.. لەکۆتـایی دا دەڵێین تابەشداری سیاسی هاوڵاتیــان فــراوان نەبێــت وەک پێویســت لەعیــراق و کوردستاندا ئەوە نـاتوانین باسـی دیموکراسیەتی ڕاستەقینە بکەین.

هەربۆیە کۆمەڵناسان دەبێت جەخت لەسەرئەوە بکەنەوە کەکارلێکی کۆمەڵایەتیوسیاسی هەیە لەنێوان چەمکی دیموکراسی و سەقامگیری سیاسی، یەکێک لەم چەمکانە پەراوێزبخرێت پرۆسەی سیاسی لەکەدار و عەیبدار دەبێت.

پەرلەمان

پەرلەمان وشەیەکی فەرەنسی یە و بەمانای ڕاوێژکاری دێت.لەسەدەی(١٣) دا دەرکەوت و مانای دەسەڵاتی یاسادانان دەگەیەنێت، هەموو ئەنجومەنێک دەبێتە پەرلەمانێکی دیاریکراوی ئەوشوێنە(ئەنجومەنی دێ، ئەنجومەنی ناحیە، ئەنجومەنی قەزا، ئەنجومەنی پارێزگا، ئەنجومەنی نوێنەران، ئەنجومەنی گەل، ئەنجومەنی نەتەوە)، ئەمە لەبەریتانیا سەری هەڵداوە لەسەردەمی پاشاکاندا.
(ئەنجومەنی گشتی، ئەنجومەنی لۆردەکان) هەردوو ئەنجومەن پەرلەمانی بەریتانی پێک دەهێنن.دەستوور ئامرازێکە بۆ ڕێکخستنی یاسایی و سیاسی کۆمەڵگە، دەسەڵات ئەم ئامرازە دەگوازێتەوە لەئاستی تاکە کەسیەوە بۆئاستی دامەزراوەیی لەوێشەوە دەوڵەت دروست دەبێت.
دەستوور: گرنگترین و بالاترین بەڵگەنامەی یاساییە کە بە سەرەکیترین سستەمی سیاسی دەوڵەت و هەرێم دەژمێردرێت، ئەمەش لەویست و داخوازیەکانی هاولاتیانەوە سەرچاوە دەگرێت، ئایاچ سستمێکی سیاسی بەشیاو

گونجــاو پیادەدەکرێــت؟ یــاحکومرانی وڵات چــۆن بێــت؟ ســنووری دەســەڵاتەکان چــین؟ مــاف و ئەرک و ئــازادی چین و چۆن دەپارێزرێن؟

نوســینی دەســتوور لە هەر شــوێنێک بێت وەرچەرخــانێکی مێژوویـــی گەورەیە، کە ڕوودەدات، پێویســـتە دەســـتوور گوزارشـــت لە بەهـــا بەرزەکـــانی کـــۆمەڵگە و بنەماکـــانی دادپەروەری و مافەکـــان و حکـــومرانی یاســـابکات لەگەڵ واقیعـی ئەو کـۆمەڵگەیە بگونجێـت و توانـای جێبەجێکردنـی هەبێت، تەنها لەرێگەی دەستورەوە مافەکان پارێزراودەبن[١٧] دەستوور: تاکەڕێگە و سەرچاوەیە بۆ دیاریکردنی سستمی سیاســی وڵات، چــونکەبەرزترین یاســایە لەچوارچێــوەی وڵاتدا، کە لەکۆمەڵە بنەمایەکی یاسایی گشتگیر پێک دێت و جــۆری سســـتمی سیاســـی دەوڵەت دیـــاری دەکـــات و تایبەتمەنــدی دەسەڵاتەکانی(یاســادانان، جــێ بەجێکــردن، دادوەری)و ســەربەخۆبوونی هەریەکەیــان و جیابوونەوەیــان لەیەکتــر، ئازادییەکــانی تــاکەکەس و ئەرک و مافیــان و چۆنیەتی دەستاودەستکردنی دەسـەڵات دەستنیشـان دەکـات.

[١٧] ڕۆزە عەبدوڵا شەریف، سەرچاوەی پێشوو

له گرنگترین ئەرکەکانی پەرلەمانیش:

١.دەرکـردن و چـاککردن و هەڵوەشـاندنەوەی یاسـاکان کە لەگەڵ پێویستی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا بگونجێت.

٢.دورکەوتنەوە لەسیستمی دیکتاتۆری و چونە نێو سستمی دیموکراسـیەوە بەتیـۆری و پراکتیکـی و ڕۆڵـی ئەنـدامانی پەرلەمـان لەهەڵبژاردنـی سـەرۆک کۆمـار و چـاودێری لەسـەرجێبەجێکاری حکـومەت و لێکـۆڵینەوە لەگەڵ بەرپرسانی حکومی دا.

٣.دابینکردنـی مافەکـانی هەمـوو چـین و توێژەکـان بـۆ هەرکارێـک بێـت. وەک دەنگـدان و هەڵبـژاردن واتا(پاڵێوراودەنگدەر).

٤.چـاودێری سەرپەرشـتی لەسـەر دارایـی گشـتی بەپەسەنکردنی بودجەی گشتیوچاودێریکردنی.

٥.پاراسـتنی مافەکـانی ژنـان لەپەرلەمانـدا بەشـێوەیەکی گونجـاو هەرچـۆن لەدەسـتوردا ئامـاژەی پێکـراوە و بەشداریکردنیان لە دامەزراندنی بڕیار و ژیانی سیاسی دا.

هەڵبژاردن

هەڵبــژاردن بەفــاکتەرێکی گرنگــی دەســەڵات و ئــامرازێکی دیموکراسی دەژمێردرێت. هیچ ڕێگایەکی دیکە لەم پرۆسەیە شیاو و گونجاوتر نەدۆزراوەتەوە بۆ گەیشتن بەدەسەڵات, واتــا ئــامرازێکی دیموکراســیە لەهەرشــوێنێک دابێــت و میکانیزمێکە کەخەڵک لەو ڕێگایەوە دەنگ دەدات بەوکەسەی کەدەبێتە نوێنەری, جاچ لەنێو پارتەسیاسیەکان بێت یا حکومەت و پەرلەمان یا لە هەر دام ودەزگا و ڕێکخراوێکی حکومی و ناحکومی دابێت یا لە هەر سەندیکا و یانەیەکی وەرزشــیدا بێــت، ئەوکەســە دیــاری دەکرێــت لە نێو کۆمەڵە کەسێکدا.

هەڵبژرادن و دیموکراسی

هەڵبژاردن پرۆسەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە لە سیستمێکی فەرمـــانڕەواییەوە بــۆ سیســتمێکی تــری فەرمــانڕەوایی لە ڕووی شێوازو شەرعیەتەوە دەگۆڕدرێت،پڕۆسەی دەنگدان ڕووی دووەمـــــــی ئەو ڕاســــــتیەیە کە دیموکراســــــی پێوەبەنـــــدە،بەڵام ئەمە ئەو ناگەیەنێـــــت کە سیســــــتمە تۆتالیتاریەکان و دیکتاتۆرەکان و ئۆتۆکراستەکان سیستمە پێڕەوەکانی شێوازی تاکڕەهەندی خۆیانی پێوە نەبەستنەوە و پەیوەســـت بـــوونی خۆیـــانی پێـــوە ڕانەگەیەنن،هەڵـــبەت ئەمەش لەو بانگەشـــە و پڕوپانگەنـدانەدا، بەدی دەکرێـت کە ئەو جۆرە دەوڵەت و سیستمانە لە پێناو پێدانی سیمایەکی جوان و قبوڵکراو بۆ خۆیانی دەکەن،ڕەنگە بۆ تێگەیشتن لە پڕۆســـەی دەنگـــدان ئـــێمە پێویســـتماب بە شـــیکردنەوەی دیکومراســــیەت هەبێـــت،چونکە ئەو پڕۆســــەی کە لەلایەن دیکتاۆترەکـانەوە ئەنجـام دەدرێـت و تیایـدا تەنهـا پـاڵێوراو خـودی دیکتاتۆر،یـان کەسـێکە کە ئەو پەسـەندی کردبێـت و

دەنگدەر ئەرکی سەر شانیەتی دەنگ بدات،دەنگدانەکەشی دەبێت بۆ تەنها کەسێک بێت کە بەدیلی نیە،سەرکەوتنی شتێکە بەر لە دەنگدانەکە مسۆگەرکراوە ئەمە لە ڕاستیدا دەنگدان نیە بە مەبەستی دیموکراتیزەکردنی دەسەڵات و سیستمی فەرمانڕەوا بەڵکو چەواشەکردنی دەنگدەر و ڕای گشتی و دەوروبەرە و هەڵخەڵەتاندنی جەماوەرە. دەنگدان وەک پڕۆسەیەکی سیاسی کە ئامانج لێی بەشداریکردنی جەماوەر بێت لە کاروباری گشتیدا، ڕاستتر وایە بڵێین بەشداریکردنی هاووڵاتی لە کاروباری ڕۆژانەو کاروبارە سیاسی و گشتیەکان بە مەبەستی دابینکردنی لانی کەمی خۆشگوزەرانی،دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانیەکان ئەو دەمە وشەی(POLIS)وەک زاراوەیەکی سیاسی هاوشانی دیموکراسی بوونە دووڕووی یەک تێز و هەردوو پێکەوە لە ئەتینای گەورە شاری یۆناندا توانیان (شار دەوڵەت)ێکی نموونەیی لەسەر ئاستی یۆنان و جیهانی ئەو دەمەدا لە دەوروبەری حەوتەمی پێش زایین پێکبهێنن. پڕۆسەی هەڵبژاردن لە نێوان هاووڵاتیاندا ئەنجامدەدرا بە شێوەی دیموکراسی ڕاستەوخۆو دەنگدانی ڕاستەوخۆ کە تیایدا پاڵێوراو لە (ئەگۆرا)ی گۆڕەپانی کۆبوونەوەکاندا

ڕاســـتەوخۆ خـــۆی دەپـــاڵاوت و دەنگـــدەرانیش کە ئەو کەسانەبوون تەمەنیان ٢٠ ساڵ زیاتر بوو لە تواناياندا بوو چەک بکـڕن و پارێزگـاری وڵاتـی پـێ بکەن(واتـا ئاسـتی داراییـان بـاش بـوو) بەهەمـان شـێوە بەڕێگـای دەنگـدانی ڕاســـتەوخۆ هەڵدەســـتان بە هەڵبژاردنـــی ئەو کەســـەی بەلایـانەوە پەسـەند بـوو،بەم شـێوەیە هـاووڵاتی لە ڕێگـای دەنگدانی ڕاستەوخۆوە لە کاروبـاری هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجـومەنی(٥٠٠)کە ئەنجـومەنی نـوێنەرایەتی گەل بـوو هەروەک ئەنجومەنی دادوەران کۆنگرەی گشتیدا بەشداری دەکرد، ئەم پرۆسەیەی یۆنـانی کۆن بە دێرینترین شـێوازی هەڵبژاردن دادەنرێت و تا ئێستا لە زۆرینەی زۆری پرۆسـە هەمەلایەنە دیموکراســیەکاندا وەک هەوێنـــی دیموکراســـی حسـابی بـۆ دەکرێـت و لەوەوە جـۆرو شـێوازەکانی تـری سیســـتمەکانی هەڵبـــژاردن داهێنـــران لەوانە،دیموکراســـی نـــوێنەرایەتی، دیموکراســـی سۆسیالیزمی،دیموکراســـی مەسیحی و گەلی و چەندانی تر کە لەسەر شێواز یان بیرو باوەڕی مەزهەبی داهێنراون،بەڵام مەسـەلەی پەیڕەوکردنی ئـازادی سیاسـی یـان ڕاسـتر بڵـێم دیموکراسـی لیبڕاڵـی دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشـە گەورەکـانی فەرەنسـا و ئەمریکا لە

ساڵانی ١٧٨٧و ١٧٨٩ کە بوونە ڕێچکەشکێنی سیستمی نوێی جیهانی پیادەکراوی دیموکراسی تاکەکەس و هەتا ئێستاش درێژەی هەیە.هەڵبەت دیموکراسی ڕاستەوخۆ لە ئێستادا کارێکی ئاسان نیە،چونکە ئەو شێوازە لە سەردەمێکدا پەیڕەوکراوە کە سەرژمێری تاکەکانی ناو شاردەوڵەتێکی وە ئەتینا لە ٣٠ هەزار کەس تێپەڕ نەبووە،بۆیە کارێکی هێند گران نەبووە کۆبوونەوی خەڵکەکە لە هۆڕەپانێکی وەک(ئەگۆرا)و بەشداریکردنیان لە کاروبارە گشتیەکاندا،بەڵام بۆ ئێستا جێبەجێکردنی ئەمە کارێکی لە ڕادەبەدەر قورسە هەر لەبەر ئەوەشە سیستم و فەرمانڕەواکان پێیان باشترە پەنا بۆ دیموکراسی نیمچە ڕاستەوخۆ یان پەرلەمانی ببەن،مەبەست لە دیموکراسی نیمچە ڕاستەوخۆ ئەوەیە کە گەل نوێنەری خۆی لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە هەڵدەبژێرێت و تاوتوێکردنی یاسا گشتیەکان بۆ ئەوان جێدەهێڵرێت،بەڵام مەسەلەی دانانی دەسەڵاتی نوێنەرەکان و دەسەڵاتەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن ناچێتە دەست ئەو نوێنەرانەوە،بەڵکو دەشێت لە ڕێگای ڕیفراندۆمێکەوە گەل خۆی بڕیار لە چارەنوسیان بدات یاخود گەل ئەو نوێنەرانە دەکاتە قسەکەر بە ناوی

خــۆیەوە،بەڵام ئەو دەســـەڵاتەیان نــاداتێ بە نــاوی ئەوەوە بڕیـــار بـــدەن،هەرچی لە دیموکراســـی پەرلەمانیـــدا گەل نوێنەرەکان هەڵدەبژێرێت و دەیانکاتە بڕیاردەر و قسـەکەر بە نــاوی خــۆیەوە بەو مەرجەی لە دەســتور لانەدەن،هەر چەنـدە ئەم جۆرە دیموکراسـیە لای هەنـدێک لە بیرمەنـدانی وەک ڕۆسۆ بە نموونە هەردوو جۆری دیموکراسـی نیمچە ڕاستەوخۆ و پەرلەمانی یان نوێنەرایەتی ڕەتکراوەیە،چونکە لە بیـری ڕۆســۆدا تەنهــا دیموکراســیەتێک هەیە ئەویــش ئەوەیە کە گەل خۆی ڕاستەوخۆ بەشداری تیادا دەکات لە کاتێکـدا خـاوەنی سـەروەرییە و سـەروەریش شـتێک نـیە ببەخشرێت یان نوێنەرایەتی بکرێت،بەڵام لە دنیای ئەمڕۆدا باشترین بەدیل و ئەلتەرناتیڤی دیموکراسی ڕاستەقینەیە(واتا دیموکراسی ڕاستەوخۆ) چونکە تەنها سیتمێکی حکومڕانیە کە توانیویەتی لە دونیای ئەوروپی و خۆرئاوادا سەقامگیری لەســەر ئاسـتی ئاسـایش و سیاســی و مرۆڤـی ئەکتیـڤ و چـــالاک لەســـەر ئاســـتی مرۆڤـــایەتی و ئـــابوری بەرهەم بهێنێـت،خۆ ئەگەر بمانەوێـت هەنـدێ بیـری بیریـاران لەم باسەدا بهێنینە پێش چاو ئەو دەبێت پێش هەمووان باس لە جۆن لـۆک و جـان جـاک ڕۆسـۆ بکەین،چونکە لە کاتێکدا

جۆن لۆک جەغتی لەسەر دیموکراسی پارێزەر دەکردەوەو تیایدا پەرلەمان وەک نێردراوی گەل دەیتوانی لە جیاتی گەل بڕیار بدات و قسە بکات،بە پێچەوانەوە جان جاک ڕۆسۆ بە توندی جەغتی لەسەر دیموکراسی پێشکەوتنگەری دەکردەوە پێی وابوو تەنها لە هەڵبژاردندا تاک دەتوانێت هەست بە بوونی دیموکراسیەت بکات و مادام هەڵبژاردن بریتیە لە دەرخستنی ئیرادەی خەڵک و دانانی سەرۆک لە ڕێگەی ئەو ئیرادەیەوە بۆیە شتێکی بەڵگە نەویستە ئیرادە نوێنەرایەتی نەکرێت،چونککە سەروەری شتگەلێکە گەل خاوەنیەتی و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ گەل موماڕەسەی دەکات.ئەگەر دیموکراسی بریتی بێت لە لە حکومڕانی لە گەلەوە بۆ گەل وەک جان جاک ڕۆسۆ دەڵێت ئەوا لە ئێستادا نابێت ئەو ڕاستیە فەرامۆش بکرێت کە گەل ناتوانێت تەندروستانە دیموکراسیەت فەراهەم بکات بێ بوونی هەر سێ ڕەگەزە پێکهێنەرەکەی ئەونیش، هەڵبژاردنی دەسەلاتدارەکانە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە و بوونی پەرلەمانێکی میللی کە دەقاودەق نوێنەرایەتی گەل بکات و خاوەن دەسەلاتێکی بەرفراوان بێت لەگەڵ بوونی کۆمەڵێک بنەمای یاسایی کە لەلایەن دادوەری سەربەخۆوە

بەڕێوە ببرێت بۆ چاودرێری کردنی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کۆمەڵگاو پاراستنی ماف و ئازادی هاوولاتیان،ئەم کارە وادەکات سیستمە لیبرالەکان لە چاو سیستمە سیاسیەکانی تردا تا ڕادەیەک لە ڕووی دەسەلاتی سیاسیەوە کەمتر سەپاوبن بەو مانایەی کەمتر کاریگەرییان هەبێت لە چاو سیستمە تۆتالیتارو دیکتاتۆرەکان و خۆپارێزەکان،بەمەش هاوولاتی تا ڕادەیەکی زیاتر دەتوانێت ممارەسەی ماف و ئەرک و ئازادیە سیاسی و کۆمەلایەتی و تاییەتی و گشتیەکانی خۆی بکات هەرچەندە ئەم جۆرە سیستمانەش بێ کەم و کورتی نین و سیستمەکانی تر بەوە ڕەخنەیان لێدەگرن کە هەمیشە لە بەردەم هەڕەشەی سەرمایەداران و گروپە بەرژەوەندیە بەرتەسکەکان و لۆبیەکاندان بە تاییەت لە ولاتێکی وەک ئەمریکادا کە ئابوری و سەرمایە گەمەیەکی بەرفراوان بە ڕەوتی سیاسی دەوڵەتەوە دەکات،بە هەر حاڵ ئامانج لەم باسە بۆ زیاتر چوونە ناو بابەتی هەڵبژاردنە کە تەوەری باسەکە لەو چوارچێوەیەدا دەخولێتەوە کەواتە با بپرسین هەڵبژاردن چیە؟ هەڵبژاردن بنەمای سەرەکی دیموکراسیە،بریتیە لە وەرگرتنی دەسەلات بە گوێرەی خواستی گەل یان جەماوەر

دوور لە بەکارهێنانی هێز، واتا بەبێ پەیڕەوکردنی سیستمی دەستبەســەراگرتن کە تیایـدا بە پێـی کودەتـا یـان شـۆڕش کۆمەڵێـک دەسـت دەگرێـت بەسـەر حکومـدا یـان لە ڕێگـای میـراتەوە لە بـاوکەوە دەسـەڵات دەستاودەسـت دەکـات بـۆ کوڕ و کوڕەزا یان لە ڕێگای دامەزراندنەوە دەسـەڵاتی بـاڵا مافی دامەزراندنی ئەوەی خوار خۆی بە خۆی دەدات، بەڵکو سیستمی هەڵبژاردن گەڕانەوەیە بۆ مەیل و ئیرادەی گەل لە دانـانی سـەردار یـان سـەرۆکدا ئەویـش لە ڕێگـای پـرس پێکــردن و بەســەرکردنەوەو وەرگرتنــی ڕاو بەشــداری پێکردنـی لەسـەرجەم پڕۆسـە سیاسـیەکانی دەوڵەتدا،هەڵبەت بەر لە هەموو شت دەبێت ئەو ڕاستیە بزانرێت دەستور لەو چوارچێوەیەی بۆ کـۆمەڵانی خەڵکـی دیـاری دەکـات مـافی بەشداری جەماوەر لەو پڕۆسانەدا بەگوێرەی پرنسیپی ماف و ئــازادیە گشــتیەکان دەخەملێنێــت،بۆیە دەشــێت لەو چوارچێـوەیەدا کە دەسـتور دیـاری کـردووە هـاووڵاتی بەشـداری سیاسـیانەی خـۆی دبکـات.بۆ نمـوونە دەبینـین، مـاددەی لە دەسـتوری فەرەنسـا سـاڵی ١٩٥٨ دان دەنێت بە پرنسیپی دەنگدانی گشتی و نهێنی و ڕاستەوخۆداو بەم پێیە هەمـوو هـاووڵاتیەکی فەرەنســی تەمەنــی یاســایی تەواو

کردبێت دەتوانێت مومارەسەی سەرجەم مافە مەدەنی و سیاسیەکانی خۆی بکات،هەرچی سەبارەت بە شانشینی یەکگرتوو(بەریتانیا) یە ئەوا لەبەر ئەوەی دەستورەکەیان دەستورەکەیان دەستورێکی عورفیەو مەزهەبی سیاسی دەوڵەتیش مەزهەبێکی لیبراڵیە بۆیە عورفێک بەشێوەیەکی دەوری هەڵبژاردن لەسەر بنەمای دابەشکردنی وڵات بەسەر ناوچەی بچووکی هەڵبژاردندا دەبێت و تیایدا هەر کەسێک توانی زۆرترین دەنگ بەدەست بهێنێت سەرکەوتن مسۆگەر دەکات،بەڵام لەو دەوڵەتانەدا کە سیستمی سەرۆکایەتی پەیڕەو دەکرێت و دەوڵەت لە ڕووی پێکهاتەوە دەوڵەتێکی یەکگرتووە، ئەم باسە دەگۆڕدرێت بۆ نموونە لە دەوڵەتێکی وەک ئەمریکادا بە گوێرەی دەستوری ئەو وڵاتە هەموو پۆستە گشتیەکان بە ڕێگای دیموکراسی پڕ دەکرێنەوە بە شێوەیەک هەر هاوڵاتیەک ساڵانە٥_٦ هەلی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی لەبەردەمدایە کە دەتوانێت لە ڕێگایانەوە هەڵبژاردەی جۆراوجۆر لە ڕووی شوێن و ئاست و پۆستی حکومیەوە ئەنجامبدات بە شێوەیەک ڕۆژی هەڵبژاردن لە ئەمریکادا بەبۆنەیەکی هەڵبژاردنیی دادەنرێت لەسەر ئاستی لۆکاڵ و نیشتیمانی،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەستوری ساڵی

۱۷۸۷ی ئەمریکـــا بەر لە دەســـتکاریکردنی لە ســـاڵی ۱۹۲۰ ئاماژە بەسەرلەنوێ هەڵبژاردنەوەی سـەرۆکی دابوو بە بێ دیاریکردنی ژمارەی خولەکانی سـەرۆکایەتی کە ئەمە بووە مـــایەی پێـــداکوتانی ڕۆزفێڵـــت و ســـێ جـــار خـــۆی بـــۆ ســـەرۆکایەتی هەڵبـــژاردەوە واتـــا ۱۲ ســـاڵ حکـــومڕانی ئەمریکـای کـردلە کاتێکـدا جـۆرج واشـنتۆن تەنهـا یەکجـار خولی سەرۆکایەتی گرتە دەست،واتا بۆ خولی دووەم خۆی هەڵنەبژاردەوە کە ئەم دوو حاڵەتە بووە مایەی تێکدانی ئەو عەرفە دەسـتوریەی لە ئەمریکـا پەیـڕەو دەکـرا.لە ئێسـتادا دیموکراســـی بـــووەتە یەکێـــک لە ڕەگەزە گرنگەکـــانی شـــەرعیەتی دیموکراســـی،چونکە شـــەرعیەتی دیموکراســـی لەســـەر ئەو بنەمـــایە بنـــاغەنراوە کە ئەوانەی دەســـەڵات پراکتیـزە دەکەن دەبێـت هەڵبژێـردراوبن لە لایەن چینەکـانی کۆمەڵەوە ئەگەر نا ئەو حکومەتەی لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە دروسـت نابێت،نـا شـەرعیە، هەر لەبەر ئەمەشـە ئەمـڕۆ لە زۆریـنەی دەسـتورە دیموکراسـیەکاندا ئەو گوزارشـت و زاراوانەمـان بەرچـاو دەکەوێـت کە بەشـداری گەل دەکەنە بنەمای درووست بوون و بەخشینی دەسەڵات بۆ نموونە، گوزارشـــتی (گەل ســـەرچاوەی دەســـەڵاتە) یەکـــێکە لەو

گوزارشتانەی لە زۆرینەی سیستمە پێڕەو دیموکراسیەکاندا بە شـــێوەیەکی ڕەســـمی لە دەســـتورەکانیاندا دروســـت نوسراوە و ئەمەش لە ڕووی مێژووییەوە وەک هەڵبژاردنی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە کە تیایدا فەرنسا بە گــوێرەی دەســـتوری ١٨٤٨ ئەو مـــافەی بـــۆ ســـەرجەم هاووڵاتیـان دابینکـرد و ئەڵمانیـان بە گـوێرەی دەسـتوری ١٨٧١ تەنهـا بـۆ پیـاوان بەڵام لە دوای جەنگـی جیهـانی یەکەمەوە ١٩١٤ ئیدی دەنگدانی گشتی بووە یەکێک لە سیما دیموکراسیەکانی سـەدەی بیسـتەم و ژنـان و پیـاوان بەبـێ جیـــــــــاوازی مومارەســــــــــەی کـــــــــــرد.[١٨]

---

[١٨] ڤیان مەجید،سیستمەکانی هەڵبژاردن و پرنسیپەکانی دەنگدان،چاپی دووەم ٢٠١٠

مەرجەکانی هەڵبژاردن ومافەکانی دەنگدان

١.مافی دەنگدان: زۆرگرنگە تایبەتمەندییەکانی مافی دەنگدان ڕوونبکرێتەوە لەوانە گشتی بێت، یەکسانی، شاراوە و ڕاستەوخۆ بێت , ئەمە بنەمایەکی سەرەکی دەنگدانە.

.مەبەست لەگشتی چی یە؟

واتا: دوورکەوتنەوە لەنەتەوە، ڕەگەز، زمان، ئاینزا، خوێندەورای، موڵکداری، پێگەی کۆمەڵایەتی، بیروڕای سیاسی، واتا هەمووان بێ جیاوازی لەگەڵ ئەمانەشدا دەبێ تەمەن دیاریکرابێت، وڵات، هاوڵاتیبوون. دوورکەوتنەوە لەبواری ئابووری، پلەی خوێندن، نەژادی، هتد.

٢.نهێنیبوونی دەنگدان واتا بە شاراوەیی دەنگ دەدرێ بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک بزانێت یان بیبینێت.

٣.ڕاستەوخۆیی لەدەنگدان واتا نوێنەری ڕاستەقینە ڕاستەوخۆ دیاری دەکرێت.

هەڵبژاردن یەکێکە لەئاستەکانی بەشداری سیاسی واتا بەشداری خەڵک لەهەڵبژاردن دەتوانرێت وەکو یەکێک

لەئاماژەکـــانی ئاســـتی بەشـــداری سیاســـی هاوولاتیـــان ئەژماربکرێت لەپڕۆسەی سیاسی ولاتدا.[19]
لەکۆتاییدا دەگەینە ئەوەی کە هەڵبژاردن بریتیە لەوجۆرە هەڵبژاردنەی کە دەنگدەران دەبەستێتەوە بەتوانای دارایی و ئاستی زانستی و ڕەگەزی مرۆڤە, ئەمەش پێ دەوترێت هەڵبژاردنی کۆتدار.

هەڵبژاردنی زۆر ململانێی هەیە ,کە ئەگەر دەنگ نەدەیت تووشی توندوتیژی دەبیت. تیۆری هەڵبژاردنی ڕاستەقینە بەماف و ئەرک ناوی دەبات , بەلام کاتەکانیان جیاوازە سەرەتا مافە و پاشان دەبێت بەئەرک.بەدەسەلاتێکی یاساییش ناودەبرێت، بەشداریکردن بۆ بەرژەوەندی تایبەت نییە ,بەڵکو گشتی یە، ئەمەش پێویستی بەیاسایەک هەیە بۆرێکخستن، بەو یاسا و سیستمە دەنگ دەدرێت چۆنیەتی دەنگدان، کاتی، تەمەن، ئەمە باشترین و سەرکەوتوترین تیۆرە بۆهەڵبژاردن لەکایەی پرۆسەی سیاسی ولاتدا.[20]

---

[19] د.حوسێن بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسی، و: ئەبوبکر رەشید کاروان، چاپی دووەم، چاپخانەی حەمدی، هەولێر

[20] حەسەن مستەفا گەزنەیی، بژار عبدالله ئەحمەد، سستمە سیاسیەکان،. سەرچاوەی پێشوو.

لە کۆتاییدا دەڵێن گرنگ نییە چ قەوارەو پارتێک دە یباتەوە و سـەردەکەویَ بـۆ دەسـەڵات , گرنکتـرین شـت کە دە بـیَ بکریَ دوای هە ڵبژاردنە ئەویش قبولکردنی دەرئەنجامەکان و جێبەجێکردنـی یەکسـانی و ڕێزگـرتن لەو گـروپەی کە دەرنەچووە و دەبیَ مافی کەمینەکان بپارێزرێت و سیستمە دیکتاتۆریەکـانی جیهـان لە پـێش چاومـان بێـت و عیـراق بە تایبەتی کە چۆن دیکتاتۆر سەدام دەیڕوانییە دەسەڵاتەکان و قۆرخی کردبوو بۆ حزبی بەعس , نابیَ ئەوە دوبارە بێتەوە , چونکە هە موو نـاڕەزاییەک لە هەر دەسـەڵاتێک بێت دەبیَ چارەسـەرەکەی هەڵبـژاردن بێـت و کەسـی دەسـەڵاتداریش نابیَ ئەوە لە بیر بکات کە هەڵبژاردن تەنها گەیشتن نییە بە پۆسـت و دەسـەڵات و ئەرکێکـی قورسـەو لە هە مـان کاتـدا گرانیش نییە ئەگە ر بەرنامەی بەرژەوەندی گشتی تێدا بە دی بکرێـت و بە رژەوەنـدییە تایبەتییەکـان بە لاوە بنرێـت , هەر گــروپەو خــاوەن پەیــرەو پرۆگرامــی خــۆیەتی بــۆ خزمەتکردن ناکرێت تۆ بۆ بانگەشـە بیکـوژێنیتەوە بۆ خـۆت چۆنت دەویَ , دەبیَ بۆ بەرانبەریش وابیَ و تۆزێک بۆ لای دەنگدەرانـدا بیشـکێنینەوە کە دەنگەکـان هـی هاوولاتیـانن و دەبێــت چاومــان لێــان بێــت و پاشــان بــا بەهــا

کۆمەڵایەتیەکانمان لە دەست نەدەین بە ئاسانی نەهاتوەتە ئاراوە ,چونکە هەر کۆمەڵگاو سستمێکی تایبەتی هەیە بۆ بەهاکان , وەک هەڵسوکەوت و رەفتاری تاکەکان کە رێکیان دەخات , پاشان رێزلێنان وخۆشەویستی , کە بە داخەوە لە کاتی بانگەشەکاندا ئەمە لاواز دەبێ , نالێن نامێنێت چونکە رێژەیی یە , هەروەها شەرم و هاوکاری و بەزەیی و دراوسێتی و بەشداریکردن لە خۆشی و ناخۆشیەکانی یەکتردا , رێز لە بیرو بۆچونی جیاواز چ سیاسی بێت یا ئاینی یا نەتەوەیی , هەروەها ئازایەتی و قوربانی دان لە پێناو خاک دا کە میللەتی کورد درێغی نەکردووە و خاوەن ئەو هەموو بەها پیرۆزانەیە بۆ کاری پێ نەکرێت , بۆ بەرژەوەندی گشتی .

گۆڕانی کۆمەڵایەتی

دیــارە دەســت نیشــانکردنی هەر(بابەتێــک ,کێشــەیەک ,دیاردەیەک,دۆزێـک) گرنگـی و کـاریگەری خـۆی هە یە لە سـەر تـاک و کۆمەلگـا بە سـەرجەم دام و دەزگـا کـۆمە ڵایەتیـیە – سیاسـیە – حکـومی و ناحکومییەکانیشـەوە , چـونکە هـیچ شـتێک لە سـەر ئاستێکی دیـاری کـراو جێگیـر نابێـت و گۆڕانکـاری بەسـەر دێت,جـا چ گۆڕانکـارییەک ؟ لەسـەر چ بنەمـایەک ؟و بە چ شـێوەیەک؟ هۆکارەکـان چـین ودەر ئەنجامیــان چــۆن دەبێــت ؟ هەمــوو کۆمەڵگاکــانی دونیا(جیهان) پێشـکەوتنیان بە خۆیـانەوە بینیوەو کۆمەڵگـای کـوردیش بەدەر نیـیە لەو پێشـکەوتنانەدا, بەڵام زۆر گـرنگە کە هۆشـیاری ڕەچـاو بکرێـت بـۆ هەر گۆڕانکـارییەک بـێ لایــانەو لایەنگیــری ,چــونکە دۆزی سیاســەتی ئێســتامان زینـدووە و تێکەڵـی ژیـانی ڕۆژانەمـان بـووەو دەکرێـت بە پلانێکـی گونجـاو و دارێـژراو مـامەڵە و پیـادە بکرێـت لەم قۆناغەی ئێستاماندا,ئەمەش ئەرکی هەموانە نەک تەنها تاک وخێزان و لایەنەکان گروپەکان...هتد.

بـۆیە بە گرنگـی دەزانـین لەم تـویژینەوەدا کە لایەنێکـی تیـۆری لە خـۆ گرتـووە تیشـک بخـرێتە سـەر لایەنەکـانی گۆڕانی کۆمەڵاتی بە زانینی ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیەشتن لە و واقیعە کۆمەڵایەتییەی کە تێدا دەژین بەبێ پێچ و پەنـاو هیچ لایەنگیرییەک.

هەروەهـا بایەخـدان بە گـۆڕانی سیاسـی و بە دواداچـون بە سـەر بەرنـامە و کـارو مـامەڵەکردن و ڕاسـت و ناڕاستەکانیشـدا ، بـاش و خراپەکانیشـدا چـونکە هەڵەیەکی یەکجار گەورەیە کە تەنها ئاماژە بە لایەنی پۆسیتیڤ بکرێت و لایەنەکانی دیکە پەراوێز بخرێن .

ئەتوانین بڵێین هەموو تاکێک (مرۆڤێک) بە پلە و بە قۆنـاغ گەشـەی کـردووە ,ئەمەش دەگەرێـتەوە بـۆ ژیـری و چالاکییەکانی مرۆڤ و کارکردنیەوە لە هەر شـوێنێک بێت .

گۆڕانی کۆمەڵایەتی. (هۆکارو دەرئەنجام)

گـــۆڕان لە ڕووی کـــۆمەڵایەتیەوە واتـــا گـــۆڕانی شـــتێک کەرەستەیەک بارودۆخێک کە پێشتر تیایدا بووە بۆ ئاستێک و شـێوازێکی نـوێ تـر یـا جیـاوازتر , ئەمەش بـزوتنەوە یـا جوڵەی تایبەتی خۆی دەبێت لەو گۆڕانکاریەدا.
زانایـــان پێناســـەی گۆڕانیـــان کـــردووە کە هەر یەک لەوانە مانای تایبەتی خۆی دەبەخشێ لە بوارە جیاجیاکاندا.(ڕۆنتال یودیـــف) پێناســـەی دەکـــات کە ئـــاوێتەبوون و جـــوڵە و گواســـتنەوەی شـــتەکانە لە بـــارێکەوە بـــۆ بـــارێکی دیـــکە [21].هەروەها گۆڕانی کۆمەڵاتی بریتییە لە هەر گۆڕانکارییەک لە بونیـــادی کـــۆمەڵاتی و ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانـــدا کە ڕوو دەدات ,هەنـــدی جـــار بەرەو پەرەســـەندن و پێشـــکەوتن

[21] م.رونتال یودیف,الموسوعه الفلسفیه, ت,سمیر کرم,دار الطلیعه,بیروت,١٩٨١,ص:١٢٦.

دەڕوات و بە پێچەوانەوەش وەک چۆن لە قەیرانە سیاسی و ئابوریەکاندا ڕوو دەدات .[٢٢]

کۆمەڵگاکان لە گۆڕانی بەردەوامدان بە خێرایی و دەچێتە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکاریانەی کە ڕوو دەدەن و دەبێتە هێمایەک بۆ گۆڕان و جیاوازی دەکات لە بونیاد و پەیوەندی و ڕێکخستنە کۆمەڵایەکاندا[٢٣].بۆمان دەرکەوت کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکە گۆڕانکاری دەکات لە بوارە جیاجیاکانداو لە بونیادی کۆمەڵایەتیەوە بۆ پارچەکانی دیکەی کە لق و یەکەی لێدەبێتەوە و ئەرک وکاری جیاواز لە خۆ دەگرن , ئەمەش بە جیاوازی دەبینرێت لە کۆمەڵگا پێشکەوتوو و دواکەوتوەکاندا جا چ پیشەسازی بێت یا کشتوکاڵی .[٢٤]

[٢٢] -عبد على سلمان,الانتروبولوجيا الاجتماعيه,مطبعه الجامعه,صلاح الدين, اربيل,١٩٨٤,ص:

[٢٣] دە.سميره احمدالسيد,مصطلحات علم الاجتماع,ط١,الشقرى,بيروت,١٩٩٧, ص:١٤٣.

[٢٤] د.حسين حميد احمد,التغير الاجتماعى والتنميه السياسيه فى المجتمعات الناميه ,١٩٨٨,ص:٧٨

ئەم شێوازە کاریگەری خۆی دەبێت و ئاوێتە بوونی نزیکە لە ژیانی ڕۆژانەی هاولاتیاندا وەک ئەوە بێت کە هیچ شتێک لە سەر ئاستێکی دیاری کراودا نامێنێت و گۆڕانی بە سەر دادێت , چونک گۆڕانی کۆمەلاتی لە بونیادی کۆمەلایەتیدا زۆر بەش و لایەن دەگرێتەوە بۆ نمونە لە کۆندا باس دەکرێت بیستومانە لە پێشینانەوە کە بە چ شێوەیەک سستەمی کۆمەلاتی گۆڕانی بە سەر هاتووە و ئاسایی بووە و هەندێ جاریش بووە بە کێشە, فرەژنی و فرەپیاوی گۆڕانی بە سەر هاتووە و بۆ تاک ژنی و تاک پیاوی و دروست کردنی خێزانێکی تەندروست ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە دیاردەکە بنبڕ کرابێت و قەدەغەبێت , بەلام ئەوەندەی سوود بۆ تاکەکە دەگەیەنێت زیانەکانی بەدەر دەکەون لە گەڵ ژیانی رۆژانەی خێزان و کۆمەڵگادا ,لە ڕوی سیاسیەوە سستەمەکان لە گۆڕاندان بۆ باشتر وەک ئەوەی لە عیراقدا ڕویدا لەسستەمێکی دیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی و فرەیی و فیدراڵی کە لە ٩/-٤/- ٢٠٠٣ دا پرۆسەی ئازادی گەلی عیراق بوو , یا لە پادشاییەوە بە کۆماری ئەمەو گۆڕان روو دەدات لە سستمە جیاوازەکاندا جا کۆمەلایەتی بێت یا سیاسی .

هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی

گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە حەزو ئارەزووو نایەتە ئاراوە , بەڵکو ڕوو دەدات ئەگەر بمانەوێ و نەمانەوێ , بۆیە کرنگە کە شیکردنەوە بکرێت بۆ نەگۆڕان کە چ شتێک ڕوو دەدات کە کۆمەڵگا لە سەر ئاستێکی پێشکەوتن ڕابوەستێت و جوڵە نەکات ؟ یا ئەگەر گۆڕانکاری بێتە ئاراوە چ ئاڵوگۆڕێک دەبێت و نەوەکان بە کۆن و نوێوە چۆن پێشوازی دەکەن و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن ؟

بۆیە دەپرسین گۆڕانی قووڵ و بناغەیی لە کوێ دایا؟ ئایا لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی یە یان لە ئەرک و رۆڵەکانداییە, لە بەهاکان و پەیوەندیەکاندایە ؟ ئەمەو کۆمەڵێک لایەنی بەرچاو لە خۆ دەگرێت کە گۆڕان سەرچاوەی پێشکەوتنەکانە .زۆر لە زانایان دەڵێن و وتویانە ویژدانی مرۆڤ بوونەکەی دیاری ناکات , بەڵکو بوونە کۆمەڵایەتییەکەی ویژدانی دیاری دەکات .[٢٥]

---

[٢٥] فوئاد تاهیر سادق,کۆمەڵزانی و کورد,چاپخانەی ژیار,سلێمانی

ئەگەر کۆمەڵگا دابەش بکەینە سەر دوو بەشدا بۆ ئەوەی بزانرێت کێ لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵایەتیە و کێ دژیەتی ئەوە بێشک و بێ یەک و دوو هەردوو بەشەکەی کۆمەڵگا لە ململانێن بۆ ئەوەی قۆشمەی ئەوە بکەن کە بە پەلە بڵێن ئێمە , ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت نەک بەش و لایەن و گروپ بگرە خێزان و تاکەکانی کۆمەڵگا بە هەموو رەگەزەکانەوە لە گۆڕاندان بۆ خودی خۆیان و خێزان و کۆمەڵگاکەیان , بۆیە ناکرێت هیچ کەس و لایەنێکی دیاری کراو گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە موڵک و تاپۆی خۆی بزانێت .

زۆر جار تاک گۆڕان دەکات لە ڕوخساری خۆیدا و شێوازی نوێ دەبینێتەوە و پیادەی دەکات , هەروەها بۆ لەبەر کردنی جل و بەرگیش , ئەمەش پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای سەردەمەو لە سەردەمی جیهانگیریدا دەبینرێت و لای زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگا ئاساییە و لای هەندێکیش نامۆیە , جا هەر چۆنێک بێت ڕوو دەدات . ئە گەر باسی گۆڕین بکەین ئەوە شتەکان یەکجار زۆرن و کۆتایی نایەت , لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ژیانی رۆژانەوە ناکرێت تیشک نەخرێتە سەریان , دکتۆر متعب مەناف دەڵێت ئەو کەسەی بە تاکی ئەکتیڤ دەژمێردرێت کە تێکەڵی ژیانی ڕۆژانەی

خەڵک بێت لە خۆشی و ناخۆشیەکانیاندا بە شداربێت ,کێ لە ئێمە بە زۆرینەی نەوەکانەوە (کۆن و نوێ) لە هاتنی ئامێری مۆبایلەوە ئامێرەکەمان نەگۆریوە , نەک نە گۆڕیوە یان گۆڕیوە, بەڵکو لەوانەیە ساڵانە بیگۆرین یا هەر ئامێرێکی دیکە بێت لە سەیارەوە تاوەکو کاتژمێری سەردەست , ئەوە باسی کەرەستەی ناو ماڵ ناکەین , کە بە چ شێوەیەک گۆڕانی بە سەر هاتووە و گۆراوە بۆ جوانتر وشێوازێکی نوێ و گونجاوی لە خۆ گرتووە , لە ڕووی دەروونیەوە زانایان وتویانە زۆر گرنگە لە نێو ماڵدا گۆڕانکاری بکرێت ماوەی جارێک لە ساڵێکدا بۆ نموونە ژووری نوستن و شێوازەکەی و ....هتد .

ئەمەو بەدەیان نموونەی دیکە لە گۆڕانکارییەکان بونیان هەیە و جا کەرەستەیی بێت یا کۆمەڵایەتی یان سیاسی. بەشی شێری گۆڕانکاریەکان نەوەی نوێ دەگرێتەوە و ناکرێت پشت گوێ بخرێن لە لایەن خێزان و دەسەڵاتەوە , بگرە خودی خۆیانیش بەشدارن لەو پرۆسەیەدا , چونکە پرۆسەکانی گۆران یەک لایانە نیە و دەستە گروپییە و تاک , بۆیە بەرنامە و پلان گرنگە بۆ گۆڕانکارییەکان و گونجاندن لە سەرووی هەمویانەوە دێت , کە چۆن

پێشوازی دەکەی و چۆن مامەڵەی لە گەڵدا دەکەیت و چۆن دەچێتە بواری پیادەکردن و جێبەجێکردندا.ئۆگست کۆنت باسی کۆمەڵناسی کردووەو دابەشی کردووە بۆ دوو بەش (social statics) جێگیربوونی کۆمەلایەتی و بۆ دیراسەکردنی سستەمەکانی کۆمەڵگاو (social dynamics) جوڵە یا بزوتنەوەی کۆمەلایەتی بۆ دیراسەکرنی گەشەپێدان و گۆڕانە ,کە هەردوو یەکسانە لە گرنگیدا و ناتوانین یەکێکیان لە وی دی جیابکەینەوە [٢٦].

ئەمەو زۆر لە زانایان باسی گۆڕانیان کردووە بە شێوازو بۆچونی جیاواز لە یەکتر . هیربرت سپنسەر باسی پەیوەندیی کردووە لە نێوان ڕەگەزە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵگادا و چۆن کاریگەری لەسەر یەکتر دەکەن و هەریەکەیان ڕۆڵی تایبەتی خۆی دەبێت و دەبنە هۆکاری سەرەکی بۆ تێگەیشتنی ئاڵوگۆڕاوەکان و گۆڕانکارییەکان کە لەسەر یەکەکان و کۆمەڵ ڕوو دەدات بە شێوەیەکی گشتی .,بە لام ئەمیل دۆرکایم بایەخێکی زۆر دەدات بە

---

[٢٦] د.احمد مصطفى خاگر, التغير الاجتماعى والتحديث,المكتب الجامعى الحديث, الاسكندرية

گـۆڕان لە زۆربەی کارەکانیـدا بە تـایبەتی لە دابەشـکردنی کـارلە کۆمەڵگـادا(the division of labour) کە کۆمەلگاکـان لە بـارودۆخی کـامڵبوونی میکـانیکییەوە دەچـنە کـامڵبوونی ئەنـدامێتییەوە .هەروەهـا کـارل مـارکس باسـی گـۆڕانی کـردووە لەزۆربەی نوسـینە سۆسـیۆلۆجیکانیدا ئە گەر لە هەموویا نەبێت و ڕاڤەکردن و هۆکارەکانیشی باس کـــردووە بـــۆ هەر گۆڕانکـــاریەک کە روو دەدات جـــا چ لە ڕووی (کـۆمەڵایەتی – ئـابووری – سیاسـی – مێژویـی)وە بێت .[٢٧]

ئەگەر بـــاس لە هۆکارەکـــانی گـــۆڕان بکەیـــن ئەوە چەنـــد تەوەرێک لەخۆدەگرێت

تەوەری یەکەم کۆمەڵایەتی بۆ نمـوونە گۆڕانی کـۆمەڵایەتی ڕوو دەدات لە چوارچێـوەی بـوونی مرۆڤدا بـۆ پیـادەکردنی ژیانی ڕۆژانەی و بیرکـردنەوە بۆ ئاینـدە و دواڕۆژ ,ئەمەش وادەکـــات کە لە قۆنـــاغی کلاســـیکیە وە بچێـــتە قۆنـــاغی پێشـــکەوتنەوە , ئەمەش زۆر جـــار لە لایەن پێشـــەواکان و بلیمەتەکانـدا بەدەرکەوتـووە کە ئاماژەیـان بە بـارودۆخێکی

[٢٧] هەمان سەرچاوە

زیندوو کردووە[٢٨] ئەم ئاماژەپێکردنە دەچێتە چوارچێوەی سەرکردایەتی کاریزماوە کە بە بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ناوزەن دەکرێت وەک شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی کە پاشان ئەو سەرکردەیە بزوتنەوەکە دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و کۆمەڵیش لە ژێر ئەو دەسەڵاتەدا دەهێڵێتەوە و بەکاریان دەهێنێت بۆ مەرامە تایبەتییەکانی خۆی و لە پڕۆژەیەکی تایبەتدا پیادەی دەکات کە زۆر جار زەرەرو قازانجی لێک جیاناکرێتەوە [٢٩]

هەروەها ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان بە پارتە سیاسی و سەندیکا پیشەییەکانیشەوە دەچنە چوارچێوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە بۆ نموونە ئەوگۆڕانە سیاسیە تۆکمەیەی کە بەسەر ڕژێمی پێشووی عیراقدا هات و سەدام حسێن بە شێوەیەک سزای خۆی وەرگرت و سەرجەم دام و دەزگاکان بە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و پەروەردەیی وعەسکەری و هتد.گۆڕانی بەسەر هات و گەیشتینە ئەم بارودۆخەی کە تێدا دەژین بۆیە میلەت بەردەوام پێویستی بە گۆڕان هەیە بۆ جێبەجێکردنی حەزو

---

[٢٨] معن خلیل عمرواخرون,مدخل الی علم الاجتماع ,جامعه بغداد

[٢٩] ڕەحیم سابیر, کۆردۆلۆجی, چ١,چاپخانەی داناز,سلێمانی

ئارەزووەکانی پێداویستییەکانی لە هەموو خزمەتگوزارییەک چ بۆ خۆی بێت یا خێزان یان کۆمەڵگاکەی , ئەگەر ئەمانەی کە باسکران پشت گوێ بخرێن یان نەکرێن ئەوە دەچێتە چوار چێوەی قەیرانێکی سیاسیەوە لە وانەیە ببێتە هۆکاری شەڕو کوشتاریش کەسی بەتوانا و لایەنی خاوەن ئەزموون و ئەمەکداری خاک و نیشتیمان دەبێت بەدواداچون بە خودی خۆی و بەرنامەکەیدا بکات کە تاچ ڕادەیە ک گونجاوو بە سوودە لە خزمەتکردنی هاوڵاتیاندا ئەگەر نا ئەوە دیوەکەی دیکە دەگرێتەوەو پێویستە چاکسازی بۆ بکرێت و چاک بکرێت ,چونکە سەردەمی جیهانگیری هەڵقوڵاوی پێشکەوتنەکانی جیهانەو ململانێ هێناوەتە ئاراوە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و لە سەر ڕیتمی کۆن و کلاسیک نامێنێتەوەو بەرەو پەرەسەندن و نوێبوونەوە دەڕوات . کە گرنگە هەموو لایەکمان کار لەو پێناوەدا بکەین بۆ سەر خستنی خاک و نیشتمانمان .

ئەگەر باس لە بزوتنەوی کۆمەڵایەتی بکەین ئەوە دیارە ستاتیک نییە , بەڵکو جووڵە کردن و نارەزایی دەربڕینە, ئەمەش لە بونیادی کۆمەڵایەتیدا بەدی دەکرێن کار دەکاتە سەر ئایدۆلۆژیا و بیر و بۆچونەکانیش , ئەمەش هەموو

کەسـێک نـاگرێتەوە کە دەبـنە هۆکـاری ئەوەی بیـر لە ئایدۆلۆژیای دیکە بکرێتەوە بۆ بەدیهێنانی خواستەکانیان و زۆر جـار پێداویستیەکانی تـاک و کۆمەڵگـا دەبـنە فـاکتەری سـەرەکی گـۆڕان کە گـۆڕانی کـۆمەڵایەتی لێـدەبێتەوە بـۆ نموونە بەرز بوونەوەی نرخـی شـتومەک دەبێتە هۆکاری نەگونجـان لە گەڵ مـووچەدا ,ئەمەش دوورکەوتـنەوەیەکە لە کرین و لەوانەیە پەنا ببرێتە بەر شتی دیکە [30]

بەڵام هۆکارە سیاسیەکان دەچێتە چوارچێوەی بیروبۆچون و ئایـدۆلۆژیاوە کە گەشـەو پەرەسـەندنی دەبێـتە گـۆڕان لەبـوارە جیاجیاکانـدا , لە دایـک بـوونی مـرۆڤەوە و لەو ژینگەیەی کە تێدا دەژی و ژیـاوە تێکەڵ بە کۆمەڵ دەبێت , ئەم هێزە کار دەکات بۆ گۆڕانی نمـوونەیی و ڕاسـتەقینە کە کـار دەکـاتە سـەر پەیوەنـدی وپرۆسـە و ڕۆڵ و سسـتەمە کۆمەڵایەتیەکاندا.[31]

هەروەهـا کـۆمەڵێ هۆکـاری دیـکە هەیە کە ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ دەبـنە هۆکـاری گـۆڕانی کـۆمەڵایەتی وەک شـۆرش,جەنگ, هۆشـیاری نەتەوەیـی کە زۆر جـار

---

[30] نبیل عبدالهادی ,علم الاجتماع التربوی, عمان

[31] حامد عبدالسلام الزهران ,علم النفس الاجتماعی

دەســـکەوتی بــاش و بەســـوود بــۆ کۆمەڵگــا بەرپــا دەکەن لەڕووی سیاســی و ئــابوری و کۆمەڵایەتیشــەوە,ئەمەو زۆر جــار هۆکــاری سیاســی کــاریگەری زیــاتر دەبەخشــێ لە گەشەســـەندن و ئیشـــکردنی سیاســـیدا ئەمەش بەڕوونـــی بەدیــار دەکەوێ لە میکــانیزمی پــارتە سیاســیەکان و چیــنە کۆمەڵایەتیەکانــدا بۆ چەسپاندنی پێگەی سیاسی خۆیــان لە کۆمەڵگــادا, ئەمەش هەنــدێ جــار دەچێــتە چوارچێــوەی پارتەکــــانەوە بـــۆ بەرژەوەنـــدی خۆیـــان و بە تـــایبەت بەکارهێنانی ئەو هەموو شتانە لەگۆڕانی کۆمەڵایەتی دا بۆ گەیشـــتن بە دەســـەڵات کە بەرنـــامەی ســـەرجەم پـــارتە سیاسیەکانە [٣٢]

مرۆڤ بەردەوام ئاوێتە دەبێت لە گەڵ ژینگەدا بۆ پاراستنی مــانەوەی خــودی خــۆی لەکۆمەڵــدا , بەردەوام پەیوەنــدیە سروشــتییە کۆمەڵایەتیەکــانی ڕووبەڕووی گــۆڕان دەبێــتەوە کە کولتــور دەیســـەپێنێ یــان مــرۆڤ دەیســـەپێنێتە ســـەر کولتوردا لەو هۆکارانە سروشتی یە کە شوێنگەی جوگرافی و زەوی و کەش و هەوا ش دەگرێتەوە, کە دەبــنە فــاکتەری

[٣٢] محمد احمد الزغبی,التغیر الاجتماعی بین علم الاجتماع البرجوازی وعلم الاجتماع الاشتراکی

ســـــەرەکی کـــۆچکردنی مـــرۆڤ,کە گـــۆڕانی گشـــتی بە جێدەهێڵێت لە ژیانی هاوولاتیاندا.فاکتەری دانیشتوان یەکێکی دیکەیە لە گۆڕانی کۆمەلایەتیدا واتا قەوارەو دابەشبوونی , هەروەها بەهاکان و فاکتەری پێداویستی بەشێکی دیکەن لەو هۆکارانە کە پێداویستیەکانی مرۆڤ دەبنە هۆکارێکی بێـــوێنەی گـــۆڕانی کـــۆمەلاتی,ئەمەو ناکرێـــت فـــاکتەری تەکنۆلۆجی باس نەکرێت کە هیچ کەسێک ناتوانێت لەگەڵ ئەو شـــالاوەدا ململانـــێ ی ئەوە بکـــات کە خـــۆی بە دوور بخاتەوە لە پێشکەوتنەکانی سەردەم لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.[33]

بـــۆیە ئەتـــوانین بڵـــێن گـــۆڕانی کـــۆمەلاتی جیـــاوازە لە کۆمەڵگـــایەکەوە بـــۆ ئەوی تـــر , ئەمەش دەگەڕێـــتەوە بـــۆ جیاوازی بیرکردنەوەو کولتور, بۆ شۆرشی پیشەسازی کە بارودۆخی کۆمەلایەتی گۆڕی بۆ دۆخێکی نوێ و کاراتر لە سستەم و داب و نەریت و بگرە بە ها کۆمەلایەتیەکانیشدا وەک بایەخدان بە کات و ئیشکردن و بونیادی خێزانی و کـــۆمەلایەتی و سیاســـی و ئـــاینی و ئابووریش,نەخشـــەی

[33] سناو الخولی,المدخل الی علم الاجتماع, دار المعرفه الجامعیه, الاسکندریه

جیهانی سیاسیش گۆڕانکاری بەسەرهات و پێگەی تاکیش لە جێگیرییەوە بەرەو گۆڕان گەشەی کرد لە سایەی شۆرشی پیشەسازیدا ,هەروەها پەیوەندی بەربڵاوی نێوان کۆمەڵگاکان بە هۆی پێشکەوتنەکانەوە هۆکاری پرۆسەی بە پەلەی ڕۆشنبیری و گۆڕانە بۆیە گۆڕانی دوێنێ جیاوازە لە گۆڕانی ئەمرۆدا بە شۆرشی تەکنۆلۆجی و کەرەستەکانی پەیوەندی کردن , هەروەها تێکەڵاوبوونی گۆڕانکارییەکان بە پێ شوێن و کات ,ئەم گۆڕانکاریانە چاوەڕوانکراوە لە هەموو دیاردەیەکدا , چونکە گۆڕانی ئەمڕۆ بە پلان و بەرنامەی گونجاوە و مەبەسدارە بۆ نوێبوونەوە کە کۆمەڵگا دروسکارێتی , بەڵام لە کۆندا هەڕەمەکی بووە و بێ بەرنامەی دارێژاو بووە هەر ئەوەش وایکردووە هاووڵاتیان ترسیان لا دروست بێت بە وێنەیەکی دیکە تێگەیشتنی پەیدا کردبوو لەمڕۆدا ئەستەمە مرۆڤ گۆڕان بە دیاردەیەکی نامۆ ئەژماربکات , چونکە پلەو پەرەسەندنی گۆڕانکارییەکان لە پەلەییدا وەکو تیشکی خۆر وایەی و بە ڕوونی میوانیماڵەکان بووەو هیچ ئەندامێکی کۆمەڵگا خۆی بە دوور ناخات تەنها سەرگەردان و نامۆکان نەبێت .

دەرئەنجـام بۆمـان دەرکەوت کە دیراسـە کردنـی گـۆڕانی کـۆمەڵایەتی مەحـاڵ نییە و لە هەمـان کاتـدا ئاسـانیش نییە بەهـۆی بەربـڵاوی گۆڕانکارییەکـانەوە لە هەمـوو بوارەکـانی ژیانــداو بە هەمــوو کــات و ســاتیەکانییەوە و مــرۆڤ لە ئەنجـامی پێشـکەوتنەکانەوە ملکەچـی گـۆڕانی کـۆمەڵایەتییە ,بۆیە گرانی بابەتەکە لە تەنگ و چەڵەمەی بابەتیانەدا خـۆی دەگـرێتەوەو گـرنگە تێگەیشـتنی تـۆکمە و بـاش هەبێـت بـۆ دیاردە گۆڕاوەکان لەهەر لایەنێکی ژیانـدا بێت ,لەبەر ئەوەی گۆڕان بە کتوپڕی نییە و بەڵکو بە پلەیە و بە شـوێن و کـات دەگۆڕێـــت بە هـــۆی جیـــاوازی ئایـــدۆلۆجیاوە, ئەمەش وایکـــردووە کە بڵـــێن گـــۆڕانی کـــۆمەڵایەتی گـــۆڕانێکی ڕۆشنبیرییە بە هۆی بەربڵاوی گۆڕانی ڕۆشنبیرییەوە .

بۆیە لە سۆسیۆلۆجیادا بایەخ بەگۆڕانی ڕۆشنبیری دەدرێت وەک ئەوەی کە بزانرێـت چـۆن کـاریگەری دەکـاتە سـەر ڕێکخســتنی کــۆمەڵایەتی ,هەر گۆڕانێــک لە بــارودۆخ و پەیوەنــدییەکی کــۆمەڵایەتی بێــت ئەوە تێکەڵبــووی ئەو هەڵوێســت و بــارودۆخەیە کە لە ژیــانی ڕۆژانەی تــاک و کۆمەڵگادا ڕوودەدات , بۆیە گۆڕانی کۆمەڵایەتی ڕێژەییە و ڕەهــا نیــیە , بە گشــتی گــۆڕانی کــۆمەڵاتی شــێوازێکی

نوێبــوونەوەی لە ئەســتۆ گرتــووە بــۆ گەشەســـەندن و بە پرۆسەیەکی کاراو ئەکتیڤ و پۆسیتیڤ دەژمێردرێت .

لە کۆتاییدا دەڵێن پرۆسـەی گۆڕانی کۆمەڵاتی پرۆسـەیەکی بەردەوامە و پێویسـتی بە هۆکـاری جۆراوجـۆرە بـۆ گـۆڕان بە پێی سروشتی بارودۆخی کۆمەڵگا و واقیعـی کـۆمەڵایەتی و ژینگەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا .

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان بریتیە لە پێکهاتەیەک لە ڕەگەزە جیاوازەکان(تاک، گروپ) کەجۆرە یەکێتیەکی گونجاویان هەیە بۆدەستنیشانکردن و خاوەنی خەسڵەتی ڕەگەزە بەدیهێنەرەکانیەتی.
هەروەها ئەتوانین بڵێین گروپێکی کۆمەڵایەتیە و خاوەن سنووری تایبەتی خۆیەتی، وە خاوەن کولتورێکی لاوەکی هاوبەشە بەمەبەست دامەزراوە لەپێناوی هەوڵدان بۆهێنانەدی ئامانجێک لەڕێگەی هەوڵ و کۆششی هاوبەشی ئەندامەکانیەوە

.

ڕێکخراوە دیموکراتیەکان ئامرازی کۆنترۆڵکردنی کارمەندانی دەوڵەتە و پێکهاتەیەکی خۆ هەڵسوڕێنەر و سەربەخۆن و ڕۆڵی پردێک دەبینن لەنێوان تاک و خێزان و دەوڵەتدا ئەمانە ڕێکخراوی جەماوەرین و پێویستیەکانی ژیان دروستیانی کردوون بۆ خزمەتکردنی خاک و

نیشـــــتیمان و لەپێنـــــاو بەرجەســـــتەکردنی ئـــــازادی و دیموکراسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا.

کۆمەڵی مەدەنی

کـۆمەڵگەی مەدەنــی ئەتــوانین بڵێـین هەرلەدوای ڕاپەڕیــنە مەزنەکەی ســاڵی ١٩٩١ وە لەکوردســتانی عیراقـدا گەشــەی سەندووەو هەنگاو هەنگاو چووەتە بـواری پراکتیزەکردنەوە و هاووڵاتیــان و ڕێکخراوەکــان، دەســەڵاتیش کاریــان بەو سســتمە دیموکراسـییە کـردووە تـاڕادەیەکی بـاش، چـونکە مانـاکەی بەیەک پێناسـە کۆتـایی پێنـایەت , بەڵکـو زۆر لەوە فراوانتر و گشتگیرترە، چونکە کۆمەڵگەی مەدەنی بریتیە لەو کـۆمەڵگەیەی کەئەنـدامەکانی ئـازادن و گـروپ و ڕێکخـراو ئەنجـوومەنی جۆراوجـۆر دروســت دەکەن بـۆ ڕاپەرانــدنی کاروبارەکانی ژیانی ڕۆژانەیان کە ڕوودەدات..

واتــا کۆبـوونەوەی خەڵـکە بـۆ چارەســەرکردنی کێشــە و گیروگرفتەکانیـان. واتـا بەشـدارییەکی سـەرفرازو خـۆبەخش لەلایەن هاووڵاتیــانەوە بـۆ ڕاپەرانـدنی ئـیش و کارەکانیــان ئەمەش دیموکراسیەتێکی ڕاستەوخۆی هاوڵاتیانە.

چەمکـــی کـــۆمەڵگەی مەدەنـــی یەکێـــک لەمەرجەکـــانی دامەزرانـــدنی سســـتمێکی دیموکراســـی ســـەقامگیرەو لەکۆمەڵێـــک دامەزراوە و ڕێکخراوپێـــک دێـــت کەدەبێـــتە کۆپرییەک لەنێوان دەسەڵات و کۆمەڵگادا.

هەربۆیە ناوەڕۆکی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێکخستنی خەڵکە لە کۆمەڵگـــاداو ئەکتیڤکـــردن و بەشـــداریکردنیانە لەچـــارەی خۆنوسـیندا، هەروەهـا دیـاریکردنی ژیانیـان بەسیاسـەتێکی بەرنامەدارێژ.

کۆمەڵگەی مەدەنی لەکۆمەڵێک ڕەگەز پێک دێت لەوانە:

١.بـــوونی دام دەزگاکـــان کەپەیوەنـــدی دارن بەدەوڵەتەوە نـــــــوێنەرایەتی بەرژەوەنـــــــدیەکانی هاووڵاتیـــــــانن لەبوارەجیاجیاکانـدا وەک(سـەندیکا، ڕێکخـراو) بەمەرجێـک ســـەربەخۆیی تەواو هەبێـــت لەنێـــوان ئەم ڕێکخـــراو و سەندیکایانەدا.

٢.پاراسـتنی مـافی هاووڵاتیـان لەبیروبۆچـونە جیاوازەکانـدا، وەک گوزارشت کردن، خۆشەویستی بۆ خاک، لایەنگیری و ئینتیما بۆ هەر ئایدۆلۆژیایەک، یا بەپێچەوانەوە.

٣. بەهێزکردنـــی دامودەزگـــا و ڕێکخراوەکـــانی کـــۆمەڵگەی مەدەنی کەئەمەش لەوانەیە لەتواناکانی دەوڵەت کەم بکاتەوە

لەپیـــادەکردنی دەســـەڵات دژی هاووڵاتیـــان، چـــونکە ئەم ڕێکخـــراوانە ڕۆڵـــی ناوەنـــد دەبیـــنن لەنێـــوان دەوڵەت و هاووڵاتیاندا، هەربۆیە ناکرێت هـاووڵاتی وا مامەڵەبکرێت کە نـامۆیە لەگەڵ دەسـەڵاتدا، لەبیـر دەسـەڵاتداران بچێـت کە نـوێنەری هاووڵاتیـانن و بەدەنگـی ئەوان خـاوەن پۆسـتن، چـونکە هـاووڵاتی سـەر بەگروپێکی گەورەیە و هەرلەوێـوە چارەسـەری کێشـەکانی حکومەت و دەسـەڵات دەکرێت بێ گەڕانەوە بۆیان یا پەڕاوێزخستنیان واتە تێکدانی بارودۆخی سیاسیوکۆمەلایەتی...

بنەماکـانی کـۆمەڵگەی مەدەنـی کـاریگەری تەواویـان هەیە لەسەر ڕەوشی کۆمەلایەتی و سیاسـی وڵات لەوانە بنەمـای ڕۆوشـنبیری کە پشـت بە بەهـاو بیـرو ئاڕاسـتە جیاجیاکـان دەبەسـتێت , هەروەهـا بنەمـای ئایـدۆلۆژی پشـت بەبیـرو بـاوەڕە ئـاینی وسیاسـیەکان دەبەسـتێت بەجیاوازیەکـانی هەریەک لەوبۆچونـــانە، بەڵام بنەمـــای سیاســـی پشـــت بەئـازادی و دیموکراسـی دەبەستێت بۆ هاووڵاتیان لەنێوان دەســەڵاتە جیاجیاکانـدا، ئەمە جـگە لە بنەمـای ئـابووری و سیاســی، کە هەریەک لەمــانەش تایبەتمەنـدی ئـابووری و یاسایی خۆی هەیە جیا لەوی تر.

گرنگی دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆسەربەخۆیی

١. دروستبوونی دەزگا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سنووری دەستێوەردانی دەوڵەت لەم پرۆسەیەدا.

٢. سەربەخۆیی دارایی بۆ دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

٣. سەربەخۆیی کارگێری وڕێکخراوەیی بەپەیرەوی ناوخۆییەوە.

٤. کۆمەڵگەی مەدەنی کاتێک کۆتایی پێدێت کەکۆمەڵگەی سیاسی دەست بەکارەکانی دەکات و ململانێی سەخت دەکات بۆگەیشتن بەدەسەڵات.

تێگەیشتن لەچەمکی کۆمەڵگای مەدەنی و کۆتاییهێنان بەم چەمکە ئەستەمە تاوەکو خوێندنەوەیەکی مێژوویی پەرەسەندنی ئەم تیۆرە نەکرێت کە بەململانێی ئایدۆلوژیاوە سەرچاوە دەگرێت کە کۆمەڵگە مرۆیەکان تێدا ژیاون لەنێوان سەرجەم هێزە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکاندا، هەربۆیە لە ژێر ئەم ململانێیەدا پەرەیسەندووە وەک لەبانگەشەکەرانی بورجواو دەرەبەگەکاندا پاشان لەنێوان بورجواو سوشیالستەکاندا.

ئەوجیـــاوازیە ئایـــدۆلۆژیانە هەوڵ دەدات لەڕاڤەکردنـــی چەمکەکـــانی سەربەســـتی و یەکســـانی و دادپەروەری و دەســـەڵات و دەوڵەت و دیموکراســـی دەتـــوانین بڵێـــین کـــۆمەڵگەی مەدەنـــی بـــریتیە لە بەشـــە ڕێکخراوەکـــانی کـــۆمەڵگەی گشـــتی کە بـــریتیە لە کـــۆمەڵگەی ئەنـــدامێتی هاونیشـــتیمانی، کەناســـنامەی ئەنـــدامێتی لەڕێکخـــراوە جیاجیاکانـدا هەبێـت کەواتە ئەم ڕێکخـراوانەی کـۆمەڵگەی مەدەنـــی لەســـەر بـــنەڕەت و بنەمـــای متمـــانەی تەواوی هاووڵاتیـــان دروســـت دەبـــن بەوپەڕیـــی ڕاســـتگۆیی و لێهـاتویەوە کـاردەکەن و چـاودێری ڕاسـتەقینەی وڵاتـن.[٣٤]

---

[٣٤] فاتح عبدالجبار، کۆمەڵگەی مەدەنی وەرچەرخانی دیموکراسی لەعێراقدا، و: ئاوات ئەحمەد، گۆڤاری مەدەنیەت، سلێمانی

دروستبوون و سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی مەدەنی

ئەم چەمکە زۆر کۆن نییە و بەڵکو نوێیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی چەرخی ئەوروپی نویَ(التنوير) سەردەمی گۆڕانکاریەکان کە لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەدا ڕویداوە، وەک گۆڕانکاریەکانی سستمی دەرەبەگایەتی بۆ سستمی سیاسیوکۆمەلایەتی، دروست بوونی سەرمایەداری و پڕۆسەی چاکسازی ئاینیی، هەروەها دەرکەوتنی بزوتنەوەی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی بەربلاو کەبایەخ دەدات بەمافی مرۆڤ و ئازادیەکانی. هەروەها دیاریکردنی ئیش و کاری دەولەت و سروشتی دەسەلات و میکانیزمی کارکردنی، لەگەڵ چۆنێتی ڕێکخستنی کاری دام ودەزگاکان لەچوارچێوەی دەولەتدا. ئەمەجگە لە دروست کردن و دیاریکردنی شێوازی پەیوەندیەکانی دەسەلات و خەڵک.

هەربۆیەکۆمەڵگەی مەدەنی جەخت لەسەر دوو بنەمای سەرەکی دەکاتەوە:

١.هاولاتی بوون (٢) دیموکراسیەت و چۆنیەتی پێگەیاندنی هاوولاتیان بۆئەوەی کۆمەڵگەیەکی ڕاستەقینەی دیموکراسی

بێت.قوتابخانەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چەند شێوەیەک لەخۆدەگرێت(جۆن لۆک) باسی لەقوتابخانەی یاسایی سروشتی دەکات لەسەدەی(۱۷.-۱۸) کەبایەخی دەدا بە جیاوازی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و یاسای سروشتی.
بەڵام قوتابخانەی هیگڵ و مارکس بەجیاوازیەکانیانەوە بایەخیان دەدا بەکۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەت.
لەکۆتاییدا دەڵێین کاتێک پێناسەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێت و دەبێتە باسی سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیران، دەبێت باس لەسەربەخۆیی دادگا و یاساو دەستوور بکرێت، لەگەڵ بیروبۆچوونی جیاوازەوە، واتا دەوڵەت پێی نابێتە قۆناغی بەدامەزراوەیی بۆ دام و دەزگاکانی.

ماف و ئەرکەکانی هاووڵاتیبوون

پەیوەندی ڕاستەقینەی نێوان تاک و دەوڵەت لە یۆنانی کۆندا بەشێک بووە لە چەمکی هاووڵاتیبوون،واتا تاکێکە لە دەوڵەت.لەنێو شار و دەوڵەتی یۆنانیدا هاووڵاتیبوون ڕەنگدانەوەی لە ماف و لە بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی هەبوو بۆ گرووپەکان و ئەرک هەڵگرتنی بارێکی گەورەبوو

بۆ پۆستی گشتی ئەگەر هەڵبژێرابایە ئەمەش بۆ کەمینەیەکی بچووک بوو لەو شارانەدا بۆ ئەو کوڕانە نەبوون کە سەر بە پاشاکان بوون بەڵام هاووڵاتیبوونی نوێ تێگەیشتن بۆی گۆڕاوە بۆ مافی گشتی بۆ هەمووان کە لەسەر بنەمای ماف و ئەرک،کە لە سەدەی ١٧و-١٨ سەری هەڵداوە بۆ مافی مرۆڤ بێ جیاوازی کە گفتوگۆی ڕۆژانەیە بۆ هەمووان. بۆیە دەپرسین ماف چیە و بۆ کێیە خۆشیەکانی چین؟ کام مافە سەرپشکمان دەکات بۆ ژیان؟ ئەمانە هەمووی پەیوەستە بە ڕاگرتنی باڵانسی تەواو لە نێوان مافی هاووڵاتیبوون و ئەرکەکانی.

واتا مافی ئیشکردن و خوێندن و ژیان و ئازادی دەربڕین و موڵکی کەسی و تا دەگاتە داواکاری مافی منداڵ بۆ خواردن و جل و بەرگ و لەوێوە بۆ دیاری کردنی باوانی منداڵ بۆ خواردن و چاودێری کردنیان،بۆ تەماشای تەلەفزیۆن و کەناڵەکان و ئەلکترۆنیات، بۆیە چەمکی ماف لەڕووی سیاسیەوە کەمتر دەوروژێنرێت لە ململانێ بۆ چەمکی یەکسانی یا دادپەروەری کۆمەڵایەتی.مارشاڵ باسی هاووڵاتیبوون دەکات لە کتێبی (المواطنة والطبقة الاجتماعية)کە ئەندامێتی تەواوی گروپەکانە کە لە مافە

مەدەنیەکـــانەوە دەســـت پـــێ دەکـــات کە ئەمـــیش مـــافە پێویستەکانە بۆ ئازادی تاک.

(دەستەبژێر)

دەســـتەبژێر یــان دەســـتەبژێر گرووپێــک لە تاکەکــانن یــان دەکـرێ بڵێـین دەســتەیەک لە تاکەکــانن لە نــاو کۆمەڵگــادا سەرهەڵدەدەن و هەرکام بەئاڕاستەیەکدا دەیانەوێ کۆمەڵگە بگـــۆڕن چ بە لای پـــۆزەتیڤەوە بێـــت یـــان نێگەتێڤ،بـــۆ ڕوونکـــردنەوەی ئەم وشـــەیە ئەم پێناســـانەی خـــوارەوە دەخەیـــنەڕوو: مرۆڤەکــان چ لە بــواری جەســتەیی یــان لە بواری فیکری و ئەخلاقی و زۆر لایەنـی ترەوە لەگەڵ یەکدا بەرامبەر نین و جیاوازیان هەیە،لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا لە هەرکام لە چین و توێژەکاندا گروپێک لە کەسانی لێهـاتووتر و وریـــاترن، شـــیاوترینی تاکەکـــانی نـــاو ئەو گرووپـــانە دەســــــتەبژێرکانی ئەو گروپـــــانە پێـــــک دەهێـــــنن. عەلیڕەزا قولی دەڵێت(لە ڕاستیدا سـەرجەم ئەو تیـۆرانەی کە بە شــێوازێک لە شــێوازەکان بە ململانــێ و مــانەوەی تاقمێـک لە نـاو دەسـەڵاتدا،یان ئـابووری و بوارەکـانی تـری کـۆمەڵگەدا کۆتـایی دێـن لەوە دەدوێـن کە کەسـانێک هەن

توانـای خۆگونجانـدنی زیـاتر، هـۆش و زیرەكـی و توانـاو لێهـاتووی زیاتریـان هەیە لەو مەیـدانەدا و دەگەنە لـوتكەی كـۆمەڵگەو بە واتـایەكی تـر باشـترینەكان دەگەنە لـوتكە. وشـەی دەسـتەبژێركان بە مانـای گەورەكان،بەهرەمەنـدانی ئەندێشە،كەسـ ـــــــــــــــایەتی و توانسـ ـــــــــــــتە بەرفراوانەكانی فكری و ڕێكخستن.

دەستەبژێركان بە گرووپێكی بچووك و داخراو لە تاكەكان دەوتـرێ كە لە توانـایی و توانسـتی زیـاتر بەهرەمەنـدن، لە زۆربەی كۆمەڵگاكانــدا دەسـتەبژێر حكومیەكــان زۆربەی بڕیــارە گرنگەكــان دەردەكەن،بە زۆری دەسـتەبژێركان بە هۆی دەست بەسەرداگرتنی سەروەتی كۆمەڵگاو ڕاگەیاندنە گشـتیەكان،دەتوانن هێـزو دەسـەڵاتی خۆیـان پیـادە بـكەن، ڕایـت میڵـز كۆمەڵناسـی ئەمریكـی بـاوەڕی وابـوو كە لە ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكادا دەستەبژێركانی دەسـەڵات پێكهاتوون لە ڕێبەرانی حكوومەت،سەربازە پایەبەرزەكان و هەروەها كۆمپانیا گەورەكان،ئەو لەسەر ئەو بڕوایە بوو كە ئەم ڕێـبەرانە بـۆ ڕاگـرتن و چـاودێری دەسـەڵات لەگەڵ یەكتــردا ڕێكــن و بە هەمــاهەنگی یەكتــرەوە كــار دەكەن.

جۆرەکانی دەستەبژێر

بەو پێیەی کە پێناسـەی دەسـتەبژێرکان لەسـەر دوو بنەمـای سەرەکی وەک ئۆتۆریتە(حاکمیەت) و دەسترۆشتوو تەفسـیر دەکرێت،بە مەبەسـتی پۆلێن کردنـی جۆرەکـانی دەسـتەبژێر دەکرێ ئەو دوو پێوەرەی سـەرەوە وەک پێوەری سـەرەکی وەربگرین،پێـــوەری یەکەمیـــان واتـــا حـــاکمیەت جیاگـــای سەرنجی ماکس ڤیبەر بووە،ئەو چەند خاڵەو چەند تێبینی تر سەبارەت بە ناوچەی جوگرافی و بزووتنەوەی ناسیۆنالیزم بەم شـــــێوازانەی خـــــوارەوە دابەش دەکـــــرێن.

١.دەســــــتەبژێرە تەقلیــــــدی و ئایینیەکــــــان.

ئەم جـــــۆرە لە دەســــــتەبژێرکان لەو حـــــاکمیەت و دەسترۆشتووییە بەهرەمەندن کە سـەرچاوەکەی لە پێکهـاتە کۆمەڵایەتیەکـــــان و ئایـــــدیاو بیروبـــــاوەڕە نەریتیەکاندایە،،ڕیشـەی لە ڕابردوویەکـی دووردایە و لەسـەر ڕێوڕەسمێکی کۆن و دوور و درێژ وەستاون.بەم شـێوازە ســـەرجەم هەڵبـــژاردە ئەرســـتۆکراتیەکان بە هەڵبـــژرادەی

تەقلیـــــدی دادەنـــــرێن چـــــونکە بەهـــــای نازنـــــاوی خانەدانەکان(Nobles)پێوەندیان هەیە بە ڕەچەڵەک و بن و بنەچەی ئەوانەوە،یان ئەوەی کە سەرۆک هۆزێکی تەقلیدی حـــاکمیەتی خـــۆی لەوە ئەزانـــێ کە جێنشـــینی دوابەدوای ســـەرۆکی پێشـــووتر یـــان خـــوایەکی ئەفســـانەییە،هەروەها دەشـــــکرێ دەســـــتەبژێر ئایینیەکـــــان وەک دەســـــتەبژێر تەقلیدیەکان سەیر بکەین لەبەر ئەوەی حاکمیەت و دەست ڕۆشتووی ئەوان پێوەندی هەیە بە ڕێزگرتن لە بەشێک لەو ڕاستیانەی کە لە دێر زەمانەوە بۆ مرۆڤ دەرکەوتوون یان ســـەر بە نەریتێکـــی دوور و درێـــژە کە بەهـــای خـــۆی وەرگرتووە.مـــاکس ڤێـــبەر لە کتێبی(ئـــابوری و کـــۆمەڵگە)دا بـــاس لە دەســـەڵاتداریەتی بـــاڵای تەقلیـــدی دەکـــات کە ئەم شـــێوازە لە تەقلیـــد لای مـــاکس ڤێـــبەر دەگەڕێـــتەوە بـــۆ ئەو بیروبـاوەڕە بـاوانەی سـەر بە پیـرۆزی ئەو نەریت و گەلەن کە لە کـۆنەوە بایەخیـان هەبـووە و ئەم شـێوازە لە تەقلیـد شـــەرعیەت دەبەخشـــێ بەو کەســـانە،وەک ڕاســـپێردراو کە کردەوەو ئەرکەکانی دەسەڵاتی مەعنەوی دەگوازرێتەوە بۆ سـەرجەم خـزم و خـێش و کەسـانی دەوروبەری،لە دیدگای ڤیبەرەوە هێزی کاریزمـایی بە پێچەوانەی هێـزی ئەقڵانـیەوە

که سـەرەتا دامەزراوەو ڕێکخـراوە کۆمەڵایەتیەکـان توشـی گۆڕانکاری دەکات و دواتر تێڕوانینە تاکیەکان دەگۆڕێت،بە پـێچەوانەوە هێـزی کاریزمـایی سـەرەتا ژیـانی ڕۆحـی دەگۆڕێت و دواتر لە دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکاندا گۆڕانکاری و وەرچەرخـــــــــان دروســـــــــت دەکـــــــــات.

٢.دەســـــــــــــتەبژێر ئایـــــــــــــدۆلۆژیەکان

ئەم جۆرەی دەستەبژێر پێکهاتوون لەو گروپ و کەسانە کە لە دەورووبەری ئایدۆلۆژییەکی دیاریکراو کۆبوونەتەوە یان ئەوەتا لە دروستکردن و ڕێکخستنی ئایدۆلۆژیەکی تایبەتدا بەشدارن،هەروەها دەکرێ ئەو گروپ و کەسانە لە ڕیزی ئەم جۆرە دەستەبژێردا دابنێین کە ئایدۆلۆژیەکی دیاریکراو بڵاو دەکەنەوە و پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن لە پێناو ناساندنیدا چـالاکی دەنـوێنن و دەکـرێ خۆشـیان گوتـاربێژ بـن،بەو شـێوەیە کە ڕایـت میڵـز دەڵێـت ئەم نوخبـانەش هەر وەک دەســتەبژێر کاریزماییەکـان وەک پێویســت بەشـێک نـین لەدەسـتەبژێرکانی دەسـەڵات.ئەم نوخبـانە دەتـوانن خـاوەنی دەســت ڕۆیشــتووی بــن بە بــێ ئۆتــۆریتەو حــاکمیەتی ڕەسمی،لێرەدا دەکرێ باس لەو دەستەبژێر نەیارانە بکەین کە یـان دەســەڵاتی حـاکم ڕەت دەکەنەوە یـان ڕەخـنەی

لێدەگرن.ئەم نوخبانە بە زۆری ئەو گروپانە دەگرێتەوە کە لە داهاتوودا دەبنە هۆی لایەنگیری دووبارە لە کردەوەی مێژوویدا.لەم ڕوانگەوە دەکرێ ڕەخنە ئاراستەی میلز و پەیڕەوانـــــی بکرێـــــت چـــــونکە ئەوان ڕۆڵـــــی "دژی دەستەبژێرکان"یان بە تایبەت لە کردەوەی مێژوویدا پشت گوێخستبوو.

٣.دەســـــــــــــتەبژێر ســـــــــــــەمبولیەکان

بەشێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە نوخبانە لە پۆلێن کردندا لە بیرکراون،ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەم گرووپە ئەرکی گرنگیان لەســـــەر شـــــانە،زۆربەی هەرە زۆری دەســـــتەبژێرکان لە تایبەتمەنـــدی ســـــەمبولیک بەهرەمەنـــدن و لە ڕاســـتیدا یەو کەسانەی لەم گروپانەی دەستەبژێردا دادەنرێن، لە ڕوانگەی ئەو کەســـانەوە کە پەیڕەویـــان لێـــدەکەن یـــان دژی ئەوان دەجـــــــــــولێنەوە لە بەهـــــــــــای ســـــــــــەمبولیک بەهرەمەندن،بەهاکان،ئایدیاکان،ســـەمبولەکان، بـــارودۆخی ئێستا،دامەزراوەکان،ئایدیا نوێیەکان، لە پرسە سیاسیەکاندا کۆدەبنەوە و ڕەنگدەدەنەوە،لەم نێوانەدا بەرپرس و ڕێبەرە مەعنەوی ڕۆحی و ئایدۆلۆژیەکان باشتر دەتوانن هەڵگری تایبەتمەنـــدی ســـــەمبولیک بن،نمـــوونەی ئەم جـــۆرە

دەستەبژێریە ئەو تاکانەن کە خاوەنی ڕەفتار،کردار،لای گەنجان، وەک قارەمان سەیریان دەکرێت و هەروەها وەرزشوانەکان،چونکە ئەم هونەرمەندانە بۆ گەنجان سەمبول و نوێنەری عەشق،لێهاتوویی، نەریت شکێنی، و سیفاتی لەم جۆرەن،ئەم جۆرە کاریگەرانە لە ڕێگای میدیاکانەوە بۆ سەر گەنجان دەگوازرێتەوە،لەم ڕێگایەوە جۆرە پەیوەندیەکی خۆشەویستی و لایەنگیری دروست دەبێت.

٤.**دەستەبژێری سیاسی** ئەزموونە مێژووییەکان ئەوەیان دەرخستووە کە سەرهەڵدان و پێشکەوتن یان ڕووخان و دارمانی هەر وڵاتێک بە دەستەبژێر سیاسیەکانەوە پەیوەستە،هزرو ئەندێشەی ئەم بەشە لە دەستەبژێر لە بەڕێوەبردنی پرۆگرامە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانداو چۆنیەتی هێنانەدی ویست و داخوازیەکانی خەڵک و گەل بە ڕادەیەکی دیاریکراو و چارەنوساز،کاریگەری هەیە،لە کۆمەڵگەی پیشەسازیدا ڕۆژئاوادا گروپی دەستەبژێری سیاسی وەک گرووپێکی ڕەسمی کە بەشێوازێکی یاسایی هەڵبژێردراون پێناسە و شرۆڤە دەکرێن،ئەمە لە کاتێکدایە کە گروپی دەستەبژێر لە وڵاتانی بەردەم گەشەدا بە تایبەت

ولاتــانی جیهــانی ســێهەم لەگەڵ پێناســەی زانایــانی وەک پاریتۆ موسکا کە چەمکی گروپی دەستەبژێری سیاسیان وەک چەمکێکـــی بنەڕەتـــی هێنـــاوەتە نـــاو زانســـتی کۆمەڵایەتیەوە یەک دەگرێتەوە.[٣٥]

[٣٥] کەریم قادر پور، دەستەبژێرو گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان، چاپی یەکەم ٢٠٠٩

تیۆری دەستەبژێر

میتۆدی دەستەبژێر لە تویژینەوە سیاسیەکاندا بڵاوبووەو شیکردنەوەی بەراوردکاری دەستەبژێر، بەدرێژی کات و شوێن،بوو بە یەکێک لە بایەخپێدانەکانی تویژەران لە گۆڕەپانی سیاسەتی بەراوردکاری، شیکردنەوەی دەستەبژێر وەک پێکۆڵییەک(تحدی)ی میتۆدی یاسایی دادەنرێت،کە پێدادەگرێت لەسەر ڕەفتاری ژمارەیەکی تا ڕادەیەک بچووک لە دروستکەرانی بڕیار،نەک دامەزراوەی فەرمانڕەوایی،هەرچۆن پێکۆڵ(تحدی)ی میتۆدی گروپ دەکات لەو ڕووەی کە دەسەلات و کاریگەری تاکە گروپێک بۆ خۆی نیشان دەدات(واتە ئەوانەی کە بڕیار دروست دەکەن) هەروەها لایەنگرانی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە وەک جێگرەوەیەک بۆ شیکردنەوەی چینایەتی کە خوودی تویژێکی کۆمەلایەتی وەک پسپۆڕی بۆ لێکۆڵینەوە وەردەگرن و بە کرۆکی سەرکردایەتی سیاسی دادەنێن،گووتەی بنەڕەتی لە شیکردنەوەی دەستەبژێردا ئەوەیە کە هەموو کۆمەڵگەیەک بەسەر دوو تویژدا

دابەشدەکرێت:فەرمانڕەوا(الحاکم)و وە بەرفەرمان(المحکوم) فەرمانڕەواکان ژمارەیان کەمە و خاوەنی هێزن و بڕیاری گرنگ دەردەکەن کە گاریگەرییان لەسەر ژیانی کۆمەڵگە هەیە گروپێکی یەکرتووی پێکەوەبەستراوی لەسەر ژیانی کۆمەڵگە هەیە، گروپێکی یەکگرتووی پێکەوە بەستراوی هوشیار دروست دەکەن،کە بەهۆی ئینتیمای خێزانی،یان کۆنترۆلکردنی سەرچاوەکانی بەرهەمهێنان یان بەرجەستەکردنی بەهای ئایینی،یان کۆمەڵایەتی باو، یان بەرزی ئاساتی زانین،یان بوونی لێهاتووی دیاریکراو تیایاندا.توانای کۆنترۆڵکردنیان دەبێت.ئەگەر تویژەر تیشک بخاتە سەر ئەم گروپە،ئەتوانێت بەشێوەیەکی زۆر چاک لە شێوازی کارلێکردنی سیاسی لە کۆمەڵگادا تێبگات،بەڵام بەرفەرمانەکان(محکومین) کە زۆرینەن و بەشداری ناکەن کاریگەریش نین،لە پڕۆسەی دروستکردنی بڕیار لەسەریان گوێڕایەڵ و پەیڕەوکەر دەبن.[٣٦]

[٣٦] تیۆری دەستەبژێر، کەمال ئەلمەنوفی، و: سۆران ئەحمەد گۆڤاری نۆڤین ژمارە ١٥

بنەماو ئاڕاستەکانی شیکردنەوەی دەستەبژێر.

ڕەگەکـــانی تـــوێژینەوەی دەســـتەبژێریی دەگەڕێـــتەوە بـــۆ نووسـینەکانی(ئەفلاتوون و ئەرسـتۆ) میتـۆدی دەسـتەبژێری قالبی نەگرت لەسـەردەی نوێدا نەبێت،ئەمەش بە بەشـداری ژمـارەیەک بیرمەنـدو نووسەر.(سـان سـیمۆن) یەکەم کەس بوو هێڵە گشتیەکانی شیکردنەوەی دەستەبژێری دانا، کاتێک کـۆمەڵگەی وەک هەڕەمێـک تەماشـاکرد کە لە لوتکەکەیـدا دەســـــتەبژێری سیاســـــی هەیە لەبەر ئەوەی دەســـــتەبژێر ڕاسـتیەکی حاشـا هەڵنەگربـووە بـۆ هەر کۆمەڵگەیەک(سـان سـیمۆن) وای بینـی کە چاکسـازی لە هەر سیسـتەمێکی فەرمـــانڕەوایی لە ڕێـــگەی گـــۆڕانی دەســـتەبژێرەوە نەبێت،نابێت، بەو پێیە ئەرکی فەرمانڕەوایی بدرێتە دەست زانـا و هونەرمەنـدەکان گەورە پیـاوانی پیشەسـازی، ئەو کارەی کە قەناعەتەکت دەردەخات بە پێویستی پشتبەستنی دەستەبژێری سیاسـیە لەسـەر ئامادەگیەکـان نەک ئینتیمـای خێزانـی دەخـاتە ڕوو.(هیـولیتی) حـاڵەتی سیسـتمی سیاسـی فەڕەنسـی پێش هەڵگیرسـانی شۆڕشـی فەڕەنسـی لە سـاڵی

١٨٧٩ز لێکـداوەتەوە لە ڕوانـگەی دەسـتەبژێر،کە بەچینـی فەرمـانڕەوا یـان چینـی نایـاب نـاوی بـردووە(کە لە پاشـا و خانەدانەکان و پیاوانی ئایینی پێک هـاتوون) و وای دانـا کە ڕەفتـاری ئەمـانە لە بنەڕەتـدا بەرپرسـیارە لە هەڵگیرسـانی شۆڕشدا. نوسەرێکی تـر کە نـاوی(لودڤیک جیمبلوکس) بۆ ئەوە چـووە کە دەوڵەت لەوە تێناپەڕێـت کە باڵادەسـتی کەمیـنە بێـت بەسـەر زۆریـنەدا. ئەم کەمیـنەیە، وەک دەسـتەبژێری سیاسی،پشـت بە فـاکتەری بـایۆلۆجی دەبەستێت، کە لە باڵادەستی عەقڵیە بەسـەر تاکەکـانی تـری کۆمەڵگادا خۆی دەنوێنێت.

میتۆدی دەستەبژێر لەنێوان لایەنە باش و خراپەکانیدا

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت قسە لەسەر ژمارەیەکی زۆر لایەنی باشی شیکردنەوەی دەستەبژێری بکەین. ١.میتۆدی دەستەبژێر بەوەی کە لە پێکهاتەی دەستەبژێر و ئامانجی ئەندامەکانی و ڕۆشنبیری سیاسیانە لەخۆ دەگرێت،بە ئەلتەرناتیڤێک بۆ شیکردنەوەی یاسایی/ ڕەسمی دەژمێردرێت.توێژینەوەی هەڵسوکەوتی خاوەن هێزەکان یارمەتی تێگەشتنی قوڵتر و وردتری ڕەفتاری سیاسی دەدات سەرباری ئەوەی کە شیکردنەوەی دەستەبژێری زۆر گرنگی بە لایەنەکانی دەرچووەکان دەدات.(سیاسەتەکان و بڕیارەکان) نادات، بەڵام پرسیار دەوروژێنێت و وەڵامی پەیوەدنیدار بە تێچووەکانی(المدخلات) دروستکردنی سیاسەت پێشکەش دەکات تیشک دەخاتە سەر بکەرە سیاسیەکان، واتە ئەوانەی کە دامەزراوەکان دروست دەکەن و دەستورەکان دادەنێن

ئەوانەی کە پـــــلان دادەڕێـــــژن و بڕیـــــار دەدەن.
٢.ئەم میتـۆدە تـا ڕادەیەکـی زۆر ڕێـگە بە کـۆنترۆڵکردنی کرۆکـی لێکـۆڵینەوەکە دەدات لە ڕووی جەختکردنـی لەسـەر خـودی گـروپەکە لە نـاو سیسـتمی سیاسـیدا بە جۆرێـک وادەکـــات شـــیکردنەوە قـــووڵەکە و پێـــوانەکە لە حکــــــومکردنەوە شــــــیاو بێــــــت.
٣.توانـای پراکتتیزەکردنـی هەیە لە چوارچێوەیەکی فراوانـدا بەهــۆی بــوونی دەســـتەبژێرەوە لە تێکــڕای سیســـتمە سیاسیەکاندا:دیموکراسـی یـان نادیموکراسـی مـۆدێرن یـان تەقلدیـــدی یـــان گواســـتراوە، ئـــاڵۆز یـــان ســـادە.
٤.بانگەشـــەکەرانی میتـۆدەکە ڕۆڵێکـی گەورە دەدەنە پـاڵ دەســـتەبژێر لە هێنـــانەدی سیاسەتناســـیەکی بـــێلایەن و بـــابەتی،کە وای بـــۆ دەچـــن شـــیکردنەوەی دەســـتەبژێری بەشێکە لە شیکردنەوەی زانستی فراوان بۆ کۆمەڵگەو ڕۆڵـی سیاســەت تیایـدا،پێچەوانەی فەیلەسـوفە سیاسـیەکانەوە،کە تێڕوانینێکـی فەلسـەفەیی و ئاکارییـان بـۆ سیسـتمی سیاسـی خسـتنەڕوو بەبێ گەڕان بەدوای نەگۆڕەکانـدا لە کـۆمەڵگەی مرۆیـدا. نووسـەرانی دەسـتەبژێر جەخـت لەسـەر ئەوە دەکەنەوە کە شـــیکردنەوەیەکی زانســـتیان بـــۆ سیســـتمی

سیاسی خستۆتەڕوو،کە پشت بە میتۆدی مێژووی و تێبینی و ڕووپێوی کۆمەڵایەتی دەبەستێت و ئامانجی دۆزینەوەی یاسا گشتیەکانە کە فەرمانڕەوایی ئەم سیستمە دەکات وەک یاسای ئاسنینی ئۆلیگارشی کە مشێلز دایڕشت جێی بیرهێنانەوە ئەم یاسایە بە هیچ شێوەیەک کاری بەسەر دادپەروەری یان ئاکاری سیستەمی سیاسیەوە نیە.مشێلز دەڵێت: یاسای ئۆلیگارشی وەک هەر یاسایەکی سۆسیۆلۆژی تر،چاکە و خراپە و تێدەپەڕێنێت و ئەرکی زانست ئەوە نیە بەدوای ئەوەدا بگەڕێت کە دیادەکە چاکە خراپ. سەرباری ئەو لایەنە بەهێزانە کەمی تویژینەوە سیاسیە کار پێکراوەکان کە لە چوارچێوەی دەستەبژێردا بەکارهاتوون،تێبینی دەکرێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ یاستەنگی شاراوە لە میتۆدەکە خۆیدا کە گرنگترینیان:

١.ناڕوونی فکریە بەشێوەیەکی گشتی کە ئەدەبیاتی دەستەبژێری پێ جیادەکرێتەوە.چەمکە بنەڕەتیەکانی وەک دەستەبژێر و هێز و دەسەڵات و توانا هێشتا پێناسەیەکی ورد نەکراون وجیاوازی نێوانیان ڕوون نەبۆتەوە، بە جۆرێک ڕێگە بە بەکارهێنانی بدات لە بونیادنانی تیۆری دەستەبژێردا. ئەوەی وامان لێدەکات کە سەرمان

سـوڕبمێنێت، ئەوەیە کە بەڕاستی تـوێژەران لەسـەر خـودی پێناسـەی دەستەبژێر جیاوازییـان هەیە. بۆ نموونە(هارولـد لاسوێل) سێ پێناسەی بۆ دەستەبژێر خستەوەتە ڕوو:(ئەو کەمیــنەیە کە گەورەتــرین بەش لەهەر بەهــایەک بەدەســت دەهێنێت)(ئەو کەساقنە لەخۆ دەگرێت کە گەورەترین بەشی هێزیـــان هەیە لە گروپـــدا)(بە ســـادەیی کەســـە خـــاوەن دەســـەڵاتەکان لە خـۆ دەگرێـت)(ڕایـت میلـز) قسـە لەسـەر دەستەبژێر دەکات و مەبەستی لێی بازنە ئابوری و سیاسی و سەربازیەکانە کە بەیەکدا دەچن و بەشداری لە دەرکردنی ئەو بڕیـــارانەدا دەکەن، کە بە لایەنـــی کەمەوە کـــاریگەری لەســـەر ئاســـتی نەتەوەیـــی بەجێـدەهێڵن.(جیریاینت بــاری) دەســـتەبژێر وا پێناســـە دەکـــات کە کەمینەیەکـــی بچـــووکە ڕۆڵێکـــی کـــاریگەر لە کاروبـــاری و سیاســـی کـــۆمەڵایەتی کـۆمەڵگەدا دەگێڕێت.(سـۆزان کیلۆ)مەبەسـتی لە دەسـتەبژێر کەمیـــنەیەکە لە تاکەکـــان خزمەتـــی گروپێـــک دەکەن، بە جۆرێـک،کە گروپەکـان خـۆی پێـی ڕازییە.(ڕۆبـرت داڵ) وا دەستەبژێر دەبینێت کەمینەیەکن لە تاکەکان فەزڵیان زاڵە لە حـــاڵەتی جیـــاوازی لایەنگریکردنـــدا دەربـــارەی پرســـە سەرەکیەکان لە کۆمەڵگەدا.

٢.زەحمەتی دیاریکردنی ئەندامەکانی دەستەبژێرو هەروەها زەحمەتی کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی تایبەتمەندیە کۆمەڵایەتی و کەسیەکانیان.کێشەی تەفسیرکردنی ڕاڤەی سیاسی دەستەبژێر پەیوەستە بەم خاڵەوە.توێژەر چۆن باکگراوندی کۆمەڵایەتی ئەندامانی دەستەبژێر دەبەستێتەوە بەکاری سیاسی ئەوانەوە؟ هەتا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی ماددی بەدەستەوە نیە لەسەر ئەوەی باکگراوندی کۆمەڵایەتی ڕەفتاری سیاسی دیاری دەکات.[٣٧]

١٩٧٥ باسی خۆشی ئاژەڵ دەکات کە ئەوانیش بوونەوەرن و هەست بە ئازاردان دەکەن هەروەها باسی بەرژەوەندیەکانی مرۆڤ و ئاژەڵ دەکات بۆ یەکتر واتا مامەڵەکردنی باش و تەندروستیان لەگەڵ بکرێت بێ ئازاردانیان.

---

[٣٧] گۆڤاری نۆڤین ژمارە ١٥ ساڵی ٢٠٠٩

بەشی سێهەم

دەوڵەت و سیستمی فیدڕاڵی

دەوڵەت

گروپێکە لە تاکەکانی کۆمەڵ پیادەی چالاکیەکانیان دەکەن لە سەر هەرێمێکی جوگرافی دیاریکراو و ملکەچی سستمێکی سیاسین بۆ کاروباری هاووڵاتیان .

هەروەها دەوڵەت سەرپەرشتی چالاکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی دەکات کە ئامانجی پێشکەوتن و چاککردن و باشکردنی ئاستی ژیانی هاووڵاتیانە , ئە م چالاکیە بێگومان جیهان دەگرێتەوە کە کۆمەڵێک دەوڵەت لە خۆ دەگرێت بە سستم و شێوەی جیاوازەوە .

دەوڵەت : کۆبونەوەیەکی سیاسیە کیانێکی سەروەری دادەمەزرێنێ لە چوارچێوەی هەرێمێکی دیاری کراودا و پیادەی دەسەڵات دەکات لە چوار چێوەی ڕێکخراوێک لە دام و دەزگاکاندا.

بۆیە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەوڵەت پێک دێت لە (هاولاتیان – هەرێم – حکومەت – سەروەری) لە گەڵ دانپێدان بە دەوڵەت کە کەسێتی یاسایی لە خۆ دەگرێت . چەمکی دەوڵەت ئاماژە پێکردنی کۆمەڵێک شتە لەوانە کۆمەڵێک لە دام و دەزگاکان یەکەیەکی هەرێمی کیانێکی

مێژووی،بیرۆکەیەکی فەلسەفی، لە زمانی ڕۆژانەدا زۆر جار تێکەڵاوبوونێـــک دروســـت دەبێـــت لە نێـــوان دەوڵەت و حکـــومەت،هەردوو چەمـــکەکە بەکاردەهێنرێـــت لە شـــوێنی یەکتر،زۆر جار شێوەی حکومەت بینراوە و دۆزراوەتەوە لە نێو گروپە گەورەکاندا چونکە دەوڵەت شێوەیەکی نوێیە لە چـاو حکـــومەت بـــۆیە پەیوەنـــدی نێوانیـــان ئـــاڵۆزە،چونکە حکـــومەت بەشـــێکە لە دەوڵەت و بە باشـــترین گرنگتـــرین بەشی ئەژمار دەکرێت.

دەوڵەتـــی نـــوێ بەهێـــز و گشـــتگیرە و سروشـــتی دەبێـــتە پـــارچەیەکی ناوەنـــدی لە گفتوگـــۆی سیاســـی ئایـــدۆلۆجی ئەمەش ڕەنگـــــــدانەوەی دەبێـــــت بە پـــــلەی یەکەم لە یەکەم/جیاوازیەکـــان لە سروشـــتی دەســـەڵاتی دەوڵەت و بەرژەوەندیەکانی واتـا تیۆرییەکانی دەوڵەت و کێبڕکێکانی.

دووەم/ هەندێ جیاوازی قوڵ هەیە لەسەر ئەرکێتی و ڕۆڵـی ڕاســتەقینەی دەوڵەت کە دەبێت چـی بکـات و چـی واز لـێ بێنێت بۆ تاکەکانی دیکە.

تایبەتمەندیەکانی دەوڵەت:

١.-پیادە کردنی سەروەری : دەوڵەت خۆی خاوەنی هێزی باڵایە کە پەیوەست نییە بە کۆمەڵگاوە , بۆیە بەرزدەبێتە وە سەر سەرجەم ڕێکخراو و گروپەکاندا , هەر بۆیە هۆبز بەوە باسی دەکات کە دڕندەیەکی گەورەیە .

٢.- سروشتی گشتی دام و دەزگاکانی دەوڵەت : ئەمەش بە پێچەوانەی ریکخراوەتایبەتیەکانی کۆمەڵگای مەدەنیە

٣.- گوزارشت کردن لە شەرعیەت : نەریتێکە مەرج نییە بەبەردەوام پێویست بێت , ملکەچ بونی هاوڵاتیان بۆ بریارەکان , گرنگ گوزارشت کردنی بریارەکانە بۆ بەرژەوەندی زۆرینەی کۆمەڵگا .

٤.- دەوڵەت کەرەستەی هەیمەنەتە: دەوڵەت هێزی بە زۆری هەیە بۆ گرنتی ملکەچ بوون بە بریارەکانی و سزادانی سەرپێچی کەران وەک ڤێبەر دەڵێ دەوڵەت کەرەستەی توندوتیژی شەرعی لایە لە کۆمەڵگادا.

٥.- سروشتی هەرێمی دەوڵەت :دەوڵەت گرتبونەوەیەکی هەرێمیە و ئاوێتەیە بە هەرێمی جوگرافیەوە لە سنورێکی

گونجـاودا کە دەوڵەت پیـادەی کارەکـانی لە سـەر ئەنجـام دەدا.

دروستبوونی دەوڵەت

کۆمەڵێک تیۆر هەیە باس لە چۆنیەتی دروستبونی دەوڵەت دەکات لەوانە:

١.-تیـۆری خواوەنـدی :خـاوەن ئەم تیـۆرە پێـان وایە کە دەوڵەت دەگەرێـتەوە بـۆ پەروەردگـار و مـرۆڤ تەنهـا فاکتەرێکە و هیچ پەیوەندیەکی پێوە نیە و بەڵکو خودا خۆی دادوەری بۆی دیاری کردوە کە کاروبارەکانی بەرێوەبەرن.

تیۆری ئایینی (تیۆکراتی):

زۆرێک لەکۆمەڵەکان وایان دەبینو دەیان ژمارد کەئیرادەی خواوەنـد هۆکـاری سـەرەکیو راسـتەوخۆیە بۆدروسـت بوونی دەوڵەتو یاسا دانانەکانی ئەوەی گرنگە لەم تیۆرەدا بەدی بکەین ئەو تێڕوانینە پیرۆزکردنەی دەوڵەتو فەرمان ڕەوایە، فەرمـان ڕەوا بەلایـانەوە سـێبەری خـودایە لەسـەر زەوی پاشـان ڕەوایەتـی دەوڵەت دەگەڕێـتەوە بـۆئەوەی کەسیسـتەمێکی پیـرۆزەو خـواوەن سـەپاندوویەتی بـۆ بەجێهێنانی مەبەست لەژیانی کۆمەڵایەتیدا بۆیە بۆ هیچ

کەس نیە لەم بازنەیە دەربچێت یان هەستێت بەهەر جۆرە گۆڕانکارییەک، بەڵام یەک ئایینی دەشێت ببێتەهۆی دروست بوونی دەوڵەتێک لەژمارەی نەتەوەکان، هەموو دەوڵەتێک کەبەهۆی ئایینەوە لەنەتەوەی جیاواز جیاواز پێک هاتووە، ئەوە ململانێی نەتەوەی کەرتو پەرتی دەکات تائەودەمەی هەموو نەتەوەکانی ناوی سەربەخۆ دەبن، واتا بێگومان هۆکاری کۆمەڵایەتی بەسەر هۆکاری سیاسیدا سەردەکەوێت.

٢.تیۆری هێز : خاوەن ئەم تیۆرە پێیان وایە دەوڵەت لەڕوانگەی دەسەڵاتی بە هێزەکانەوە دروست بووە بە سەر بێ هێزەکاندا, چونکە زۆرینەی ئەوانەی گەیشتونە بە دەسەڵات پشتیان بە هێز بەستووە و ترسی هاووڵاتیانیان قوستوەتەوە لە دڵەراوکێ و جەنگەکان و خۆشەویستیان بۆ ئاسایش و جێگیری کە ئەمەش پاڵنەرێکە بۆ دروستبونی دەوڵەت .

٣.-تیۆری سروشتی : بنەمای ئەم تیۆرە پشت بە سروشتی مرۆڤی کۆمەڵاتی دەبەستێت , چونکە مرۆڤ ناتوانێ بە تەنها بژێ و دوور لە تاکەکانی هاورێ بێتەوە و دەبێت

ئـاویّتە بیّـت و پاشــان گروپەکـان ئـارەزووی ســەرکردەو دەسەڵات و دوای دەوڵەت .
٤.-تیـۆری گریبەسـتی کۆمەڵایەتی: خـاوەن ئەم تیۆرە وای دەبیـــنن کە تاکەکـــانی کۆمەڵگـــا گردبـــونەتەوە لەســـەر دروســــــتبوونی دەوڵەت لە روانــــــگەی گریبەســــــتی ریکەوتنەکانیانەوە , واتـا گەل حـوکمی دەوڵەتـی لا پەسـەندە بەرامـبەر جیبەجیکـردن و دابینکردنـی پیداویسـتیەکانیان و بـــاری ئاسایشـــیان و هەمـــاهەنگی پەیوەنـــدیەکانیان لەگەڵ یەکتردا .
ئاســـان نـــیە بەدواداچـــوونی دروســـت بـــوونی دیـــاردەیەک لەدیاردەکـــان بکەیـــنو نکـــوڵی لەوە بکریـــت کەدەوڵەت دیـــاردەیەکی کـــۆمەڵایەتیە, بـــۆیە لیکـــدانەوەو راڤەکردنـــی جۆراوجـــۆ هەیەو کـــراوە بۆچـــۆنیەتی دروســـت بـــوونی دەوڵەت، هەندیک وای دەبینن کەدەوڵەت بـریتییە لە ئیرادەی خواوەنـدو ئەوانـی دیـکە بڕوایـان وایە کەهیـزی سـەربازی گریبەســـتی کـــۆمەڵایەتیەو هەردوولا کاریـــان کـــردووە بۆدروســـت بـــوونی دەوڵەتو، بەرەی ســـییەم وای دەبیـــنن کەدەوڵەت لەئەنجــــــامی پیشــــــکەوتنی سروشــــــتیو حەتمی کۆمەڵەوە دروست بووە.

٥. تیۆری پێشکەوتنی خێزانی:

خێزان بریتییە لە ناوکی یەکەمی کۆمەڵ و بە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێ بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیە سروشتیە رەسەنەکانی مرۆڤ دروست بووە کە لەژیانی رۆژانەیدا رووبەڕووی دەبێتەوە، پاشان بەفراوانی بوونی چواچێوەی خێزانو زیادبوونی ژمارەی خێزانەکان کەدەچێتە چوارچێوەی (عەشرەتو خێڵەوە)، کە ئەم کلانانەش هۆز پێک دەهێنن، پاشان گوند ودواتر ناحیە و قەزاو شاری سیاسی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەدەوڵەت هیچ نیە جگە لەخێزان کەبەشێوەیەکی پلەبەندی گەشەی کردووەو پێشکەوتوە ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە هەندێک پێیان وایە پێکهاتنی دەوڵەت کۆمەڵایەتییە، بەڵکو دەوڵەت قەوارەیەکی سیاسیەو کۆمەڵێک فاکتەر دروستی کردوون وەک نەتەوە، دەوڵەتی ناسیۆنالیستی تاکە شێوەی سیاسیە کە لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی سروشتیدا دەگونجێت، دەوڵەتی نەتەوەی ئەگەر نەکەوێتە بەر گومڕای نەتەوەیەکی لەخۆی بەهێزتر یان پێکهاتە سیاسیەکەی وەک دەوڵەت بکەوێتە بەرکاریگەری پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکەی وەک هۆزو عەشرەتو خێزان.

٦. تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی:
تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی تیۆرێکە بەشێوەیەکی گشتی رەگێکی چەسپاوی هەیە لەهێزی سیاسیدا.
تۆماز هۆبزو جون لۆک و ژان ژاک رۆسۆ بە پێشەنگە یەکەمیەکانی ئەم ئاراستەیە دەژمێرێن، گرێبەستی کۆمەڵایەتی بە بنەڕەت دادەنێن کە دەوڵەت لەسەری دروست بووە ئەگەرچی کۆمەڵی سروشتی بەئاسایش‌و سەقامگیری و هاوکاری لەنێوان تاکەکاندا وەسف بکرێ یان ئەوە دەرکەوتنی دەوڵەت بەشێوە مۆدێرنەکەی‌و ئەو سەروەری و هێزەی کەهەیەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرێبەستەی کە لەدانیشتوانی ئەو کۆمەڵە سروشتیانەی بەستویانەو ڕازی بوون پێی.
زۆرێک لەزانایان واباوەڕ دەکەن ئەو بارودۆخە سروشتیە وێنای قۆناغێکی پێشوتر دەکات لەڕێکخراوە کۆمەڵایەتی‌و سیاسیەکان‌وبنچینەی ریکخراوەکانی رەفتاری تاکەکان لەوماوەیەدا، واتا دۆخی سروشتی لەژێر سایەی یاسای سروشتیدایە. بەڵام دوای ئەو بارودۆخە خەڵک لەڕێگەی

ئەوکەســــانەوە کەتـــارادەیەک خـــاوەنی مـــافی سیاســـیو مەدەنیبوون بەرەو بونیادنانی کۆمەڵی مەدەنی دەچن.
هۆبز:- دەڵێت دۆخی سروشتی بۆ مرۆڤ بریتییە لە دۆخی جەنـگو ململانێـی هەمیشـەیی، واتە جەنگـی هەمـووان دژی هەمــووان بــۆ ئەوەی تاکەکــان پارێزگــاری لە ئاســایشو سەقامگیری خۆیان بکەن، دەستیان لەئازادییە تایبەتیەکانی خۆیان هەڵگرتووە، بۆڕێزگرتن لەودەسەڵاتەی کەگرێبەستیان بۆکردووە بەم کۆمەڵەیە دەوترێت کۆمەڵەی (بەرژەوەندی هــاوبەش) کە لەتــاک بەهێزتــرە و دەمێنێــتەوەو نەمــرەو دەســـەڵاتەکەی رەهـــایە، گرێبەســـتی کـــۆمەڵایەتی بەلای هــۆبزەوە ئەوەیە کەهەمــوو تاکەکــان بەشــێوەیەکی رەهــا دەســت لەتێکــرای مافەکانیــان هەڵــدەگرن بــۆ کەســێک کە کاروباریان بەڕێوەببات.بەڵام جۆن لۆک:- بڕوای بەراستی مێژووی هەبوو بۆ گرێبەستی کۆمەڵایەتی، بەبنەمای داناوە بـۆ پارێزگـاری کـردن لەســەر ئـازادی تـاکو ســەربەخۆی سروشــتیان، بەو پێــیەی تــاک هەر بەسروشــت ئــازاد و ســەربەخۆ و یەکســانە لەگەڵ ئەوانــی دیــکەدا. بــۆیە هــیچ کەسێک ناتوانێت کەسێک ملکەچی هێزێکی سیاسی بکات ئەگەر ئەو کەســـە ڕازی نەبێـــت لەســـەری لەبەرئەوە

دەســـــهەڵگرتن لەئـــازادی سروشـــتی دەبێـــت لەڕێـــگەی پەیمانـامەیەکی کـۆمەڵایەتیەوە دەبێـت، کەتایـدا ژمـارەیەک لەتاکەکـان ڕێـک دەکەون لەسـەر پێـک هێنـانی گروپێکـی کۆمەڵایەتی وەک یەکەیەک کاربکات لەپێناو بەرگری کردن لەژیـانو خاوەنداریەتی بەو واتـایە دەردەکەوێت ڕێککەوتـن لەنێـوان تـاکە ئازادەکانـدایە نەک لەنێـوان ژێردەسـتەو سەردەســـت، جـــۆن لـــۆک ئەوە دووپـــات دەکـــاتەوە کەســـەروەریو دەســـەڵاتی کۆتـــایی بەدەســـت گەلەوەیە، هەروەهـــا جەختـــی کـــردووەتە ســـەر حـــوکمی زۆریـــنەو پادشـایەتی ڕەهـا رەتـدەکاتەوە.جۆن لـۆک لەگەڵ هـۆبزدا جیاواز دەبێت لەوەی کەسەرچاوەی سەروەری گەلە، بەڵام سەقامگیرکردنی ئەم سەروەرییە حوکمی ڕەهایە، لەکاتێکدا لـــۆک وای دەبینێـــت ســـەرچاوەی ســـەروەری گەلەو ســەقامگیرکردنی پەرلەمـانە.بەڵام جـان جـاک رۆسـۆ:- وا تەماشـادەکات کەهێـز ناتوانێت بە بەهێـزی بمێنێـتەوە تەنهـا مەگەر کاتێـک بتوانێـت کەهێـز بگۆرێـت بـۆ مـاف و گـــوێرایەڵیش بـــۆ ئەرک.بەلای رۆســـۆوە تاکەکـــان لەکارکردنیانـدا خـاوەن ســـەروەری رەهـــان، ئەوان بـــۆ پارێزگـاری کـردن لەسـەر ئاسـایشو سـەقامگیرییان لەسـەر

بنەمـــای گریبەســـتی کـــۆمەلایەتی کـــۆمەڵێکی مەدەنـــی دابمەزرێنن، بەپێی ئەم رێککەوتنە تاکەکان دەست لەخۆیان‌و مافەکانیان هەڵدەگرن بۆ کۆمەڵ.
رۆســۆ دەڵێــت:- هەریەکە لەئــێمە وەک کۆمپانیــایەک وایە کەســیەتی خــۆی و هەمــوو هێــزەکەی دەخــاتە ژێرخــاوەن ئیــرادەوە ئــێمە وەک دەزگــایەکین کەهەمــوو ئەنــدامێک وەک بەشــێکی نادیــار بــۆ گشــت وەردەگرێت. ئەم کەســە گشــتیە کەلەســەر ئەم شــێوازە پێکدێت، لەیەکگرتنــی هەمــوو ئەوانــی دیــکە، ســـەرۆکی کۆمـــارە یـــان دەســـتەی سیاســـیە یـــان ئەنـدامەکانی پێدەوترێت دەوڵەت. بەلام بەشـداربووان نـاوی گەل یـــان هـــاوولاتی وەردەگـــرن وەکـــو بەشـــداربوو لە دەســەلاتی خــاوەن ســەروەریدا ملــکەچ دەکەن بــۆ یاســاکانی دەوڵەت.ئەنجـــامی گرێبەســـتی لای رۆســـۆ بـــریتییە لە دەسەلاتی ڕەها لەدەستی گروپێکدا، کە بەرجەستەی ویستی گشتی دەکەن بەپێچەوانەی هۆبزەوە کەدەســەلات بەدەست فەرمانڕەوای ڕەهاوەیە، سەروەری ڕەها لای ڕۆسۆ بـریتییە لە ئیرادەی گشــتی، ئەگەر ســەرچاوەی ســەروەری گەل بێت ئەوا سەقامگیرکردنی دەکەن بەپێچەوانەی هۆبزەوە کە لای ڕۆســۆ بــریتییە لە ئیــرادەی گشــتی، ئەگەر ســەرچاوەی

سـەروەری گەل بێت ئەوا سـەقامگیرکردنی ئەم سـەروەریە ویسـتی گشـتیە کە نـوێنەری گەلە، ئیـرادەی گشـتی بەتەنها دەبێـت هێـزی دەوڵەت ئاراسـتە بکـات، بەپێـی ئامـانجی سیستەمەکەی کە بریتییە لە چاکەی گشتی.

سەروەری بریتییە لە پیادەکردنی ویستی گشتی کە بریتییە لە رۆحـی گشـتی و عەقڵـی کـۆمەڵایەتی. گوزارشـت لەبەرژەوەنـدی گشـتی دەکـات و بەتەنهـا سـەرچاوەی یاسادانان و یاساکانە.

شێوە و ئەرکەکانی دەوڵەت :

دەوڵەتانی جیهان جیاوازن لە شێوەدا هەندێکیان سادەن لە پێکهـاتەداو هەنـدێکیان ئـاڵۆزو ئەسـتەمە جیاکردنەوەیـان بە وردی لە نێوان دیاردەکانیاندا و بۆیە جیاوازیەکانی نێوانیان بۆ سستمی دەسەڵات دەگەرێتەوە .

دوو جۆر دەوڵەت هەیە : یەکەم : دەوڵەتی یەکگرتوو :

ئەو دەوڵەتەیە کە حکومەت تێدا یەگگرتووە و دەوڵەت وەک یەک یەکە دەردەکەوێ لە روانـگەی دەرەکـی و ناوەکیـدا خەسڵەتەکانی : - یەکەی بریاردەر لە یەک حکومەت پێکدێت و پیـادەی سـەروەری دەری دەکـات و هەر سـێ

دەســـــەڵاتەکەی لایە (یاســــادانان – جێـــبە جێکـــردن – دادوەری) لە چوار چێوەی یەک دەستوردا.
-یەکەی یاساکان : سەرجەم هاوڵاتیان لە دەوڵەتدا ملکەچی سستم و یاساکانی دەستورن بێ جیاوازی
-یەکەی هەرێــم: ســـەرجەم هەرێمەکـــان و پارێزگاکـــان لە دەوڵەتدا ملکەچی حکومەتی ناوەندین .
دووەم: دەوڵەتـــی یەکێتـــی : پێـــک دێـــت لە یەکگرتنـــی دوو دەوڵەت یـــا زیـــاتر بە پێـــی رێککەوتـــن یـــا دەســـتوور بـــۆ بە دەســـــتهێنانی ئامــــانجی هـــــاوبەش لەگەڵ ملکەچبـــوونی دەوڵەتە ناوەکیەکان لە یەکێتیێکەدا بۆ حکومەتێکی هـاوبەش کە بەو پـــــــــێە بەرپرســـــــــیاریەکانی حـــــــــوکم دابەشـــــــــدەکرێت لە دەوڵەتـــــــــی یەکێتیـــــــــدا .

شێوەکانی دەوڵەتی یەکێتی

-فیـدراڵی : لە یەگگرتنـی یـا یەکێتـی چەنـد هەرێمێـک یـا ویلایەتێـک پێـک دێـت لە یەک دەوڵەتـدا بە ئامـانجی بە دیهێنـانی بەرژەوەنـدی هـاوبەش بە پـێ دەسـتوور کە هەمـووان لە سـەری کۆک بـن ,سسـتمی سیاسـی تەنهـا بـۆ دەوڵەت دەبێ لە رووی سـەروەری دەرەکیدا , بە لاَم تەنهـا لە نـاوەوەی ولاَتـدا پیـدەی دەسـەلاَت دەکـات وە ک خزمەتگـوزاری تەندروسـتی زانسـتی گواسـتنەوە و پـرۆژە جۆراو جۆرەکان لە هەموو بوارەکاندا , باج وەرگرتن وە ک ئەمەریکا وئوسترالیا و ..هتد

خەسـڵەتەکانی : یەک سـەرۆک لە گەڵ دادوەر بـۆ هەمـوو ولایەتەکان

یەک سیاسـەتی دەرەکـی – حکومەتی ناوەنـدی و حکومـاتی لۆکـاڵی – یەک سـوپای یەگگرتـوو – یەک دەسـتوور و دەسـتور و یاسـای لۆکـاڵی بـۆ هەرێمەکـان کە دژ بە دەستووری فیدراڵی نەبێت یەک هێمـا و ئـالا و رەگەزنـامە و سرودی نیشتیمانی و ئالای هەرێمەکان لەپاڵ ئالای فیدراڵیدا

-کۆنفیدرالّی : یەکێتی نێوان دەولّەتانە کە دوو دەولّەت یا زیاتر لە خۆ دەگرێت بە ئارەزووی دەولّەتان خۆیان ڕێکەوتن دەکەن بۆ پێکهێنانی دەستەیەک بۆ ئیش و کارەکانیان لە چوار چێوەی ڕێکەوتندا کە هەموو ئەندامانی یەکێتیکە لە سەری کۆکن بە ئامانجی گرنتی و بەدیهێنانی بەرژەوەندیە هاوبەشەکانیان لە ئابووری و رۆشنبیری و بەرگری سوپای هاوبەش و ئاسایش وەک :یەکێتی ئەوروپا و ئەنجومەنی هاریکاری عەرەبی کەنداو.

گرنگی درووستبوونی دەولّەت

یەکەم : هۆکاری گەران بە دوای پێویستیەکانی درستبونی دەولّەت و بنەما سیاسیەکانی: تێوری گرێبەستی کۆمەلاّیەتی لە بۆچوونە کلاسیکیەکەیدا باس لە دروستبونی دەولّەت دەکات لە ڕوانگەی شێوەی ژیانی هاوولاّتیانەوە لە کۆمەلّدا بێ دەولّەت , ئە م حالّەتە بە بۆچونی هۆبز و لۆک خۆی لە جەنگی ناوخۆیی و ململانێکاندا دەبینێتەوە , وەک شەری هەمووان دژی هەمووان, ئەمەش وادەکات ڕێکەوتن هەبێت لە سەر گرێبەستی کۆمەلاّیەتی ,واتاقوربانی دان بە بەرژەوەندیە تایبەتیەکان لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا,یا

قوربانیدان بە بەشێک لە ئازادیەکانی مرۆڤ بۆ دروستبونی کیانێک پر لە سەروەری بۆ پاراستنی سستم و جێگیری .

دووەم : سروشتی هێزی دەوڵەت : کۆمەڵێک ئاڕاستە لە خۆ دەگرێت.

١-ئاراستەی لیبرالی :واتەماشای دەوڵەت دەکات وەک دەسەڵاتێکی بێ لایەن لە نێوان بەرژەوەندیەکان و گروپە کێبرکێکان لە کۆمەڵگادا, ئەمەش دەوڵەت دەکاتە متمانەیەکی بنەرەتییەوە بۆ سستمی کۆمەڵایەتی .

٢-ئاراستەی مارکسی :پێیان وایە دەوڵەت کەرەستەی بنبرکردنی چینایەتیە وەک ئەوەی کە دەوڵەت واتا بورجوازیەت و هێزدار زاڵدەبێت بەسەر بێ هێزداو دەیرۆخێنێت .

٣-ئاڕاستەی سۆشیال دیموکراتەکان :دەوڵەت بەرجەستە دەکەن بۆ چاکەی گشتی و بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی کۆمەڵگا لە چوار چێوەی جەختکردنە سەر توانای دەوڵەت لە چارەسەرکردنی زوڵمداری سستمی چینایەتیدا.

٤-ئاراستەی پارێزگاران: دەوڵەت بەوە وێنادەکەن کە پێویستی بە دەسەڵات و سستم هەیە بۆ پاراستنی کۆمەڵگا لە گێرە شێوێنی .

٥-ئاراســـتەی ژنـــان : واتەماشـــای دەوڵەت دەكـــات وەك كەرەستەیەك بۆ بەسەراگرتنی پیاوان كە پیاو سالاری دێتە ئاراوە بۆ كەمكردنەوەی ژنان و رۆڵەكانیان لە بوارە گشتی و سیاسیەكاندا یا مانەوەیان بە شێوەی ملكەچبوون .

ئەركەكانی دەوڵەت

١- ئەركی بنەرەتی :

دامەزرانـــدنی ســـوپا بـــۆ پاراســـتنی دەوڵەت و تاكەكـــانی, پاراســـتنی ئاســـایش و ســـستم و بە دیهێنـــانی دادپەروەری رێكخستنی دادگا و دروستكردنی چاودێری پەیوەندیەكانی دەرەوە تەمـویلكردنی دام و دەزگـا عەسـكەری و مەدەنـی و پاشان دەركردنی پارە .

٢- ئەركـــی خزمەتگـــوزاری :وەك فێربـــوون و رۆشـــنبیری ,چـــاودێری تەندروســـتی , گەیانـــدن , خزمەتگـــوزاری ئـــاو كارەبا , دروستكردنی فرۆكەخانە ..هتد

بە ڕاوبیر و بۆچونی بیرمەندان

ئەركەكانی دەوڵەت لای بیرمە ندان :-

-ئەفلاتون وای دەبینێت بەجێهێنانی دادپەروەری بـریتییە لە ئامانجی سەرەتا و كۆتایی دەوڵەت.

-ئەرستۆ پێی وابووە کەبوونی دەوڵەت بەوە دادەنێت کە بریتییە لەبەجێهێنانی بەرژەوەندی گشتی و خۆژێنی (**الأكتفأ الذاتى**).
-فارابی لەشارە نموونەییەکەیدا قسەلەسەر بەختەوەری دەکات کەتاک لەڕێگەی بوونی دەوڵەتەوە بەدەستی دەهێنێت.هیگڵ بەجێ هێنانی ئازادیو هۆشیاری بەئەرکە گرنگەکانی دەوڵەت دادەنێت.مارکس دەوڵەت بەئامرازێک دەژمێرێت کەدژی تاکەو پێویستە لەناوببرێت.
هەرچۆنێک بێت دەوڵەت لێپرسراوە لەچەسپاندنی سیستمی چالاکو بەتوانا لەکۆمەڵی ئاڵۆزدا. هەروەها دەوڵەت بەرپرسە لەپاراستنی خۆیو پارێزگاری کردن لەسەر ئاسایشو سەقامگیری بەردەوام بوونی سیستمی سیاسی.
پاراستنی سیستمی سیاسی لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیو دەرەکی پاراستنی مافەکانی تاکەکەسە کەیاسا بریاری داوە لەسیستمی سەرمایەداریدا گرنگی بەئازادی خاوەنداریەتی تاک دەدەرێت بەڵام لەسیستمی سۆسیالستیدا خاوەنداریێتیکردن دەکەوێتە دەستی دەوڵەتەوە لەکۆمەڵی جەماوەریدا تاکەکان خاوەن هەموو تواناکانی خۆیانن کە لەسامان و چەک و دەسەڵاتدا بەرجەستە دەبێت.

میکــاڤیلی پــێ وایە هەروەک چــۆن نوســینی کتێبێــک یــا دروستکردنی تەلارێک بۆ ئەوەی ناوازەبێت دەبێت لە لایەن تــاکە دانەرێــکەوە دانرابێــت یــان تــاکە تەلارســازێکەوە بونیاتنرابێت , هەر بەو چەشنەش دەبێت دەوڵەت دروست بێت , هەر بۆیە ئەو پێ وابوو کە کەسی شۆرشگێر پاڵەوانە , پــاڵەوانیش شــەرعیەت لە هێــزە فیــزیکیەکەی خــۆیەوە وەردەگرێت و بۆ هێزێکی مەعنەوی , ئەمەی میکاڤیلی باسی دەکـات قۆنـاغ بە قۆنـاغ دەچێـتە چوارچێـوەی شـەرعییەتی دەسەڵاتی رەهاوە , بۆیە لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی شۆڕشی ڕزگـاریخوازی تیـاکراوە دەســەڵاتێکی شـمولی تۆتالیتـاری هێنـاوەتە ئـاراوە و پێویسـتی بە شۆرشـێکیتر کـردووە بـۆ ئەوەی دەســەڵات لە دەســتی دەســتەبژێرێک دەربهێنێــت و بگەرێتەوە بۆ میللەتەکەی.

تۆکفێل دەڵێت : هەمیشـە لە شۆرشـدا بیری ئـازادی رێگـای خۆشــــکردووە بـــۆ هەڵگیرســـاندنی شـــۆرش , بەڵام لەم شۆڕشـــانەدا یەکەم شـــت کە ئـــاوا دەبێـــت ئـــازادییە.[38]

[38] حەبیب مەحەمەد دەروێش, کۆتایی دەوڵەتی شۆرشگێرەکان,گۆڤاری کۆچ

ڕۆڵی دەوڵەت

سـەرجەم بیرمەنـدە سیاسـیەکان جـگە لە ئاژاوەگێڕەکـان دەوڵەت وا دەبیـــنن کە یەکێتیەکـــی پێویســـتە،تەنانەت سۆشیالیسـتە شۆڕشـگێڕەکانیش ڕازی بـوون بە پێوسـیتی دەوڵەتی پڕۆلیتاری بۆ سەرپەرشتی لەسەر گواستنەوە لە ســـــــەرمایەداریەوە بـــــــۆ شـــــــیوعیەت لە چوارچێـــــــوەی (دیکتـــــاتۆریەتی پڕۆلیتـــــاری) بەڵام بیرمەنـــدان جیـــاواز بـــوون لەســـەر ڕۆڵـــی دەوڵەت کە دەبێـــــــت کـــــــارپێکەر بێـــــــت و ڕۆڵی ڕاستەقینەکەی هەبێت لە ڕاگرتنی یەکسانی نێوان دەوڵەت و کـــۆمەڵگەی مەدەنیـــدا چـــونکە دەوڵەت واتـــا دەســـــەڵات،ملکەچی و زۆری، ســـەپاندن لە بەرانـــبەرد کۆمەڵگەی مەدەنی دەگرێتەوە،بۆ سەرجەم بوارەکانی ژیان کە مرۆڤەکان تێیدا بە ئازادی پیادەی وەرگرتنی بڕیارەکانن کە تـایبەتە بە خۆیـان واتـا ژیـانی سـەندیکا و ڕێکخـراو و یەکێتیەکـــــان کەســـــــەربەخۆن و خۆبەخشـــــــن. لیبـڕاڵە کلاسـیکیەکان پێیـان باشـە کە تـاک دەبـێ ئـازادی تەواوی هەبێت و دەوڵەت تەنها ڕۆڵی دابینکردنی ئاشتی و

جێگیری و سیستمی کۆمەلایەتی بێت،هەروەک چۆن(جۆن لۆک) باسی لێوە کردووە و دەڵێت: دەوڵەت پاسەوانی شەوە،واتا پاراستنی سیستمی لۆکاڵی و پاراستنی هاووڵاتیان لە یەکتر،بۆیە هەر دەوڵەتە و میکانیزمی خۆی هەیە بۆ پشتگیری لە یاسا و سیستم. هەروەها پێویستە گرنتی و رێزی رێکەوتنەکان و گرێبەستەکان بگیرێت کە تاکەکان بەشداری تیا دەکەن.هەروەها پێویستە دەوڵەت پاراستنی هەر هێرشێک کە دەکرێتە سەری لە خۆ بگرێت و ژیانی هاووڵاتیان بپارێزیت جا بە هەر شێوەیەک بێت، لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە دەوڵەت سەرجەم ڕێکارەکانی بگرێتەبەر بۆ دابینکردن و پاراستن و چاودێری کۆمەڵایەتی هەمووان لەژێر یاسا و سیستمی کۆمەڵایەتی و جێگیری و ئاسایش و دادپەروەریدا.هەروەها دەتوانین بڵێین کە ناوەڕۆکی سیستمی گشتگیری بونیادی دەوڵەتە کە هەموو شتێک دەگرێتەوە وەک ئابوری و پەروەردە و فێربوون و ڕۆشنبیری و ئایین و ژیانی خێزانی و هتد..... لێرەدا دەگەینە ئەوەی کە سیاسەت جۆریەتی ململانێ لەخۆ دەگرێت و هەوڵ دەدات کە چارەسەرێ بدۆزێتەوە بۆ ئەو

ململانێـیە.بەڵام هەنـدێکی دیـکە پێیـان وایە کە سیاسـەت پەیوەسەتە بە بەڵێننامە و کاروباری دەسـەڵاتەوە یا بواری ژیـانی گشـتی،وە هەنـدێکی تـر پێیـان وایە سیاسـەت ڕەنگـدانەوەی دابەشـکردنی دەسـەڵات و داهاتەکـانە کە ئەمـانەش هەمـووی لە دەزگـایەکی کۆمەڵایەتیـدا بەدی دەکرێـت،بەڵام ئەگەر بێـتە سـەر باسـی حکـومەت وەک دەسەڵاتێکی ڕێکخراو کە ئەمەش خەسڵەتی هەموو کۆمەڵگە ڕێکخراوەکـانە کە شـێوەی حکـومەت لە یەکەم جیهـانی لیبرالیـدا لەوێ دێـت و پاشـان دیموکراسـی لە دەوڵەتـی سۆشیالی دووەمدا کە دەچێتە سێیەم بۆ شێوەی جۆراو جۆری حکومەتی جیهانی سێهەم،ئەم جیاوازیە زۆر ڕوون نـیە وەک پێشـووتر بەهـۆی گەشەسـەندی زۆرەوە لەوانە کەوتنی شیوعیەت.

ئەگەر بێینە سەر باسی دەوڵەت و کۆتا بەم بابەتە بهێنین ئەوە خـۆ لە یەکێتـی سیاسـی و خـاوەن دەسـەڵات خـۆی دەگـرێتەوە و لە هەرێمێکـی دیـاریکراودا کـار دەکـات لە بۆچـوونی ئەو کەسـانەی باوەڕیـان بە فرەیـی هەیە واتـا دەوڵەتـی لیبرالـی دیموکراسـی لایەنگیـری(حیـادي) کە ئەمەش ڕاست و دروستی پەیوەندی نێوان تاک و دەوڵەتە

بەڵام هەنـــدێک دەیانەوێـــت دەوڵەت بکشـــێتەوە و کارەکـــان بـدرێتە دەسـتی تاکەکـان و بـازاڕەوە ،وە هەنـدێکی تـریش دەیانەوێت دەوڵەت بڵاوبوونەوە بەخۆیەوە ببینێت لەپێناو دۆزی یەکســـــانی کـــــۆمەڵایەتی و بڵاوبـــــوونەوەی خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان[٣٩]

[٣٩] المصدر السابق،اندرو هيوود

سیاسەت و حکومەت و دەوڵەت

هەر لە سـەرەتاییەوە بگـرە تـا زانکـۆ فێرخـواز هەڵـپەی وەرگرتنی زیاتر دەدات بۆ فێربوون و زانین چ لەو قۆناغەی کە تێیـدایە،بۆیە ئێمە لەسـەر زانکۆ و هـاتنی خوێنـدکار بـۆ قۆنـاغی یەکەم بـاس دەکەیـن و دەکرێـت هەر لە سـەرەتای هـاتنیەوە هانـدان و پشـگیری بکرێت بـۆ بیکـردنەوە لەسـەر ئەو بابەتـانەی کە لەو بەشـەدا دەخوێندرێت،پاشـان بـۆ دەروازەکانی تر و سەرچاوەی دەرەکی کە پەیوەندیـدارن بە ژیـانی ڕۆژانە و واقعـی کـۆمەڵایەتیەوە بـۆ نمـونە بـۆ سۆسـیۆلۆژیا دەکرێـت بپرسـین سۆسـیۆلۆژیا چیە؟ئەنسـرۆپۆلۆجیا چـیە؟ میتۆدۆلـۆجی چـیە؟ هەروەهـا سۆسـیۆلۆژیا سیاسـی چـیە و ئەم بـابەتە و بابەتەکـانی دیـکەش دەکرێـت بپرسـین و پاشـان بە شـیکردنەوە و لێکـدانەوەیان بـۆ بکرێـت بە شـێوازێکی زانسـی (تیـۆری پراکتیکی). ئەگەر بێینە سـەربابەتی سیاسـی و واتە بپرسین سیاسـەت چـیە؟ ئەمە لەوانەیە هەنـدێ جار ئـاڵۆز بێت لای ئەو کەسـانەی یەکەمجاریـانە شێوازێکی زانسـتی سیاسـەت دەخوێنن،چونکە تێکەڵاوی سیاسـەت و دەوڵەت و حکومەت

زۆرجــار خەڵــک یــان خوێنــدکار بەهــۆی خراپەکــاری سیاســەتمەداران و هەڵسوکەوت و مامەڵەو رەفتارو ژیانی نـاجێگیریەوە سیاسـەت بـایەخی پـێ نەدرابێت،ئێمە هەوڵـی ئەوە دەدەیـــــن کە ڕوونکـــــردنەوە و شــــــیکردنەوەی سۆســـیۆلۆجی بـــۆ بکەیـــن و بەشـــێوازی تێبینیکـــردن و ئەزمـــوون و پێوەرەکـــانەوە بـــڕوانینە بـــابەتی سیاســـەت و گەڕان بەدوای ڕاســـتیەکان بـــۆ گەیشـــتن بە ئامـــانج و دەرەنجامی بەسوود لەسـەر ئەم بابەتە کە بێگومان قسـە و گفتوگـــۆ و شـــیکاری زۆری دەوێـــت،هەر لە دەرخســـتنی ململانێکانەوە دەچینە ناو بابەتەکە و ناوەڕۆکی دەخەینەڕوو لە چەمک و پێناسەکانەوە دەست پێدەکەین بۆ تێکەیشتنی زیاتر دەپرسین ئایا سیاسـەت چالاکیە کە لە حکومەت و دەوڵەتدا ڕوودەدات؟ یان چالاکیەکە لە سـەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات؟ بەواتایەکی تر ئایا سیاسەت لە نێو خێزان و قوتابخـانە و زانکۆ و کۆلێژ و بەشـەکان و شـوێنەکانی کـاردا ڕوودەدات؟ یـان بە دیـوێکی تـر ئایـا سیاســـەت چـــالاکیەکی خـــراپ و بەدرەوشـــت و ناپـــاکە؟ یـــا سیاســـەت چـــالاکیەکی تەندروســـت و پێویســـتە؟ ئایـــا سیاسـەت کۆتـایی پـێ دێـت؟ یـان دەگـاتە کۆتـایی؟ یـان

پێویستە بگاتە کۆتایی؟ یا حکومەت پێویستە هەبێت؟ یان جێگیری کۆمەڵگەکان سەرکەوتوو دەبێت بەبێ حکومەت؟ شێوازی حکومەت چۆن بێت؟ وە چۆن حکومەت ئاوێنەی کەرەستە سیاسیەکان بێت بە تایبەتی سیستمی سیاسی؟ ئایا جیاوازی حکومەت و دەوڵەت چیە؟ ئایا دەسەلاتی دەوڵەتت پێ چۆنە لەم سەردەمەدا؟ ئایا بۆ بەرژەوەندی هاوولاتیانە؟ یان بۆ بەرژەوەندی تاک و تاقم و گروپ و حزب و لایەنە؟ دەوڵەت دەبێت چۆن بێت؟ بەرپرسیاریەتی دەوڵەت چیە بۆ خەڵک؟ پێناسەی سیاسەت زۆرن لەوانە پیادەکردنی هێز و دەسەلاتە وەک پڕۆسەیەکی گروپی بۆ وەرگرتنی بڕیار،هەروەها دابەشکردنی داهات و کەرەستەی دەگمەن،هەروەها گۆڕەپانی یاریکردن و فێڵکردنە. واتا مانای زۆرە لەوانە دەتوانی بە چوار خاڵ بیانخەینەڕوو.

١.سیاسەت وەک چالاکی جگە لەوەی کە بابەتێکی زانستیە.

٢.ئەتوانین بڵێین چالاکیەکی کۆمەلایەتیە کە دروست ئەبێت لە ئاوێتەبوون و تێکەلاوبوونی خەڵکەوە لە نێوانیاندا هەڵدەقوڵێت و هەرگیز لە چۆڵەوانی ڕوونادات.

٣.سیاسـەت لە جۆریەتیەوە دروسـت دەبێت واتە هەمەجۆر پڕە لە بیـر و بۆچـوون و پێداویسـتی و پێویسـتی و ئەوجـا بەرژەوەندیەکان.

٤.ئەم هەموو فرەجۆریە پەیوەستە بە بوونی ململانێوە وەک گوزارشـــت کـــردن لە بیـــری جیـــاواز و نـــاکۆک و پاشـــان ململانـــــێ لە نێـــوان ئامانجەکانـــــدا تـــــا پێکـــــدادان لە بەرژەوەندیەکاندا.

کاتێک ڕێککەوتـن دروسـت دەبێت سیاسـەت ڕۆڵـی نامێنێت واتـــا دەبێـــتە بڕیـــاری سیاســـی لە نێـــوان گروپەکانـــدا لە ڕوانـــــگەیەوە چارەســـــەری ململانێکـــــان دەکرێـــــت. بـــۆیە باشـــترین ڕێگـــا بـــۆ بیکـــردنەوە لە سیاســـەت وەک کەرەستەیەک بۆ توێژینەوە و گەڕان لە دوایی چارەسـەری ململانێکان چونکە زۆربەی ململانێکان چارەسـەر ناکرێت و هەروا بە ئاڵۆزی دەمێنێتەوە.

لێـرەدا ڕێککەوتـن کۆتـایی پـێ دێـت،چونکە ئاڵۆزیەکـان و جیاوازیەکـان زۆرتـرن و بەرژەوەنـدیەکان یەک نـاگرنەوە بۆیە دەپرسین جیاوازیەکـان لەسـەر چـی؟ چۆن؟ لە کـوێ سیاســـەتە؟ پەیوەســـتە بە کـــێ وە؟ ململانێکـــان چـــین؟ شـێوازەکانی چـین؟ ئەگەر سیاسـیە کـام چـالاکی سیاسـی؟

دەتوانرێت لێرەدا سێ بۆچوونی سیاسی ڕەچاو بکرێت
یەکەم/ پەیوەست بوونی سیاسەت بەدام و دەزگاکانی حکومەتەوە لەگەڵ ئەو چالاکیانەی کە لە چوارچێوەیدا دەبینرێت.

دووەم/ سیاسەت و پەیوەست بوونی بە واقیع و ژیان و چالاکیە گشتییەکانەوە بەرانبەری ئەوەی کە دەبێتە تایبەت یا کەسی.

سێهەم/ سیاسەت لە پەیوەست بوونی بە دابەشکردنی دەسەڵاتەوە هەیە واتا(دەسەڵات،سەروەت،کەرەستەکانی) کە لەنێو سەرجەم دام و دەزگاکاندا ڕوودەدات وە لەسەر هەموو ئاستەکانی بوونی کۆمەڵایەتی.

هەر بۆیە "باسمارک" دەڵێت: سیاسەت زانست نیە بەڵکو هونەرە،واتا هەموو ئەوەی لە مێشکدایە هونەری دەسەڵاتە و پیادەکردنی بەسەراگرتنی لەنێو کۆمەڵگەدا.لەڕوانگەی وەرگرتنی لەنێو بڕیارە گشتیەکان و جێبەجێ کردنیان،لە یۆنانی کۆندا بەوە ئەژمار دەکراو سیاسەت وەک وشە لە پۆلیتیکەوە هاتووە کە بە واتای شار یان دەوڵەت دێت. (هانا ئارێنت) لە کتێبی فەلسەفەکەیدا (چارەنوسی مرۆڤایەتی) دەڵێت: کردار لە سەرووی کارو ئیشەوەیە وە

سیاسەت بە گرنگترین چالاکی مرۆڤایەتی ئەژمار دەکات،چونکە ئاویتەبوونی نێوان هاووڵاتیان وەک یەکە و بێ جیاوازییە.لێرەوە دەبێتەوە چالاکیەکی ئاکاری و تەندروست و باش کە بۆ هەردوو لا ژیان بەخشە[40]

حکومەت

ئەگەر هاتوو باسی دەسەڵاتمان کرد بە مانا فراوانەکەی کە ئاراستەکردنە یان پیادەکردنی بەسەراگرتنە واتا کۆنترۆڵکردنی بەسەر خەڵکەوە،واتا چالاکی چی دەگرێتەوە، توانا بەسەر وەرگرتنی بڕیارەکانی و گرنتی جێبەجێ کردنیان بەوەش دەبێتە شێوەیەک لە شێوەکانی حکومەت لە نێو زۆربەی دام و دەزگا کۆمەڵایەتیەکان بۆ نمونە، لە نێو خێزاندا(باوک و دایک و برا گەورە)بەسەر ئەوانی تردا لە نێو قوتابخانەدا لە چوارچێوەی یاسا و بنەما و مەرجەکانی مامۆستا و بەڕێوبەردا بەسەر قوتابی و خوێندکاردا، لەنێو کاردا بەبێ سیستم و یاسای کارکردن و بەرنامەی خاوەن کاردا. حکومەت واتا لەو شوێنەدا دەبێت کە بنەمای

[40] .اندرو هيوود، النظرية السياسيه، المصدر السابق

ڕێکخــراو بــوونی هەبیــت، بەڵام وشــەی حکــومەت زۆر بچووکراوەتەوە بۆ بابەتە فەرمیەکان و دەزگاییەکان و لەو ڕوانگەیەوە پیادەکردنی دەسەڵات لەسەر ئاستی گروپەکان و نەتەوەکـان و دەوڵەتـدا،بۆیە پراکتیـزە کردنـی حکـومەت لەگەڵ گروپێــــک لە دام و دەزگــــا فەرمیەکــــان،ئەرکی پارێزگـاریکردنە لە سیسـتمی گشـتی و بەکـاربوونی کـاری جەمــاعی،دام و دەزگاکــانی حکــومەت بــایەخ دەدەن بە دارشـتنی یاسـا و جێبەجێکردنـی و ڕاڤەکردنـی کە یاسـاش بریتییە لە کۆمەڵێک بنەمای سـەپێنراو بە هێز و ملکەچ بۆ کۆمەڵگە،هەمـوو سیسـتمێکی دەوڵەت دەگەڕێتەوە بـۆ سـێ ئەرک:__

یەکەم/ یاسادانان.

دووەم/جێبەجێ کردنی یاساکان.

سێهەم/شــیکردنەوە و ڕاڤەکردنــی یاســاکان و پاشــان دەرکردنی بۆ دەسەڵاتی دادوەری.

بۆ دەبێت حکومەت هەبێت یان ئایا بوونی حکومەت پێویستە؟

لە هەموو جیهاندا خەڵک لە چەمکی حکومەت تێدەگات و ئەتوانن ناسنامەی خۆیان بدۆزنەوە دیاری بکەن لە دام و دەزگاکاندا دەبنە هۆکاری سەرەکی بۆ دروستکردنی ئەو حکومەتە چونکە زۆریان حکومەت بە پێویست دەزانن و هۆکاری ڕێکخستنی ژیانیانە،لەگەڵ ئەمەشدا جیاوازیان هەیە لە ڕێکخستنی سیستمی سیاسی و ئەو ڕۆڵەی کە دەیبینێ لە ژیانی ڕۆژانەیاندا،بەمانەشەوە هەر ڕازین بە جۆرێک لە حکومەت کە هەیە و دەبێت و بەردەوامە، وە هەیە حکومەت ڕەتدەکاتەوە و بە پێوسیتی نازانێت هەوڵ دەدات بیڕوخێنێت و ئەمەش بە قوتابخانەی ئاژاوەگێڕ ئەژمار دەکرێت واتا گێرەشێوێن و بێ بناغە،تۆماس هۆبس و جۆن لۆک لە تیۆری کۆمەڵایەتیدا باسی پەیمانی کۆمەڵایەتی دەکەن وەک بناغەی بیری سیاسی نوێ،مرۆڤە عاقڵ و ژیرەکان دەبێت ڕێزی حکومەت بگرن چونکە بێ حکومەت گێرەشێوێن و گێرەلاوژێ دروست دەبێت و دەبێتە شەڕ لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە وەک (مرۆڤ دژی مرۆڤ) تەنانەت بەهێزەکانیش بەبێ یاسا دەفەوتێن و دەبێت داوای

یاسا و دەسەڵات بکەن بۆ ڕێکخستنیان، ژیرەکان لەم شتانە ڕادەکەن داوای ڕێککەوتن دەکەن لەنێوان خۆیاندا بۆ گەیشتن بە گرێبەستی کۆمەڵایەتی لەو چوارچێوەیەدا دەتوانرێ سیستمی حوکمی دروست بکرێت و بێتە ئاراوە،

حکومەتەکان و دەسەڵاتیان/دەسەڵات و حکومەت

هەمـوو حکومەتەکـان دونیـایەک ئامانجیـان هەیە ئەویـش پاراسـتن و پارێزگـاری کـردن لە سیسـتمی دەسـەڵات بەڕێگـای جیاواز بەمەش شـێواز و دەزگاکـان و سیاسـەتی جـۆراو جـۆری گرتـووەتە بەر بـۆ نمـوونە سیسـتمی پادشـایەتی شـێوەی نـویێ وەرگرتـووە لە دەسـەڵاتی دەستوری و دیموکراسی،

ئەوەی مەبەستمانە لیرەدا سیاسـەتە کە ئەرسـتۆ بە زانینـی سەرەکی باسـی لێوە کـردووە کە خەڵک تێدەکۆشـن لەپێنـاو یەکسـانیدا بـۆ ئەوەی کە بەخۆشـی بـژین و کـاردەکەن بـۆ بەرژەوەندی گشتی،لە کتێبی سیاسەتدا جەخت لەسـەر ئەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ بەشێکە لە گشتی سیاسیدا و خـاوەنی میتۆدی جەماعیە بڕیاری ئەرستۆ بۆ دەسەڵات ئەوەبوو کە دەسـەڵاتی زۆریـنە بـۆ بەرژەوەنـدی هەمـووانە و ئەمەش کـاراترین دەسـەلاتە بـۆ دەسـەلاتداران. پۆلێن کردنی حکومەت پەیوەستە بە سیستمی سیاسیەوە و

سیاســەتیش وەک سیســتم چەمکێکــی نــوێیە و لە ســەدەی بیســتەمدا ســەری هەڵــداوە لەژێــر کــاریگەری پێشــکەوتنی تیــۆری سیســـــتم و پراکتیزەکردنـــی لە ئیشـــەکاندا وەک سیســتمی کــۆمەڵایەتی(١٩٥١)لای تــالکۆت پارسۆنز،سیســتم یەکەیەکــی ڕێکخــراو و کــامڵە(تەواوە) واتــا کــۆمەڵێکە لە پارچەکان و بەستراون بەیەکەوە کیانێکی کۆمەڵایەتی پێک دێنێت.

داڤیدایســتۆن(١٩٥٣_ ١٩٨١) دەڵێت:سیاســەت دابەشــکردنی دەســەڵاتە بــۆ بەهاکــان(التوزیــع الســلطوی للقــمە) واتــا سیســتمی سیاســی پێــک دێــت لە (المــدخلات و المخرجــات) هاتووەکان و ڕۆشتووەکان،هاتووەکان بۆ سیستمی سیاسی پێک دێت لە داواکاریەکان و هاوکاریەکان. کە ئەویش خۆی لەشــێوەی حەز وەردەگرێــت بــۆ بەرزکــردنەوەی ئاســتی بژێــوی ژیــان و چــاککردنی تواناکــان و سوودبەخشــی بــۆ چـــاودێری کـــۆمەڵایەتی و بەشـــداریکردنی ڕاســـتەقینە لە سیاســـەتدا،هەروەها بـــۆ خۆپـــارێزی کەمینەکـــان و مـــافی تاکەکـــان کە دەبێـــت پـــارێزراو بێـــت،وە هاوکـــاریکردن و یارمەتیـدانی ئەو ڕێگـایە کە لە ڕوانـگەیەوە خەڵـک بەشـدار دەبێـــت لە سیســـــتمی سیاســـــیدا بە بەخشـــینی بـــاج و

بەشداریکردن لە ژیانی گشتی خەڵکدا،بەڵام دەرهاتووەکان ئەوە بڕیارەکـــانی حکـــومەتە و یاســـادانان و بـــاج و دابەشکردنی داهاتە،سیستمی سیاسی کە (دایستۆن) باسی لێوەدەکـات دەبێـتە پرۆســەیەکی دینـامیکی و جێگیربـوون بەخـــۆیەوە نابینێـــت ئەگەر بێـــت (المخرجـــات) واتە دەرکردوەکـــان پەیوەنـــدی بە هاتووەکـــانەوە نەکـــات و لە خۆیان نەگرێت،واتا تێربوونی داواکاریەکانی خەڵک لەوانەیە بگـــاتە خاڵێـــک وەک لە دەســـت دەرچـــوون بێـــت و ببێـــتە هۆکـاری ڕووخـانی سیسـتم،ئەمەش بە جێگیـری دەکرێـت لەلایەن خـــــاوەن بەرژەوەنـــــدخوازەکانەوە و پـــــارتە سیاسیەکانیش دەگرێتەوە بە ڕێکخستنەوەی هاتووەکان بۆ سیستمی سیاسی و سەرکەوتنی حکومەت لە هاتووەکانەوە بۆ دەرچووەکان[٤١]

[٤١] المصدر السابق

حکومەت و دەوڵەت

دەوڵەت وەک دەزگـــایەکی ســـەربەخۆ ئەژمـــار کـــراوە یـــان کۆمەڵێــک لە دام و دەزگــا فەرمیەکان،لویســی چــواردەیەم دەیگوت خۆم دەوڵەتم واتـا ئاماژەی بە دەسـەڵاتی ڕەهـای خـــۆی دەکـــرد وەک پاشـــایەک،دەوڵەت ســـەرجەم دام و دەزگاکانی حکومەت پێک دێنێت چی بیروکراسی بێت یان عەســـکەری و پۆلیســـی و دادگـــا و سیســـتمی چـــاودێری کـــۆمەلایەتی و هتـــد.. دەوڵەت جۆرەکـــانی زۆرن وەک دەســـەلاتەکانی رەها(المطلقـــة) و پەیوەســـتدار (المقیـــدة) بەستنەکان.دەوڵەت دەسەلاتی بەسەر هەموو شتێکدا دەبێت چ گروپەکان بێت یان یەکێتیەکان و ڕێکخراوەکان و داوای یاسایی و یاسای خۆی لە هەمووان دەکات بۆ ملکەچ بوون بە یاســـای دەوڵەت،بـــۆیە جیـــاوازی زۆر بەدی دەکرێـــت لەنێوان کۆن و نوێدا بۆ تێگەیشتن لە دەوڵەت و بنەماکانی و ملـــکەچ بـــوون بەو بنەمایـــانەی کە دەوڵەت داینـــاوە بـــۆ هاووڵاتیان، پیادەکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت لەم چەند خاڵەی خوارەوە دەخەینەڕوو.

یەکەم/دەسەلاتی دەوڵەت دیاری کراوە لە سنوری زەوی و شوێنی خۆیدا.

دووەم/دەسـەڵاتی دادگـایی ناوخۆیـدا گشـتی و گشـتیگرە.

سێهەم/دەوڵەت پیادەی دەسەڵاتی دادگایی بەزۆری هەیە،وە دەیکـاتە سـەر هاولاتیـانی بـۆ ملکەچبوون.پەیوەنـدیەکانی دەوڵەت و حکومەت ئاڵۆزن و دەوڵەت یەکێتیەکی گشتگیرە و واتـای کـۆمەڵ دەگەیەنـێ و پاشـان دام و دەزگاکـانی حکومەت پارچەیەکە لەو کۆمەڵە.

سستەمی فیدراڵی

سستەمی فیدراڵی: Federal System

فیدراڵیزم شێوەیەکە لە شێوەکانی سستەمی سیاسیی هاوچەرخ، واتای یەکێتیی کۆمەڵێک هەرێم یان ویلایەت لەچوارچێوەی خۆبەستنەوە بەسستەمی ناوەندێتی فیدراڵی دەگەیەنێ، لەگەڵ بوونی جۆرێکی تایبەت لە سەربەخۆیی بۆ هەر هەرێمێک. سستەمی فیدراڵی مافی خۆبەڕێوەبردن بۆ نەتەوەکان دابین دەکات لەگەڵ مانەوەیان لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا. یەکێتیی فیدراڵی، تەنیا بنچینەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریشە، هاوکارییەکی پتەوی نێوان هەموو دامەزراو و گروپ و تاکەکانیشی لە قەوارەی فیدراڵیدا دەوێ، بەو شێوەیەی کە لەلایەکەوە پتەوکردن و گەشەپێدانی فیدراڵی دابین بکات و لەلایەکی تریشەوە پشت بەو یاساو میکانیزمانە ببەستێ کە پاراستنی ناسنامەو مافەکانی لایەنە پێکهێنەرەکانی فیدراڵی دەستەبەر دەکەن. لە سستەمی فیدراڵیدا هەرێمەکان مافی سەربەخۆیی خۆبەڕێوەبردن و مافی بەشدارییان لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوەندێ دەبێت و ئەم چەشنە

سستەمەش لە ئەمریکا و سویسرا و مەکسیک و مالیزیا و دەوڵەتانی دیکەشدا هەیە، بۆیە دەکرێ بڵێین فیدراڵیزم دارشتەیەکی پێشکەوتووی پێوەندیی نێوان گەلانە و رێکخستنێکی بەرێوەبردنی دەوڵەتە .

شارەزایان سستەمی فیدراڵی بە نمونەییترین سیستەمی ئەو دەوڵەتانە دادەنێن کە فرە نەتەوەن. زۆرێک لە دەوڵەتان کە ژمارەیان لە سێیەکی دەوڵەتانی جیهان تێدەپەرێ، لە نێویاندا ژمارەیەک لە دەوڵەتە گەورەکانی وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤێتی جاران و کۆماری فیدراڵی رووسیای ئێستا و ئەڵمانیا و کەنەدا و ئوستراليا و هیندستان و دەوڵەتانی دیکەش، جۆری فیدراڵییان، هەر لە دامەزراندنی ئەو دەوڵەتانەوە یان پاش دامەزراندنیان، کردووە بە سیستمی خۆیان. ئەگەر دەسەڵاتی هەرێمەکانی دەوڵەتی فیدراڵی کە لە چۆنیەتی بەرێوەبردنی کاروباری سیاسی و ئابووریی خۆیاندا رەهاش نەبێت، ئەوا لەرووی هەموو ئەو کاروبارانەی پەیوەستن بەکارگێری و کولتوورییەوە دەستبەستراو نین.

پـــۆلێنکردنی ســــادەکراوەی دیموکراســـییەکانی ڕۆژئـــاوا (سیستەم و شێوازەکان) دەستنیشان دەکات بەم شـێوەیەی خوارەوە ،

جۆرەکانی سیستم/ پەرلەمـــــــــــــــــــانی،نیمچە سەرۆکایەتی،سەرۆکایەتی کۆنترۆڵی وەک حکومەتەکانی ئیسپانیا، یۆنـان لۆکسمبۆرگ ئەڵمانیـا، سویدنەمسـا، ئێرلنـدا ئاسیلەندا پورتوگال سیستمی سـەرۆکایەتی/ فەڕەنسـا،ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

پەرلەمانی/بەلجیکا، دانیمارک ئیتالیا و هوڵەندا پۆلۆنیا

سستەمە یاساییەکانی دەوڵەتـانی فیدراڵی جیاجیان، هەیانە ئۆتۆنــۆمی بە چەمکێکــی فــراوان بەهەرێــمە ئەنــدامەکان دەبەخشــێ، کەچـی هەشـیانە دەگـاتە داننـان بەمـافی چـارەی خۆنووســین بەمــافی جیابوونەوەشــەوە بـۆ ئەو گەلانەی لە چـــــوار چێـــــوەی دەوڵەتـــــی فیدراڵـــــدا دەژیـــــن.

سیسـتمی تـێکەڵاو:ئەو شـێوازە سیسـتەمەیە کە خـۆی لە بـــوونی ســــیما و خەســــڵەتەکانی هەردوو سیســــتمی سەرۆکایەتی و پەرلەمـانی دەبینێتەوە،فەرەنسـا بەرچـاوترین مـۆدێلی ئەم سیسـتەمەیەئەم سیسـتەمە بە شـێوەیەکی نـامۆ دەردەکەوێت کە تێکەڵی دوو سیسـتمە لە بنەڕەتدا دژیەکن،

سیستەمی پەرلەمانی دوانەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە بە شێوەیەک سەرۆکی وڵات لە ڕووی سیاسی پێڕەوی دەسەڵاتی ڕاستەقینە ناکات بەڵکو دەسەڵاتەکەی تەنها ناوی و شکۆمەندیە،لەتەک سەرۆکی وڵات سەرۆکی حکومەت(ئەنجومەنی وەزیران) هەیە کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەخۆ دەگرێت،هەروەها هاوکاری و دەستێوەردان و چاودێری و ئاڵوگۆڕکردن لەنێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان هەیە،بەشێوەیەک پەرلەمان مافی لێپرسینەوەی لە وەزارەت هەیە لە ڕووی سیاسی جا چ بە شێوەی هاوبەشی یان تاک تاکی بێت، کە ببێتە هۆی لەکارلادانی هەموو وەزارەتەکە بەتەوای، یا یەکێک لە وەزارەتەکان لەکاتی سەلماندی بەرپرسیاریەتیان،لەبەرامبەریشدا دەسەڵاتی جێبەجێکردن مافی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی هەیە،بەڵام لە سیستمەمی سەرۆکایەتی بە پێچەوانەی سیستمی پەرلەمانی یەک دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەیە کە سەرۆک کۆمارە.لەگەڵ بوونی ئەم نەگونجانەو دژیەکیە لەنێوان سیستمی پەرلەمانی

و ســـــــــــــەرۆکایەتی،هەندێک لە دەســـــــــــــتورەکان ئەم سیستەمەیان وەرگرتووە.[٤٢]

[٤٢] حەسەن مستەفا گەزنەیی-بژارعبدللە ئەحمەد، سیستمە سیاسیەکان چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٢.

چەمکی فیدرالیزم: Federalism Concept

چەمکی فیدراڵ لە وشەیەکی لاتینی (Fidere) کۆنەوە هاتووە بە مانای یەکێتی دێت. ئەم وشەیە مێژوویەکی کۆنی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ رۆژگاری پێش دروستبوونی دەوڵەت، ئەو کاتەی خێڵ و هۆزەکان گرددەبوونەوە و پێکەوە یەکێتییەکیان پێکدەهێنا بۆ بەرەنگاربوونەوە و داکۆکیکردن لەخۆ, بەرامبەر هێزە گەورەکان و مەترسیەکانی تردا، ئەم کۆبوونەوە و یەکگرتنەی هۆزەکان پێی دەگوترا (فیدراسیۆنی خێڵەکان) یان (کۆنفیدراسیای خێڵەتی) واتە یەکێتی خێڵەتی. ئەم فیدراسیۆنەش لە ئەنجامدا دەبوو بە جۆرێک لە شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵات و کاروباری ئەم یەکێتییە. ئەم فیدراسیۆنە و دەزگا و شێوازی بەڕێوەبردنەی، لە ئەنجامدا، زەمینەی خۆشکرد بۆ دروستبوونی دەوڵەت. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دروستبوونی هەر دەوڵەتێک دەبینین کەوا سەرەتا دانیشتوانەکەی یەکێتی خێڵەتییان پێکهێناوە و ئەمەش گەشەی کردووە و پەرەی سەندووە و بووە بە دەوڵەت. کەواتە، فیدراسیۆن، فیدراڵیزم، بەمانای یەکێتی دێت، یەکێتی

چەند خێڵێک یان چەند ناوچەیەک. دەوڵەتی فیدراڵیش بەمانای ئەو دەوڵەتە دێت کە لەئەنجامی یەکێتییەدا دروستبووە. سستەمی فیدراڵی مافی خۆبەڕێوەبردن بۆ نەتەوەکان دابین دەکات لەگەڵ مانەوەیان لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا، بۆیە یەکێتی فیدراڵی هەر چوارچێوەیەکی سیاسی نییە بەتەنها، بەڵکو بنچینەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریشە. ئەم بنچینەیەش بۆ دەوڵەتێکە وەکو عێراق دەبێت برەخسێ بۆ ئەوەی سستەمی فیدراڵی تیا پیادەبکرێت، چونکە عێراق لە چەند پێکهاتەیەکی نەتەوەیی دروستبووە، بۆیە دەبێ یەکێتی ئەم پێکهاتانە بەڕادە و شێوازێک بێت تا چوارچێوە سیاسییەکە، لە نێو قەوارەی سستەمێکی فیدراڵیدا، بمێنێتەوە. فیدرالیزم لەسەر بناغەی فرەیی دەسەڵاتو کارەکانی نێوان دەوڵەتی ناوەندیو حکومەتە ناوچەییەکان درووست دەبێ. فیدرالیزم میکانیزمێکە بۆ چۆنیەتی هاوکاریو هەماهەنگی سیاسی لە سستەمی دیموکراتیدا و لەوێشەوە فیدرالیزم دەبێتە ڕێگایەک بۆ هاوکاریو یەکێتی.

هەروەها فیدرالیزم بەواتای سستەمی دەسەڵات دێت، کە بریتیە لە یەکێتی چەند ولایەتێک یان هەرێمێک کە پێکەوە

دەژین. واتە فیدرالیزم فۆڕمی دەوڵەتە، بەشێوەیەک دێت لەشێوەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئابووری و ڕامیاری، ڕێکخستنێکی بەڕێوەبردن و دەستورییە، لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە دروست دەبێت. فیدرالیزم (Federalism) سستەمێکی سیاسییە، پەیوەندیی بە بەڕێوەبردن و دابەشکردنی دەسەڵات و هەماهەنگییەوە هەیە لەنێوان هەرێمەکاندا، بەرگری لەمافە نەتەوەییەکان دەکات، بۆیە دەبێتە بنەمایەکی تەواو بۆ گەیشتن بەدەسەڵات لەڕێگای یەکێتی چەند هەرێمێک یان ویلایەتێک . دەرکەوت هەموو پێناسە و بۆچوونەکان دەربارەی فیدراڵیزم، لە ناوەرۆکدا، یەکێتی و هاوکاری دەگەیەنن.

بۆیە فیدرالیزم شێوازێکە بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕێگە چارەیەکی گونجاوە لە پانتایی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا. جەلال تاڵەبانی دەڵێ: "فیدراڵی بۆ هەموو گەلان سوود بەخشە، واتە فیدراڵی دابەشکردنی دەسەڵات و سامانە لەنێوان گشت هەرێمەکانداو گشت پێکهاتەکانی گەلی عێراقدا، فیدراڵی واتە یەکێتی (الاتحادیە)" دەگەیەنێت .

مانـای فیـدرالیزمو دەوڵەتـی فیـدراڵ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بـۆ سـەرجەم دانیشـتوانی عێـراق بەتـایبەتی بـۆ کـورد دەرکەوتـووەو تێگەیشـتنێکی بـاش لە ئـارادایە کە فیـدرالیزم بەچارەسەری کێشەی دەوڵەتـان دێتو بە سسـتەمێکی کـارا ناو دەبرێت لەم قۆناغەدا کەسەرجەم نەتەوەکان سـوودمەند دەبن.فیـدرالیزم دوو پرانسـیپی تـا ڕادەیەک لێـک جیـاواز لەخۆدەگرێت کە بـریتین لە (جیـابوونەوە یـا سـەربەخۆیی)، پێکەوەلکانی ئەم دوو پرانسیپە پەیوەندیی بنەڕەتی دەوڵەتـی فیـدڕاڵ پێکـدێنێ. پرانسـیپی یەکێتیـی چەنـد ویلایەتێـک یـا فیدراسیۆنێک لەنێوان خۆیاندا پێکدێنن، چونکە هەر یەکێکیان بەتەنهـا هێزێکـی وایـان نـابێ کە خـۆی پـێ بپـارێزێ، لەبەر ئەوە بـۆ پەیـداکردنی هێـزو هێنـانەدی بەرژەوەنـدییە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکـان دەچـنە پـاڵ یەکتـر و دەوڵەتێکـی فیدڕاڵی پێکدێنن. بۆ نموونە، هەرێمەکـانی سویسـرا لەترسـی ئیمپراتۆریـای ڕۆمـانی هاوپەیمانەتیـان لەگەڵ یەکدا بەسـت، چـونکە لەم جـۆرە یەکگـرتنەدا سـەرجەم لایەنەکـان بەرژەوەنـدیی هاوبەشـیان هەبـوو . کەواتە فیـدڕاڵی سسـتەمێکی نمـوونەیی کۆنیشـەو یەکێتیەکـی ئارەزوومەنـدانەیە، بەردەوام هەوڵ دەدات بـۆ بەهێزکردنـی

یەکێتــی نیشــتمانی. فیـدرالیزم مانــای یەکگــرتنە. ئەڵمانیــای فیـدراڵی بەئەڵمانیـای یەکگرتـوو نـاودەبرێ، واتـای یەکگـرتن دەگەیەنـــــــێ نەک دابەشـــــــکردن، بەڵام یەکگرتنێکـــــــــی ئارەزوومەنـدانە، یەکگرتنێکـی دیمـوکراتیە ڕێـز لە ویسـتی خەڵـــکو مافەکانیـــان دەگـــرێ بـــۆ حـــوکمڕانیکردنی ئەو ناوچانەیـــان کە تایبەتمەنـــدێتی خۆیـــان هەیە. فیـــدڕالیزم لەمێژوودا بۆ یەکخستنی هەرێمەکانی یەک نەتەوە هـاتووە وەک ئەڵمانیـا، یـان بـۆ یەکخسـتنی ئەو هەرێمـانەی نەتەوەی لێکجیاواز تیایاندا نیشتەجێن وەک لە کەنەدا و سویسرا، یان بۆ یەکخسـتنی ئەو هەرێمـانەی تایبەتمەنـدیی دیاریکراویـان هەیە وەک هینـد و پاکسـتان و ئوسـترالیا. کەواتە فیـدراڵی پرۆسـەیەکی یەکگـرتنە نەک دابەشـکردن، چـونکە فیـدراڵی پیـــادەکردنێکی دیموکراتیـــانەیە بـــۆ بەشـــداری پێکردنـــی هەمووان بەبێ جیاوازی لەحوکمڕانیکردنی وڵات بۆ ئەوەی ئازادبن لەهەڵبژاردنی حاکمەکانیانو هەڵسوڕاندنی هەرێمە تایبەتیەکانیـــان، فیـــدراڵی دابەشـــکردنی دەســـەڵاتە لەنێـــوان ناوەند و هەرێمەکانی، بەوەش کۆتایی دێنێ بە ناوەندێتی کە هەمـوو دەسـەڵاتەکان لەدەسـتی ناوەنـدا بێـت کە مۆنۆپـۆلی دەسەڵاتو مافە ئیدارییەکان، دەکات.

بۆیە فیدراڵی پیادەکردنێکی هاوچەرخو شارستانیە بۆ حوکمکردنی دەوڵەتێک کە بارودۆخی وڵات بڕیاردەدات لەسەر ئەو سستەمە فیدراڵییە. فیدرالی تایبەتە بە دەوڵەتێک کەحوکمرانی تیایدا دابەش بووە بەسەر دەسەڵاتی ناوەندیو ژمارەیەک لە هەرێمەکان، واتە حوکمڕانیەکانو دەسەڵاتەکان بەپێی هەرێمە جیاجیاکان دابەش بووبن و یەکێتیەکی فیدراڵی هەرێمەکان لەیەک چوارچێوەدا کۆدەکاتەوە. سەبارەت بەپێناسەی دەوڵەتی فیدراڵی: "دەوڵەتی فیدراڵی چەند قەوارەیەکی دەستوری لەخۆ گرتووە هەریەکە لەو قەوارانەش سستەمێکی یاسایی تایبەتو سەربەخۆی خۆی هەیە، سەرەڕای ئەمانەش ملکەچە بۆ دەستوری فیدراڵی. فیدراڵی قەوارەیەکی سیاسییە بۆ یەکێتیی پێکهاتەکان، بەپێی ئەم ڕێکەوتنە دەبێ پێکهاتەکان لەسەر ئەوە ڕێک بن کەسستەمێکی فیدراڵی پیادە بکەن. بۆ بەشداری پێکردنی هەمووان. وەکو بۆمان دەرکەوت فیدراڵی پێناسەی زۆرە، گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە سەرجەم پێناسەکان یا زۆربەیان لەسەر یەک خاڵی گرنگ کۆکن ئەویش دابەشکردنی دەسەڵاتو شێوەیەک لە سەربەخۆیی هەموانە لەچوارچێوەی سستەمی فیدراڵدا، کە

تیایـــدا پەیوەنـــدییەکان لەســـەر بنەمـــای یەکســـانی و ڕێزگـــــــــــــــــرتن لەیەکتـــــــــــــــــرە.

بنەماکانی فیدرالیزم:

ئەگەر فیـدرالیزم وەڵامێـک بێـت بـۆ کێشـەی هاوژیـانی و هاوبەرژەوەنـدی نەتەوە جیاوازەکـان ئەوا دەبـێ ڕەچـاوی چەند بنەمایەکی سەرەکی بکرێت بۆ زامنکردنی فیدرالیزم لە دەوڵەتێکدا وەکو:

١) بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان

٢) ئۆتۆنۆمی

٣) هاوبەشی کردن.

بەم جـۆرە فیـدرالیزم دەبێـتە هۆکارێـک بـۆ ڕێزگـرتن لە تایبەتمەندی نەتەوەیی، فەرهەنگی و بەرژەوەندی ناوچەکان لەگەڵ دابینکردنی هێزو دەسەڵاتی هاوبەش.

١- بنەماکانی جیاکردنەوەی دەسەڵات و هێزەکان:

لە دەسـتووردا دەبـێ سـنوورو هێـزی دەسـەڵات لە دوو ئاسـتی گرنگـدا دیـاری بکرێـت: واتە دەسـەڵاتی حکـومەتی ناوچەکـان لەبەرامـبەر دەسـەڵاتی حکـومەتی فیـدراڵی

(اتحـــادی)، ئەم دابەشـــکردنەی دەســـەڵاتیش بەهـــۆی دوو پێوەرەوە دەبێ:

یەکەم / دەبێت سەرچاوەکانی بەرژەوەندی گشتی (دەوڵەت) دیـــاری بکـــرێ و ســـنوورەکانی جیـــابوونەوەی ئەو بەرژەوەندییانە لەگەڵ سنوورەکانی بەرژەوەندی ناوچەییدا لێک جیابکرێنەوە.

دووەم / لەنێوان هێز و کار و دەسەڵاتی گشتی و ناوچەییدا جیـاوازی بکـرێ، وەکـو مەسـەلەکانی بازرگـانی، بەرگـری، سـکەی پـارە یـان بازرگـانی گشـتی و بازرگـانی حکـومەتی ناوچەکان.

٢-بنەمای ئۆتۆنۆمی:-

ئۆتۆنۆمی بە مانای هەڵبژاردن و کارکردنە بە مەیلی خۆیان (نەتەوە و ناوچەکـــــان). لە زانســـــتی سیاســـــیدا (Election)هەڵبـــژاردن دەســـەڵاتی یەکێـــک لە گروپەکـــانە دەربارەی دانـانی یاسـاو کـارکردن بەو یاسـاو دەسـەڵاتانەی بۆ ئەو چوارچێوەیە دیاری کراوە کە ئازادە.

٣-بنەما هاوبەشەکان:

لە هەرێمـی فیدراڵـدا هاوبەشـیکردن بەهـۆی سیسـتەمی دوو ئەنجـومەنی یـان زیـاتر پیـادە دەکـرێ، واتە بـوونی دوو

پەرلەمان یا زیاتر کە هەمیشە پەرلەمانی گشتی لە کۆی نوێنەرانی یەکە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵ بە ژمارەی یەکسان پێکدێت و حکومەتی ناوچەکان بەشدار نین لە دانانی دەستوور بەڵکو کۆنگرەی تایبەت هەیە لەو بوارەدا کە نوێنەری خەڵک تیایدا بەشدارن بۆ دەستوور دانان.

بنەماکانی فیدراڵی لەئەنجامی گونجاندنی نێوان یەکێتی و هەمەڕەنگیدا لە ڕێکخستنی دەوڵەتی فیدراڵیدا گەشەی کردووە، کە دوو بنەمای سەرەکی هەن و بریتین لە: سەربەخۆیی زاتی و بنەمای بەشداریکردن.

١.بنەمای سەربەخۆی زاتی:

هەرێمی ئەندام لە فیدراڵییەتدا سەربەخۆیی خۆیان دەپارێزن و لە توانایاندا هەیە حوکمڕانی خۆیان بە خۆیان بکەن و کاروبارەکانی بەڕێوەبردن ئازادانە لە چوارچێوەی بارێکی دەستوورییدا بەڕێوەبەرن.

٢. بنەمای بەشداریکردن:

بەشداریکردن و هاوبەشی لەسستەمی فیدراڵیدا بریتی دەبێت لەوەی ئەو گروپە پێکهێنراوانەی فیدرالیزم پێکدەهێنن، مافی سروشتی خۆیانە بەشدارییەکی کارایانە بکەن لە بڕیاردان و بەشداریکردن لەو ئەنجومەنە

فیـــــدرالّییەی کەوەک ئەنجــــومەنی پیــــران وایە لەولاّتە یەکگرتوویەکــانی ئەمریکــادا، ئەمەش مــافێکی تــر دەداتە هاوولاّتیـانی هەرێـمە فیـدرالّییەکان کە مـافی بڕیاردانیـان هەبێـــت لە حـــوکمی فیدرالّیــــدا، هەر ئەوەشــــە وای لە (هیـرود HERUD. G) کـردووە کە بلّێـت: (فیـدرالّیەت لە دیموکراسیەتێکی تاکەلایی پێکدێت، بەلاّم لە هەمان کاتدا ئەو بـوارە تاکەکەسیش تـێ دەپەڕێنێـت). بەلاّم ئەوەی قەبـارەی هاوبەشــــیکردن دیاریـــــدەکات ئەوەیە کە تــــاکلایی لەم سستەمەدا ئەوە دەسـەلمێنێ کە دەبێ بەشداری یەکسـانانە هەبێت لە بڕیاردانـدا لە نـاو دەولّەتێکی فیدرالّیدا. فیـدرالّیەت دەتـوانێ مـافی کەمایەتیەکـان بپارێزێـت و ئاشـتی لە نێـوان گروپەجیاوازەکاندا بەرپابکات کە لە زمان و ئاین و ڕەگەزدا جیـاوازن، چـونکە هەموویـان هاوبەشـن لە بەرژەوەنـدییەکی گشـتیدا لە چوارچێوەی ئەو شـوێنە جوگرافیـایەی کە تیایـدا دەژین .

یەکێتــی، فیدراسـیۆن (Fedration)، بـریتییە لە یەکگرتنــی سیاسی چەند هەرێمێک بۆ دروستکردنی دەولّەتێک کە هەر هەرێمێـک قەلّەمـڕەوی کاروبـاری سیاسـی و ئـابووری و کـۆمەلاّیەتی و ڕۆشـنبیری و سـەرجەم چالاکیەکـانی نێـو

کۆمەڵ لەدەست خۆیاندا بێت و تەنها لەڕووی سیاسەتی دەرەوە دەبن بە دەوڵەتی یەکگرتوو. لە دەوڵەتە فیدراڵیەکانی جیهان(ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کەنەدا، ئوستراليا، ئەرژەنتین، مەکسیک، هندستان، سویسرا)، سویسرا کە لە ڕووی تیۆرەوە یەکێتییەکی (کۆنفدراسیۆن) یە بەڵام لەڕووی عەمەلی و واقعیەوە بە یەکێتییەکی فیدراڵی فراوان دەژمێردرێت، چونکە یەکێتی (اتحادی) دەسەڵاتێکی ڕاستەوخۆی بەسەر هەموو دەوڵەتدا هەبوو لە کۆنفدراسیۆنی دەکەوێت .

گرنگترین جیاوازییەکانی نێوان یەکێتی فیدراڵی و یەکێتی کۆنفیدراڵی بریتین لە

دروست بوونی بەپێی ڕێکەوتنی چەند دەوڵەتێک دەبێت واتە بە (پەیمانی دەوڵەتی)دەژمێردرێت	بەپێی دەستوورێک دروست دەبێت کە لەڕووی یاساییەوە بە(یاسا) دەژمێردرێت.
لەسەر ڕاوبوونی حکومەتەکانی ئەندام تێیدا ڕادەوەستێ	- لەسەر ڕاو بوونی هاووڵاتیانی دەوڵەتەکە ڕادەوەستێ.

ئەو دەوڵەتانەی ئەندامن تێیدا دەسەڵاتی جیاجیایان هەیە	یەک دەسەڵات(السیادە)هەیە کە لەحکومەتی ناوەندایە
-بەرێگەیەکی دەستووری ئەندامان و دەوڵەتی کونفدراسیۆن مافی جیابونەوەیان هەیە هەرکاتێ بیانەوێ.	کشانەوە و جیابونەوە لە یەکێتی فیدراسیۆنی بەکارێکی نا دەستووری و توندڕەوانە دەژمێردرێ، چونکە مافی جیابونەوەی تێدا نییە.
ئەندامانی حکومەت لەدەوڵەتی کۆنفدراسیۆندا دەتوانن بڕیاری هەڵوەشانەوە یا فراوان کردنی دەسەڵات بدەن	لەیەکێتی فیدراسیۆندا حکومەتی ناوەند بەپێی دەستوور خۆی دەسەڵاتەکان دیاری دەکات دەستکاری و گۆڕان و هەڵوەشانەوەی ئەندامەکانی ناتوانن دەستکاری ئەو یەکێتییە بکەن یان بیگۆڕن،
دوا ڕێگەی یاسایی گرفتی نێوانیان جیابونەوەیە	پەنابردنە بەر (دادگای فیدراسیۆنی)یاساکان دادەنرێت

هەموو ئەندامانی کەسایەتی دەوڵەتی سەربەخۆی دەبێت و دەتوانێ پەیمان لەگەڵ دەوڵەتانی تردا ببەستێ یان جەنگیان لەگەڵ سازدات بێ ئەوەی کاربکاتە سەر ئەندامانی تر.	ئەندامانی ئەو دەسەڵاتەیان نییە و تەنها لەدەسەڵاتی حکومەتی ناوەندایە.
لەبەر ئەوە دەزگایەکی ئیداری ناوەندی و دادگەری نییە ناتوانێ دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی بکێشێت بەسەر هاوڵاتیاندا، بەڵکو هەردەوڵەتەی بەجیا دەتوانێ ئەم کارە ئەنجام بدات.	حکومەتی ناوەندی لەبەر ڕۆشنایی دەسەڵاتە دەستووریەکاندا (یاسا) دادەنێ و لەڕێی دەزگا ئیداری و دادگەریە تایبەتیەکانەوە بەسەر هەموو هاووڵاتیاندا دەسەپێنێت

لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە مەسەلەی مافی دیاری کردنی چارەنوسی هەر نەتەوەیەک مافێکی بێ دەمەتەقێ و زمان گرتنی هەر نەتەوەیەکە ... و ئەگەر چی شێوە و چیۆەی چۆنێتی بەدیهێنان و بەکارهێنانی ئەو مافە دەکەوێتە سەربار و هەلومەرجی ئەو نەتەوەیەو سەرجەم هۆکانی

کـــارتێکەری و لەچەنـــد شـــێوەیەکدا خـــۆی دەنـــوێنێ، بەڵام بـــاڵاترین پلەکـــانی و ڕەوتـــی مێژوویـــی و دوایـــی هەرخـــۆی لەدروستکردنی گیانی سیاسی سەربەخۆ و ئازاددا دەبینێت.

تایبەتمەندییەکانی سستەمی فیدراڵی

پرانسیپی ئارەزوومەندانە ئەوەیە کە ئەم سستەمە بەگوێرەی ڕەزامەندیی لایەنەکانی بەشدارەوە دابمەزرێ. ئەزموونی ڕابردوو لەو وڵاتانەی کە سستەمی فیدراڵییان تێدا پیادە بووە ئەوەیان بۆ دەردەخا کە لە پێکهاتنی ئەم سستەمەدا فاکتەری ئارەزوومەندانەیە و ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێ و لە ماوەیەکی درێژخایەندا پایەیەکی سەرەکی دەبێ بۆ سەقامگیربوونی ئەم سستەمە. یەکێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتوویی سستەمی فیدراڵی لەوڵاتانی وەک ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەنەدا، ئوسترالیا لەم تایبەتمەندییەوە سەرچاوەی گرتووە. لە کاتێکدا هۆی سەرنەکەوتن یان بێ ئاکام مانەوەی سستەمی فیدراڵی لە ژمارەیەک لەوڵاتانی ئەمریکای لاتین و وڵاتە ئازاد بووەکان ئەوە بوو کەلایەنی دەرەکی میکانیزمی سەرەکی و هاندەری راستەقینە بووبن لە دامەزراندنی ئەم سستەمە سیاسییە لەم وڵاتانەدا، نەک ڕێکەوتنێکی ئارەزوومەندانەیە. یەکێک لە نموونەکانی بەرچاو لەم پێوەندیەدا هەڵوەشانەوەی بەپەلەی ئەو فیدراڵیە بوو کە لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا لە نێوان وڵاتانی

کینیا-تانزانیا و ئوگاندا پاش ڕزگاربوونیان لە چنگی ئینگلستان روویدا. هۆی ئەم هەڵوەشانەوەیە لە بنەڕەتدا ئەوە بوو کە ئەم یەکگرتنە بەپەلەو لەژێر کارتێکەری و تەوژمی دونیای دەرەوە بەتایبەت ئینگلستاندا دروستبوو بوو. ئەمەش لەخۆیدا ئەو تیۆرییە بەهێزدەکات کە سستەمێکی فیدراڵی کاتێک دەتوانێت سەقامگرتووبێت کە لە ڕووی بنەمایەکی دڵخوازانەوە دامەزرابێت، بەڵام لە هەمان کاتدا نموونەی وەک هیند هەیە کە لەگەڵ ئەوەی میکانزمی دەرەوە، واتە ئینگلستان کە لە دامەزراندنی سستەمی فیدراڵی لەم وڵاتەدا ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا، کەچی ئەم سستەمە هەتا ئێستاش لەسەر جێگای خۆیەتی، هۆی ئەم بەردەوامبوونە دەکرێ لە هۆکاری تردا ببینرێت. یادی ئەزموون و پایەیەکی کە سەرکەوتنی ئەم وڵاتە لە وەرگرتنی سەربەخۆی خۆیدا دایڕشت هەتا ئێستاش کارتێکەری لە پاراستنی سستەمێکی یەکگرتووی فیدراڵی لەنێوان هەموو گرووپ و دەستە جەماوەرییەکان بەڕەگەز و ئایینی جۆربەجۆرەوە هەرماوە . ڕێز دانانی ئەم کۆمەڵگایە بۆ هەندێک لە پرانسیپە گشتییەکانی دیموکراتی دەتوانێ فاکتەرێک بێ بۆ ئەوەی خەڵکی ئەم وڵاتە

ســـــەرەڕای جیـــاوازی ئـــایینی و کولتـــوری بتـــوانن لە سســـــتەمێکی فیدراڵیـــدا خۆیـــان بەهەنـــدێک پرانســـیپی دیموکراتیـانە پەیوەست بکەن، بەڵام سـەرەڕای ڕۆڵـی ئەم فـاکتەرانەش وا پێـدەچێ کە یەکێـک لەهۆکـاری سـەرەکی زۆرێـک لەو ئـاژاوە و نائـارامی کە لە نێوخـۆی وڵاتـی هیندســتان، بەتــایبەت لەم دواییــانەدا، ســەریان هەڵــداوە، دەتــوانێ بگەڕێــتەوە بــۆ ئەوەی کە سســتەمی سیاســیی دەســـەلاتدار لەم وڵاتە لە بنەڕەتـــدا لەســـەر ئـــارەزوو و لەڕووی ئاگاداری پێویستی هەموو ئەو زیاتر لەسەد کاست، گروپـــی ڕەگەزی و ئـــایینی جۆربەجـــۆرەی، کە لەنێـــو چوارچێــوەی ئەم وڵاتەدا دەژیــن، دانەمەزراوە. نمــوونەی بـــێ چارەســـــەر مـــانەوەی دەســـــەلاتی سیاســـــی لە هەرێمـی کشـمیر هەر لەم ڕوانـگەیەوە دەکـرێ سـەیربکرێ. نموونەی ئەو وڵاتانەی سستەمی فیدراڵیان تێدا جێگیربووە دەریـــدەخات کە فـــاکتەری دڵخـــوازانەی لایەنەکـــانی بەشـــدار پـــایەیەکی گـــرنگە لە ســـەقامگرتوویی و بەردەوامی لەم سستەمانەدا.

کۆڵەکەکانی سستەم و یەکێتی فیدراڵی

سستەمی فیدراڵی کۆمەڵێ بنەمای گرنگی هەیە کە بریتییە لەم خاڵانە:

١. یەکێتی و هاوبەشی لە نیشتماندا (یەکێتی دەوڵەتی فیدراڵی)

٢. یەکێتی نەتەوەکان لە دەوڵەتدا لە چوارچێوەی مافەکانی یەکسانیدا کە دەستوور دیارییان دەکات.

٣. یەکێتی هەرێمی دەوڵەت.

٤. یەکێتی ئاڵای هاوبەشی دەوڵەتی فیدراڵی، لەپاڵ ئاڵای تایبەت بەهەر ویلایەت یان هەرێمێکدا.

٥. یەکێتی دراو، کە لە دەستی دەسەڵاتی باڵای فیدراڵیدا دەبێت و، هەروەها یەکێتی بودجە گشتی و سامانەکان.

٦. یەکێتی دامەزراوە سەربازییەکان، کە لە دەستی دەسەڵاتی باڵای فیدراڵیدا دەبێت.

٧. یەکێتی یاساکان و دادوەری، کە لە دەستی دەسەڵاتی باڵای فیدراڵیدا دەبێت.

٨. یەکێتی نوێنەرایەتی دەرەکی و باڵوێزەکان، کە لە دەستی دەسەڵاتی باڵای فیدراڵیدا دەبێت هەروەها بەستنی پەیمانە

نێودەوڵەتییەکان و بڕیاری جەنگ و بەستنی پەیمانی ئاشتی لە دەستی دەسەڵاتی باڵای فیدراڵیدا دەبن.

٩.کاروبـاره کارگێڕییەکـانی دیـکەی هەرێـم بـۆ کاروبـاری هەرێم و حکومەتی ناوخۆیی فیدراڵی دەمێننەوە .

دەســـەڵاتی ڕاپەڕانـــدنی ناوەنـــدی لە زۆربەی دەوڵەتـــانی فیدراڵــدا، ئەنجــومەنی فیــدراڵی یــا ئەنجــومەنی وەزیــران، ئەنــدامانی لە نێــو ئەنــدامانی پەرلەمــانی فیــدراڵی یــان لە دەرەوەیـدا هەڵـدەبژێرێ و، دەبـێ ئەم ئەنجـومەنە متمـانەی پەرلەمـانی فیـدراڵی بەدەسـت بێنـێ. ئەنجـومەنی نـاوبراو بە باڵاترین دەستەی ڕاپەڕاندن و کارگێڕی لە وڵاتدا دادەنرێت و، دانـانی سیاسـەتی گشـتی دەوڵەتـی فیـدراڵی لە بوارەکـانی سیاسی و ئابووری و هـی دیکە لە ئەستۆ دەگرێ، ئەمەش لەو سـنوورەدا کەلە دەسـتووری فیدراڵیـدا بەدەق هـاتووە، سەرۆکی دەوڵەت یان بەدەنگدانی گشتی ئازاد و ڕاستەوخۆ لەهەمـــوو هەرێمەکانـــدا هەڵـــدەبژێردرێت، یـــان لەلایەن پەرلەمـــانەوە بەو ڕێــژەیەی کە دەســتوور دیارییــدەکات، هەڵــدەبژێردرێت. دەســـەڵات و دامەزراوەکــانی دەوڵەت و وەزیفە ناوەندییە بنچینەییەکانیش ئەمـانەن: سـەرۆک کۆمـار

و جێگری سەرکۆمار، پەرلەمانی فیدراڵی، حکومەتی فیدراڵی، دادگای دەستووری (فیدراڵی باڵا)، داواکاری گشتی.
زۆر جار دەگوترێ سستەمی فیدراڵی بەبێ لە ئارادابوونی سستەمێکی دیموکراتی مەحاڵە پێک بێت، ئەگەر لە ڕوانگەیەکی بەرتەسکەوە بڕوانینە فیدرالیزم، ڕەنگبێ ئەم تیۆریە ڕاستبێ، بەڵام لە ڕوانگەیەکی کراوەتر لە مەیدانی تیۆریدا هەم لە پراکتیکیشدا سەلمێندراوە کە گوایە سستەمی فیدراڵی دەتوانێ لە وڵات یان ناوچەیەکی نادیموکراتیشدا پێکبێت. سستەمی فیدراڵی خۆبەخۆ دەستەبەری دامەزران یان سەقامگیرکردنی دیموکراسی ناکات. یان بە پێچەوانە بوونی دیموکراسی نابێتە گارانتیەکی تەواو بۆ دامەزراندن یان پاراستنی سستەمێکی فیدراڵی. لە ڕاستیدا سستەمی فیدراڵی خۆی لە خۆیدا بنەمایەکی دیموکراسی تێدایە و دیموکراسیش بنەمایەکی بەهێزە بۆ دامەزراندن، سەقامگیریی و بەردەوامی سستەمی فیدراڵی. فیدرالیزم ڕیشەی لە بنچینەی ڕوانگەی دیموکراتیانەی ژیانی پلورالیستی و دابەشکردنی دەسەڵاتەوە وەرگرتووە.

تایبەتمەندیەکانی دەوڵەتی فیدراڵی

لە سستەمی فیدراڵیدا دەوڵەت دەبێ یەک پێناسە هەڵگرێ و یەک ئاڵا هەبێت کە ئاڵای دەوڵەتی فیدراڵییە. هەرچەندە هەر یەک لەو هەرێمانە پێناسە، ئاڵا، یان نیشانەیەکی تایبەتی بە خۆی دەبێ، بەڵام لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی گشتی (القانون الدولی العام) و یاسای نێودەوڵەتی تایبەتدا (القانون الدولی الخاص)، هیچ بایەخێکی پێ نادرێ. هەموو هەرێمەکانی دەوڵەت، یەک هەرێم پێک دەهێنن، ئەو هەرێمەش، هەرێمی دەوڵەتی فیدراڵیە و قەوارەی نێودەوڵەتی هەیە، بەڵام هەرێمی ولایەتەکان بەشێکن لە هەرێمی دەوڵەتی فیدراڵی و هیچ قەوارەیەکی نێو دەوڵەتییان نییە. لە دەوڵەتی فیدراڵیدا دەستووری فیدراڵی هەیە، کە کاروباری هەموو وڵات ڕێکدەخات. لەپاڵ دەستووری فیدراڵیدا، دەستوورەکانی هەرێمی هەن کە دەستووری ولایەتێک جیاواز دەبێت لە دەستووری هەرێمێکی تر، بەڵام نابێ دەستووری هیچ ولایەتێک لەولایەتەکانی دەوڵەتی فیدراڵی گونجاو نەبێت یان بە پێچەوانەی دەستووری دەوڵەتی فیدراڵیەوە بێت. لە دەوڵەتی فیدراڵیدا دوو دەسەڵات هەیە، دەسەڵاتی دەوڵەتی فیدراڵی،

کە پەیوەندی بە هەموو دانیشتوانی دەوڵەتی فیدراڵییەوە هەیە و یاساکان و سستەمەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی لە هەموو ناوچەکانی دەوڵەتدا کاریان پێدەکرێ و پەیڕەو دەکرێن، بێئەوەی هەبوونی هەرێمەکان ببنە کۆسپ لەبەردەم ئەو یاساو سستەمانەدا و زیاد لەوەش دەبێت دەسەڵاتی هەرێمەکان یاساو فەرمان داڕێژن و دەربکەن بۆ جێبەجێ کردنیان. دەسەڵاتی دەوڵەتی فیدراڵی هەڵدەستێ بەو کارو ئەرکانەی کە شێوەیەکی گشتگیریان پێوە دیارە و پەیوەندییان هەیە بەڕەوشی گشتی ئاسایش و باری ئابووری و پەیوەندییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی لەگەڵ دەوڵەتانی تردا. ئەمەو دەسەڵاتی فیدراڵی پێک دێت لە:

١.-دەزگای یاسادانان:- ئەم دەزگایە لە دوو ئەنجومەن پێکدێت، یەکێکیان نوێنەرایەتی هەموو وڵات دەکات، ئەوی تریان نوێنەرایەتی ناوچەکان دەکات.

٢.-دەزگای جێبەجێکرن:- پێک دێت لە سەرۆک کۆمار، یان سەرۆک وەزیران بەگوێرەی سستەمی پەیڕەوکراو لە دەوڵەتدا.

٣.-دەزگای دادوەری:- کە زۆر جار پێی دەڵێن دادگای فیدراڵی باڵا، بەڵام دەسەڵاتی هەرێمەکان لەلایەن خەڵکی

هەرێمەکـانەوە پـێکەوە دەنـرێن بەگـوێرەی سسـتەمێک، کە دەبــێ گونجاوبێــت لەگەڵ دەســتووری فیدراڵیــدا، ئەو دەزگایـانە, دەزگاکـانی یاسـادانان و ڕاپەڕانـدن و دادوەری دەگرنەوە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو کاروئەرک و جموجوڵانەی کە هەریەک لە دەســەڵاتی دەوڵەتــی فیـدراڵی و دەســەڵاتی هەرێمەکـان پێیـان هەڵدەسـتن، بەگـوێرەی ڕێگـایەک لەوسـێ ڕێگایەی کە لەئارادان ڕێکدەخرێن:-

یەکەم:- دەستوور و یاساکانی دەوڵەتی فیدراڵی ئەو ئەرک و کــــارانە دیــــاری دەکەن کە هەر یەک لە دەســــەڵاتی هەرێمەکـان پێیـان هەڵدەسـێ، واتـا دەسـتوور و یاسـاکان بە شێوەیەکی تەنراو کـارو ئەرکی هەردوو دەسـەڵاتی فیدراڵی و دەســــەڵاتی هەرێمەکــــان دیــــاری دەکەن. بەڵام ئەمە ڕێگایەکی پراکتیکی نییە، لەبەر ئەوەی کاروبـاری نـوێ دێنە ئـاراوە کە پێویسـت دەکـات بەشـێوەیەکی بەردەوام ڕێـک بخــرێن و بــدرێنە پــاڵ ئەرک و کــاری یەکــێ لە هەردوو دەسەڵاتەکە، هەروەهـا بە گـۆڕانی بـارودۆخ لەوانەیە هەنـدێ گۆڕانکارییان بە سەردا بێت و پێویست بکات لە دەسـەڵاتی هەرێمەکان دەربکرێن و بخرێنە پاڵ دەسەڵاتی فیدراڵی و بە پێچەوانەوە.

دووەم:- کـــارو ئەرکەکـــانی دەســـەڵاتی هەرێمەکـــان دیاریـدەکرێن بەشـێوەیەکی تەنـراو و ئەو کاروبـارانەی کە دەمێننەوە و دیـاری نەکـراون دەکەونە ئەستۆی دەسـەڵاتی فیدراڵی.

سـێیەم:- کاروبارەکـانی دەسـەڵاتی فیـدراڵی دیـاری دەکـرێن بەشـــێوەیەکی تەنـــراو، هەرچـــی دەمێنێـــتەوە دەســـەڵاتی هەرێمەکان پێیـان هەڵدەسـێ، واتـا دەسـەڵاتی هەرێم هەمـوو ئەو کاروبـــارانەی کە دەمێنـــنەوە و دیـــاری نەکـــراون دەیانگرێتە ئەستۆی خۆی و ئەرکی بەڕێوەبردنی دەکەوێتە ئەســـتۆ. ئەمەو زۆربەی دەوڵەتە فیـــدراڵیەکان ڕێگـــای ســـێیەمیان وەرگرتـــووە، لەوانە سویســـرا، ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، مەکسیک، ئوسترالیا.

لە کاتێکـدا دەوڵەتـی فیـدراڵی لەچەنـد هەرێمێـک پێکـدێت و هەریەک لەو هەرێمـانە دەسـەڵات و دەزگـای تـایبەتی خـۆی هەیە، بەڵام ئەمە ئەوە نـاگەیەنێ کەهەریەک لەو هەرێمـانە و قەوارەکەی بەهێزبـــێ بەرامـــبەر دەســـەڵاتی فیـــدراڵی، لەبەرئەوەی دام و دەزگاکانی دەسەڵاتی فیدراڵی هەڵقوڵاوی بیروڕای جەماوەرن لە هەموو ناوچەکانی دەوڵەتی فیدراڵی، ئەم دام و دەزگایانە نوێنەرایەتی هەموو هەرێمەکان دەکەن،

لەلایەن ئەوانەوە هەڵـدەبژێردرێن، بـۆیە دەسـەڵاتی فیـدراڵی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ هەمـوو هاووڵاتیـانی دەوڵەتـدا، بێ ئەوەی هەبـوونی دەسـەڵاتی هەرێمەکـان ببـنە کۆسـپێک لەڕێگـادا. یاسـاکانی دەوڵەتـی فیـدراڵی ڕاسـتەوخۆ پەیـڕەو دەکـرێن لەهەمـوو ناوچەکانـدا، هەریاسـایەک لە هەرێمەکـان دەبێ گونجـاوبێ لەگەڵ دەسـتوور و یاسـاکانی دەســەڵاتی فیدراڵیــدا، ئەو بەشــەی نەگونجــاوبێ لەگەڵ دەسـتوور و یاسـاکاندا بەتـاڵ دەبێـتەوە. دەوڵەتـی فیـدراڵی خاوەن هەموو ئەو دەسەڵاتانەیە کە پەیوەندیـدارن بەهەمـوو ولایەتەکـانەوە، بەتـایبەتی ئەو دەسـەڵاتانەی کەپەیوەنـدییان هەیە بە: دراوو، پۆســت و گەیانــدن، گــومرگ و بازرگــانی دەرەوە، هێـزی سـەربازی، پێناسـە و کـۆچ، قەبـوڵکردنی ئەنــدامی تــازە لە دەوڵەتــی فیــدراڵی، ســنووری دەرەوەی دەوڵەت جـاڕدانی حـاڵەتی فریـاگوزاری، یاسـا داراییەکـان، کاروباری جەنگی.

جۆرەکانی سستەمی فیدراڵی:

فیـدرالیزم سســتەمێکی سیاسـییە کەتیایـدا کۆمەڵێـک یەکەی سیاســـی ســـەربەخۆ لەســـنووری وڵاتێکـــدا بەیەکەوە کــۆدەبنەوە. گرنگتــرین ئاکــاری ئەم سســتەمە بــریتیە لە دابەشــکردنی ســەروەری واتە ســیادە، لەنێــوان دەســەڵاتی یەکێتــی (الاتحــادیە) و ئەو دەســەڵاتە ناوچەییــانەدا کە لە چوارچێوەی هەمان دەوڵەتدا دروست دەبن. لەجیاتی ئەوەی یەک دەوڵەتــی ناوەنــدی هەبێــت کە خــاوەنی هەمــوو سەروەرییەک بێت کۆمەڵێک دەوڵەت یان نـاوچەی لۆکـاڵیش دروســت دەبــن. لە ڕووی دەســتوورییەوە هــیچ یەکێــک لە دەوڵەتی مەرکەزی و لە دەسەڵاتە لۆکاڵیەکان کەمتر نابێت و کەسیان لەسایەی حوکمی ئەوی تریاندا نـاژی. کە وابوو لە سســـتەمی فیدراڵیـــدا هەم دەســـەڵاتی مەرکەزی و هەم دەســـەڵاتە ناوچەییەکـــان دەســـەڵاتێکی یاســـایین، لەڕێ هەڵبژاردنەوە دروستدەبن و دەستوور ڕێکیاندەخات. بەپێی پرانســیپی دابەشــکردنی ســەروەری چیــدی ناوچەکــانی دەرەوەی ناوەند، ئەو ناوچانەی یا ئەو هەرێمانەی کە دەبنە هەرێمــی فیـدراڵی، درێژکراوەیەکـی ئیـداری و بیرۆکراسـی

ناوەند نابن، بەڵکو دەبنە ناوچەی سەربەخۆ و خاوەن کەسایەتی یاسایی و دەستووری تایبەت، بەشێوەیەک دەتوانن هەندێک بڕیار بەتەنها و هەندێکی تریان بە پێکەوەیی لەگەڵ ناوەندا. یەکێک لە کاراکتەرە گرنگەکانی سستەمی فیدراڵی پاراستنی سنوورە ڕەسمیەکانی ئەو دەوڵەتەیە کە بووەتە هەرێمی فیدراڵی، فیدراڵیزم سستەمێکی نوێ نییە، ژمارەیەکی زۆر دەوڵەت هەن کە زیاد لە چەند سەدەیەک ئەم سستەمەیان پیادەکردووە، بیرمەندێکی ڕامیاری وەک ئیلەزار (p. j. Elazar) لە کتێبی (exploring fedralism) کە لە ساڵی ١٩٨٧ دا بڵاوبۆتەوە کە ناوی (٢٢) دەوڵەتی گەورە و بچوکی جیهان دەهێنێت کە سستەمی فیدراڵییان پیادە کردوە، ئەم نووسەرە باس لە شۆڕشی فیدرالیستی دەکات و پێیوایە ئەم شۆڕشە ڕوخساری جیهانی ئەمڕۆکەی بەتەواوی گۆڕیوە، لە (٢٢) دەوڵەتدا دوو ملیار مرۆڤ دەژین کە بەسەریەکەوە (٤٠ %) ی ژمارە دانیشتوانی گۆی زەوی پێکدەهێنن، کەواتە نزیکەی نیوەی دانیشتوانی سەر ئەم ئەستێرە لە ڕوی ئیداری و سیاسییەوە لە سستەمی فیدرالیدا دەژین.

هەمــوو سســـتەمێکی فیــدراڵی پێویســـتی بە دەســـتوورێکی دیموکراســـی فیـــدراڵی هەیە، بـــوونی ئەم دەســـتوورە کە دەستنیشــانی ســەروەری و دەســەڵات و پەیوەنــدی بەشــە جیاوازەکـانی نـاو دەوڵەتـی فیـدراڵی دەکـات کەبەگرنگتـرین مەرجـی دروســـت بـــوونی ئەم سســـتەمە دەژمێردرێـــت. دەستووری فیدراڵی دەستوورێکە دوو ئاستی حـوکمکردنی لێکـــدی جیادەکـــاتەوە و بەهەر یەکێکیـــان وەزیـــفە و بەرپرســـیارێکی تـــایبەت دەبەخشـــێت، مەبەســـت لەو دوو ئاسـتەش ئاسـتی حـوکمکردنی لە لۆکـاڵ و ناوچەکانـدا. ئەم دوو مەســـەلەیەش بەســـەریەکەوە چوارچێـــوەیەکی گشـــتی دروستدەکەن کە تیایدا هەم دەسەڵاتی یەکێتـی (الاتحـادی) و هەم دەســـەڵاتی لۆکـــاڵی شـــەرعیەتی ئەوەیـــان هەیە بەبـــێ گەڕانەوە بۆ یەکدی هەندێک بڕیاری تایبەت دەربکەن ، بۆیە دەســـتووری فیـــدرالیزم دەســـتوورێکی دیموکراســـییە و دەسەڵاتەکان لێک جیادەکاتەوە و یاسـا سـەروەر دەکـات بە هەمووان ماف دەبەخشێت بەیەکسـانی. هەروەهـا سسـتەمی فیدراڵی پێویسـتی بە پەرلەمـانێکی دوو ئەنجومەنی هەیە کە لە ڕێگـای هەڵبژاردنـی ڕاسـتەوخۆوە لە ناوەنـدا دروسـت دەکرێن، ژورێکیان بۆ نوێنەرایەتی خەڵک ئەوەی تریان بۆ

نوێنەرایەتی دەوڵەت و دەسەڵات. هەروەها هەموو هەرێمێک ئەبێ پەرلەمانی تایبەتی خۆی هەبێت کە ئەمانیش لە ڕێگای هەڵبژاردنـــی ڕاســـتەوخۆوە هەڵـــدەبژێردرێن و توانـــای دەرکردنـی یاسـاو بڕیـاردانی تایبەتیـان دەبێـت. هەروەهـا سســـتەمی فیـدراڵی پێویســتی بە دادگـایەکی دەســتووری فیدراڵی دەبێت، ئەم دادگایە لە کۆمەڵێک دادوەری سەربەخۆ دروست دەبن و توانای بڕیاردانی سەربەخۆیان دەبێت و بڕیارەکانیـان هەم لەلایەن دەوڵەتـی مەرکەزیـیەوە قبـوڵ دەکرێـــت و هەم لەلایەن هەرێمەکـــانەوە. هەروەهـــا لە سستەمی فیدراڵیدا وا دەخوازێت کە بوونی کۆمەڵێک پارتی سیاسی هەبێت و باوەڕی تەواویان بە دیموکراسیەت بێت و هەڵگری دروشمی پێکەوە ژیان بن. فیدرالیزم بە فۆڕمێکی گەشە کردووی دیموکراسیەت دەژمێردرێت و بۆیە لە پاڵ ئەو دەزگایـانەدا کە کـارکردنی سســتەمی دیموکراســیەت مەیســـور دەکەن پێویســـتی بە کولتـــوورێکی سیاســـی دیموکراســـی دەســـتەبژێریەکی سیاســـی دیمـــوکراس و کۆمەڵێــک هــاووڵاتی هەیە کە باوەڕیــان بەدیموکراســیەت هەبێــت. کولتــووری فیــدراڵی کولتــووری دیموکراســییە بەگەشەکردوویی.

ئەمە وای لە زۆربەی بیرمەندەکان و تیۆریستەکان کردووە کەبڵێن فیدرالیزم قوتابخانەی دیموکراسییە سستەمی سیاسی لە سویسرادا بەپێی بنەمای دەستووری ساڵی ١٧٨٦ وڵاتێکی فیدراڵی دیموکراتیە، سستەمی فیدراڵی ئەم وڵاتە لە ٢٦ کانتۆن و یەک دەوڵەتی فیدراڵ (کە لە سویسرادا پێیدەگوترێت شورای فیدراڵ) پێکهاتووە. لەم سستەمەدا دەسەڵاتی دەوڵەتی فیدراڵ سنورردارە. لە کاتێکدا دەسەڵاتی کانتۆنەکان فراوانە و توانای داڕشتن و جێبەجێکردنی یاسایان هەیە و بەرپرسیاریشن لە جێبەجێکردنیان هەریەک لە سیاسەتی دەرەوە، سوپا، هێزی یاسایی فیدراڵ بابەتەکانی تایبەت بەدارایی و گومرگ و بەشەکانی وزە و ڕێگە و بان و گواستنەوە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی فیدراڵدایە (دەوڵەتی یەکێتی (الاتحادی)، ئەنجومەنی شورای نەتەوەیی، شورای یەکگرتنی کانتۆنەکان). کانتۆنەکان تا ڕادەیەک لە داڕشتن و جێبەجێکردنی یاسا سەرەکییەکانی خۆیاندا سەربەخۆ و خۆبەڕێوەبەرن، بەتایبەتیش لە بوارەکانی پەروەردە و سیاسەتی کولتووری و کاروبارەکانی تایبەت بەگروپە زمانیەکانی ئەو وڵاتە. لە سویسرادا زمانەکانی وەک

(ئەڵمـانی _- فەڕەنسـی _- ئیتـاڵی) تـاڕادەیەک بەڕەسـمی ناسـێنراون و هەمـان مافیـان لە سـەر تاسـەری وڵاتـدا هەیە. لەســـــەرو هەمــــوو کانتۆنەکـــانی تـــایبەت بە پەیوەنـــدی زمانەکـــــانەوە بڕگەیەکـــــی دەســــــتووری فیــــدرالیانە و سەرتاسـەری هەیە کە دەبێت هەمووان پابەندی بن. ئەویش ڕێزگـرتنە لە سـەرجەم زمانەکـان، ئەتـوانن لە هەر شـوێنێک بــن بەو زمــانە بــدوێن، بەڵام بەو مەرجەی کە ئەم زمــانە یەکێـک بێـت لە سـێ زمـانە ڕەسـمییەکەی ئەو وڵاتە، دیـارە بـڕگەی فیـدراڵ بەو مانـایەش دێـت کە دەبێـت کانتۆنەکـان ڕووبەری زمانەکـــانی خۆیـــان بپـــارێزن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێـت کە کـۆچکردنی ئەو کەسـانەی بە زمـانێکی تـر دەدوێـن لە کـانتۆنێکەوە بـۆ ئەوەی تـر، نابێـت ببێـتە هـۆی گـۆڕینی زمـانی ڕەسـمی ئەو کـانتۆنەی بـۆی دەچێـت. ئەم شێوەیە لە دەوڵەتی عێراقدا پیادە نەکراوە و بگرە نەزانینـی زمـانی نەتەوەی سەردەسـت لە عێراقـدا، عەرەبییە، کـراوەتە گرێیەکی خـۆ بەکەمزانینی ڕۆشـنبیران و سیاسـەتمەداران و مرۆڤی کورد بەگشتی، بۆیە یاسـاو دەوڵەت نـاڵێن کە زمـانی ڕەسـمی لەسـەر تاسـەری وڵات دا فـلان زمـانە و فێربـوونی زمــانی دایکـیش نەک هەر هـیچ کەندوکۆسـپێکی لە نـاوچە

جۆربەجۆرەکاندا بۆ دانانریێت، بەڵکو یاساودەسەڵاتی فیدراڵ و کانتۆنەکان تەواوی کەرەستەو پێداویستیەکانی فێربونی زمانی دایک بۆ هەموو هاوڵاتیەکانیان دەستەبەردەکەن، ئەمەش لە بنەڕەتدا یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی وڵاتی سویسرا .

دەوڵەتی یەکگرتوو (اتحادی) :

لەڕووی یاساییەوە دەوڵەتی یەکگرتوو (اتحادی) پشت بە دوو بنەما دەبەستێت:

١.-بنەمای هاوبەش لە دەوڵەتی یەکگرتوو (اتحادی) دا.

٢.-بنەمای یەکگرتوویی لەناو ئەو دەوڵەتە یەکگرتوو (اتحادی) هدا.

دەوڵەتی یەکگرتوو لەسێ دەستە پێک دێت لە ڕوی دامەزراوەکانییەوە:

یەکەم-ئەو دەستانەی کە دەستووری دەوڵەتی یەکگرتوو (اتحادی) دەسەپێنێ وەک ئەنجومەنێک کە لەگەڵ پێکهێنەرەکانی دەوڵەت پێک دێت، دەسەڵاتی جێبەجێکردنی تایبەت بە دەوڵەتی یەکگرتوو، دەسەڵاتی دادوەری تایبەت بە دەوڵەتی یەکگرتوو (اتحادی).

دووەم-تـــایبەتە بە (ئەنجـــومەنی پیـــران و ئەنجـــومەنی نەتەوەکان).
سێیەم-ئەو دەوڵەتـانەن کە بۆخۆیـان ئەنـدامن لە پێکهێنـانی دەوڵەتی یەکگرتوودا یان (هەرێمەکانن).
لە تایبەتمەنـــدییەکانی دەوڵەتـــی یەکگرتـــوو (اتحـــادی).
دەوڵەتێکـی خـاوەن دەسـتوور و یەکگرتـووە لەسـەربنەمای دەستووری یەکگرتـوو دروسـت دەبـێ، هەژمـونی دەرەوەی حکـومەتی یەکگرتـووی ناوەنـدی جێبەجـێ دەکـات. دەوڵەتە ئەنــدامەکان کــار بــۆ ئاســانکاری ژیــانی یەکگرتــووی و دامەزرانـدنی کاروبارەکـانی دەوڵەتـی یەکگرتـوو (اتحـادی) دەکەن. هەرێمەکان و حکومەتی ناوەندی ڕاستەوخۆ پیادەی دەسەڵاتەکانی خۆیان دەکەن.

دەســـتەی ناوەنـــدی لە دەوڵەتـــی یەکگرتـــوودا بـــۆ سێ دەسەڵات دابەش دەبێت:

أ- دەسەڵاتی یاسا دانانی یەکگرتوو.
ب- دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یەکگرتوو.
ج- دەسەڵاتی قەزایی.

فیدرالیزم لە ڕوانگەی تیۆری سیاسیەوە

فیدرالیزم وەک چەمکێکی سیاسی لە ڕوانگەی تیۆرییەوە بەو بیرو پرانسیپانە دەگوترێ کە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لە بەرێوەبردنی سیستەمی سیاسیدا لەبەرچاو دەگیرێ، بنەمای ئەم بیرۆکەیە لەوەڕا هاتووە کەلە کردەوەدا فۆرمێکی گونجاو بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگەلێکی لەیەکجیا لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات لە ئیدارەی سیاسی لە نێو چوارچێوەیەکی جوگرافیاییدا بێنێتە ئاراوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هاودەنگە لەگەڵ تیۆری دابەزاندنی بەشێک لە دەسەڵاتی خوارتری ناوچە (Decentrlization) کەبەمەبەستی جۆراوجۆر لەسستەمی دەسەڵاتداری ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتاندا بەڕێوەدەچێت.

بیری فیدرالیزم ڕیشەی لە تیۆری جیاوازەوە وەرگرتووە، یەکێک لەم تیۆرییانە ئەوەیە کەوڵاتان، گەلان و ناوچە جیاوازەکان لەڕێگای یەکخستنی وزەو توانامەندی خۆیانەوە بتوانن بەرگرییەکی هاوبەش لەبەرامبەر مەترسی دەرەکی و شەڕ لەگەڵ نەیارانی دەرەوەیاندا پێک بهێنن. ئەم ڕێکخستنە دەکرێت لە ڕێگای پێکهێنانی سیستەمێکی هاوبەش لە

ئیدارەی سیاسی لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات، واتە سستەمێکی فیدراڵییەوە سەربگرێ، کەوابوو یەکخستنی هێز لەبەرامبەر هەڕەشەو شەڕی بێگانەدا یان لە دۆزی دنیای مۆدێرندا باڵانسی هێز، یەکێک لەبنەماکانی پێکهێنانی دامەزراندنی سستەمی فیدراڵی بووە. لەم پەیوەندییەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بە وتەیەکی (بنیامین فرانکلین) سەبارەت ئالەتە جیاکان بکەین لە چوارچێوەی سستەمێکی فیدراڵی لە ١٧٨٩ دا دەڵێ: "ئێمە هەمووومان یان دەبێ یەکبگرین و خۆبەیەکەوە گرێ بدەین یان چاوەڕوانی ئەوەبین کەڕۆژێکی وا بێتە پێش هەموومان یەک بەیەک بە دەستی بێگانە هەڵئەواسرێین".

سەبارەت بە پێکهێنانی ئەم سستەمە لەدەسەڵاتی سیاسیدا دەکرێ بگوترێ کە ئەگەر فیدراڵیزم بەشێوەیەکی گشتی بەمانای ڕێککەوتن لەسەر بەڕێوەبردنی دەسەڵات لەنێوان چەند هەرێمێک یان چەند ناوچەی خاوەن دەسەڵاتی جیاوازدا لەبەرچاو بگرین دەتوانین بڵێین کەدیاردەی یەکگرتن لەنێوان خێڵ، ولایەت و ناوچە جۆربەجۆرەکانی خاوەن دەسەڵاتی جیاواز لە پێناو بەرژەوەندی ئایینی یان بۆ پێکهێنانی لەشکری هاوبەش لە بەرامبەر دوژمناندا

دیاردەیەکی کۆنەو ڕابردوویەکی درێژی هەیە. پرانسیپی ئارەزوومەندانە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سستەمێکی فیدراڵی ئەوەیە کە ئەم سستەمە بە گوێرەی ڕەزامەندی لایەنەکانی بەشدارەوە دابمەزرێ، بۆیە فاکتەری دڵخواز ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێ و لەدرێژخایەندا پایەیەکی بنەڕەتییە بۆ سەقامگیربوونی ئەم سستەمە، یەکێک لە هۆکاری سەرکەوتوویی سستەمی فیدراڵی لەولاتانی وەک (ئەمریکا، ئوستراليا) لەم تایبەتمەندییەوە سەرچاوەی گرتووە. دابەشکردنی دەسەڵات لە فاکتەرە هەرە گرنگەکانی بناغەی سستەمی فیدراڵییە لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و دەسەڵاتی هەرێمەکاندا ئەم دابەشکردنە بەهەرنیاز و هۆیەکەوە بەڕێوە بچێ هیچ لەم واقعیەتە ناگۆڕێ کەبنەڕەتی سستەمی فیدراڵی لەسەر بنەمای ڕێگای چارەسەری بۆکێشەی دەسەڵات یان بەڕێوە بردنی ئاسانتر و پاراستنی دەسەڵاتێکی هاوبەشە لەچوارچێوەیەکی جوگرافیاییدا لەم پێوەندییەدا ئەوەی زۆر جێگای باس و گرنگە سنووری دەسەڵاتی هەرێمەکانە لەبڕیاردانەدا. سنووری ئەم دەسەڵاتە لە گشت وڵاتاندا لەیەک ڕادەدا نییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کولتووری سیاسی و هەڵکەوتی

کۆمەڵایەتی جیاواز. بەڕێزدانانی لایەنەکان. ئەگەر جیاوازی لەنێوان ئەم لایەنانەدا لەسەر بنەمای جیاوازییەکی بەرچاوی نەتەوەیـی و ئیتنیکـی بـێ، بێگومـان بەرتەسـک بـوونی سنووری دەسـەڵاتی ناوەند لەڕاگرتنی هاوسـەنگی لەنێوان هەرێمەکانی فیدراڵ و کەمکردنەوەی مەترسی سەرەڕۆیی لەناوەندا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ، بۆیە هەرێمەکانی فیدراڵ سـەبارەت بەسـنووری دەسـەڵاتی ناوەنـد بەردەوام بە پەرۆشـن. ئەم فـاکتەرە ڕاسـتەوخۆ وڵاتـانێکی وەک ئەو وڵاتـانەی داگیـرکەری کوردسـتان دەگـرێتەوە، چـونکە جیاوازیی نەتەوەیی کورد لەگەڵ نەتەوەی خاوەن دەسەڵات لەم وڵاتـانەدا دیـارو بەرچـاوە, جێگـای خـۆیەتی کە هەر گەلێـک لەپێکهێنـانی سسـتەمی فیدراڵیـدا پێ‌لەسـەر بەرتەسـکبوونی دەسـەڵاتی ناوەنـد، هەرچەنـد نـوێنەرانی هەرێمەکـانیش تێیـدا بەشـدار بـن، دابگـرێ. سـەبارەت بە سنووری دەسـەڵاتی هەرێمەکـان دەشـێ بگـوترێ ئەوەی لە دەرەوەی سـنووری دەسـەڵاتی ناوەنـدایە دەکەوێـتە نێـو سنووری دەسەڵاتی هەرێمەکان وەک کارو ئەرکی سیاسی، ئـابووری، کـۆمەڵایەتی، کولتـووری، بـۆ وێـنە: فێرکـردن و خوێنـدن، ڕادەی زەکـات وماڵیـات، ڕێگاوبـان، نەزم و

ئاسایشی هەرێم، هتد... کاتێک کەباس لەسەر سنووری دەسەڵاتی ناوەندی دەکرێ، دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێ کە ئەم ناوەندە لەچ وڵاتێک، بەچ شێوەیەک بەچ سنوورێک لەدەسەڵات و بەچ متمانە یان دەستەبەرییەک (گارانتیەک) لەکۆنترۆڵدا پێک دێت. سستەمی سیاسی لە ڕاستیدا لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی هەرێمەکان، بەواتایەکی تر لەڕێگای هەرێمەکانەوە دادەنرێ و بەڕێوەدەچێت، کەواتە دەتوانیین بڵێین سستەمی فیدراڵی دیاردەیەکی سروشتی و خۆبەخۆ هەڵقوڵاوی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی ئازادانەی ئەیالەت و هەرێمەکان بەشدار لە سستەمەکەدا دادەنرێ. گرنگی نیوەرۆک و بایەخی ئەم ڕێکەوتنانە زۆرتر لەوەدا دەردەکەوێ کەتا چ ڕادەیەک سنووری دەسەڵاتی دامودەزگا ناوەندی ڕادەو سنووری دەسەڵاتی هەرێمەکان، چۆنیەتی، هاودەنگی لە نێوان هەرێمەکان لەگەڵ ناوەند و هەروەها لەپانتاییدا پێوەندیی هەرێمەکان لەگەڵ یەکتریدا بەڕوونی تێدا گونجاوە و لەکردەوەدا پەیڕەوی دەکرێن. پرانسیپەکانی سستەمی فیدراڵی کاتێک دەتوانێ لە پراکتیکدا جێگای بڕوابێ کە لەسەر بنچینەیەکی یاسایی دامەزرابێ، ئەم بنچینە یاساییە

پێویستە لە یاسایەکی دەستووری و لە بەڵگە و دۆکۆمێنتی دیارو جێگای متمانەدا تۆمار بکرێ، کەوابوو یاسایی کردنی رێککەوتنەکان و بوونی پشتیوانی یاسایی یەکێکی تر لە مەرج و تایبەتمەندییەکانی سستەمێکی فیدراڵییە، بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکەین کەیاساو دانانی بنیاتی یاسایی لەسەر کاغەز و لەخۆیدا ناتوانێ بەتەنیا سستەمی فیدراڵی پێکبهێنێ، دەسەڵاتی ئیجرایی بنیات و دامودەزگای سستەمەکە، کەئەویش لە خۆیدا گرێدراوە بە کولتووری سیاسی و پارسەنگی هێزەکانی بەشدار لە پرۆسەی دامەزراندن و بەرێوەبردنی ئەم سستەمەدا.

بەشی چوارەم

پرۆسەی جیهانگیری

جیهانگیری Globalization

لەدەیەی١٩٦٠ هـاتۆتە نـاو فەرهەنگـی وشـەکانەوەو، پـاش کۆتـایی شـەڕی سـارد بۆبـواری فـراوان و جۆراوجـۆر بەکاردێت، سـەرچاوەی ڕووخـانی سسـتمی دووجەمسـەری، خێرایی پرۆسەی جیهانیبوونی هێناوەتەکایەوە.

جیهــانیبوون جــگە لە فراوانبــوونی دۆســتایەتی، دەبێــتە هۆکــاری گرژبــوونی ناکۆکیەکــان، جیاوازیەکــان، نایەکســانییەکان، فراوانبــوونی لێکترازاوبــوونی مەودای هەژاری ودەوڵەمەندی.

- جیهـانیبوونی تەنهـا خێرایـی و فراوانـی نییە، بەڵکوجـۆری هەڵسـوکەوتی ئـابووری، سیاسـی، کولتـوری، کـۆمەڵایەتی، ئاسایشیەکان تووشی گۆڕانکاری بنەڕەتی هاتوون.

پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا بووەتە هۆی بچووکبوونی جیهان.

دابەشــکردنی ڕەگەزەکــانی هاوڵاتــانی لەســەردەمی جیهــانیبوون لەکۆمەڵگاکــانی بــاکور بــووەت دهــۆی کەمبــوونەوەی بەشــداری سیاســی خەڵــک(وەک بەشــداری لەهەڵبژاردنەنەتەوەیی وناوچەیەکاندا)بووە.

جیهانگیری لەچەمک و زاراوە نوێکانی سستمی جیهانی نوێ ئەژماردەکرێتوپەیوەســــــتەبەژیانی خەڵــــــکەوە لەڕووی (کــۆمەڵایەتی –سیاســی –ئــابووری وکلتــووری وئــاینیەوە، قبوڵکردنی جیهـانگیری ڕەتکردنەوەی کارێکی ئاسـانە، بەڵام گرنــگ گەڕانەبەدوای ڕاســتیەکانی جیهــانگیری و فەلســەفە و ئامانجەکـانی. بەپێـی وشــەکەوەرگێڕانی فەڕەنسـیەکەی واتـا دانانی شتەکان لەسەرئاستێکی جیهانی[٤٣]

جیهانگیری تـا ئەمڕۆش جێگەی بـاس و خواسـی قوتابخـانە فکری و ئابوری و سیاسی و ئایدیۆلۆجیا جیاوازەکـانە , کە هــیچ لە قوتابخانەکــان نــاتوانن لــێ بەری بــن , بە باشــترین سســتمی ئەژمــار دەکەن لە ژیانــدا , بەمەرجێــک جیــاوازی بەدی دەکرێــت , بــۆ نمــونە لە دیــدی ســەرمایەداریدا جیهــانگیری بەهەدەربردنــی ســەرمایە و داهــاتی جیهــانە لە لایەن زلهێـــز و بورجـــوا کـــانەوە , لە ئایـــدۆلۆجیای ئیســـلامییەوە بە دیــاردەی بە ئەمریکــایی کــردن (امــرکە) گوزارشــتی لێــدەکرێت بە شــێوەیەکی گشــتی , لە کاتێــدا

---

[٤٣] د.امیر خداکرم الزندی، العولمە فی ضوء نضریە الصراع الاجتماعی، الطبعە الاولی، مطبعە یاد، السلیمانیە

سۆشـــیال دیمــوکرات و گروپـــی پارێزگـــاران شـــێوازیکی پێشکەوتن و ڕاڤەکردنێکی دیکە لە خۆ دەگرێت
ئەم هەمــوو تێــروانینە بێگومــان ڕێــژەیین و ڕەهــا نــین , جیهـانگیری چوارچێـوەیەکی جێگیـرو دیـاریکراوی نیـیە کە بتوانرێ ڕاڤەیەکی یەکجاری بۆ بکرێت , ئەوەی هەیە زیـاتر لە تێڕوانینی پێناس و بنەما و ڕەهەندە جیاوازەکانی خـودی دیاردەی جیهانگیری و کاریگەریەکانێتی.
بۆ یەکەم جار بیریارێکی ئەمریکی بەنـاوی (ئـاڤلین تۆفلەر)ە وە ئەم زاراوەیەی بە کارهێناوە کە (فراوانکردنی سنووری شـــتێک دەگـــرێتەوە یـــا بە گشـــتیکردنی دەگەیەنێـــت و دەرچونیەتی لە بواری تەسکیدا)
بەڵام لە ئەمریکادا بە مانای بە جیهانیکردنی جیهانی سێیەم و جیهانبینی ئەمریکا بەکارهات , بۆ ئەوەی بچێتە ئاستێکی نێودەوڵە تیەوە و ببێتە سستمێکی جیهانی
بۆیە جیهانگیری سێ پرۆسە دەگرێتەخۆ کە پەیوەستن بە بڵاوبونەوەی زانیاری و لێکدا پچڕاندنی سنوور و زیادەی هاوکێشەی لێکچوو لە کۆمەڵ و دامەزراوە و کۆمەڵگاکاندا .

جیهـــانگیری ئیـــرادەی سیاســـی زەوت ناکـــات و ئەگەر سـەربگرێت ئەوە یاسـای جـاڕی گەردوونـی مـافی مـرۆڤ سودمەند دەبێت و زیاتر جێبەجێدەکرێت لە هەموو جیهاندا.

بنە ماکانی جیهانگیری

١.-گەشەی ئابوری

٢.بازاری ئازاد

٣.-دە ستێوەرنەدانی دەوڵەت لە بواری ئابووریدا .

٤.بـوونی کۆمەڵێـک یاسـای جیهـانی بـۆ هەمـوو وڵات و کۆمپانیایەک .

٥. دامەزراندنی رێکخراوێکی بازرگانی جیهانی . [٤٤]

---

[٤٤] سەلام عەبدولکە ریم ,گرفتی بێقەوارەیی کورد لە سەردەمی عەولەمەدا,گۆڤاری کۆچ ,ژمارە ١٧,سلێمانی

جیهانگیری سیاسی

جیهانگیری دیاردەیەکە کۆنترۆڵی سەرجەم بوارەکانی ژیانی کردووە دوای جەنگی سارد، لەبواری جیهانگیری سیاسیدا هەوڵـــی یەکجـــار زۆر هەیە بـــۆ کـــۆنترۆڵکردنی ســـەرجەم سســـتەمە سیاســـیە کۆنەکـــان، لەناوبردنیـــان بەگـــۆڕینی بەسستمی نویٰ و بنیاتنانی جۆرێکی تازە و باش لەئیدارەی سیاســـی و ســـەقامگیری سیاســـی، بێگومـــان گـــرنتییە بۆجیهـانگیری چـونکە ئەگەر وانەبێت پێویستی بەکۆمەڵێک هۆکـــار هەیە تـــا جێگیربێـــت لەوانە(ئـــازادی-دیموکراســـی-فرەیـــی-پارتـــایەتی) نابێـــت ئەوەش لەبیـــربکەین کەهەمـــوو ئـــازادیەکی ئـــابووری ئـــازادی سیاســـی پێویســـتە. هەربـــۆیە لەڕووی سیاســـیەوە جیهـــانگیری واتـــا دەوڵەت، تەنهـــا بـــکەر نییە لەشانۆی سیاسی جیهانیدا، بەڵکو لەتەنیشتیدا دەستەی دیـــکە بەدی دەکرێـــت، ڕێکخـــراوی جیهـــانی و گـــرووپە نێودەوڵەتیەکـــان. هەربـــۆیە جیهـــانگیری سیاســـی لەزۆربەی لایەنەکـــانەوە گفتوگـــۆی زیـــاتر هەڵـــدەگرێت و بابەتەکـــانی

پەیوەستە بەگرنگی دەوڵەت و دەسەلات و ڕۆڵەکانیان، کە بەردەوام گۆڕانکاری لە ئەرک و شوێنگەیی و کاریگەریەکانیان دەبێت و بڵاوبوونەوەی بەپەلە بۆ ڕوداوە سیاسیەکان و بڕیارەکان ڕەتدەکرێتەوە لە دوورترین خاڵدا و لەشوێنە جیاوازەکاندا هۆکاری سەرهەڵدان وگەشەکردنی بواری سیاسی جیهانی نوێ.

ڕەهەندی مێژوویی دیاردەی جیهانگیری چەند قۆناغێک لەخۆدەگرێت:

یەکەم/قۆناغی جەنینی(کۆرپەیی)١٤٠٠_١٧٥٠)

ئەم قۆناغەگەشەکردنی کۆمەڵگەنەتەوەییەکانی لەخۆگرتبوو لەئەوروپاداوبیری تاکگەرایی گەشەی سەندووە.

دووەم/قۆناغی سەرهەڵدان (النشوء)(گەشە)) (١٧٥٠_١٨٧٠)لەم قۆناغەدا گۆڕانکاریەکی زۆر هاتە ئاراوە لەبیرۆکەی دەوڵەتانی یەکگرتوودا، ڕێککەوتنە نێودەوڵەتیەکان و دامودەزگاکان پەیوەستن بەڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتان، هەر لێرەوە کێشەی وەرگرتنی وڵاتە نائەوروپیەکان لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا هاتەکایەوەو زیاتر بایەخ بەنەتەوەیی و جیهانی دەدرا.

سـێیەم/قۆناغی دەرکەوتـن (بڵاوبـوونەوە)(الانگلا))(١٨٧٠_١٩٢٠)
چەند چەمکێکی کەونی هاتنە ئاراوە وەک هێڵی پێشکەوتنی ڕاست و کۆمەڵگەی نەتەوەیی. هەروەها ناسنامەی نەتەوەیی و تاکی. تێکەڵبوونی وڵاتە نائەوروپییەکان، چوونە ناو قۆناغی جێبەجێکردنەوە و تێکەڵ بەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بوون.
چوارەم/ململانێ لەپێناو هەیمەنە(الهیمنە)(١٩٢٠_١٩٦٥)
جیاوازییەکان و کێشە و گرفتەکان زیادیان کرد لەڕووی فکریەوە لەسەر چەمکەکانی جیهانگیری و هەروەها دروستبوونی ململانێ لەسەر وێنەکانی ژیان و شێوەکانی، جەخت لەسەر بابەتە مرۆڤایەتیەکان دەکرایەوە، ڕۆڵی نەتەوەیەکگرتووەکان لەم قۆناغەدا بەدەرکەوت.
پێنجەم/ قۆناغی(بێ باوەڕی)واتا نەگەیشتن بەڕاستییەکان (١٩٦٠) تێکەڵبوونی جیهانی سێیەمە قووڵبوونی بەهاکانی دوای ماتریالیەت، کۆتایی هێنانی جەنگی سارد، زیادبوونی دامودەزگا کەونی و بزووتنەوە جیهانیەکان، دەرکەوتنی مافی مەدەنی، پشگیریکردنی سستمی ڕاگەیاندنی کەونی.

(روبرتسون)پێناســـــەی جیهـــــانگیری دەكـــــات بەوەی كەدەستكەوتنێكی مێژووییە بۆ زیادكردنی وشیاری تـاك و كۆمەڵگەكـان. بەڵام تـوێژەری كۆمەڵایەتی‌وئینگلیزی(ئەنتونی گیدنیز)باشــترین تــوێژەرە كەباســی لەبەرنــامەی ڕێــگەی سـێیەم كـردبێتەوە، جیهـانگیری بەقۆنـاغێكی نـوێ ئەژمـار دەكـــــات لەقۆناغەكـــــانی ســــەرهەڵدانی نــــوێگەری و پێشـــەكەوتنەكانی. پەیوەنـــدییەكان تـــێكەڵ و زۆر دەبـــن لەڕووی كـۆمەڵایەتی وئـابوورییەوە، زۆرجـار تێكەڵبـوونی لۆكـاڵی و جیهـانی پەیوەسـت دەبێـت بەهەمـوو بوارەكـانی ژیانەوە.

بیرۆكەی جیهانگیری لەلایەن زانای كۆمەڵناسی كەنەدییەوە بەرپابوو بەناوی(مارشال ماك) لەزانكۆی تورنتو.

- نوســەری ئەڵمانی(ڕێختەر)دەڵێـت جیهــانگیری تــۆڕێكی جیهانی یە لەپەیوەندییەكان، كەبەستنەوەی گروپە نامۆكانی لەیەكەیەكی مرۆڤایەتیدا دەبەستێتەوە.

دەوڵەتان و نەتەوەکان و جیهانگیری

دەوڵەت و نەتەوە بەرزترین شێوەی سیستمی سیاسین، بنەمای نەتەوە دەبێتە یەکەیەکی دانپێدانراوە و یاسا پێدراوی تەنها بۆ حکومداری سیاسی لە ساڵی ١٧٨٩،کە دووبارەبوونەوەی پێکهێنانی جیهان بووە لەسەر ئەم بنەمایە کە ئاماژەمان پێ کردووە. لە ساڵی ١٨١٠ بۆ نموونە تەنها ١٥ دەوڵەت لەکۆی ١٩١ دەوڵەت دانیان پێدانرابوو لە ساڵی ٢٠٠٣ وەک ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان،هەروەها دەتوانین بڵێین کە لە سەدەی بیستەمدا زۆربەی دانیشتوانی جیهان ملکەچی ئیمپراتۆری ئەورووپی بوون. پێش ١٩١٠ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقادا تەنها سێ دەوڵەت لەکۆی ٦٥ دەوڵەت بوونیان هەبوو لە ساڵی ١٩٥٩ گەیشتە ٧٤ دەوڵەت واتا گۆڕانکاری هاتەئاراوە بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی و پاشان بۆ دروست بوونی دەوڵەت.بەڵام لە هەموو جیهاندا دەوڵەتێکی نموونەیی و باش و بێ کێشە و بێ ستەم نابێ

و دروست نابێ و هیچ دەوڵەتێک نیە یەک ئایین و ئاینزا و یەکگرتوو خاوەن یەک ڕۆشنبیری بن و هەموویان تێکەڵن لە ڕووی ئایینی و کلتوری و ڕۆشنبیرییەوە و تەنها ئەوانە دەتوانن توشی دەرکردن و کۆچکردن و ستەم و کوشتن و بڕین و تالانکردن دێن ئەوانەش کەسە بیانیەکانن کە زۆر زەحمەت و ئەستەمە بۆ ئەوانیش بەلام دەوڵەتی نەتەوەیی بنەماکەی لەسەر سەربەخۆیی و حوکمی زاتی واتە(دەسەلاتی خۆجێیەتی) دروست دەبێت وپشگیری لە گەلانی ولاتانەوە وەردەگرێت. یەکگرتنی دەوڵەتی نەتەوەیی بوار دەڕەخسێنێ بۆ یەکگرتن لە ڕووی ڕۆشنبیری و یەکەی سیاسیەوە لە هەمان کاتتدا، وە کە کۆمەڵێ خەڵکی لەخۆ گرت دەست دەکات بە دابەشکردنی ناسنامەی ڕۆشنبیری هاوبەش کە باشترین کارە بۆ هەمووان کە ڕێزگرتن و تێگەیشتن دێتە ئاراوە بۆ مامەڵە کردن بۆ دیاریکردنی چارەی خۆ نوسیین. جیهانگیری چەمکێکی ئاڵۆز و ناڕوون و بێ کۆتاییە ئاماژە بۆ کۆمەڵێک کەرەستە دەکات و هەندێ جار تێکەڵ و و هەندێ جار کەرەستەکان دژ و ناکۆکن.بەلام خەسڵەتە سەرەکیەکەی جیهانگیری لە دەرکەوتنی تۆڕێکی ئاڵۆزە لە پەیوەستبوونی گۆڕینەوە واتا

ژیــانی ئــێمه پێــک دێــت لەو ڕووداوانەی کە ڕوودەدەن و بڕیــاری لەســەر وەردەگیرێــت ،زۆر جــار بــێ ئاگــا بــوونی خۆمـــان له شـــێوەیەکی بەربـــڵاو واتـــا جیهـــان تەنهـــا له بێســـنوریدا نـــیه واته ســـەرجەم ســـنوره سیاســـیه کلاســـــیکیەکان پشـــــت به ســـــنوری نەتەوەیـــــی دەبەســـتێت،هەروەها ســـنوری دەوڵەتـــیش دەشـــکێنرێت وه دەچـــنه نێوانیـــانەوه به بـــێ ویســـتی خۆیان،ئەوکـــات و دووریه نەمـاوه له نێوان خەڵکدا. باشـترین نمـوونەش هێڵـی ئینتەرنێـــته که دەگـــاته ســـەرجەم شـــوێنەکانی دونیـــا پەیوەنـدیه ئاڵوگۆڕەکـانی جیهـانگیری ڕەهەنـدیان زۆره و کاردەکـات لەســەر کۆمەڵێـک کەرەسـتەی جیـاواز له بـواری ئـابوری و ڕۆشـنبیری و سیاسـیدا،ڕەنگدانەوەی جیهـانگیری ئـابووری لەســەر ئەوه که هـیچ ئـابووریەکی نەتەوەیـی جیـا نـیه له بیابانێکدا هەمـوو ئابوریەکـان له ئـابوریەکی جیهـانی تێکەڵاودا خۆی دەبینێتەوه[٤٥]

ئازادن له مافه کۆمەڵایەتیەکان نەوەک تەنها مافی مەدەنی و سیاسی. ئەمەش بەشداریکردنی تەواو دەبەخشێت له ژیانی

[٤٥] اندرو هیوود النضریه سیاسیه المقدمه المصدر السابق، ،

گروپدا مرۆڤ دەبێت زیاتر پشت بە تواناکانی خۆی ببەستێت نەوەک تەنها دەوڵەت،چونکە ماف وەردەگرێت و دەناسێنرێت،بۆچوونی کلاسیکی کۆن بۆ هاووڵاتیبوون بایەخ و پشت دەبەستێت بە جیهانگیری و گشتگیری.

دیموکراسی

دیموکراسی وشەیەکی یۆنانیە واتا دەسەڵاتی گەل،دیموس واتا زۆری یان گەل،بەشداریکردنی جەماوەر،ئەبراهام لینکۆڵن دیموکراسی بەم شێوەیە پێناسە دەکات:دەسەڵاتی گەل بەهۆی گەل وە بۆ گەل واتا بەشداریکردنی گەل لە دەسەلاتدا بۆ خۆی دەسەڵاتێکی خوودی و گەلی. دەسەلات لەپێناو گەلدا پەیوەستە بە چەمکی بەرژەوەندی گشتی وە بیرۆکەی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی گەل وە بۆ گەل بێت کە دەسەڵاتداری خۆی بکات یان نا. (جان جاک ڕۆسۆ) دەڵێت:دیموکراسی گرنگترین کەرەستەیە کە مرۆڤ دەتوانێت لەو ڕوانگەیەوە ئازادی و سەربەخۆیی دەستەبەربکات،واتا ملکەچی یاسا کە خۆی دایناوە بۆ خۆی،جۆزیف شمپیتر(١٨٨٣-_١٩٥٠) ئابووریناس و کۆمەڵناسێکی ئەمریکیە شیکاری سەرمایەداری کردووە و دیموکراسی پێش تیۆرەکانی تر خستووە و لەسەر چەمکی تێکەڵاو پێداگری کردووە بۆ بەرژەوەندی گشتی وە دیموکراسی وەک گۆڕەپانی ململانێی نێوان سیستمەکان

دەشوبهێنێت بەتایبەت بۆ ئەوانەی کە خوازیاری گەیشتنن بە دەسەڵات لە ڕێگای دەنگی هاووڵاتیانەوە.وە گرنگترین کارەکانی شمپیتر لە (سەرمایەداری و سۆشیالی و دیموکراسیەتە).هیچ نموومەیەکی جێگیر بۆ دیموکراسیەت بەدی ناکرێت و نیە چونکە دیموکراسیەت نموونەی چەمکی شوێنی ململانێ و ناکۆکیەکانە،ناوەڕۆکی پڕۆسەی دیموکراسی ئەوەیە کە گەل توانای لێپرسینەوەی سیاسیەکانی هەبێت هەروەها لەوێوە دەچێتە نێو فرەیی هەمەجۆری سیاسی و کێبڕکێی کراوە لەنێوان فەلسەفە سیاسیەکاندا پاشان پارتە سیاسیەکان و بزووتنەوەکان. لە زانستی سیاسی نوێدا بێدەنگیەکی سەیر بەدی دەکرێت لەوانەیە تەندروست نەبێت بۆ دۆزی دیموکراسی،ئەو ڕێزە بەربڵاوەی کە بۆ دیموکراسیەت دەڕوات وا دەزانرێت ئاشتیخوازە و تەواو و هیچی تر.. کە ئەمەش گومان دروست دەکات بۆ کەم و کوڕیەکانی کە هەن و کەم جار دۆزراونەتەوە. لە سەدەی ١٩دا دیموکراسی بۆ مافی دەنگدان بوو کە بە شێوەیەک بێت کە پاراستنی تاک لەخۆ بگرێت لە حکومەت و دەسەڵات بۆیە بەشداری سیاسی سوودبەخشە بۆ هەموو تاکێک.تیۆرە نوێیەکانی دیموکراسی

پەیوەستن بە نوێنەرایەتیەوە چونکە خەڵک دەسەڵاتی ڕاستەوخۆ نەبێت ئەو کارە دەبەخشێت بە نوێنەرەکانی، ئەمەش لەوانەیە گۆڕانکاری بەسەردا بێت ڕۆژێک لە ڕۆژان بەهۆی نادادییەوە ڕەخنەی ئاڕاستە بکەن و جارێکی تر داوای هەڵوەشاندنەوە و گۆڕینی نوێنەرەکە بکەن و کە دەبێت نوێنەر ئەرکێکی ئەخلاقی هەبێت

داب و نەریت و پێشکەوتن و یۆتۆپیا

ئیـدوارد شـیلز ١٩٨١ داب و نەریـت بەم شـێوەیە پێناسـە دەکـات کە ئەو شــتەیە لە کــۆنەوە دەگــوێزرێتەوە بــۆ سەردەمی نوێ بەدەست پێکردن لە پیادەکردنی نۆرمەکانی سـەردەمی کۆنەوە تـا دامـو دەزگـا و سیسـتمی سیاسـی و کـۆمەڵایەتی یـا کۆمەڵێـک لەبیـر و باوەڕکان،ئاسـان نـیە مــاوەکەی دیــاری بکرێــت واتــا دەزگــاکە یــا بیــر و باوەڕەکە،هەندێک پێیان وایە کە نەریتەکان درێژخایەنن بۆ نەوەکان ئەمە جگە لەوەی ڕەچاوی نوێگەری و پێشکەوتن بکرێـت کە هـیچ شـاڵاوێکی دونیـا پێشـی پـێ ناگیرێـت و زۆرجـــــار ئەو شــــــتە کۆنــــــانە لەناودەبــــــات، داب و نەریتەکـان هەر لە کـۆنەوە پیـادەکراوە و یاسـا لەو سـەردەمەدا لاواز بـووە و نـۆرمی کـۆمەڵایەتی بـووەتە بنەڕەتـی سیسـتم و کـۆنترۆڵی کـۆمەلایەتی،وە زۆر جـار لە کـۆمەڵگە پێشـکەوتووەکانیش نـۆرم یاسـای داڕشـتووە واتـا لەسـەر بنـاغەی دابـو نەریـت دانـراوە وەک بەشـێک لە یاساکانی ئینگلیز ١١٨٩.

داکـۆکیکردنی کلاسـیکی لە داب و نەریتەکـان لە کلتـوری

پارێزگارەکان بووە،لە نووسینەکانی ئیدمۆند بیرک(تاملات عن الثورە فی فرنسا) ١٧٩٠ کە پێی وایە کۆمەڵگە لەسەر بنەمای گرێبەست دانراوە وە کۆمەڵ لەنێوان هاوبەشی مردووەکان و زیندووەکاندا بۆ ئەوانەی لەدایک دەبن وە دابو نەریتەکان هزرێکی کۆکراوەیە بۆ سەردەمەکانی دیکە.ئەم بیرۆکەیەی بیرک لەلایەن کۆمەڵێک لە بیرمەندەکان توشی ڕەخنەی زۆر بووەتەوە لەوانە تۆماس باین لە کتێبی(حقوق الانسان) ١٧٩١ کە دەڵێت بیرک دەسەڵاتی مردووەکانی خستووەتە سەر ماف و ئازادیەکانی زیندووەکان،ئەگەر گۆڕان بۆ مانەوە بێت ئەوە ڕووی کۆتایی دابو نەریت ڕوویەکی پێشکەوتنخوازە و دژی گۆڕان نیە،چاکسازی لە شۆڕش باشترەپێشکەوتن واتا جووڵە بۆ پێشەوە.

یۆتۆپیا

تۆماس مۆڕ زانای ئینگلیزی و سەرۆکی لۆردەکان (١٤٧٨-١٥٣٥) یەکەم جار لە کتێبی یۆتۆپیا (١٥١٦) باسی یۆتۆپیای کردووە، بە کارێکی نایاب و نموونەیی کە خۆی لە کۆمەڵگەیەکی نموونەیی دەگرتەوە."ئەم وشەیە واتا یۆتۆپیا لە دوو وشەی یۆنانی پێک دێت. یەکەم: بێ شوێن دووەم: شوێنێکی باش وە لە ژیانی ڕۆژانەدا یۆتۆپیا بە شوێنێکی نموونەی و کامڵ ئەژماردەکرێت وە زۆر جار باسکردنی بۆ بیروڕای نا واقعی دەگەڕێتەوە پەیوەستە بە ئامانجی بەرز و زۆر ئەستەمە بۆ جێبەجێ کردن. بۆیە بەشێوازی تیۆروانینی کۆمەڵایەتی ئەژمار دەکرێت،یۆتۆپیا بەردەوام ڕەخنەی لە سیستم گرتووە و وەک شوێنگرەوەی خۆی ئەژماری دەکات بەکامڵ بوون و نموونەیی، باشی مامەڵەکردن و هاوکاری ڕەفتاری کۆمەڵایەتی خەسڵەتی یۆتۆپیایە لای سۆسیالیستەکان کە باوەڕیان بە هێزی یەکسانیە لەنێوان کەسەکاندا و موڵکداری جەماعی کۆیان دەکاتەوە و هەروەها ئازادی

ژنــان و پاراســتنی ژیــنگە لەو ســۆنگەیەوە یەک دەگــرنەوە لەگەڵ یۆتۆپیــادا ڕەخنەکــان بــۆ ئەم شــێوازە زۆرن لەوانە ئەوەیە کە ڕێگــایەکی فــێڵاویە و بیرۆکەیەکــی خەیــاڵیە و نــایەتەدی لە هــیچ شــوێنێکدا، واقعــی نــیە و هەرگیــز ناگــاتە ئامــــــانج، هەر وەک چـــــۆن مارکســــــیەکان بـــــانگەوازی سۆسیالیستی دەکەن کە ئامانجیان بونیادی کۆمەڵگەیە بەبێ چینەکان واتا کۆمەڵگەی شیوعی، گروپێکی تر پێی دەڵێن تۆیۆپیا شمولیەو گشتگیرە کە کۆمەڵێک بەها لەخۆ دەگرێت بەبــێ گفتوگــۆ، ئەمەش ئەوە دەردەخــات لێبــوردە نــیە بــۆ جــۆرایەتی و گفتوگــۆ بــۆ دیــاریکردنی یۆتۆپیــای سیاســی بونیادنــانیەتی زیــاتر لەنــاوەڕۆکەکەی. کەمێــک لە بیرمەنــدە یۆتۆپیەکـــان وا باســـی دەکەن کە وێنەیەکـــی تەواوە بـــۆ کۆمەڵگەیەکی نموونەیی بۆ ئایندە.هەموویان بیرۆکەی ئەوە بەکاردەهێنن کە کۆمەڵگە پتەوە لە بنەڕەتەوە و پێویستی بە دانانی پلان و نەخشەیە بۆ تواناکانی گەشەسەندنی کەسی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بەلام هیچ ڕێککەوتنێک نیە چۆن شـــــــــاری نمـــــــــــوونەیی بێـــــــــتە ئـــــــــــاراوە. لە زانــایەکەوە بــۆ ئەوی تــر جیــاوازە بەپێــی بیرکــردنەوە و لێکــــــدانەوەیان بــــــۆ کــــــۆمەڵگەی نمــــــوونەیی.

خەسـڵەتەکان چـین کە دەبێـت بـۆ ڕێکخسـتنی سیاسـی و کـــــۆمەڵایەتی نمــــــوونەیی بوونیـــــان هەبێـــــت. ١.کۆتاییهێنـان بە داواکـاری و پێداویسـتی چـونکە ناکرێـت کـۆمەڵگە ناوببرێـت بە نمـوونەیی و خەڵـک برسـی بێـت. ٢.کـــۆمەڵگەی نمـــوونەیی ئـــاوێتەبوونی کـــۆمەڵایەتی و یەکگرتوویــان تێــدا بەدی دەکرێــت و هەرگیــز ململانێــی کۆمەڵایەتی و سیاسیان نیە.ئاسان نیە سەرکەوتن لە نێوان ململانــێ و نموونەیـدا چ لەنێـوان تاکەکـان یـا گروپەکـان ٣.کۆمەڵگەی نموونەیی ئازادی دەبەخشێتە تاکەکانی و هیچ بەند و کۆسپ و تەگەرەیەکی نیە و ئازادی ڕەتناکرێتەوە. دروســــتکردن و دەســــتپێکردنی تیـــۆرە یۆتۆپیەکـــان بەشێوەیەکی بڵاو لە داب و نەریتە سیاسی و سۆسیالیست و لیبڕاڵەکانەوە هاتووەتە ئاراوە،پاڵنەری یۆتۆپیا پشت بەو بـاوەڕە دەبەسـتێت کە مرۆڤەکـان لە بنەڕەتـدا بـوونەوەری کـــۆمەڵایەتین و هاوکـــاری یەکتـــرن و پەیوەنـــدی خۆشەویستیان لەنێواندا هەیە،کۆمەڵگەی کێبڕکێ و ڕەفتاری پیـــادەکراوی کـــۆمەڵ بوونیـــان هەیە و چـــونە کـــۆمەڵ مرۆڤایەتی تێک داوە و بە تایبەت سەرمایەداری و شاڵاوی هەژاری و نایەکسانی کۆمەڵایەتی.

کورتەیەک بۆ مێژووی سایکۆلۆجیای سیاسی

دەشێت زۆر بە سادەیی سایکۆلۆجیای سیاسی بەو زانستە پێناسە بکرێت کە توێژینەوە لە کارلێکی نێوان سیاسەت و دەروونناسیدا دەکات، بە تایبەتی کاریگەری سایکۆلۆجیا لە سیاسەتدا.ئەگەر بتوانین سیاسەت وێنا بکەین بەوەی زانستێکی سەنتراڵە و هەموو شتێک دەوری دەدات و پەیوەندی بە هەموو شتەکانی دەوروبەریەوە هەیە،ئەو وێنایە هەر بانگەشەیەک لە خۆ بگرێت،پێویستە ددانی پێدا بنێین،ئەمە سەرباری ئەوەی ئەرستۆش پەسەندی کردووە،ئەوا دەتوانین زانستە سیاسیەکان لە هێڵکاریەکدا لە شکڵی بازنەیەک لە چەقەدا وێنا بکەین و بازنەی بەیەکداچوو دەورە درابێت.ناوچەی بەیەکداچووی نێوان ئابوری و سیاسەت پێی دەگوترێت "ئابوری سیاسی" ناوچەی بەیەکداچووی نێوان کۆمەڵایەتی و سیاسەت پێی دەگوترێت"کۆمەڵایەتی سیاسی" بەو شێوەیە.بەڵام ناوچەی بەیەکداچوونی نێوان بیرکاری و سیاسەت زاراوە تایبەتەکانی پەرەی سەندووە وەک بژاردەی عەقڵانی تیۆری ڕواڵەتخوازی یان تیۆری گەمە، هەر لە بنەڕەتەوە"بیرکاری

سیاســـی" هەروەهـــا دەتـــوانین مێژوو،فەلســـەفە،جوگرافیا، ئەنترۆپۆلۆژیا.هیتر بخەینە پاڵ،بەڵام بەیەکداچوونی نێوان بیرکـاری و ئـابوری بـۆ نمـوونە ڕوونتەکردۆتەوە،چـونکە لێـرەدا پەیوەنـدیمان پێـوەی نـیە،بەڵام دەبێـت ئەو بیـرۆکە گشـتیەی لێـردە مەبەسـتمانە ڕوون بووبێتەوە،سـەرباری ئەوەی زانســـتە کـۆمەڵایەتیە جیاوازەکـــان بە دڵنیـــاییەوە دەتوانێـت زانســـتە ســـەرەکیەکانی دی لە چەق دابنێـت،ئەم وێنـــایەی لێـــرەدا گەڵاڵەی دەکەیـــن بـــۆ زۆریـــنەی زانـــا سیاسیەکان مانایەکی دەبێت.بەو پەڕی سادەییەوە دەتوانین سایکۆلۆجیای سیاسی وەک پردێک لە نێوان دوو زانستەکە وێنـــا بکەیـــن.ئەگەر ئەم پێناسـەـ سـادەیە تێپەڕێنـین وە تەماشای هەندێک ژمارەی پێشووی ئەکادیمیا بکەین کە بۆ ئەم بوارە پڕ چێژە تەرخان کراوە وە لەم کتێبەدا مەبەستانە بە ڕاسـتی ناونیشـانی سـایکۆلۆجیای سیاسـی هەڵگرتـووە بـواری لاوەکـی جیـاواز و پسـپۆڕی جیـاواز لە دوو توێـدا دەبینین.بۆیە شێوازی جیاواز بۆ وانە گووتنەوەی کۆرس لە سـایکۆلۆجیای سیاسیدا هەیە لەم مەیدانەدا دەتوانرێت دوو تیم جیابکرێنەوە،یەکێکیان گرنگی بە توێژینەوەی ڕەفتـاری جەماوەر دەدات،وەک دەنگدان،کاریگەری ڕای گشتی لەسـەر

سیاســەتەکەنی حکــومەت و هیتــر،تیمەکەی تــر گرنگــی بە تــوێژینەوەی ڕەفتــاری دەســتەبژێر دەدات و چــۆن دیــد و بۆچــوون و ڕوانــین و وێنەکــانی کــار لە سیاســەتەکانی حکومەت دەکات و کاریگەری کەسایەتی لە سەرکردایەتی و بڕیـار وەرگرتن لە سیاسـەتەکانی دەرەوە و شـتی تر.لێرەدا سـەبارەت بە ڕاڤەکردنـی ڕەفتـاری سیاسـی،جیاکاریەکی دی لەم مەیـدانەدا هەیە کە دواتـر گفتوگـۆی لەسـەر دەکەیـن ڕاڤەیەکـی تـر کـاریگەری سـایکۆلۆجیای مەعریفـی و میراتـی کۆنی سـایکۆلۆجیای نائاسـاییەکانی لەسـەر جەخـت لەسـەر ڕۆڵــی تایبەتمەنــدیەکانی تــاک لە دروســتکردنی ڕەفتــاردا دەکاتەوە.سایکۆلۆجیای سیاسـی وەک پسـپۆڕییەکی لاوەکـی لە زانسـتە سیاسـیەکاندا سـێ تێبینـی لەسـەرە کە دەبێـت ئاماژەیان پێ بدرێت یەکەم پێش هەموو شتێک ئەم مەیدانە وەک مەیـدانێکی ئەکـادیمی دانپێـدانراو تـا ڕادەیەک تـازەیە سـەرباری ئەوەی پێشـەنگەکانی وەک هارۆڵـد لاسـوێڵ لە بیسـتەکانەوە تـوێژینەوەی لەسـەر کـاریگەری سـایکۆلۆجیا لەســەر سیاســەت کردووە،زانکۆکــان لە پــێش ســاڵانی حەفتاکانــــدا بە زۆری کۆرســــی خوێنــــدنی لەســــەر سـایکۆلۆجیای سیاسـەت نەبـوو یەکەم کتێـب لە زنجیـرەی

کتێبی خوێندن ساڵی ١٩٧٣ بەناوی کتێبی سەرچاوە لە زانستە سیاسیەکان دەرکەوت لە هەمان کاتیشدا دەزگای پیشەیی تایبەت بەم بابەتە دروست بوو ساڵی ١٩٧٧ کۆمەڵەی نێودەوڵەتی بۆ سایکۆلۆجیای سیاسی دامەزرا دوای ئەوەش بە دوو ساڵ گۆڤاری سایکۆلۆجیای سیاسی دەرکرا.

دووەم،ئەو بابەتەی پێی دەگوترێت سایکۆلۆجیای سیاسی وەک بابەتی دانپێدانراو لە زانکۆکاندا دەخوێنرێت لە ناوەڕۆکدا ئاراستەیەکی نێودەوڵەتی هەیە.لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی ئەکادیمیەکانی لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکان ئەوا لایەنگیری لە ئەوروپا و ئوستراليا و ناوچەکانی دیکەی جیهانیش رووی لە زیاد بوونە،هەروەک پێشتر باسمان لێوە کردووە سایکۆلۆجیای سیاسی مۆرکێکی نائاسایی هەیە لە ڕاستیدا دەستەی کۆمەڵەی نێودەوڵەتی بۆ زانستە سیاسیەکان مۆرکێکی جیهانی هەیە کۆبوونەوەکانی لە ناوچە دوورەکانی وەک پۆرتلاند و پاریس و پورتوگال دەبەستێت،زۆرێک لە خاوەن فیکری پێشەنگ لە ئەوروپاوە هاتن و ئەو بوارەیان دامەزراند کە پێی دەگوترێت "سایکۆلۆجیای سیاسی" کاریگەری ڤیننی

دەگەڕێتەوە بۆ ڤییەنا کە فرۆید هێنایە ئاراوە،نموونەیەکی ڕوونە بۆ ئەو شتەی بۆی دەچین و دواتر باسی لێوە دەکەین،بەڵام ڕوانینێکی قووڵی ئەو مادەی سایکۆلۆجیای سیاسی پێد دەهێنێت وامان لێ دەکات بڵێین ئەم بابەتە هێندەی کۆنیی سیاسەت کۆنە،لە کاتێکدا خەڵکی بیر لە بابەتی سیاسەت دەکەنەوە دەبینین ئەم پرسیارە دەروونیە سەرەکیە لە خۆیان دەکەن،بۆچی ئەو کارە دەکەن کە دەیانەوێت بیکەن؟ یەکەم شت کە مرۆڤ ئاشکرای دەکات لە ڕیزی ئەوانەی دەچنە نێو زانستە سیاسیەکانەوە بریتیە لەوی هەموو ڕوانینێکی سیاسی بۆ جیهان دواجار لەسەر ڕوانین لە سروشتی مرۆڤایەتی بونیاد دەنرێت ئەوەش ڕوانینە بۆ دەروونی مرۆڤایەتی،ڕوانینی نیکۆڵ ماکیاڤیلی بۆ دەروونی مرۆڤایەتی زۆر ڕەشبینانەیە و بیرکردنەوەی کۆنسەرڤاتیڤ(کۆنەپەرست)ە کلاسیکیەکان لەم بارەیەوە زۆر لە لیبراڵە کلاسیکیەکان ڕەشبینانەترە،لە سەرووی ئەوەشەوە تۆماس هۆبز جۆن لۆک و جان جاک ڕۆسۆ گەشەیان بە چەمکی زۆر جیاواز بۆ "دەوڵەتی سروشتی" دا کە دۆخێکی ڕاستەقینە یان گریمانەیی بۆ حاڵەتی نەبوونی دەوڵەت وەسف دەکات و حەقیقەتی سروشتی ئەسڵی

مـرۆڤ ئاشـکرا دەکـات ولیـام سـتۆن و پـۆڵ شـافنەر لە کتێبێکـــدا کە بەداخێکـــی زۆرەوە چـــاپکراوەکەی نەمـــاوە بەدواداچوون بۆ کاریگەرییە قووڵە جۆربەجۆرەکانی مێژوو دەکەن کە چەنـــدین ســـەدەیە پێگەییـــوە پـــێش ئەوەی سایکۆلۆجیای سیاسـی وەک بـابەتێکی ئەکـادیمی دانپێدانراو لە سەدەی بیستدا سـەر دەربهێنێت و بڵاوببێتەوە هەروەهـا دەڵێن"داننان بە گرۆتینی ئەڵمانیا لە سـایکۆلۆجیای سیاسـیدا دادپەروەریەکـــی کامـــڵ نـــیە بەرامـــبەر بەشـــداریکردنی کیشـوەری کیشـوەری ئەوروپا لەم بـوارەدا.... بەپێچەوانەی بیروبـاوەڕی باو،سـایکۆلۆجیای سیاسـی لەسـەر دەسـتی نوسـەرە پارێزگارەکـان لە ولاتـانی لاتینـی گەشـەی کـرد بـۆ نمـوونە لە فەرەنسـا بیریـارە پارێزگارەکـانی وەک هیپۆلیـت تـــاین و گۆســـتاف لۆبـــۆن لە ســـەدەی نـــۆزدەدا ڕاڤەی زانســـتییان پێشـــکەش کـــرد کە دەکەوێـــتە نێـــو خـــانەی ســـایکۆلۆجیای سیاسـیەوە،بەڵام ئینگلـتەرا گراهـام والاس مامۆستای ئابوری و زانستە سیاسیەکان لە کۆلێجی لەندەن یەکێک لە نۆبەرەی کتێبەکـانی لە سـاڵی ١٩٠٨دا بڵاوکـردەوە ئەوەش شـایانی دەکـات ببێـتە یەکێـک لە دامەزرێنەرانـی ســـایکۆلۆجیای سیاســـی و زانکۆکـــانی بەریتانیـــاش بە

فەرامۆشکردنی ڕێژەیی ئەم بابەتە ئەو کارە بە گاڵتەجاری دەکـــات،والاس لە کتێبەکەیـــدا سروشـــتی مرۆڤـــایەتی و سیاســـەت کە لە هەمـــان ســـاڵدا بڵاوبووەوە،ئاگادارمـــان دەکـاتەوە لەوەی تەنهـا لە دەرەنجـامی پڕۆسـەیەکی فیکـری عەقڵانـی پەتیدا لە بڕیـار و ڕەفتـاری مـرۆڤ بـڕوانین.والاس ئامۆژگـاری دەکـات کاتێـک پیـاوانی پڕۆســەی دەروونـی تێدەگەن کە پێی هۆشیار نەبوون یان نیوە هۆشیار بوون ئیـدی بە تەنهـا نە خۆیـان نە ئەوانـی دی لە سـتەمی ئەو پڕۆسـەیە ناپـارێزن بەڵکـو دەتـوانن لە نـاوەوەش کـۆنترۆلی دەکەن.بەڵام بە دڵنیـاییەوە زۆریـنەی بەشـدارییەکانی ئەم مەیـــدانە لە ڤییەنـــا و فرانکفـــۆرتەوە ســـەرچاوەیان گرتووە،چـونکە بیریـارانی وەک سـیگمۆند فرۆیـد و ئەریـک فـرۆم کـاریگەرییەکی تایبەتیـان لە پەرەپێدانی ئەم بـوارە لە ویـلایەتە یەکگرتوەکانـدا هەیە،هەروەک دواتـر لە بڕگەیەکـی تــایبەت بە تــوێژینەوەی کەســایەتی لەم بەشــەدا ڕوونـی دەکەیـنەوە، بەڵام تێبینـی سـێیەم کە پێویسـتە ئامـاژەی پـێ بدرێت،سایکۆلۆجیای سیاسی وەک پسپۆڕێکی ناسەرەکی لە زانسـتە سیاسـیەکاندا زۆریـنەی(نەک هەمـوو) بابەتەکـانی لەسەر ئەو ئاستە توێژینەوەی بۆ دەکرێت کە بەگشتی پێی

دەوترێت شیکاری لەسەر ئاستی تاک.توێژینەوەی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان بەشێوەیەکی تایبەت لەنێوان سێ ئاست. لە ڕاڤەکـردن یان"ئاسـتەکانی شـیکردنەوە" جیـا دەکـرێتەوە: ئاسـتی سیسـتەم(نێودەوڵەتی)، ئاسـتی دەوڵەت و ئاسـتی تاک.ئایـا سیاسـەتی دەوڵەت بەو هێـزە یـان پـێگەیەی لە سیسـتەمی نێودەولّتیـدا هەیەتی،یەکـدەگرێت؟ یـاخود سـایکۆلۆجیای سـەرکردە پەیوەدنیـدارەکان لە دوا جـاردا دەرەوەی دەوڵەت ئاراستە دەکات؟ لە زانستە سیاسیەکاندا زۆرێـک لەو تیـۆرانەی ڕووبەڕوومـان دەبنەوە،کـار لەسـەر ئاسـتگەلێک دەکەن کە زۆرێـک لە ئاسـتی تـاک بەرزتـرە،بە گوزارشتێکی دی،ئەو تیۆرانە جەخت لەسەر گرنگی نـاوکۆ یـــان سروشـــتی کـــات(دەورەی ڕووداوەکەی داوە) دەکەنەوە،نەک سروشتی تاکەکان.ئەو تیۆرە واقعیە تـازەیەی تا ڕادەیەکی زۆر ڕەفتاری دەوڵەت بۆ پێگەکەی لە سیستمی نێودەوڵەتیدا دەگێڕێتەوە(ئەگەر زلهێزێک بێت یان هێزێکی مامناوەنـدی یـان زلهێزێکـی لاواز و هـی تـر) نمـوونەیەکی باشە لەسەر ئەم جۆرە تیۆرانە. بەهەمـان شـێوەش تیـۆری مارکسـی پـێگەی تـاک لە مێـژوودا کەم دەکـاتەوە پێـی وایە فاکتەرە"ماددیەکـان" نەک تاکەکان،کـاریگەری سـۆنگەی

بەهێزتریـــان هەیە.زۆرێــک لەو تیــۆرانە لە مارکســـیەتەوە داتاشراون،وەک تیۆری پاشکۆیەتی و تیۆری سیستەمەکانی جیهـــان لە ســـەر گریمـــانەیەکی تەوەری هاوشـــێوەی ئەم گریمـانەیەی مارکســی دانراون.هەروەهـا تیـۆری کلاسـیکی پلورالیزم،ئەگەرچی لە کەلەپورێکی جیاوازتر لە مارکسـیزم ســەریهەڵدا بەڵام پێیــوایە دەوڵەت وەپیـر کێبڕکێـی نێـوان گروپە گەورە ئۆرگانیزەکانەوە دەچێت و پانتاییەکی گەورە بۆ تـاک و دەروونیـان بەجێناهێڵێت بۆ ئەوەی کاریگەرییان لەســەر ڕووداوەکـان هەبێـت. هەروەک تـا ئێسـتا بەدیمـان نەککردوە،دەروونناســـی کـــۆمەڵایەتی لە ئاراســـتەکردنی ڕەفتــاری مرۆڤــدا،جەخت لەســـەر گرنگـــی هەلـــومەرجی هەڵوێسـتداری دەکـاتەوە،ئەوەش کـاریگەری تـایبەتی لەسـەر ئەو دەروونناســـانە هەبـــوو،کە بەرەو بـــابەتە سیاســـیەکان هەنگاویـان دەنا.سـەرباری ئەوەش سـایکۆلۆجیای سیاسـی هەروەک لە چوارچێـوەی زانسـتە سیاسـیەکاندا دەخوێنـدرا هەمیشە بەو ئاراستەیەدا دەرۆیشت کە پێیان وابوو تاکەکان بە بیروبـاوەڕو شـارەزایی ژیـان و کەسـایەتیانەوە بەلایەنـی کەمەوە لە دیـاریکردنی دەرچە سیاسـیەکاندا گرنگییەکیـان هەیە.ئەو بیــر و بـــاوەڕەی پێـــی وابـــوو مێـــژوو بەتەنهـــا

حەکـــایەتی ڕۆڵـــی سیســـتم و هەلـــومەرجی دروســـتکردنی مێژوو و سیاسەت نیە،کێشەیەکی تایبەتی لەکن ئەو کەسانە هەبـــوو کە تاکەکـــانی بە دانەری مێـــژوو و سیاســـەت دەبینـــی.ئەمە یەکـــێکە لەو خـــاڵە دەگمەنـــانەی زۆربەی شـــرۆڤەکاران لە ســـایکۆلۆجیای سیاســـیدا لەســـەری کۆکن،تەبایی و ڕێکەوتێکی ڕاستەقینەش دەربارەی باشترین تیۆری بۆ شیکاری ڕەفتاری مرۆڤ و دروستکردنی بڕیار بـــۆ نمـــوونە لەنێوانـــدا نیە.بەپێـــی تێبینـــیەکەی(میکگـــوایر) بەزۆری لەم بەشـەدا ئاماژەی پێدراوە،سروشتی پەیوەندی نێوان سایکۆلۆجیا و سیاسەت لە قۆناغە مێژووییە جۆرا و جۆرەکانـدا بەنزیکەیـی لە مـاوەی هەشـتا سـاڵی ڕابـردوودا گەشـەی سەندووە.سـەرباری ئەوەش پەرەسـەندنی تیـۆریە باوەکـانی سـایکۆلۆجیا بە تێپەڕبـوونی کـات لە مەیـدانەکە ئەنجـام دراوە،چـونکە سـایکۆلۆجیا کـاری لە سیاسـەت کردووە (نەک بە پێچەوانەوە) بۆیە ڕەوتەکانی نێو زانستە سیاسـیەکان شـوێنپێی ڕەوتەکـانی نێـو دیسـپلینی دایکیـان هەڵگرتووە یان دوایکەوتوون.میکگوایر سێ قۆناغی پانوپۆڕ لە گەشەســـەندی ســـایکۆلۆجیای سیاســـی جیادەکـــاتەوە ١. قۆنـــاغی تـــوێژینەوەی کەســـایەتی لە ســـاڵانی چـــل و

پەنجاکانـدا کە شـیکاری دەروونـی هەژمـوونی بەسـەریدا هەبوو.

٢.قۆنـاغی تـویژینەوەی ئاڕاسـتە سیاسـیەکان و ڕەفتـاری هەڵبـژاردن لە شەسـت و حەفتاکانـدا کە بە بەربـڵاوی گریمانەکـانی "مرۆڤـی ژیـر" دەناسـرێتەوە.

٣.قۆناغێکەوە لە هەشتا و نەوەدەکانەوە دەستی پێکردوە و مکوڕیی دەکرد لەسەر تویژینەوەی بیروباوەڕە سیاسیەکان و چارەسـەکردنی زانیاریەکـان و دروسـتکردنی بڕیـار،بە تـایبەتیش گرنگـی بە سیاسـەتی نێـودەوڵەتی دەدا.

بیرۆکراسی

تێکڕای ڕێکخراوەکانی ئەمڕۆ تا ڕادەیەکی زۆر ماهیەت و پێکهاتەیەکی بیرۆکراتییان هەیە،زاراوەی بیرۆکراسی لە ساڵی ١٧٤٥ لە لایەن کەسێکەوە داهات بە ناوی (داگورنەی)،ئەو وشەی (بیرۆ bureau) ی بە مانای بەڕێوبەرایەتی و مێزی نوسین بەکاردەهێنا،ئەو زاراوەیەی کە لە بکەری یۆنانی(حکوومەتکردن)وەرگیراوە،ئەوا بەم وشەیەی لکاند،بەم جۆرە بیرۆکراسی بە مانای حکومەت بەرپرسانی ئیداریەە،ئەم زاراوەیە لە بەراییدا تەنیا لە هەمبەر بەرپرسە ئیدارەکانی حکومەت بەکاردەهات بەڵام هێدی هێدی پەرەیسەندو بۆ ڕێکخراوە گەورەکانیش بەشێوەیەکی گشتی بەکارهات،چەمکی بیرۆکراسی لە بەراییدا لە لایەن یاسادانەرەکەی و کەسانی ترەوە بەشێوەیەکی نەشیاو بەکاردەهات(داگورنەی) هێزو دەسەڵاتی گەشەسەندووی لە ڕادەبەدەری بەرپرسە ئیداریەکانی بە نەخۆشی(شێتی ئیدارە bureaumamia)ناوبرد،نوسەری فەرەنسی (بەلزاک)یش

بیرۆکراسـی وەکو دەسـەڵاتێکی دێوەزمە ئاسـای نـاوبرد کە لەلایەن قەزەمەکـانەوە دادەسـەپەێنرێت،ئەو جـۆرە تێڕوانینە لە هەمـبەر بیرۆکراسـیدا لەسـەردەمی ئەمڕۆشـدا هەر بەم جۆرە بەردەوامە،بیرۆکراسی زۆربەی جاران و بە(کاغەز و کاغەزێنی) یان ناکارامەبوون و بەفیڕۆدانـی کـات پەیوەست دەکرێـت یەکێـک تەنزنووسـەکان بەناوی(سی_نورسـکووت پارکینسـۆن) باسـێکی سەرسـوڕێنەری سـەبارەت بە بیرۆکراسـی هەیە کە بـریتیە لە لەو بۆچـوونەی کە بەرپرسـانی ئیـداری بەشـێوەیەکی نـافەرمی داوێنـی چالاکیەکـانی خۆیـان پەرەپێدەدەن تـا هەر کـات و سـاتێکی ئـازادی کە هەیـانە پـڕی بکەنەوە(یاسـای پاکینسـۆن) دەلێت:کـار پەرەدەسـتێنێت تـا ئەو کـاتەی خـۆی پـێ پـڕ بکاتەوە،بیرۆکراسیخوازان مەیلییان لە گەشـەکردنە،نەک لەم ڕووەوە کە بەرپرسـە ئیـداریەکان ئەرکگەلێکـی نوێیـان بە ئەستۆوە گرتووە کە پێشتر ئەو ئەرکەیان نەبووە،بەڵکو لەم ڕووەوەیە کە ئەوان بەردەوام ببینـرێن کەوا سـەرقاڵی کارکردنن،لەو شوێنەدا کە بەڕاستی هیچ جۆرە کارێکی تێدا بەدی ناکرێـت،ئەوان چەنـدین ئەرک دەسـتەبەر دەکەن،لەو کات دەبێت چاودێری کارمەندانی ژێردەستیان بکەن و ئەو

کارمەنــدانەش بە نــۆرەی خۆیــان دەبێــت کــاتێکی زۆرتــر سـەبارەت بە نوسـینی ڕاپـۆرت و نامەکـان بەفیـڕۆ بـدەن و بەم جـۆرە ئەم پڕۆسـەیە بەردەوام دەبێـت،زۆربەی فـۆڕم پڕکردنەوەکان،رازانـــــدنەوەی نامەکان،ئەرشــــیفکردن و پاراســــتنی فایلەکــــان هەر هەمــــووی لە ڕاســــتیدا بــــۆ جێبەجێکردنــی ئەو ئەرکــانە ئەوەنــدە پێویســت نــیە،کەوا بیرۆکراسـی بەهـۆی ئەمـانەوە دروسـت بـووە،بەڵام زۆربەی نوسـەرانی تـر بەجـۆرێکی جیـاواز سـەیری بیرۆکراسـیان کـــــردووە واتە وەک مــــۆدێلێکی ورد و ڕێــــک و پێــــک و بەرێــوبەرایەتیەکی کــارامە،ئەوان دەڵــێن: بیرۆکراســی لە ڕاستیدا کـارامەترین شـێوەی ڕێکخـراوێکە کە وا مرۆڤەکـان دایانهێنـاوە،چونکە تێکـڕای ئەرکەکـان بە بنەمـاو بنچیـنە و میتۆدە وردەکانەوە ڕێکخراون،بەرجەستەترین شیکردنەوەی بیرۆکراســــی کە لەلایەن(مــــاکس ڤیــــبەر) جێبەجێکــــراوە ڕێگایەکی قەدبڕی لە نێوان دوو بۆچوونی توندڕەو گرتۆتە بەر لە ڕوانــگەی ڤیــبەرەوە پەرەســەندی بیرۆکراســی لە کۆمەلگاکــانی ئەمــڕۆدا ناچارییە،پەرەســەندنی دەســەلاتی بیرۆکراتیـک تـاکە ڕێگـای ڕووبەڕووبـوونەوەیە لەبەرانـبەر پێداویســــتیە ئیــــداریەکانی سیســــتمە کــــۆمەڵایەتیە

گەورەکانـدا،بەڵام ڤیـبەر لەو باوەڕەشـدایە کە بیرۆکراسـی کەموکوڕییەکی گشتی تێدا هەیە کە دەرەنجامگەلێکی گرنگ سەبارەت بە پێکهاتەو ماهیەتی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆکە بەخۆوە دەگرێت.

بۆچوونی ڤیبەر سەبارەت بە بیرۆکراسی

ڤیـبەر ئەمە دووبـارە دەکـاتەوە کەوا لە کـۆمەڵگە نەریتـیە گەورەکانـــدا ژمـــارەیەکی ســـنوردار لە ڕێکخـــراوە بیرۆکراتیکیەکـــان بـــوونی هەبـــووە، بـــۆ نمـــوونە لە ئیمپراتـۆریەتی چینـدا زنجیرە و پلە و پایەکانی بەرپرسـانی ئیـداری ئەوا بەرپرســی کاروبـارە گشـتیەکانی حکـومەت بوون،بیرۆکراسـیەتی گرنگتــر لە جیهــانی کۆنــدا بــوونی هەبوو(سـوپا)بوو بەڵام تەنیـا لەسـەردەمی ئەمڕۆکەدایە کە بیرۆکراسییەکان بەشێوەیەکی تەواو پەرەیان سـەندووەو لە زۆربەی بوارەکـانی ژیـانی کـۆمەڵایەتی دەدۆزرێنەوە،ڤیـبەر بۆ توێژینەوەی سەرچاوە و ماهیەتی پەرەسەندی ڕێکخراوە بیرۆکراتیەکـــان نمـــوونەیەکی ئامانجـــداری بیرۆکراســـی دروسـت دەکات(ئامـانج)لێرەدا پەیوەنـدی بەوشـتەوە نیە کە گونجـاوترین بێت بەڵکو ئامـاژە و پەیوەنـدی بە شـێوەیەکی

بـێگەردی ڕێکخـراوی بیرۆکـراتیکییەوە هەیە،نمـوونەیەکی ئامانجخوازی خۆی باسێکی وەرگیراوە کە پشت بەستن بە تایبەتمەندیەکی دیاریکراو دەرحەق بە بابەتە ڕاستەقینەکان بـۆ شـرۆڤەکردنێکی وردی سـەرەکیترین تایبەتمەدنیەکـانی ئەوان دروسـت بـووە ڤیـبەر هەنـدێ لە تایبەتمەنـدیەکانی نمـوونەی ئامـانجخوازی بیرۆکراسـی شـرۆڤە دەکـات.

١.بوونی زنجیرە پلەوپایەکـانی دەسـەڵاتێکی دیـاریکراو بەم جۆرەی کەوا ئەرکەکـانی ڕێکخـراو وەکـو ئەرکە فەرمیەکـان دابەش بوو،بیرۆکراسـی وەکـو هەرەمێک بەرچـاو دەکەوێت کە تیایدا ئەو پیشانەی کە خاوەن گەورەترین دەسـەڵاتن لە لـوتکەی ئەم هەرەمەدان،زنجیرەیەکـی فەرمانـدەیی لە ئـارادا هەیە کە لەسەرەوە بۆ خوارەوە درێژ بۆتەوە و هەمـاهەنگی نێـوان بڕیـار و بەڵـێن و فرمانەکـان دەڕەخسـێنێت،هەر پۆسـتێکی بەرزتر،کۆنتڕۆڵ و سەرپەرشـتی پۆسـتی نزمتـر دەکـات لەنـاو زنجیـرە پـلە و پایەکـانی ڕێکخراوەییـدا.

٢.یاسـا نووسـراوەکان،کە خـۆی لە تێکـڕای ئاسـتەکانی ڕێکخراوەییـدا بەسـەر هەڵسـوکەوتی بەرپرسـانی ئیداریـدا زاڵە،ئەمەش بەو مانـایە نـیە کە ئەرکەکـانی بیرۆکراتیـک لە بنەڕەتدا کاروبارە سروشتی و نەگۆڕەکانن،هەرچەندە پلەی

ئیداری بەرزتر بێت ئەو یاسایانەی کە پەیوەندی پێیانەوە هەیە زۆربەی جاران چەندین جۆری زۆرتری بابەتە جۆرا و جۆرەکـــان بەخـــۆوە دەگـــرن و تەفسیرکردنەکانیشـــیان گونجـــــاوبوون و ســـــازدانێکی زۆرتـــــر دەخوازێـــــت.
٣.بەرپرسە ئیداریەکان تەواو شیفت و مووچەخۆرن،بۆ هەر پیشەیەکی ناو زنجیرە پلە و پایەکانی ڕێکخراوەیی چەندین مافی دیاریکراو و نەگۆڕ تەرخان دەکرێن ،چاوەڕێی ئەوە لە تاک دەکرێت کە قۆناغێکی خزمەتگوزاری لە ناو ڕێکخراودا ببڕێـــــت،بەرزکردنەوەی پلەوپـــــایە بە پێـــــی توانـــــایی، پســـــپۆڕیەتی و ئـــــاوێتەبوونی ئەم دووانە دەڕەخســـــێت.
٤.لەنێوان ئەرکەکانی پۆستی ئیداری و ڕێکخراو و ژیانی دەرەوەی ڕێکخراودا جۆرە جیابوونەوەیەک لەئارادایە،ژیانی خێزانی،پۆستی ئیداری چالاکیەکانی لە شوێنی کارکردنی جیـــــایە لە ڕوانـــــگەی فیزیکیشـــــەوە جیـــــاوازە.
٥.هیچ ئەندامێک یا هیچ کام لە ئەندامەکانی ڕێکخراو خاوەن ســـەرچاوە داراییەکـــان نـــین کە بـــۆ جێبەجێکردنـــی کاروبارەکـــانی ڕێکخـــراو لەبەردەســـتیاندایە،لە ڕوانـــگەی ڤیـــبەرەوە پەرەســـەندنی بیرۆکراســـی کرێکـــاران بـــۆ کۆنترۆڵکردنی کەرەستەکانی بەرهەمەکانیان جیادەکاتەوە،لە

کۆبوونەوە نەریتیەکاندا و هەروەها لە کۆبوونەوەی خاوەن پیشەییەکانیشدا زۆربەی جاران بە ڕێژەیەکی زۆر کۆنترۆڵێکی زۆریان بەسەر پرۆسەکانی بەرهەمەکانیاندا هەبوو و خاوەن ئەو کەرەستانەبوون کە بەکاریان دەهێنا،لە بیرۆکراسیەکاندا بەرپرسە ئیداریەکان خاوەن ئەو بەڕێوبەرایەتیانە نین کە تیایدا کار دەکەن و خاوەن ئەو مێزانەش نین کە لەسەری دادەنیشن یان خاوەن ئەو ئامێرە ئیداریانەش نین کە بەکاریان دەهێنن.

کاریگەریەتی بیرۆکراسی

ڤیبەر دەلێت:بیرۆکراسی ئەمرۆکە شێوازێکی زۆر کاریگەرە سەبارەت بە ڕێکخستنی ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکان هەندێک بەڵگە بۆ ئەو کارانە لە ئارادایە.

١.میتۆدەکانی بیرۆکراتیک لەوانەیە لەهەندێک ئاراستەکانیدا ببنە هۆی سنورداریەتیەکی داهێنراو،بەلام لە هەمان کاتتدا دەبنە هۆی ئەوەی کە بەلێنەکان بەپێی پێوەرە گشتیەکان وەربگیرێن نەک لەسەر بنەمای حەز و ئارەزووی سێکسی تاکەکەسی.

٢.ڕاهێنانی بەرپرسە ئیدارییەکان بۆ ئەوەیە لەو بوارەی کە پەیوەندی بە ئەرکەکانیانەوە هەیە شارەزا و پسپۆڕبن،ئەوا ئاماتۆڕی بەتوانا ڕەتدەکاتەوە،بەڵام گرەنتی ڕێژەیەک لە توانا گشتیەکانی دەکات.

٣.خاوەنداربوون سەبارەت بە مافەکان و کارکردنی تەواو شفت لەناو پیشە ئیداریەکاندا ئەوا دەبێتەوە هۆی کەمبوونەوەی دەرفەتەکانی گەندەڵی،هەرچەندە بەشێوەیەکی بنەبڕ لەناوی نابات سیستمە نەریتیەکانی دەسەڵات بوشێوەیەکی گشتی تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر بنەمای ئەو شتەوە دانرابوون کە ئەمڕۆ کە ئێمە بەشێوە کردەییەکانی گەندەڵی دەزانین بۆ نموونە خاوەن پلەو پایەکان بۆ باج وەرگرتن لەو کەسانەی کەلەژێر دەسەڵاتی ئەواندا کاریان دەکرد،کەڵکیان لە پێگەی بەرپرسیاریەتی خۆیان وەردەگرت و زۆربەی ئەو پارانەش کە لایان بوو بۆ کەڵک وەرگرتنی تاکەکەسی خۆیان بەکاریان دەهێنا.

٤.ئەو ڕاستیەی کە دەڵێت:بەرهەمی کار لە ڕێگای ئەزموون یان کەرەستە گشتیەکانەوە هەڵدەسەنگێندرێت،ئەوا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بەدەستهێنانی پیشەکان جا چ لەڕێگای پەیوەندیە تاکە کەسیەکانەوە بێت یانیش لەڕێگەی پەیوەندیە

خزمایەتیەکانەوە بێت،هەرچەندە بەتەواویش ناوەستێنرێت،ڤیبەر لەو باوەڕەدایە کە هەرچەندە، ڕێکخراوێک لە نموونەیەکی ئامانجخوازی بیرۆکراسی نزیکتر بێت ئەوا لە گەڕان بەدوای ئەو ئامانجەی کە سەبارەت بەو هاتۆتە کایەوە،کاریگەرتر دەبێت،ڤیبەر زۆربەی جاران بیرۆکراسییەکان بە ئامێرە ئاڵۆزەکان دەشوبهێنێت،لەگەڵ ئەمەشدا دان بەوەدا دەنێت کە بیرۆکراسی دەتوانێت کێشە و گرفتێکی زۆری لە ڕێورەسمخوازی پێویستی ئیداریدا بخولقێنێت و پەسەندیشی دەکات کە زۆربەی پیشەکانی بیرۆکراتیکی تاقەت پڕوکێنن دەرفەتێکی ئەوتۆ سەبارەت بە داسەپاندنی توانا پسپۆڕیەکان پێشکەش ناکەن،ئیش و کارە ئیداریەکانی ڕۆژانە دەسەڵاتی بەرپرسە ئیداریەکانی بەسەر ژیانمانەو،ئەو بەهایە کە لەپێناو کاریگەریەتی کەرتی تەکنیکی ڕێکخراوە بیرۆکراتیکیەکانە دەیدەین.

بەشی پێنجەم

یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی

یاسا و سیستم و دادپەروەری

لە سەرجەم کۆمەڵگەکادان یاسا هەیە و بەرقەرارە بۆ ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بە تایبەتی لە سەردەمی نوێدا کە فەرمان دەکات بە هەمووان کە چی بکەن و وە چۆن مامەڵە بکەن و بۆیان ڕووندەکاتەوە مافەکانیان چیە و چۆنە کە ئەمەش کۆمەڵگەیەکی تەندروست بەرهەمدەهێنێت و ملکەچ بوون بۆ یاساکانی ژیان،گفتوگۆ و وتووویژ زۆرە لەمبارەیەوە واتا یاسا و ڕۆڵەکەی لە ڕەچەڵەکی و ئامانجی لە کۆمەڵگەدا. ئایا ئازادی بە خشش بێت یان توندوتیژ و ستەم؟یان تەنها بۆ خزمەتی هاووڵاتیان؟یان بۆ گروپێکی دیاریکراو؟ وە ئایا یاسا بۆ پاراستنی ژیانی هاووڵاتیانە؟ یان تەنها بۆ بەرژەوەندی کەمینەیە؟هەروەها گفتوگۆی دیکە هەیە لە پەیوەندی نێوان یاسا و ئاکار ، کە ئایا یاسا پشگیری نۆرمە ئاکاریەکان دەکات؟ وە ئایاا پێویستە ئەمانە بکات؟ وە ئازادی تاک چیە کە یاسا بواری بۆ بڕەخسێنێت و جێ بەجێی بکات لە هەر دۆزێکدا بێت؟ئەم هەموو پرسیارانە پێوسیتی بە ئاسایشی کەسی و سیستمی کۆمەڵایەتی هەیە.چەمکەکانی سیستم و یاسا تێکەڵن بە یەکتر ئەم دوو

چەمـــکە ئەوە دەگەیەنێـــت کە یاســـا ئەو کەسەرەســـتە سـەرەکیەیە کە لە ڕوانـگەیەوە سیسـتم دەپارێزێـت بەڵام لە هەمـــان کاتتـــدا ئەم ئـــاوێتە بـــوونە کۆمەڵێـــک کێشـــەش دەوروژێنێـــــــــــت بە شـــــــــــێوەیەکی تـــــــــــایبەت. ئایا بەس بۆ پاراستنی سیستمەکەیە لە ڕوانگەی یاسا بەهێز و سەپێنراوە یا بە شێوەیەکی سروشتی دروست دەبێت لە ڕوانگەی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی و هەستی عەقڵیەوە؟واتـا یاسا پێک دێت لە کۆمەڵێک بنەمای گشتی کە بە ئاشکرایە و ئەوەی دیکەش دەکرێت بەهێز بسـەپێنرێت. وە لە کۆمەلگادا ڕەوایە و جێبەجێ دەکرێن،چونکە لەو ڕوانگەیەوە کەرەستە سـەرەکیەکان بونیـاد دەنرێـت و پاشـان پارێزگـاری لەسـەر ئازادی و سیستم دەکرێت ئەمەش بێگومان لە چوارچێوەی حوکمداری یاسادا دەبێت بەو باوەڕەی کە هەموو ڕەفتارێک دەبێت پڕاکتیزە بکرێت لە چوارچێوەی یاسـادا.ئەمەش بیـرو بـــاوەڕێکی پەیوەســـتدارە بە دۆکـــۆمێنتی دەســـتوری و حکومەتەوە،لە لایەکی دیکەوە کە یاسا شێوەیەک پێکدێنێت بـۆ کـۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی،بیروبـاوەڕو بنەمـا ئاکاریەکـان و چارەســـەری زۆربەی بـــابەتە پێوەرەکـــان و ئاکاریەکـــان دەکـــات.بێ لەوەی کە یاســـا و بنەمـــا ئاکاریەکـــان لە یەک

جـودان لە رووی شـیکارییەوە بەڵام هەنـدێک وای نـابینیَ و دەڵێن یەکن و ئاوێتەن،ئەمەش بیرمەندەکانی یاسا سروشتی دیـــاری دەکەن کە باوەڕیـــان بەوەیە یاســـای مرۆڤـــایەتی ڕەنگدانەوەی بنەما بەرزەکانی ئاکارن،وە بیرۆکەی گۆڕاوی تایبەت دادەنێن بۆ یاسـای زانسـتی کە دەبیَ ملکەچـی بـی و بابەتەکـــانی ئاکـــاریش دەنـــریَ بەولاوە. وە سیســـتمە وەک شێوەیەکی تازە دێتە ئاراوە و جێگیری و ئاسایشی کەسی لەگەڵ خـــۆی بەرپـــا دەکـــات بەڵام هەڵوێســـتەکانی دوور دەبێتەوە بۆ هەندیَ شت.هەندێک پێیان وایە دەبێت سیستم بسەپێنرێت بۆسەر هەمووان بیَ جیاوازی چونکە مرۆڤەکان بـوونەوەری نمـوونەیی نـین جیـاوازن لە یەکتـر و تەنهـا لە ڕوانگەی جێبەجیَ کردنی سیستم و کۆنترۆڵەوە دەبێت، وە هەنـدێکی تـر باوەڕیـان بەهێـز و کـارلێکی کـۆمەڵایەتی و ئاوێتەبوون هەیە چونکە پەیوەندی نیوان خەڵک پەیوەندی تێکەڵاو بوونە. بۆیە دادپەروەری و یەکسانی مـافی هەمـوو تاکێکە بۆ هەموو شتێک داهات و موڵک و ژیان و تەنانەت بـواری کـۆمەڵایەتی و خێزانـی و وجـوود بوونیشـی دەبێت وەک یەک چێـــــــــژی لـــــــــیَ وەربگرێـــــــــت. دۆزی یەکســانی لە نێـوە ســەرجەم بابەتەکــانن لە یاســا و

شـەرع و بوونیـان بە شـێوەیەکی ڕێـک و پێک ئەمەش ئەوە دیـاری دەکـات کە ئایـا هاوولاتیـان دەیانەوێت و ئـارەزووی وەرگرتنـی ئەو یاسـایەن؟بۆیە یەکسـانی گرنگیەکـی زۆری هەیە لە فەلســـەفەی سیاســـیدا کە دەچێـــتە چوارچێـــوەی ئەخـــلاقەوە کە چەمکێکـــی ئاکـــاریە خـــۆی لە خۆیـــدا،وەک دابەشکردنی پاداشت و سزا بۆ هەموو کەسێک وەک ئەرکی بەخشین پاشان دەبێتەوە پرسیارێکی دیکە ئایا ئەو سزا و پاداشـــتانە چـــین کە دادپەروەری و یەکســـانی چارەســـەری دەکەن؟بـــۆیە بنەمـــای جـــۆراو جـــۆر و جیـــاواز هەیە کە هەنـــدێکیان گونجـــاوون و ئەوانـــی دیـــکە نـــا شـــیاون بـــۆ بوارەکـــانی ژیـــان هەموویـــان دەچـــنە چێـــوەی دادپەروەری کۆمەلایەتیەوە.

بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی تایبەت

بەرژەوەنـدی گشـتی ئەوەنە بـاس دەکرێت خەریکە هێمـای خـــۆی لەدەســـت دەدات بەهـــۆی ئەو کەســـانەی دەگەنە دەســـەڵات و تەنهـا خۆیـان و گروپەکەیـان دەبیـنن چـونکە ئەگەر بمانەوێـت باسـی دەسـەڵاتی دیموکراسـی بکەیـن کە حکومەت لەسەر بنەما و بنـاغەی ئەو حکومڕانی دەکات بۆ خزمەتـــی خەڵـــک و بەرژەوەنـــدی گشتی،ســـەرجەم سیاسیەکانیش لە سیستمی سیاسیدا هەر وا دەڵێن دووبـارە بـوونەوەی ئەمـانە گومـان دروسـت دەکـات و زۆرجـار پراکتیزە ناکرێت لە واقعدا.ڕاستیەکەی چەمکی بەرژەوەندی گشتی ڕۆڵی خۆی دەبینێت ئەگەر بێت و فێڵ و تەڵەکەبـازی پـێ نەکرێـت،چونکە لـوتکەی بنەمـای تیـۆری سیاسـیە لە دیموکراسـیدا،کە ئەویـش حکـومەت و دەسـەڵات لە پێنـاو خەڵکدا،بەرژەوەندی ئاماژە بۆ سودێک یان دەستکەوتێک وە بەرژەنـــودی گشـــتی بـــۆ بەرژوەنـــدی خەڵـــک دەگەڕێتەوە،بەرژەوەنـــدیەکان واتـــا ئەو باشـــانەن کە ڕاگەیەنـدراون بـۆ تاکەکـان،وە بەرژەوەمـدی گشـتی دەبێـتە پێویستی بۆ ژیانی تاک و کۆمەڵ یا داواکارییەکی پێویستە.

لە کتێبی(الحجة السیاسیة) ١٩٩٠ بریان باری هەوڵی داوە پێناسە بۆ ئەم دوو چەمکە دابنێت بەرژەوەندی گشتی و کەسی،بەرژوەندی کەسی تواناکانی تاک دەردەخات بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکانیان کە پێویستە و لەلایەن تاکەوە دیاری دەکرێت.دەبێت زۆر بە ئاگایی و ژیرانە بەدەست بهێنرێت بە پێچەوانەوە دەبێتە کێشە بۆ خوودی کەسەکە چونکە خۆویستی دێنێتە ئاراوە کە زۆر کات ماددیە زۆر جار تاکەکان لە هەوڵی گەیشتنن بە ئامانجەکانی خۆیان،بۆیە ئەگەر تاکەکان ژیرانە مامەڵە بکەن پێویستە بەرژەوەندی خۆیان پێش بەرژەوەندی گشتی بخەن و تێدەکۆشن بۆ بەرژوەندی کەسییان ئەمەش ڕەتدەکرێتەوە لە زۆربەی شوێن و سیستمەکاندا بە تایبەتی سۆسیالیستەکان،چونکە مرۆڤ لای ئەوان بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە بەردەوام پێویستە پەیوەندیەکانی چاک بکاتەوە و ئاوێتەی ئەوانی دیکە ببێت بە پێوەرێکی مرۆڤایەتی هاوبەش و ئەمانە بەهیچ شێوەیەک بیر لە بەرژەوەندی خۆیان ناکەنەوە بۆیە بیروبۆچوونەکانیان بۆ سروشتی مرۆڤایەتی کە کۆمەڵایەتییە لە بنەڕەتدا ئەمەش دەچێتە قوڵایی ئەوەی کە پێیان وایە بەرژەوەندیە

کەســیەکان بیــر لەوانــی تــر دەکەنەوە و پاشـــان هەردوو بەرژەوەنـدیەکە جیانـاکرێتەوە بەهـۆی نزیکییـان لەیەکەوە، ئەمەیە ئـاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی نەوەک ململانێ و کێبڕکێ بۆ دەستکەوتەکان کە دەچێتە چوارچێوەی کەسیەوە بۆیە بە ئاشــکرا هەمــووان جەخــت لەســەر ئەوە دەکەنەوە کە بەرژەوەندی گشتی پێش بەرژەوەندی کەسی بێت،چونکە گشت نوێنەرایەتی هەموو گروپەکـان دەکـات و لەوێـوە بـۆ تاکەکان.

ئازادی و لێبووردەیی و سەربەخۆیی

ئاسان نیە گفتوگۆکردن لەسەر ئازادی چونکە زانایانی سۆسیۆلۆژیا و فەلسەفە بەشێوەیەکی گشتی بەکاریانهێناوە تێڕوانینی بیرمەندە سیاسیەکان بۆیە لە فەلسەفەدا جیاوازە،ئازادی بۆ موڵکداری و ئیرادەی تاکە لە زانستی ئابووری و سۆسیۆلۆژیا دا ئازادی وەک پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی ئەژمار دەکرێت،کە تاکەکان تا چەند فاکتەری ئازادییان هەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا و توانای پیادەکردنی هەڵبژاردنیان هەبێ و خۆشگوزەرانی بە دەستکەوتەکانی ئەوانی تر بکەن،سیاسیەکان ئازادی لەزۆر کاتدا وەک هێمایەکی بەرزی ئاکاری ئەژمار دەکەن کە زۆر چالاکە و پێوەرییە.

ماک کالوم لە کتێبی (الحریە الایجابیە و السلبیە) ١٩٧٢ دەپرسێ ئایا ئێمە ئازادین؟ پرسیارێکی بێ مانایە و دەبێ بگۆڕدرێت بۆ ئەو شتانە چین کە ئێمەی لێ ئازادین وە ئەگەر ئازاد بین دەبێ چی بکەین؟ ئازادی نابەسترێتەوە تەنها لەڕووی مادی و یاساییەوە نەبێت لە کۆمەڵگەدا،وە هەندێکی دیکە پێیان وایە نەبوونی کەرەستەی ماددی و بێ

بەشـکردنی کـۆمەڵایەتی و فێربـوونی نـاتەواو دەبـنە هـۆی ڕەتکــردنەوەی ئــازادی. وشـــەی ئــازادی لە نووســـین و هوتافـاتی سیاسـیەکان زیـاتر بـاس دەکرێت و ئامـاژەی بـۆ دەکرێـت کە ئەمەش پـۆزەتیڤە و باشـــە لە بــری ســتەم و بەنـدکردن و کە دژی ئازادین،ئاسـانترین پێناسـە بۆ ئـازادی ئەوەیە کە مرۆڤ چی ویست بیکات بە پێی بژاردەکانی لە زمـــانی ڕۆژانەیـــدا و گوزارشـــتکردن لە ڕاســـتیەکان و جیاکردنەوەی باش و خراپ،کێشە لە دروسـتکردنی جیهـانی ئـازادی پەســەندکراودا هەیە کە لە زۆربەی بیـری سیاسـی لیبڕالـدا ئـازادی پەیوەسـتە بە چەمکی مـافەوە بۆیە ئـازادی دەچێـتە نێـو ئیشـکردن بـۆ مــافی تـاک لە چوارچێـوەی ئەو مافەدا ئامانجەکانی دەپێکێت.

جـۆن سـتیوارد میـل(١٨٠٦_–١٨٧٣) لە کتێبـی ئازادیـدا جیاوازییەکی ڕوون ئاشکرا دەکات لەنێوان ئەو کردارانەی کە بـایەخ بە بە بەرژەوەنـدی تـاک و بەرژەوەنـدی گشـتی دەدات بـۆیە پێـی وایە مـرۆڤ گـرنگە کـۆنترۆڵی جەسـتە و ژیانی خۆی بکات، نە بەرگرییەکی تەواوی دەکرد لە ئـازادی بۆ ئەوەی کەس زیان بەوی تر نەگەیەنێت کە ئەمـانە دەبنە هۆکـار بــۆ زەرەرو زیــانی ئــابوری و کــۆمەڵایەتی بــۆ

کۆمەڵگە،چونکە ئازادی بەهایەکی سەرەکییە و مافی هەموو کەسێکە، تۆماس هۆبز پێی وایە ئازادی بێ دەنگی یاساکانە، کەمی کەرەستەی ماددی بە یەکێک لە سەرچاوە بەهێزەکانی نەبوونی ئازادی دەزانێت. لێبووردەیی زۆرجار گفتوگۆی ئازادی تاکەکان دەچێتە چوارچێوەی لێبووردەییەوە وەک ئەوەی لێخۆشبوونی دراوسێ هەبێ بۆ یەکتر. لێبوردەیی بەهایەکی بەرزی ئاکاری کۆمەلایەتیە لەنێو کۆمەڵگەدا،هەروەها بنەمایەکی تۆکمەی کۆمەڵایەتیە وە دەبێتە نوێنەری ئامانجی سەربەخۆیی کەسی،بەڵام خۆ ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە چۆنیان بوێ وا بکەن وە ناکرێت خۆسەپاندنی تێدا بێت و لێبوردەیی واتا خۆگرتن لە ئارامی و ڕەفتار و مامەڵەکردندا. جۆن لۆک (١٦٣٢-_١٧٠٤) جیاوازی نێوان ژیانی تایبەت و گشتیدا کردووە وەک فرمانێکی زیندوو،لە توێژینەوەکانیدا لەسەر حکومەتی مەدەنی تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی جەختی لەسەر گرنگی مافی سروشتی کردووەتەوە کە مافەکە ژیان و ئازادی و موڵکداری ئامانجی حکومەت پاراستنی ئەو مافانەیە.

کتێبی (لێبوردەیی) لۆک وەک نامەیەک وابوو لەسەر ئازادی و ویژدانی ئاینی لەسەر بنەمای ئەوەی کە دەسەڵاتداران دڵنیا نین لەسەر مانەی ڕاستەقینەی ئایین... وە لەگەڵ ئەوەشدا ڕازی نەبووە بە لێبوردن بۆ خوانەناسەکان و کاسۆلیکەکان.

سنوری لێبوردن

دەبێت سنورێک بۆ لێبوردەیی دابنرێت ناکرێت بۆ هەموو شتێک کراوە بێت وە ڕەها بێت ئەمە لە کردەوەکاندا بەدەردەکەوێت کە باش و خراپن. ناکرێت دەستتێوەردان لە ئازادی ڕادەربڕین و ویژداندا بکرێت دەبێت کەسەکان ئازادبن،بۆیە تاک و کۆمەڵ لە مەترسیدان بەهۆی سنوری لێبوردن کە بۆ هەندێک دانەنرێت دەبێتە هۆکاری کێشە و نانەوەی ئاژاوە،بۆیە لێبوردنی سیاسی دەبێتە مەرجێکی سەرەکی بۆ ئازادی و دیموکراسی کە گرنتی فرەیی سیاسیە،واتا گوزارشتکردنی بێ قەید و شەرتە بۆ سەرجەم فەلسەفە سیاسیەکان و بەها و ئایدۆلۆژیاکان،کە دەبێت

جیاوازی نێوان مافە یاساییەکان و مافە ئاکاریەکان

هەنـــدێ مـــاف دانـــراوە لە یاســـا و سیســـتمدا لە بنەمـــا فەرمیەکانـــدا کە دەتوانرێـــت بچێـــتە بـــواری جێبەجـــێ کردنەوە،بەڵام هەندێ مافی دیکە هەن ناکرێت و نابێت وەک داواکاری مافی ئاکاری و فەلسەفی کە دەچێتە چوارچێوەی مـــافی مـــرۆڤەوە بە جیاکـــاری بـــۆ منـــداڵ و هەرزەکـــار و لەوانەشە بگاتە کەمینەکان و پاشان ژنان و هتد....... کە ڕێگە پێدراون بۆ وەرگرتنی مافەکانیان پشت بەستن بە پێداویستە بایۆلۆجی و هەڵوێستە کۆمەڵایەتیەکانیان لەوانە هەندێ مافی دیکەش هەبن بۆ ئاژەڵەکان و جۆرەکانی دیکەش. بۆیە مافە یاساییەکان ئەو مافە پارێزراوانەن کە لە یاسادا بوونیان هەیە و دەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە لە دادگاکانـــدا ئەمەش بەوە باســـکراوە کە مـــافی ئەرێنـــیە. ویسلی هۆفلد لە کتێبی (مفاهیم قانونیە اساسیە) لە ساڵی ١٩٢٣ چـــوار جـــۆری بـــاس کـــردوە لە مـــافە یاســـاییەکان ١ _کۆمەڵێک یاداشت و ماف و ئازادی هەیە کە بوار بۆ

مـرۆڤ دەرەخسـێنی کارێـک بکـات کە ئەرکـی لەسـەر نـیە بیکـات وەک لە ئـازادی بەکارهێنـانی ڕێگـای گشـتی خێرایـی
٢_هـەنـدێ مـاف هەیە داواکـراوە کە یەکێـک لەوی تـر ئیـدانە بکات لەسەر ئەرکێکی بەرانبەری وەک هێرشـکردنە سـەر و کە ناکرێت هێرش بکەیتە سەری بێ هۆ و بێ گومـان وەڵام دەدرێتەوە.
٣_ هەنـدێ دەسـەڵاتی یـاخی هەیە وەک توانـای یاسـایین و کەسەکە ئازاد دەکەن بۆ نموونە هاوسەرگیری و هەڵبژاردن
٤_ پارێزبەندی کە ملکەچی هەندێ شت نابێ مـافی منداڵ و پیـــــر و کەمئەنـــــدامی و نەخۆشـــــی درێژخـــــایەن (بۆ نمونە سەربازی ناکەن).

مافی مرۆڤ

جـۆن لـۆک مـافی (ژیـان و ئـازادی و موڵـک) ی دیـاری کـردووه وەک مـافێکی سروشـتی بـۆ مرۆڤـایەتی و باسـیان لێـوه دەکـات و بیـرۆکەی مـافی مـرۆڤ دروسـتبووه له تیۆرەکانەوه که له بنەڕەتدا له ئارەزووی چۆنیەتی مامەڵه کردنـی تاکەکـانه له نێـوان خۆیانـدا به تـایبەت ئەوانەی دەسـەڵاتی سیاسـی بەکاردەهێنن،هەر ئەمەشـه بیرمەندەکان ڕاڤەی بۆ دەکەن و شیکردنەوەی جۆراو جۆری بۆ دەکەن. (تۆمـاس جیفرسـۆن)یش ئەم مافـانه وا دیـاری دەکـات،وەک مـــافێکی ئاســـایی له ژیـــان و ئـــازادی و گەڕان بەدوای خۆشـــــــیەکاندا،ئەمانه مـــــــافی سروشـــــــتین و له خـــــواوەیه بـــــۆ مرۆڤەکـــــان بـــــێ جیـــــاوازی. جیفرسـۆن سیاسـیەکی ئەمریکـی بـوو (١٧٤٣-١٨٢٦) وه ماوەیەک سەرۆکایەتی ئەمریکای گرته ئەستۆ دوای ئەوەی که جوتیارێک بوو پاشان بووه حاکمی ویلایەتی ڤێرجینیا و پاشان وەزیری دەرەوه و پاشان بووه سەرۆکی ئەمریکا له ماوەی ساڵانی (١٨٠١-_١٨٠٩) وه خاوەن کتێبی جاڕنامەی

سەربەخۆیی بوو لە ساڵی ١٧٧٦ وە هەروەها کۆمەڵێک نوسینی دیکە نامە و بەیاننامەو نوسراو.شێوەی دیموکراسی بۆ بزوتنەوەی چاکسازی کشتوکاڵی لەگەڵ هەندێ لایەنگری بۆ چاکسازی کۆمەلایەتی و بڵاوبوونەوەی خوێندن و نەهێشتنی کۆیلایەتی و جیبەجێکردن و بەدیهێنانی یەکسانی ئابوری. جیفرسۆن زۆر بە توندی پارتە سیاسیەکان و گروپە سیاسیەکانی ڕەتدەکردوە کە بە بیروباوەڕی ئەو ئەمانە ململانێ توند دەکەن و یەکێتی بنەڕەتی کۆمەڵگە تێک دەدەن. چەمکی مافی مرۆڤ کۆمەڵێک پرسیار لەخۆ دەگرێت کێیە ئەو شتەی کە وەک مرۆڤ تەماشا دەکرێت و ئازادی بە کێ دەبەخشرێت لە مرۆڤەکان؟ جیاوازیەکی توند و زۆر هەیە و بەدی دەکرێت لە دەست پێکردنەوەی ژیانی مرۆڤەوە هەروەها لەوەی کە مرۆڤەکان ماف و پێداویستیەکانیان وەردەگرن، سەرجەم بوونەوەرەکان مافی خۆیان هەیە مرۆڤەکان و ئاژەڵەکانیش ڕاستە مرۆڤ یەک نین و جیاوازن بەڵام مافەکانی مرۆڤ گشتی و گشتگیرە بۆ هەمووان. پیتر سنجر لە کتێبی (تحریر الحیوان) لە ساڵی تاکەکان توانای گەشەسەندنی بیر و بۆچوونە تایبەتەکانیان

هەبێت لەنێوە بازاڕی بیروبۆچوونەکاندا بە ئازادی و کە پارتەکان کێبڕکێ بۆ دەسەلات دەکەن،بەلام ناکرێت لێبوردەیی بچێتە قالبی توندڕەوییەوە..... سەرجەم بەها ئەخلاقیەکان ئالوگۆڕ کراوە،کەسی لێبوردە شایستەی لێبوردنە بۆیە پارتە سیاسیەکان ڕازین بە بنەما و یاسای دیموکراسی مافی بەشداریکردنیان هەیە،بۆیە زۆر جار چاودێری گرنگە و دەبێ سنور دابنرێت بۆ ئەو شتانەی که بلادەبنەوە لە سۆشیال میدیا و کەنالەکان بۆ تەمەن و شێوەی وێنە و فلمەکان و توندوتیژی و سێکس و کوشتن و بڕین و هتد..

لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت ڕەتکردنەوەی نوسین و دەربڕین و گوزارشت کردن قەدەغە بکرێت واتا سانسۆرێک هەبێت لە چوارچێوەی یاسای ئەو کۆمەڵگەیە.

یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی

یەکسانی لە تیۆری سیاسیدا جیاوازیەکی ڕونی هەیە لەگەڵ بیـــرو بۆچونەکـــان و لەیەکچـــوونی گشـــتیدا،ئەوانەی دژی یەکســـانین هەوڵیـــان داوە ئاســـانکاری بـــکەن بـــۆ ئەوەی یەکسانی بگۆڕن بۆ لەیەکچوون واتا ئاوێتەیان کردووە بە پڕۆســـــەی پەرەســـــەندنی کـــــۆمەڵ و ئەنـــــدازیاری کۆمەڵایەتی،هیچ بیرمەندێکی سیاسـی داوای نەکـردووە بە یەکسانی ڕەهای لە هەموو شتێکدا،مرۆڤەکان لە دایک دەبن بە بە توانـــا و بەهـــرە و خەســـڵەتی جیـــاوازەوە دێـــنە نێـــو کۆمەڵگە و ئامانجیان پیادەکردن و ئاسانکردنی بارودۆخی ئاسـایی سیاسـی و کـۆمەڵایەتیە کە خەڵـک لەو ڕوانـگەیەوە ژیـانێکی یەکسـانی و گونجـاو و شـیاو بەڕێـوە دەبەن کە پێویسـتە لە پێناویـدا مانـدوو بـن بە واتـایەکی تـر بەرگێکـی لەیەکچـوون نەبەخشـێت بەڵام دەبـێ بـارودۆخی بـوونی کۆمەڵایەتیـدا یەکسـان بـن کە بـارودۆخێکی خۆشـگوزاری خۆشـی مرۆڤەکـانە. یەکسـانی چەمکێکـی بـاڵای ئـاڵۆزە بـۆ نمـوونە قسـەکردن لەسـەر یەکسـانی ئەخلاقـی و یاسـایی و سیاســـی و کـــۆمەڵایەتی و ســێکســـی و ئیتنیکـــی و هتـــد...

مرۆڤەکان بەیەکسانی دروستکراون و هاتوونەتە ژیانەوە و هەر یەکەو مافی سروشتی خۆی هەیە و وەری دەگرێت. یەکسانی سەرەکی لە بنەڕەتدا بایەخ بە دۆخی خەڵک دەدات وەک مرۆڤ و یا لەچاو یاسادا بەڵام چارەسەری هەلی ژیانیان ناکات هەروەها بارودۆخە یەکسانەکانیش. ئەو هەلە یەکسانیە بەشێوەیەکی سەرەکی بایەخ بە بەرودۆخی سەرەتایی دەدات وەک دەستپێکی ژیان،ملکەچ بوون بۆ یەکسانی سێ شێوەی جیاواز لەخۆدەگرێت

١.یەکسانی سەرەکی و دامەزراوەیی کە باوەڕی بەوە هەیە کە هەموو مرۆڤێک بەهایەکی ئاکاری یەکسانی هەیە ئەمەش لە یەکسانی سیاسی و یاسایی ڕەنگ دەداتەوە.

٢.یەکسانی هەلەکان تایبەتمەندە بە یەکسانی لە خاڵی دەستپێکردنی ژیانەوە لەپێناو لێخۆشبوون و خۆشگوزەرانی نایەکسانی سروشتی.

٣.یەکسانی دەرئەنجام هەوڵی بەدیهێنانی بارودۆخی ژیانی یەکسانیە یا هەر هیچ نەبێت یەکسانی زیاتر واتا یەکسانی کۆمەڵایەتی.

ئەگەر باسی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بکەین ئەوە ئاماژەیەکی تەواوە بە دابەشکردنێکی دادپەروەرانە کە

دەتوانرێـــت داکـــۆکی لـــێ بکرێـــت بە بیـــانووی پاداشـــتی مـــاددیەوە،ئەمەو ڕاو بۆچـونێکی جیـاواز بەدی دەکرێت کە لەوەی دەبێـت دابەشـکردنەکە یەکسـان بێـت بەشـێوەیەکی بەربـــڵاو چـــونکە ئامـــانجی تێربـــوونی پێداویســـتیەکانی مرۆڤایەتیە ئەوانی دیکەش دابەشکردن بەپێی شایەستەکان بێـت و مافەکـان بە پشـت بەسـتن لەسـەر توانـا و بەهـرە و هزرەکـــان لە ئیشـــکردندا، وە هەنـــدێک بەبـــێ هۆکـــارە سروشـــتیەکان دەڕوانـــن کە توانـــای گـــۆڕینی نـــیە ئەوانە دابەشکردن دیاری دەکەن.لە لایەکی دیکەوە خۆشگوزەرانی و تێربـوون بیرۆکەیەکـی تەواوە لەسـەر ئاسـتی خۆشـی و یەکســانی بــۆ هەمــووان ئەمەش وا دەکـات پاڵپشـتی تەواو دەبێـــت بـــۆ یەکگرتنـــی کـــۆمەڵایەتی و هاوکـــارە بـــۆ گەشەسەندنی تواناکانی مرۆڤ و جیاوازیەکان لەناو دەبات و دەیانفەوتێنێت ئەمەش بێ گومان کۆمەڵێک ڕەخنەی دێتە سەر کە جەخت لەسەر بیرۆکەی ڕێگای سێیەم دەکاتەوە بۆ تێربـوونی کـۆمەڵایەتی لەسـەر بنـاغەی ئەجێنـدەی مـاف و ئەرکەکانە.

موڵکداری وپلاندانان و بازاڕ

لەسـەر زۆربەی ئاستەکان ئابوری لەگەڵ سیاسـەتدا تێکەڵ دەبێ کە لە زۆربەی کاتەکانـدا دەرئەنجـامی هەڵبژاردنەکـان هۆکـارە ئابووریەکـان دیـاری دەکات.پرسـیار کـردن لەســەر موڵکــداری پەیوەســتە بە نمــوونە ململانێکەرەکــان لەســەر ڕێکخستنی ئابوری بەتایبەت سیستمی ئابوری کە کۆنترۆڵی بەشـێکی گەورەی مێـژووی سـەدەی بیسـتت کـردووە وەک پلانـــــدانانی ناوەنـــــدی و ســــــەرمایەداری و بـــــازاڕ. زۆربەی وڵاتـــانی دونیـــا شـــێوەی پلانـــدانانی بـــۆ خـــۆی پیـــــادەکردووە بەڵام ئەمە زیـــاتر لە دەوڵەتـــی شـــیوعی کلاسیکیەکاندا دەبینرا.

موڵکداری دەزگایەکی کۆمەڵایەتیە هەر بۆیە نەریت و نۆرمە کۆمەڵایەتیەکـــان دیـــاری دەکەن،باســـکردنی شـــتێک واتە دانپێـــدانە بە بـــوونی پەیوەنـــدیەکی موڵکـــداری لەنێـــوان کەرەســـتەیەکی مەبەســـتدار و کەســـێک یـــا گروپێـــک کە پەیوەنـــدییان پێـــوە هەیە،واتـــا جیـــاوازییەکی ڕوون هەیە لەنێوان موڵکداری و ئەو کەرەستەیەی کە بەدەستیهێناوە،بۆ نمـوونە فڕێدانی فڕێدانی بەرد بـۆ نێـو دەریـا یـا خواسـتنی

شتێک بۆ ماوەیەک یا لێخوڕین و سەرکەوتنی سەیارەیەک ئەمانە نابنە دروستکردنی پەیوەندی موڵکداری. موڵکداری تایبەتی: ماکڤرسۆن پێناسەی دەکات بەوەی کە مافی تاکە یان دەزگایەکە کەس بۆی نیە بەهی خۆی بزانێت،هەموو کەسێک مافی موڵکداری خۆی هەیە بۆ جەستەو کەسی خۆی جگە لە خەسڵەتە ئابووری و سیاسیەکان موڵکداری تایبەت دەستکەوتێکی کەسی کۆمەڵایەتیە و بەها کۆمەڵایەتیەکان بەرزدەنرخێنێت،چونکە خاوەن موڵکداری تایبەت بەشی خۆیان هەیە لە کۆمەڵگە بۆ پارێزگاری کردن لە سیستم هەروەها دەبێت ملکەچی یاسا بن،بەڕێزەوە هەڵسوکەوت بکەن ئەمەش دەچووە بۆچوونەکانی(کبیرمان و ئاڵستۆن) بە بەخشینی پارە بۆ هەموو گەنجێک بۆ خوێندنیان لە زانکۆ. سەبارەت بە موڵکداری گشتی یا هاوبەش،مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، ئەفلاتوون بەردەوام ئامۆژگاری ئەمەی دەکرد کە موڵکداری هاوبەش بەرپا ببێت لەنێوان پاشاکان و بیرمەندەکاندا ئەوانەی کە دەسەڵاتداری حکومین،، هەروەها تۆماس مۆڕ لە شاری نموونەیدا(١٩١٦_١٩٦٥) باسی لەوە کردووە کە کۆمەڵگە

بێ موڵکداری تایبەت دەبێت بۆیە دەتوانین بڵێین موڵکداری هـــاوبەش ئەو مـــافەیە کە هـــیچ کەســـێک لە موڵکـــداری دوورناخـاتەوە واتـا دەسـتەی گروپـی بەشـداری دەکەن لە دەسـتکەوتی موڵکدارییەکادا بۆیە هـیچ، ئەنـدامێک بۆی نـیە پـارچەیەک لەو داهـاتە ببڕێـت و کەسـیش دورنـاخرێتەوە ئەوانەی کە داکـــۆکی لە دۆزی موڵکـــداری جەمـــاعی دەکەن،سوسیالیســـتەکان و شـــیوعیەکانن،زۆر ڕەخـــنە لەم گـروپە گیـراوە کە موڵکـداری گشـتی ژینگەیەی کـۆمەڵایەتی نـاجێگیر دروسـت دەکـات و خەسـڵەتی کەسـێتی لە تـاک وەردەگرێتەوە،هەروەها پاڵنەر و توانـای دەسـتکەوتی باشـی نابێت و لاوازی و خەمسـاردی لە ئیشـکردندا بەدی دەکرێت لە لایەن ئەندامانەوە، موڵکداری دەوڵەتیش زۆر جار تێکەڵ دەبێت لەگەڵ موڵکداری هاوبەشدا،ئەم موڵکدارییە جیاوازە لە تـایبەت و هـاوبەش بەڵام موڵکـداری دەوڵەت و هـاوبەش یەکـــدەگرنەوە لەو ڕاســـتیەی کە دەوڵەت بەنـــاوی گەلەوە مـامەڵە دەکـات کە پێویسـتە ئەوە بکـات بـۆ بەرژەوەنـدی گشـــتی کە ئەمە جیـــاوازە لە کۆمپانیـــا تایبەتەکـــان،ئەمەش کۆمەڵێـــــک ڕەخـــــنەی ڕووبەڕوو بـــــووەوە لەلایەن هاوبەشـــەکانەوە کە موڵکـــداری دەوڵەت نە گشـــتیە و نە

کۆمەڵایەتی،بەڵکـــو بەرپرســـەکانی دەوڵەت کـــۆنترۆڵی کەرەســـتەکان دەکەن و کە دەبێـــتەوە تایبەت،یـــا ئەوان کـۆنترۆڵی ئـامێر و کاروبـاری دیـکەش دەکەن بـۆیە بـۆ بیروکراتەکان زیاتر دەبێت.

پلاندانان

پێداویستی بۆ جۆرێک لە ڕێکخستنی ئابوری لە ڕاستیەکی ئاســـانەوە دروســـت بـــووە بەڵام داواکاریەکـــان و پێداویســتیەکانی مرۆڤـایەتی دیـاری نەکـراون پرۆســەی پلاندانان ئەوەیە کە دارشتنی پلانێکت هەبێت بۆ بەدیهێنانی ڕێگـایەک بـۆ گەیشـتن بە ئامـانجێکی دیـاری کـراو. بۆیە مرۆڤ بیردەکاتەوە و پێش ئەوەی هەڵسوکەوت بکات بـــۆیە دەبێـــت پـــلان دوو خەســـڵەتی هەبێـــت ١.پـلان چـالاکیەکی ئامانجـدارە و لە چوارچێـوەی بـوونی کۆمەڵێـک ئامـانجی ڕوون،کە شـتێک بـۆ جێبەجێکـردن و ڕەخساوە.

٢.پلاندانان چـالاکیەکی عەقڵانیە واتە بـاوەڕی بەوە هەیە کە کێشـە ئـابوری و کۆمەڵایەتیەکـان چارەسـەر دەکرێـت لە ڕوانـــگەی کـــاری عەقڵـــی مـــرۆڤ و داهێنانەکانیـــان

پلاندانان لەسەر کۆمەڵێک بنەمای ئابوری و سیاسی و ئەخلاقی بونیاتنراو وە بە پرۆسەیەکی ئەقلانی هەژمار دەکرێت،پلاندانان ئابوری دەخاتە نێو دەستی مرۆڤەکانەوە،وەک پێداویستیە سەرەکیەکانی مرۆڤ لە ژیاندا وەک خانوو،خواردن،فێربوون،وە چاودیری سەرەتایی تەندروستی،بۆیە دەکرێت دۆزی پلاندانان بە دۆزێکی ئەخلاقی ناوببرێت بۆ بەرژەوەندی پلاندانان وە دەبێتەوە شوێنگرەوەی موڵکداری تایبەت،کە دەیەوێت خزمەتی بەرژەوەندی گشتی و جەماعی بکات لە شوێن بەرژەوەندی تایبەت.

کۆسپ و تەگەرەکانی پلاندانان زۆرن لەوانە کەمی توانای ئابوری و گەشەسەندنی لاواز کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پلاندانان هەروەها بازاڕی ئازاد،شوێنگرەوەی شێوەیی لە ڕێکخستنی ژیانی ئابوریەوە،ئەوە پشت بەستن لەسەر کاری بازاڕی هەڕەمەکی کە ملکەچ نیە بۆ ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردن وەک بازاڕی ماسی و گۆشت،بەڵام لە تیۆری ئابوریدا وشەی بازاڕ ئاماژە بە شوێنگەی جوگرافی دەکات بەم واتایە بازاڕ سیستمێکی ئاڵوگۆڕی بازرگانیە.

ئادەم سمس (١٧٢٣–_ ١٧٩٠) زانایەکی ئابورییە هەوڵە

سەرەتاییەکانی بۆ شیکاری ڕێگای کاری بازاڕ بوو لە کتێبی(ثورة الأمم)١٧٧٦ بە بنەمای تیۆری ئابوری دەژمێردرێت.دەڵێت ئێمە خواردنی ئێوارەمان لای قەساب و نانەوا و سەوزەفرۆش نیە بەڵکو لە بایەخدانی ئەوانە بە بەرژەوەندی خۆیان بۆ خۆیان،هەرگیز پشگیری تیۆری ڕەشبینی و خۆپەرستی نەبووە لە کتێبی(نظرية المشاعر الاخلاقيه) ١٧٥٩-١٩٧٦ کە تیۆرێکی ئاڵۆزە بۆ بەهێزی جوڵاندنی مرۆڤایەتی لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونی دژی بەرژەوەندی و بەدیهێنانی ئامانجی کەسی نەبووە،واتا کێبڕکێی کەسەکان لەبازاڕدا کە ئابورناسەکان پەرەیان پێداوە،بازاڕ سیستمێکی پەیوەندیەو ئاڵۆزە بەردەوام گۆڕینەوە و ئالوگۆڕی بەرهەمهێنەران و خەڵک و هێزێکی ئابوریە،باوەڕی ئادەم سمس بە سیستمی سروشتی بووە بەڵام هەندێ جار بازاڕ توشی گرفتی ئاڵۆز و شکست خواردوو دەبێتەوە لە ڕێکخستندا. بیانویەکی ئەخلاقی هەیە کە لەوانەیە سیاسیش بێت دژی بازاڕ کە سۆسیالیستەکان و پارێزگارەکانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بازاڕ ڕوخێنەر و لەناوبردەی بەها کۆمەڵایەتیەکانە بۆیە دەتوانین بڵێین موڵکداری مافێکی

ڕەخســاوە بــۆ ئەوەی بەهێــز یــا هەر کەرەســتەیەکی دی بکـرێتە تـایبەت،بۆیە لیبڕالەکـان و پارێزگارەکـان پشـتگیری موڵکداری تایبەتی دەکەن و سۆسیالیستەکان و شیوعیەکان پشگیری هـاوبەش و موڵکداری تـایبەت دەکەن،بەوەش پلان وەک سیســتمێکی ئەقلانــی ڕۆڵ دەبینێــت لە دیــاریکردن و دابەشکردنی داهاتەکانی نێو ئابوری بۆ پڕکردنەوەی بـازاڕ یا شوێنگرەوەی وەک ئەوەی پلانـی ناوەندی کە بـازاڕ وەک سیســتمی ئــاڵوگۆڕی بازرگــانی دەســتە شــاراوەکان ڕێکــی دەخەن.

فەرهەنگۆک

پارتی سیاسی party political

ئەو ڕێکخراوەیە کە بە ئامانجی گەیشتن بە دەسەڵاتی حکومی و بەکاربردنی ئەو دەسەڵاتە بۆ گەڕان بەدوای پڕۆگرامێکی دیاریکراوەوە دامەزراوە.

دامودەزگای سیاسی apparatus political

کۆمەڵێک لەو ڕێکخراوە حکومیانەی کە ئیدارەیەکی سیاسی ڕێکوپێکی قەڵەمڕەوی زەوی و زارە دیاریکراوەکان دەڕەخسێنێت.

ماف Rights

واتە شتێک کە تایبەت بێت بە کەسێک یان بە گرووپێک کەس بۆی نەبێت لێیان بستێنێت یان لێیان دوور بخاتەوە بە دەربڕینێکی دیکە ئەو شتانەن کە ڕێگەدراوە مرۆڤ ئەنجامیان بدات بە پشت بەستوو بە سروشت یان یاسا.

مافە سیاسیەکان Rights political

مافەکانی بەشداریکردنی سیاسی وەکو مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنە ناوچەیی و نەتەوەییەکاندا کە تیایدا هاووڵاتیانی کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی خاوەن ئەو مافەن.

فاشیزم fascism

کۆمەڵێـک لە بۆچـوونە سیاسـیەکان یـان سیسـتمێکی سیاسـی ڕاستەقینەیە کە لەسەر بنەمای باڵادەستبوونی بۆچوونی هەندێک لە ڕەگەزەکان لەسەر ڕەگەزەکانی ترەوە بەندە.

بیرۆکراسی Bureaucracy

جۆرێــک لەو ڕێکخــراوەیە کە بەهــۆی زنجیــرە پــلەو پــایە ئاشـکراکانی دەسـەڵات بـوونی یاسـا و ڕێسـا نووسـراوەکان و بەرپرســە ئیـداریە مووچەخۆرەکـانی تەواو شـیفتەوە دیـاری دەکرێـــــــت پێـــــــی دەڵـــــــێن بیرۆکراســـــــی.

سەرمایەداری Capitalism

ئەو سیسـتمە ئـابوریەی کە موڵکـداریەتی تـایبەتی سـەروەت و سـامان لەخۆدەگرێت،تێیـدا ئەو سـەروەت و سـامانە بـۆ سـوود وەرگــرتن و ســەرمایەگوزاری و دووبــارە ســەرمایەگوزاری دەکرێتەوە.

گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی social transformation

پڕۆســەکانی گۆڕانکــاری لە کۆمەڵگاکــان یــان سیســتمە کۆمەڵایەتیەکانــدا پێـــی دەڵـــێن گۆڕانکــاری کــۆمەڵایەتی.

سۆسیالیزم socialism

کۆمەڵێک لەو بۆچوونە سیاسیانەیە کە جەخت لەسەر ماهیەتی هاوکاری بەرهەمی پیشەسازی ئەمڕۆیی دەکاتەوە و پێویستی بە گەیشـــــتن بە کــــۆمەڵگەیەکی یەکســـــانخوازانەوە هەیە.

دەسەڵاتداریەتی sovereignty

دەسەڵاتی سیاسی زاڵبووی دەوڵەتێک لەسەر قەڵەمڕەوی زەوی و زارە دیاریکراوەکــــان پێــــی دەڵــــێن دەســــەڵاتداریەتی.

دەسەڵات power

توانای تاکە کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک بۆ هەڵبژاردنی ئەو ئەلتەرناتیڤەی کە بۆ خۆیان دەیانەوێت لە هەلومەرجێکدا.

دەوڵەت The state

دامــــو دەزگـــایەکی سیاســـی کەوا دامەزراوە حکومیەکـــان و سەرەڕای ئەمەش بەرپرسە حکومیەکان لەخۆدەگرێت،کە بەسەر قەڵەمڕەوی زەوی و زارە دیاریکراوەکاندا دەسەڵاتی هەیە پێی دەگوترێـــــــــــــــــــــــــــــت دەوڵەت.

ڕەفتاری سیاسی political Behavior

ڕەفتـاری سیاسـی لە پێناسـە فراوانەکەیـدا ئامـاژە بە چـالاکیەک دەکات کە ئامانجێکی سیاسی بەدیبهێنێت ئەوەش ئەو چالاکیانە دەگرێتەوە کە خەڵکی ئاسایی لە بەشداری سیاسیدا پراکتیزەی دەکەن.

سایکۆلۆجیای سیاسی political psychology

بوارێکی ئەکادیمیە لە ڕوانگەی دەروونیەوە توێژینەوەی سیاسی و کـردەی سیاسـی دەکـات و تـوێژینەوەی سـایکۆلۆجیا و زانسـتە سیاسـیەکان پـێکەوە کۆدەکـاتەوە.

ئەلتەرناتیڤ Alternative

لە زانستی لۆجیکدا واتە دەرفەتی هەڵبژاردن یان ڕوودانی پێـدراوێک لە نێـوان دوو پێـدراو یـان زیـاتردا.

دیموکراسی Democracy

ئەم چەمـکە لە دوو وشـەی کـۆنی یۆنـانی پێکهـاتووە کە بەمانـای حـوکمی گەل دێـت بەڵام بە مانـا هـاوچەرخەکەی واتە ئەو سیستمە سیاسیەی کە هاووڵاتیـان بۆ مـاوەیەکی دیـاریکراو پاڵێوراوەکـان هەڵـدەبژێرن بـۆ پێکهێنـانی

حکــومەت،ئەم سیســتمە بنیــات نــراوە لەســەر بنچیــنەی یەکســـانی هاووڵاتیـــان لە مـــاف و ئەرکـــدا ،هەروەهـــا ڕەخســاندنی زەمیــنەی یەکســان بــۆ هەمــوو هاووڵاتیــان تــا شــوێنی شــیاوی خۆیــان بگــرن لە بەڕێــوەبەردنی وڵاتــدا.

دەستەبژێر(دەســــــــــتەبژێر)Elite

دەســتەیەکی بچــووک کە پــێگەو دەســەڵاتێکی سیاســی گەورەیـــــــــان هەبێـــــــــت لە کـــــــــۆمەڵگەدا.

جیهانی سێهەم Third world

ئەم چەمکە وەک ئامـاژەیەک بـۆ ئەو وڵاتـانە بەکاردێت کە زۆر هەژارن جیا لە وڵاتانت جیهـانی یەکەم و دووەم و ئەم زاراوەیە زیـــاتر ئەمریکیەکـــان بەکـــاری دەهێـــنن

سەرچاوەکان

١. انتونیو گرامشی،الامیر الحدیث،ت:زاهی شرفان و قیس الشـــــــامی دار الطبـــــــــع بیـــــــــروت، ١٩٧٠.
٢.جیوفری روبیرت والتر ئیدوارد،المعجم الحدیث للتحلیل السیاسی،ت: سمیر الجبلی بیروت، ١٩٩٩.
٣.حەسـەن مسـتەفا گەزنەیی،بـژار عبدڵله ئەحمەد،سیسـتمە سیاسیەکان،سیستمی سیاسی عێراق و هەرێمی کوردستان بە نموونە/هەولێر،٢٠١٢
٤.د.اسامه الغزالی،الاحزاب السیاسیة فی العالم الثالث،مطبعه الرساله کویت, ١٩٨٧.
٥.د.امیر خداکرم الزندی،العولمة فی ضوء نظریة الصراع الاجتماعی،الطبعـة الاولـی مطبعـة یـاد السـلیمانیه, ٢٠١٢.
٦.د.حوسێن بەشیریە:بنەماکانی زانستی سیاسی، و:ئەبوبەکر ڕەشـــید کاروان،چـــاپی دووەم،چاپخـــانەی حەمـــدی هەولێر٢٠٠٦.
٧.د.صـــادق الاســـود،علم الاجتمـــاع السیاسی،اســـه و

ابعاده،جـــــــــــــــامعه موصـــــــــــــــل ١٩٨٦.

٨.ئەرســتۆ، سیاســەت،و. عیمــران هــاواری چ٢ چاپخــانەی گەنج، سلێمانی ٢٠١١

٩.د.مـــــحەمەد بـــن ســـعود ئەلبەشیر:ســـەرەتایەک لە پەیوەنـــدیکردنی سیاســـی،و:مەم بورهـــان قانع،چـــاپی یەکەم،سلێمانی،٢٠٠٧.

١٠.د.مـــحەمەد کمـــال دیـــن امـــام،النظره الاســـلامیة للاعلام،هەولـــــــــدانی میتۆدی،کوێـــــــــت ١٤٠٣ک.

١١.د.نادیه حسین سالم،التحلیل العالمی للدعایه،مجله العلوم الاجتماعیه،العدد(٢)١٩٨٤

١٢.ڕۆزە عەبـــدوڵا شـــەریف،ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکـــانی ناســەقامگیری سیاســی لە هەرێمــی کوردســتاندا،چاپخانەی ئاراس،هەولێر ٢٠٠٨.

١٣.عبـــدللّه الخزرجی،التحلیـــل لـــغه الدعایه،بغـــداد ,١٩٨٤

١٤.عثمـــان یـــونس،بزاڤێن سیاســـی.چاپی یەکەم چاپخـــانەی ئازادی،دهۆک،٢٠٠٧.

١٥.فـــاتح عبـــدلجبار،کۆمەڵگەی مەدەنـــی و وەرچەرخـــانی دیموکراســـی لە عێراقـــدا،و ئـــاوات ئەحمەد،گۆڤـــاری مەدەنیەت،سلێمانی ٢٠٠٠.

١٦.مەنـــــــــــوچەهر موحســـــــــــــینی،دەروازەکانی سۆســـیۆلۆژیا،و:کۆمەڵێک وەرگێڕ،موکریانی،چـــاپی یەکەم هەولێر٢٠٠٢.

١٧.ئاســـۆ کەریم،دەســـتور،چاپخانەی خـــانی،دهۆک ,٢٠٠٨

١٨.یاســـین ساڵح،ئۆپۆزســـیۆنی سیاسی،ماســـتەرنامە،چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕەنج،٢٠٠٩.

١٩. انــدرو هیوود،النظریـــة السیاســـیة(مقدمة) ترجمـــة لبنـــی لریدی المرکز القومی للترجمة, الطبعة الاولی القاهرة ٢٠١٣.

٢٠. دکتور حسن ابو حمود،علم الاجتماع السیاسی، جامعه دمشق ٢٠١٨.

٢١. عدلی طاحون،مناهج واجراءات لبحث المیدانی المکتب الجـــــــامعی الحـــــــدیث الاســــــــکندریه ,١٩٩٨

٢٢. علـی لیله،النظـریه الاجتمـاعیه المعاصـره،مکتبه القـاهره ١٩٩٨

٢٣.داڤیـــد پاتریـــک هۆتۆن،ســـایکۆلۆجیای سیاســـی،وحەمە ڕەشــــــید،چاپی یەکەم،دەزگـــــای ســـــەردەم،٢٠١٨.

٢٤. ئەنتـــۆنی گیدنز,سیاســـەت ,کۆمەلناســـی و تیـــۆری

کۆمەڵایەتی,وەرگێرانی:دانــا شــوانی,چاپخانەی ڕۆژهەڵات , هەولێر.
٢٥.د. کەمــال مەنوفی.تیۆرەکــانی سیســتمە سیاســیەکان و، ئاوات ئەحمەد، چاپی یەکەم ١٩٨٥
٢٦. Michael Rusha and phillip Althoff ,An Introduction to Political Sociology , London;Thomas Nelson and Sons.1971.
٢٧. د.ســـــميره احمـــــــد السيد,مصـــــــطلحات علـــــم الاجتمـــــــــــاع,ط١,الشــــــــــــقرى,بيروت,١٩٩٧
٢٨. د.حسين حميد احمد,التغير الاجتماعى والتنميه السياسيه فى المجتمعات الناميه ,١٩٨٨.
٢٩. م.رونتال يوديف,الموسوعه الفلسفيه, ت,سمير كرم,دار الطليعه,بيروت,١٩٨١
٣٠. عبــد علــى ســلمان,الانثروبولوجيا الاجتمــاعيه,مطبعه الجامعه,صلاح الدين, اربيل,١٩٨٤
٣١. فوئــاد تــاهير ســادق,کۆمەڵزانی و کورد,چاپخـــانەی ژیار,سلێمانی,١٩٩٩
٣٢. معـن خليـل عمـر و اخرون,مـدخل الـى علـم الاجتمـاع ,جامعه بغداد,١٩٨١.

٣٣.ڕاندمۆند گارفیل،زناستە سیاسیەکان، و. ڕێبین ڕەسوڵ و موحسین ئەدیب چ١ چاپخانەی شڤان سلێمانی ٢٠١٠
٣٤.رەحیم سابیر, کۆردۆلۆجی, چ١,چاپخانەی داناز,سلێمانی, ٢٠٠١.

٣٥. نبیل عبدالهادی ,علم الاجتماع التربوی, عمان , ٢٠٠٧.

٣٦. حامد عبدالسلام الزهران ,علم النفس الاجتماعی ,ط٥,القاهره,١٩٨٤,.

٣٧.محمد احمد الزغبی,التغیر الاجتماعی بین علم الاجتماع البرجوازی وعلم الاجتماع الاشتراکی ,ط١,دار الطلیعه,بیروت.١٩٨٧

٣٨. سناوء الخولی,المدخل الی علم الاجتماع, دار المعرفه الجامعیه, الاسكندریه,١٩٨٦,.
٣٩. د.محمد الدقس,التغیر الاجتماعی بین النظریة والتطبیق, ط١, دار المجدلاوی ,الاردن,١٩٨٧.
٤٠.ڤیان مەجید،سیستمەکانی هەڵبژاردن و پرنسیپەکانی دەنگدان،چاپی یەکەم ٢٠٠٤.
٤١. کەریم قادر پور، دەستەبژێرو گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان، چاپی یەکەم ٢٠٠٩
٤٢.حەسەن مستەفا گەزنەیی و بژار عبدللە ئەحمەد،سیستمە

سیاسیەکان،چاپی یەکەم ٢٠١٢.
٤٣. سەلام عەبدولکە ریم ,گرفتی بێقەوارەیی کورد لە سەردەمی عەولەمەدا,گۆڤاری کۆچ,ژمارە ١٧ ,سلێمانی٢٠١١.